توێژینەوە و رامان سەبارەت بەفیکری ئیسلامی و بزاڤە ئیسلامییەکان

نوسینی: فاتیح سەنگاوی

دیزاین: محەمەد شۆڕشی

چاپی یەکەم: 2019

نرخ:

تیراژ:

مۆڵەتی سپاردن:

چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی

# توێژینەوە و رامان

سەبارەت بەفیکری ئیسلامی و  بزاڤە ئیسلامییەکان

**فاتیح سەنگاوی**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێرست

### ئیسلام و تێگەیشتنە جیاوازەکان


– کێ کۆمەڵی رزگاربووە؟. ل 9ـ 39

– رۆڵی تەشریعییانەی پەیامبەر لەروانگەی قورئانەوە. ل39 ـ 51

– بانگەواز و سیاسەت، بانگخواز و سیاسی .ل51 ـ 62

– ئیسلامی گەردونی و ئیسلامیی لۆکاڵی. ڵ62ـ72


### ئیسلام و نوێکردنەوە


– ریفۆرمی ئاینی

– ئیسلام و گۆرانکاری

– خوێندنەوەی دەق

– ئیسلام و نەریتەکان

– ئیسلام و شارستانییەت، بەرهەم و هۆکارەکانی دواکەوتنی شارستانییەتی

## ئیسلام و توندوتیژی و بزاڤە ئیسلامییەکان

- دادگەری و ستەمکاری، دیدێکی ئیسلامیانە

– بۆ ئەوەی داعش دووبارە نە بێتەوە ... خوێندنەوەیەك بۆ هۆکار و پاڵنەرەکانی تیرۆر

– داعش سەرەتایەکی لێڵ و سەرەنجامێکی روون.

– پارتی ئیسلامی و کۆمەڵگەی مسوڵمان.

– فرەیی ئاینی و ئاینزایی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمان

– پەیوەندی کورد و شیعە, لە نێوان دیدی ئایینی و تێڕوانینی سیاسیدا

– بڵاوبونەوەی ئیسلام و نەصرانیەت بە زۆری شیر، خوێندنەوەیەك لە ناوکۆی مێژوودا

## هەڵوێستەیەك لە ئاست چەند کەلێنێکی کاری ئیسلامی و بانگخوازی.

- زەنگی مەترسی بۆ : زانایانی خۆشەویستی ئاینی و بانگخوازان پایەبەرز!

- ئیسلامیەکان لەنێوان بە فریشتەیی بینین و بەشەیتان کردندا!

- وازهێنان لە حیزبە ئیسلامیەکان و چەند سەرنجێك

- کاروانی ئیسلامخوازی، لەنێوان وەفاداری و بێ وەفاییدا!

## پێشەکی

کەم بابەت هەیە لەئەمڕۆی جیهاندا ئەوەندەی فیکری ئیسلامی و بزاڤ و ڕەوت و ئاراستە ئیسلامییەکان جێگەی باس و مشتومڕ و تاوتوێ جۆراوجۆر ناوەندەکانی توێژینەوە و زانکۆ و دام و دەزگا تایبەتەکان و ڕاگەیاندن بێت، بێگومان هۆکاری زۆر هەیە لە پشت ئەم دیاردەیەوە، هەندێکی نەرێنی و هەندێکی ئەرێنیە. ئەم باس و خواسانە وەك چۆن لە ڕۆژئاوا باوە, بەهەمان شێوەش لە ڕۆژهەلأتدا.

ئەو باس و خواسانەی لەم کتێبەدا خراونەتەڕوو کەمێك جۆراوجۆرییان پێوە دیارە بەلأم خالێکی کۆکەرەوەشیان هەیە ئەویش قسەکردنە لە چوارچێوەی فیکری ئیسلامی و کاری بزاڤ و ڕەوت و ئاراستە ئیسلامییەکاندا، لە لایەکەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ گفتوگۆ ناوخۆییەکانی ڕەوت و بزاوتەجیاوازەکانی فیکری ئیسلامی و تیشك دەخاتە سەر بابەتگەلی وەکو: کێ کۆمەڵی ڕزگاربووە؟ ڕۆڵی تەشریعیانەی پەیامبەر (د.خ) لەکوێدایە؟ تا دەگاتە بابەتی بانگەواز و سیاسەت و ئیسلامی گەردونی و ئیسلامی لۆکالی!

دواتر لە میانەی کۆمەڵێك گفتوگۆی جۆراوجۆر کە لەکاتی جیاوازدا ئەنجام دراون، تیشك دەخرێتەسەر هەندێ لایەنی چەمکەکانی وەکو: ڕیفۆرمی ئاینی و ئیسلام و گۆڕانکاری و خوێندنەوەی دەق و ئیسلام و نەریتەکان و باس و خواسی شارستانیەت... پاشان هەندێ بابەتی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵگە و

ڕۆڵی ئیسلامیەکان و هەندێ بزاڤی توندڕەوی ئیسلامی وەکو داعش و چۆنێتی ناساندنی، لەم چوارچێوە سەرەتا وەك دەروازەیەك بەباسی دادگەری و ستەمکاری دەست پێکراوە, دواتر لە توێژینەوەیەکدا باس لەوە کراوە چۆن داعش دوبارە نەبێتەوە و بەدوایدا باسێکی کورتتر خراوەتەڕوو سەبارەت سەرەتا و کۆتایی داعش، ئەم کورتە باسە وەك پێشبینییەك بووە بۆ داهاتووی داعش کە ئەو کات داعش لەجۆشی هێز و چالاکی ودەرکەوتنیدا بووە، جگە لە باسی پارتی ئیسلامی و کۆمەڵگەی مسوڵمان و قسەکردنێك سەبارەت بە بڵاوبونەوەی ئیسلام و نەسرانییەت.

لە کۆتاییدا بەچەند باسێکی کورد تاوتوێی هەندێ پرسی تایبەتی وەکو: ڕۆڵی زانایانی ئاینی و ڕوانین بۆ ئیسلامیەکان و وازهێنان لەو حیزبانە و چۆنێتی مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ ئەم پرسانەدا کراوە. بەهیوای ئەوەی ئەم بابەتانە سودێك بەخوێنەر بگەیەنن و خزمەتێکیش بن لە پێناو ڕاستکردنەوە و ئاراستەکردنێکی دروستی بزاڤی ئیسلامی و ئیسلامخوازن و دواجار خزمەتکردن بە کۆمەڵگە.

# ئیسلام و تێگەیشتنە جیاوازەکان

– کێ کۆمەڵی رزگاربووە؟

– رۆڵی تەشریعییانەی پەیامبەر لەروانگەی قورئانەوە

– بانگەواز و سیاسەت، بانگخواز و سیاسی

– ئیسلامی گەردونی و ئیسلامیی لۆکاڵی

## کێ کۆمەڵی رزگاربووە؟

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ فصلت: 33

زۆرجار توشی هەندێ مشتومڕ و گفتوگۆ دەبیت وەك رۆژی روناك هەست دەکەیت گیانی بابەتی بون و بێلایەنی زانستی تێدا ونە، کەسێك یان ئاراستەیەکی بیرکردنەوە دەبینیت بڕیاری پێش وەختی هەیە و هەندێ لەبۆچونەکانی خۆی و مامۆستا و رێبازەکەی گەر نەڵێین هەمووی بە راستی رەها و بێ هەڵە و پەڵە دەزانێت، ئامادە نییە شافیعی ئاسا بڵێ:"رأی صواب یحتمل الخگأ ورأی غیری خگأ یختمل الصواب" بەڵکو ئەو هەر لە سەرەتاوە بڕیاری داوە"رأی صواب لایحتمل الخگأ ورأی غیری خگأ لایحتمل الصواب".

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بەردەوام بەچاویلکەی رەشەوە لە بەرامبەرەکانی دەڕوانێت و بە گرۆهی گومڕا و یاخی و لەڕێ دەرچوو ئەژماریان دەکات، رێنماییەکانی پەیامبەر بەلای ئەوەدان مرۆڤی باوەڕدار خێرا نەبێت لە بڕیاردانی بەسەر ئەوانیتردا و بەلاڕێ و تیاچوو نەیانناسێنێت:"عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ:إِذَا سَمِعْتَ الرَّجُلَ يَقُولُ : هَلَكَ النَّاسُ، فَهُوَ أَهْلَكُهُمْ. وفي رواية : إِذَا سَمِعْتُمْ رَجُلاً يَقُولُ : قَدْ هَلَكَ النَّاسُ ، فَهُوَ أَهْلَكُهُمْ ، يَقُولُ اللهُ : إِنَّهُ هُوَ هَالِكٌ - وفي رواية : إِذَا قَالَ الرَّجُلُ : هَلَكَ النَّاسُ ، فَهُوَ أَهْلَكُهُمْ. قَالَ أَبُو إِسْحَاقَ : لاَ أَدْرِي أَهْلَكَهُمْ بِالنَّصْبِ ، أَوْ أَهْلَكُهُمْ بِالرَّفْعِ. أخرجه أحمد والبُخاري في الأدب المفرد ومسلم.

ئەگەر بیستتان کەسێك دەیووت: خەڵکی تیاچوو، ئەوە خۆی لەهەمویان زیاتر تیاچووە یان خودی خۆی هۆکارە بۆ تیاچون و بەهەڵبردنیان. چونکە

ناساندنی ئەوانیتر بەو وەسفانە گوتەزایەك نیە بوترێت و بڕیارێكی سەرپێیی نییە بدرێت.

بەتایبەت كاتێك ئەم جۆرە بڕیار و ناساندنانە لەناو كۆمەڵگەیەكی مسوڵمان و خەڵكێكی پابەنددا بێت و زۆر بەرونی هەست بكەیت پاڵنەری وتنەكان جیاوازی بیروبۆچون و ڕێبازی تێگەیشتنە، نەك خودی دەقێكی قورئانی رون و موحكەم یان سونەیەكی سەلماوی تەشریعی بێت...

ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ من و هەموو مسوڵمانێكی راستەقینە بریتییە لە ناسنامەی : باوەڕداری- مسوڵمان بون- "قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (161) قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (162) لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ (163) الأنعام:161-163"،"مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَكِنْ كَانَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، ال عمران 67". لێرەدا بەدەقی قورئان ناوی(مسوڵمانێتی) ئەو ناوەیە خوا پێی رازییە و ڕێبازی ئیبراهیمە.

لەلایەكی ترەوە ئەوەی شایستەی چونە بەهەشتە خودای گەورە بەباوەڕدار ناساندوونی، پەسن و وەسفی س باوەڕدارانیش لە قورئاندا رونە بۆ نمونە: ﴿قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ(1)الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ(2)وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ(3)وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ(4)وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ(5)إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ(6)فَمَنْ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْعَادُونَ(7)وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ(8)

وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ(9)أُوْلَئِكَ هُمُ الْوَارِثُونَ(10)الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ(11)﴾ ، ئەم وەسف و رەفتارانە و هاوشێوەکانیان پێوەری راستەقینەن بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆڤی باوەڕدار نەك ناوی تری وەکو سەلەفی و سۆفی و ئیخوانی و تەبلیغی و تەنویری و چەندین نازناویتر.

ناوو نازناوە مێژووییەکان هەڵگری پێناسێکی زەمەنین و هیچ پیرۆزییەکیان نیە و گرفتێکی گەورەش نین ئەگەر نەکرێنە بنەمای تەفرەقە و دوبەرەکی و پۆلێنکردنی ناڕەوا و رق و کینە بەخشینەوە، چونکە ئەوەندەی ناوەڕۆك گرنگە ناو ئەوەندە گرنگ نییە، گەرچی ناویش سومبولی ناساندن و ناسنامەی ناوەڕۆکە. لەم سۆنگەیەوە لە مێژووی مسوڵمانانندا ناوگەلی جۆراوجۆر و فرە دەبینین کە دەربڕی تێڕوانین و تێگەیشتن و دونیابینی جۆراوجۆری عەقیدەیی و فیقهی و کەلامین، رێبازی ئەهلی سوننە و جەماعەش بەو پێیەی رێبازێکی کۆکارە و وەکو ناسنامەیەکە بۆ رێبازی هەموو ئەو زانایانەی بەکۆی گشتی لەرووی مێژووییەوە نزیکترین رێبازن بەخودی ئیسلام، بەڵام واتای ئەوەش نییە هەرچی راستی و رەوایی هەیە لەودا کۆبووەتەوە !

ناو و نازناوی تەواوی پارت و رەوتە ئیسلامییەکانیش تەنها ناسنامەیەکی مێژویین و هیچ پیرۆزییەکییان نییە و داهێنراوی بارودۆخێکی تایبەتن و دەکرێ مرۆڤی مسوڵمان یان کۆمەڵێکی ئیسلامی بیانکاتە ناوو دایبڕێت بەسەر خۆیدا، یان لایان ببات و بیانگۆڕێت بەڵام لە هیچ کاتدا نابێت بەهۆی ناوەوە قۆرخی راستی و حەقیقەت بکرێت چونکە ناوەڕۆك گرنگە نەك ناو ... هەموو ئەو

کۆمەڵ و  پارت و ڕێکخراوانەی هەڵگری ئەو ناوو نازناوانەن و  بێ هەڵە و پەڵەنین ...

ناوی ئەهلی سوننە و جەماعەش لەگەڵ ئەوەی نمایندەی جۆرێ لە بیرکردنەوەی تایبەتە لە تێگەیشتنی ئیسلام کە زۆرترین هەقی تێدا کۆبوەتەوە و زانایان بە ڕێبازی ڕاستی تێگەیشتن لە ئیسلام ئەژماریان کردوە، بەڵام بەدەیان ئیجتیهاد و بۆچونی هەڵە و نەپێکراویش لە هزر و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی زانایانی ئەم ڕێبازەشدا هەیە بەڵام بەکۆی گشتی  خاوەنی زۆرترین هەق و ڕاستین بۆ تێگەیشتن و شوێن کەوتنی پەیامی ئیسلام.

لەوانەش گرفتتر ئەوەیە بازنەی ئەهلی سوننە و جەماعە یا زانایانی ئەهلی سوننە کورتکرێتەوە بۆ بازنەیەکی بەرتەسکی بەشێ لەوانەی پێیان دەوترێ سەلەف، نەك هەر ئەوەندە بگرە ببێتە ناسنامەی تایبەتی گروپێکی بچوکی ناو سەلەفییەت یان ناسەلەف... هەموو ئەمانە گاڵتەجاڕییەکی بێمانا و بێ ناوەڕۆك و کرۆکە، جگە لە بیرتەسکییەکی مەزهەبی و حیزبی خاوەن تایبەتمەندی جیاواز بەخۆیان و سوڕانەوە لە بازنەیەکی داخراویدا هیچی تر نییە و خزمەتێکی خۆڕایی زۆر دەکات بەشڵەژانی گۆڕەپانی ئیسلام و ئیسلامخوازانان و بەخشینەوەی تۆمەت و تانە و تەشەر لەیەك دان و سوود لێ بینینی ناحەزان.

زۆرینەی هەرە زۆری ئەو تێڕوانینانەی کراوەتە پێوەری ئەو پۆلێن کردنانە و مسوڵمانی ڕاستەقینەی پێ تۆمەتبار دەکرێت دژن و ناکۆکن بە ئایەتە موحکەم و واتا ڕونەکانی قورئان و دەقە ئاشکراکانی، لەبەرامبەردا هەندێ

فەرمودەی لاواز یا فرە واتا و تەئویل هەڵگر دەکرێنە بنەما بۆ ئەم بڕیار و تێڕوانینانە که ئەگەر زۆر وردی کەیتەوە دەستت لە هەمانەی بەتاڵەوە دەردەچێت ! ئەو کات هەست دەکەیت چ تاوانێك ئەنجام دراوە کاتێك بەناوی خوا و دەقەوە مسوڵمانی خوا ویست و دڵسۆز فڕێ دەدرێتە خانەی گومڕایی و بیدعەچیەتیەوە.

## فەرمودەی حەفتاوسێ گروپەکە

ئەگەر بمانەوێت یەك نمونە بهێنینەوە بۆ رونکردنەوەی مەبەستی پێشوو ئەو فەرمودەیەیە کە دەکرێت بە: (حديث الافتراق) و حەفتاو سێ گروپەکە بیناسێنین و لەتەواوی مێژووی کۆن و نوێدا بەهۆیەوە رێبازە جۆربەجۆرەکانی دەرەوەی بازنەیەکی دیاری کراوو رێکخراوو کۆمەڵ و حیزبە ئیسلامییەکانی نێو بازنەی ئەهلی سوننە و جەماعە و دەرەوەشی پێ نێردراوەتە دۆزەخ و مۆری بیدعەچییەتی نراوە بەناوچاوانی ملیۆنان مسوڵمان و ناسنامەی گومڕاییان پێ بەخشرراوە، (جا خوا رەحمی کردوە پسولەی بەهەشت و دۆزەخ لەدەستی ئەو خەڵکە بێ بەزەیی و دوور لە ئینسافانەدا نییە و نەبووە ئەگینا بەهەشت جێگەی چەندهەزارکەسێك زیاتر جێگەی کەسی تێدا نەدەبویەوە !)، دەبینین فەرمودەکە سەرەڕای ئەوەی چەندین رێگەی هاتنی جۆراوجۆری هەیە بەڵام ناگاتە ئاستێکی دڵنیابەخش و ناکرێت وەك فەرمودەیەکی صەحیحی بێ گرێ و گۆڵە لێی بڕوانرێت، هەر بۆ نمونە دەکرێ سەیری لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دکتۆر حاکم موتەیری بکرێت، کە لە

ماڵپەڕەکەیدا هەستاوە  بەهێنانی ڕێگەی هاتنی فەرمودەکان و بەدواداچونی سەندو ڕچەی فەرمودەکان و قسەی زانایانی لەبارەیانەوە خستوەتە ڕوو، دواجار گەیشتوەتە ئەو دەرەنجامەی تەنها ئەو فەرمودەیان دەتوانی پێی بڵێی حەسەن کە ئەبو هورەیرە هێناویێتی و ئەویش زیادەی"كلها في النار الا واحدة" ی تێدا نییە و ئەم بەحەسەن دانانەش تەساهولی تێدا کراوە لەبەر ئەوەی تەنها لە ڕێگەی محجەمەدی کوڕی عەمرەوە هاتوەو ئەویش لەگەڵ ئەوەی ڕاستگۆیە بەڵام چەندین تێکەڵی و وەهمی تایبەتی هەبوە لەو گێڕانەوانەی لە ئەبو سەلەمە و لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاویەتیەوە، هەربۆیە یەحیای کوڕی مەعین وتەنی: زانایانی کۆن خۆیان لە فەرمودەکانی دەپاراست!

هەموو ڕێگەکانی تری فەرمودەکە جێی متمانە نین  ولاواز و نامۆن و بە دەربڕینی ئەو:"فكل طرق هذا الحديث مناكير وغرائب ضعيفة ومنكرة ...." دەکرێت بۆ بەدواداچونی زیاتری ئەم بابەتەش سەیری پێگەی ئەلکترۆنیەکی د.حاکم بکرێت www.dr-hakem.com، دیارە لەبەرامبەردا زانایان ڕای جیاوازییان هەیە و هەندێکیشیان  ئاماژە بە ڕاست و دروستی ئەم فەرمودانە دەکەن، لە ڕاڤەی فەرمودەکەشدا بەهەمان شێوە ڕاجیایی و جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت ...

هەر چۆنێك بێت لەبارێکدا ئەگەر گریمانەی ڕاستی فەرمودەکەش بکرێت ئەوا لێکدانەوەکەشی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە و بۆچونی سەیری یەکلانەبووەوە هەیە بۆ نمونە: بەشێك لە زانایان هەر حەفتاو سێیەکەیان بەناو ژماردووە و کۆتاییان پێی هێناوە،  ئەمە جگە لەوەی بەکارهێنانی ئەم فەرمودە دژ

بەهەندێ پارت و رەوت و تەوژمی ئیسلامی بەو رەهاییە جگە لەوەی بێ ویژدانییەکی گەورە و دوریی لە راستی و رەواوە هیچیتر نییە... جا ئەگەر فەرمودەگەلێك فرە واتا و ناکۆکی لەسەر بن چۆن دەکرێت بەو ئاسانییە پیادەی کەیت بەسەر خەڵکێکی خوا ویست و مسوڵمان و خەمخۆری ئیسلامدا لەبەرامبەردا ئەم برادەرانە و بۆ ناسینی مسوڵمانی راستەقینە و کۆمەڵی هەق ویست و رزگاربوو خواناس پەنا نابەنە بەر قورئان و دەقە رون و ئاشکراکانی چونکە دەرەنجام ئەو دەقە ئاشکرا و رونانەی قورئان خزمەت بە مەزهەب و دیدە تایبەتەکانی ئەوان ناکات و پێوەرە قورئانیاکان دەم کوتیان دەکا و رێگە بەو یاری کردنە ناڕەوایەی ئەوان نادا و لاوازیی و بێ پێزی بۆچونەکانی ئەوان دەر دەخات .

## کۆمەڵی رزگاربوو

دەکرێت بپرسین کۆمەڵی رزگاربوو کێن؟ دەکرێت ئەوانە نەبن خوای گەورە بەڵێنی بەهەشتی پێ داون؟! لە بەهەشتیشدا فیردەوس جێگایانە؟! بەبەڵگە و لۆژیك رێی تێ دەچێت خۆپارێز(متقي) و باوەڕدار(مؤمن) و سەرکەوتوو(فائز) و ئەم جۆرە کەسانە لە گرۆ و دەستەی رزگاربووان نەبن؟!! دەی ئەمانە وەسف و پەسنی قورئانی رون و ئاشکران! ئەی ئەگەر وەهایە بۆچی ئەم بەڕێزانە ئەوەندە بوێرن ئەو دەقانەی قورئان پشت گوێ دەخەن لە ئاوەها باسێکدا بۆی ناگەڕێنەوە!! بۆ ناگەڕێنەوە بۆ ئایەتە رون و ئاشکرا و موحکەمەکانی؟! ئایا دەکرێت بوترێت قورئان وەسفی کۆمەڵی مسوڵمان

و باوەڕداری راستەقینەی تێدا نییە؟! ئەی بۆ ئەم بەڕێزانە زیاتر بەدەوری هەندێ لەو فەرمودانەدا دەخولێنەوە کەوا هەست دەکەن خزمەتی دید و بۆچونەکانی ئەوان دەکات؟! تەنانەت ئەو ئایەتانەی دەکرێت سودی لێ ببینن بۆ تێگەیشتنێکی دروست و تێڕوانینێکی کراوە و فراوان یان باسی ناکەن یاخود پەنا دەبەنەبەر ئەو راڤەکردنانەی خزمەتی بۆچونەکانی خۆیان دەکات، نەك ئەوەی واتای رون و ئاشکرای ئایەتەکان چین!

ئەگەر چاوێکی خێرا بخشێنین بەناو ئەو کۆمەڵ و بزاڤ و تەوژمە ئیسلامییانەی بونێکی واقیعییان هەیە لە جیهانی ئیسلامیدا بەگشتی و بەتایبەت ئەوانەی لە سنوری هەرێمی کوردستانی خۆماندان و خاوەنی جەماوەرێکی دیار و بەرچاون و هەڵسەنگاندنێك بکەیت بۆ تێگەیشتن و و تێڕوانینی کۆی گشتی سەرکردە و ئەندامەکانیان زۆر بە رون و ئاشکرایی دەبینیت کەسانێکی خاوەن باوەڕ و رەوشت و سلوکی قورئانین و پابەندن بە رەوشتەکانی ئیسلامەوە و بۆچونیان لەو چوارچێوەیەدایە کە پێی دەوترێ ئەهلی سونە و جەماعە، بونی هەڵە و هەڵچون، بگرە ئیجتیهاد و تێگەیشتنی جیاواز هیچ کات خەڵك و کۆمەڵێك فڕێ ناداتە دەرەوەی هەقخوازی و ئەهلی سوننە و جەماعە و ئیسلامەتییەکی راستەقینەوە، گەرنا کەس نابینینەوە لەمێژوی ئیسلامیدا بە ساغ و سەلامەتی دەرچێت ...

## پەسن و سیفەتە قورئانییەکانی کەس و کۆمەڵی رزگاربوو

لەباس و خواسی کەس و کۆمەڵی رزگاربوودا، لەباسی زاراوەی ئەهلی سونە و جەماعە وەك بازنەیەکی بەرتەسکتردا لەم گروپە ئیسلامییە نابیستی یان زۆر بەدەگمەن رێت لێ دەکەوێ ئەم سیفەتە قورئانیانە بکەنە پێوەر و بنەمای هەڵسەنگاندن و وپێمان بڵێن کەس و کۆمەڵی رزگاربوو– ئیمانداری ساغ و راست –مسوڵمانی تەواو ئەوانەن کە لە ئایەتەکانی قورئاندا باسیان هاتووە، خاوەنی ئەو سیفەتانەن کە لە دەقە قورئانیە رون و ئاشکراکاندا ئاماژەیان پێ دەدرێت و لە فەرمودە سەحیحەکانیش دا جەختیان لێ کراوەتەوە وەکو: (باوەڕ بەخوای گەورە و نهێنی و پەنهانەکان، باوەڕ بەکتێبی پەیامبەران و بڕوا بە فریشتەکان و دوارۆژ، هەست کردن بە چاودێری خوایی و ئەنجام دانی خێر و زەکات و بەخشین بەهەموو جۆرەکانی و بۆ هەموو ئەوانەی شایستە و موستەحەقن، ئەنجام دانی نوێژەکان بەو پەڕی دڵ لەگەڵ بون و مل کەچییەوە، پەیمان پارێزی لەهەموو کات و ساتێکدا، خۆڕاگری و لێبوردەیی و خۆخواردنەوە، گەڕانەوە بۆ لای خوا و داوای لێ خۆشبون کردن، خۆپاراستن لە قسەی پڕو پوچ و بێ کەڵك ، داوێن پاکی و پاکیزەیی، میانجگیری لە سەرف کردندا و بەفیرۆنەدانی دارایی و سامان و رژد و چروك نەبون ، نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی و خۆڕاگری، بەویژدانی و دادویستی ئەگەر دژیش بێت بە بەرژەوەندی خۆ، شوێن نەکەوتنی حەزو ئارەزووە خراپەکان) و چەندانی تر کە زۆر بەدەگمەن دەبینی لە باسی کۆمەڵی رزگاربوودا، لە باسی

ئەهلی سوننە و جەماعەدا ئاماژەیان پێ بکرێت چ جای ئیسلام بەواتا فراوانەکەی. بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ سەیری ئەم ئایەتانەی خوارەوە بکرێت، کە وەسفن بۆ بەهەشتییان بەناوو نازناوی جیاوازەوە، لێرەدا واتای ئایەتەکان بۆ خۆتان بەجێ دەهێڵم و تەنها ئاماژە بەسەرناوو ناونیشانەکە دەدەم.

رەفتاری خۆپارێزان و کەسانی رزگاربوو

– الم{1} ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ{2} الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ{3} والَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِالآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ{4} أُوْلَـئِكَ عَلَى هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ{5}/ البقرة:1-5

– لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاء والضَّرَّاء وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَـئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ{177} / البقرة: 177.

﴿وَسَارِعُواْ إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ{133} الَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي السَّرَّاء وَالضَّرَّاء وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ{134} وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُواْ أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُواْ اللّهَ فَاسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللّهُ وَلَمْ يُصِرُّواْ عَلَى مَا فَعَلُواْ وَهُمْ يَعْلَمُونَ{135} أُوْلَـئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ{136}﴾ / آل عمران:133–136.

خۆپارێز و رزگاربووەکان کە شیاوی رەزامەندی خوا و بەهەشتی بەرینی پەروەردگارن بەپێی ئەو ئایەتانەی سەرەوە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەن:

1. باوەڕیان بەخواو رۆژی دوایی و فریشتە و کتێبەکانی خوا و پەیامبەران و جیهانی نادیارە.

2. نوێژەکانیان بەباشی ئەنجام دەدەن.

3. زەکات و ماڵ و داراییەکانیان بەخۆشحاڵییەوە دەبەخشن، بەکەس و کار و خزم و خوێش و هەتیوو هەژاران و رێبواری پەککەوتە و رزگارکردنی کۆیلەکان.

4. ئەمەکدارن بەرامبەر پەیمان و بەڵێنەکانیان.

5. خۆڕاگرن لەبەردەم کۆسپ و گرفتەکانی دۆخی شەڕ و ناخۆشی و نەخۆشییەکاندا و بەخشندەن لەکاتی ئەو گرفتانەدا.

6. رقی خۆیان دەخۆنەوە و خاوەنی لێبوردەیی و بەخشین.

7. کاتیَ تاوان و هەڵە و گوناهێك ئەنجام دەدەن خوایان بیردەکەوێتەوە و پەشیمان دەبنەوە و داوای لێخۆشبونی لیَ دەکەن. بەردەوام نابن لەسەری.

ڕەفتاری باوەڕدارانی رزگاربوو

﴿ قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ {1} الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ {2} وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ {3}وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ {4} وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ {5} إِلاَّ عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ {6} فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاء ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ {7} وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ {8} وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ {9} أُوْلَئِكَ هُمُ الْوَارِثُونَ {10} الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ{11}﴾ سورة المؤمنون 1–11.

﴿إِنَّ الَّذِينَ هُم مِّنْ خَشْيَةِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ{57} وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ{58} وَالَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ{59} وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوا وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَى رَبِّهِمْ رَاجِعُونَ{60} أُوْلَئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَهُمْ لَهَا سَابِقُونَ{61} وَلَا نُكَلِّفُ نَفْساً إِلَّا وُسْعَهَا وَلَدَيْنَا كِتَابٌ يَنطِقُ بِالْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ{62}﴾/ المؤمنون57–62.

بەپێی ئەم ئایەتانەی سەرەوە کار و ڕەفتاری باوەڕدارنێك کەشایستەی

فیردوسن بریتین لە:

1. باوەڕیان هەیە بەخودا و ئایەتەکانی و هاوبەشی بۆ پەیدا ناکەن و ترسیان هەیە لە خەشمی پەروەردگاریان.
2. پاریزگاری لەنوێژەکانیان دەکەن و خشوعیان هەیە تیایدا.
3. زەکات دەگەیەننە کەسانی شایستە و دەسپێشخەرن لەچاکەخوازی و بەخشیندا.
4. داوێن پاك و پاکیزەن.
5. ئەمانەت و پەیمان پارێزن.
6. بەردەوام خوای گەورە بەچاودێر دەبین.

بەندەکانی رەحمان

بەندە خۆشەویستەکانی خوا خاوەنی چەندین سیفەتن:

﴿وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الأَرْضِ هَوْناً وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلاماً (63) وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّداً وَقِيَاماً (64) وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَاماً (65) إِنَّهَا سَاءتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَاماً (66) وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَاماً (67) وَالَّذِينَ لا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ وَلا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ وَلا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَاماً (68) يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَاناً (69) إِلاَّ مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحاً فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ

حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً (70) وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَالِحاً فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ مَتَاباً (71) ﴾ سورة الفرقان63-71.

بەندەخۆشویستەکانی خوا حاوەنی ئەم سیفەتانەن:

1. لە ڕێ و ڕۆیشتنیاندا نەم و نیان و سەنگینن.
2. لەبەرامبەر گوفتارە ناشیرینەکانی نەفاماندا گوفتارشیرین و سەلامەت ڕەفتارن.
3. لەکرنوش و وەستان و پەرستشی خوادا خەڵوەتگێڕن.
4. لەنزای خێردان تاخوای گەورە لە دۆزەخ بیانپارێزێت.
5. لەبەخشیندا نەدەست بڵاو نەدەست نوقاون، بەڵکو هاوسەنگانە سەرف دەکەن و دەبەخشن.
6. یەکتاپەرست و موەحیدن.
7. خوێنی حەرام ناڕێژن.
8. داوێن پیس نین.

ئەو هەموو سیفەت و ڕەفتارانە و چەندینی تر لەو ئایەتانە و چەندین ئایەتی تردا سیفەتی کەسی یان کۆمەڵی ڕزگاربوو، بەهەشتییە، بەهەشت شوێنی باوەڕدان و موتەقی و خواناس و بەندە ڕاستەقینەکانی خوای گەورەیە ، ئێ خۆ دەستەی ڕزگاربوو، فیرقەی ناجییە کۆمەڵێك نین هەڵگری سیفەتی تری بەدەر لە سیفەتانە بن !! هەر بۆیە ئاڵۆزکردنی ئەم بابەتە بەهەندێ گێڕانەوەی لاواز و نەسەلماو، بەتەئویل و لێکدانەوەی نالۆژیکی و دوور لە

رەحم و بەزەیی خوا ئەوەندەیتر لە ئەسڵی بەڵگەروون و ئاشکراکانی قورئان دوورمان دەخاتەوە.

بەداخەوە دەیڵێم کەسانێکی زۆری نێو ئەم جۆرەگروپە و هاوشێوەکانیان بە عەمەلی قورئانیان کردوەتە سەرچاوەی دووهەم و لەهەر شوێنێکیش دا دەقی ئاشکرای قورئانەکە لەگەڵ ڕێبازی بیرکردنەوەیاندا نەگونجێت بە فەرمودەیەك یا وتەی سەحابیەك تەئویل و تەفسیرێکی بۆ دەبیننەوە تا بەبەرژەوەندی بۆچونەکەیان بشکێتەوە، هەندێ جار قەولی تابعییەك یا زانایەکی سەلەف بەسە بۆ ئەوەی واتای چەندین ئایەتی سەریح و ئاشکرای پێ پشتگوێ بخەن جا ئیتر بە خۆیان بزانن یاخود نا!

ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن  کە ئەمڕۆ لای هەندێك دەیبینین، ئەوەندە لە ئاستێکی نزمدایە مرۆڤ پێی حەیفە گەر ناچار نەبێت قسەیشی لەسەر بکات و زۆر دوورە لە شێوازی زانستی و وەڵام دانەوەی بەرامبەری نەیار و ناحەز و هەڵسەنگاندنێکی دروست و تێڕوانینێکی هاوسەنگ، تەواو پێچەوانەی تێڕوانینی قورئانییە بۆ هەڵسەنگاندنی نەیارەکان چ جای ئەوانەی لە بازنەی هیدایەت و ڕێنمایی ئیسلامدا بن، بۆ نمونە بڕوانە ئەم ئایەتە و سەرنجی ئەو ئینسافە قورئانیە بدەن و بەراوردی بکەن بە تێڕوانینی هەندێ لەوانەی بێ ویژدانی بەخەرج دەدەن: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ لِلّهِ شُهَدَاء بِالْقِسْطِ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ المائدة آية(8) ئەبوو لە کەلتوری ئیسلامیدا ئەوەندە فێرببونەیا کە ناکرێت هەموو شتێکی بەرامبەرت ئەوەندە بەلاواز ببینی کە

تەنانەت یەك بەڵگەشی نییە بۆ كارەكانی! هەموو ئیجتیهادەكانی هەڵەن!
هەموو كارەكانی مایەی تەفرەقەن! ئەمە چ بەڵایەكە زاڵكراوە بەسەر تێڕوانینی بەشێكی دیاری شوێنكەوتووانی ئومەتی ئیسلامی!

ئەگەر هەڵسەنگاندنی بەرامبەر و تۆمەتباركردن و كردنە دەرەوەی لە بازنەی ئەهلی سونە و جەماعە و حەقانییەت بە پێوەری ئەم تەوژمە بێت (كە زیاتریان ئەوانەن بە مەدخلی دەناسرێن وەك لە سەلەفی) ئەوا زۆرینەی هەرە زۆری زانایانی ئیسلام لە بازنەی گومڕایی و لەدەرەوەی فیرقەی رزگار بوو دان، بە فیعلیش هەندێ لە رموزەكانی ئەم تەوژمە ئەو كارە ئەنجام دەدەن و بەردەوام سەرقاڵی دادگایی كردن و ناوزڕاندن و تانە و تەشەر دانن لە زانایانی كۆن و نوێی ئیسلام و كەم كەس هەیە لە زمانی ئەمانە دەربازیی بوبێت، تەنانەت لەگەڵ هاوبۆچونەكانیشیان هەمان رەفتاردەكەن ئەگەر تۆزێ لێك زیز بن و هەندێ ناكۆكی بكەوێتە نێوانیانەوە، بۆ ئەمەش دەكرێ بەدواداچونێكی هەندێ لەسەرانی ناكۆك بەیەكی نێوان تەوژمی مەدخەلی بكرێت و سەرنجی ئەو پەرت و پەرتەوازەییە بدرێت باڵی كێشاوە بەسەریاندا لەكاتێكدا ئەوان كەسانیتریان بەو سیفەتە تۆمەتباردەكرد.

## كاری بەكۆمەڵ و گروپی رێكخراو

لە ئیسلامدا لەدوای وەحدانیەتی خوا، پەیام و بەهاكان، گوفتار و رەفتاری شیرین و جوان، دادپەروەری و خزمەتی خەڵك و پاراستنی بەرژەوەندی و مافەكانیان ئەسڵ و بنەمان، چۆنێتی برەودانیش بەپەیامی ئیسلام و بوارە

جۆربەجۆرەکانی ئیجتیهاد و تخوێندنەوەی واقیعە، لەم نێوانەدا ئامرازی حیزب و حیزبایەتی کردن و کاری رێکخراوی و دەستە و کۆمەڵەکان بەم پەیکەر و شێوازەی ئێستە دەیبینین شتێکی نوێیە گەرچی لە مێژوی مسوڵمانان‌دا پێشینەی لەبەرگی کۆندا هەیە و لە چوارچێوەی بنەماکانی ئیسلام و دەق و رێنماییەکانیدا جێگەی دەبێتەوە، هەندێ جاریش دەکرێت ببێتە واجب و ئەرك، ئەگەر هاتوو گەیشتن بە مەبەستەکانی شەریعەت و حزمەت بە خەڵك و مسوڵمانان ئەوەی دەخواست هەروەك لە ئەمرۆدا دەیبینین.

کاری بە کۆمەڵ و هاریکاریکردنی یەکتر بۆ کاری خێر و چاکە و لابردنی خراپەکارییەکان و گەیاندن و برەو دان بە ئیسلامەتی و رێنماییەکانی ئیسلام و زانستە شەرعیەکان و سەقامگیربونی خووەجوان و رەوشتە ئیسلامیەکان لەکۆمەڵگەدا و چەسپاندنی دادگەری و دژایەتی ستەم و ستەمکاران و دەسەڵاتی خۆسەپێن و پێشێلکار و چەندان شتی تر ئەوە دەخوازێ حیزب– رێکخراو – دەستە –کۆمەڵ گروپ و دام و دەزگای جۆراوجۆری تایبەت بەکاری ئیسلامی لە ئارادا بێت و ناکرێت و ناڕەوایە بە فتوای ئەم زانا و ئەویتری فلاّن ولاّت کە ناتوانن بێشەرعیی ولاّتەکانی خۆیان بگۆڕن دودڵ بین لە ئاست ناڕەوایی ئەم جۆرە ئامراز و گروپی فشار و گۆڕانکارییانە.

پەنابردن بۆ فەتوای کەسانێك(لەگەڵ رێزو تەقدیرمان بۆ ئەو کەسایەتییانە، بۆ ئەوانەیان زانا و دڵسۆزن و شوێن دەستیان دیارە) کە تەواو شارەزای واقعی هاوچەرخ نین و لەدۆخێکی داخراوو ولاّتێکی داخراودا ژیانیان گوزەراندوە و لەنێو کتێبەکاندا دەژین ، ناکرێت ببنە سەرچاوەی رەوایەتی و ئیلهام بۆ کاری

ئیسلامی هاوچەرخ ... ئەمە جگە لەوەی هەندێ لەو بەناو زانایانە دەرباری سوڵتانن و دینی خۆیان بە دونیای خەڵکی فرۆشتوە و بونەتە هۆکاری بڵاوکردنەوەی رق و کینە و دژایەتی و ناکۆکی نێوان مسوڵمانان و هەندێ جار هەر بەفەرمی جاسوسێ دەسەڵاتدارانن و پێویست ناکات سەری خۆمانیان پێوە بئێشێنین...

بەڵام لە هەمان کاتدا راستییەك هەیە پێویستە لەبەرچاوی بگرین ئەویش بریتیە لەوەی حیزبیش هەروەك چۆن دەکرێ سودی گەورە بگەیەنێت و بەرژەوەندی زۆر گرنگ بەدی بهێنێت بە پێچەوانەیشەوە دەکرێت زیانی گەورە بدات و خراپەکاری زۆر بخوڵقێنێت لە رێی ئەو دونیابینییەی هەیەتی و ئەو بۆچونانەی کاریان لەسەر دەکات و ئەو پرۆژانەی دەیخاتە روو ئەگەر هاتوو هەڵەبوون و ئاراستە و ئامرازی کارکردنیان کەلێنی زۆری تێدابوو ... هەر بۆیە کاری حیزب و رێکخراوو بگرە تا وتار و بازنەی زانستی زانایەکیش بەپێی سود و دەرەنجامەکەی هەڵی دەسەنگێنین نەك خودی هۆکار و دامەزراوەکە ... هەموو ئەوانە دەکرێت بۆ باش و خراپ و سود و زیان بەکار بهێنرێن ...

بەڵام ئەوەی گرفتە هەندێ جار بەشێوازێکی هەڵە راڤەی ئایەتەکان دەکرێت و بەشێوەیەکی نادروست بەڵگەکان وەگەڕدەخرێن، دەکرێت بۆ ئەمە نمونەی ئایەتی 153ی سورەتی ئەلئەنعام بهێنینەوە کە زۆرجار وەك بەڵگەیەك دژ بەکاری کۆمەڵ و حیزب و رێکخراوە ئیسلامییەکان بەکاردەهێنرێت، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ هَذَاصِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَاتَتَّبِعُواالسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾... بۆ نمونە یەکێك لە کەسە

دیارەکانی کوردستانی رەوتی سەلەفی بەم شێوەیەی خوارەوە ئەم ئایەتەی وەرگێڕاوە :" واتە: ئەو رێبازو و سونەتەی کە پێغەمبەر (ﷺ)ی لەسەرە ئەوە رێگای راستی منە، دەی شوێنی بکەون و لەسەر ئەو رێگایە بڕۆن بەتەنها. وە نەکەونە شوێن رێچکەکان ئەگینا رێچکەکان لاتان دەدەن لە رێگەی راستی خوا. ئەمەشە خوای گەورە وەسیەتتانی پێ دەکا بۆ ئەوەی لە خوا بترسن، وە لە توڕەیی و سزای خوا پارێزراو دەبن ئەگەر لە رێچکەکان دوور کەوتنەوە و تەنها شوێن رێبازی راست کەوتن".

ئەگەر بەسەر ئەم وەرگێڕانە سەرپێی تێپەڕی هیچ سەرنجێکت لادروست نابێت بەلاّم ئەگەر تۆزێك رامێنی و هەڵوێستەیەك بکەیت ئەوا پەی بە لایەنگیری و رەگ و ریشە مەزهەب گەرا و دیدە تایبەتەکەی خۆی دەکەیت لەو وەرگێڕانە زۆر سادەیەشدا، جا ئەگەر ئەمە بۆ وەرگێڕانێکی سادە و ساکار راست بێت ئەبێ لەتەفسیرێکی قورئاندا چی ببینینەوە ! !

بەلاّم کاتێك وردتر دەچینە خزمەتی ئەم ئایەتە دەبینین دابڕاو نییە لە ئایەتەکانی پێش خۆیی و بە واوی عەتف پێکەوە گرێ دراون، لە ئایەتەکانی پێشووتردا نەهی کراوە لەچەند شتێك و فەرمان دراوە بەهەندێکی تر، لێرەشدا خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی نەکەین رێگەیەکی تر بەدەر لەرێگەکەی ئەو بگرینە بەر... ئەو ئەمر و نەهییە تایبەتانەیش لە ئایەتەکانی پێشوودا بە رون و ئاشکرایی باسکراون و پیادەکردنی ئەو وەسێتانەش رێگەی راستەکەیە و شوێن کەوتنی رێگەی خوایە و لێرەشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە و لە هەمان کاتدا ئاگاداریشی کردوین بەلارێدا نەڕۆین و ئەو رێگە

راسته بکەینە شارێگەی ژیانمان ﴿وَأَنَّ هَذَاصِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ﴾، جا لێرەدا ئەو مامۆستایەو هاودیدەکانی نەهاتوون یان نەیان ویستوە ئەم ئایەتە گرێ بدەنەوە بە ئایەتەکانی پێش خۆیەوە چونکە لە قازانجی بیردۆزە و تێڕوانینە مەزهەبییەکەیاندا نییە، کە پێچەوانەیە لەگەڵ سیاق و ناوکۆ قورئانییەکەدا، هەندێ جاریش چەند لێکدانەوەیەکی راڤەکارانی قورئان لەگەڵ ئەم ئایەتەدا باس دەکرێت بەڵام دوور و نزیك ئەو تەفسیرانە ناهێنرێت کە باس لەوە دەکەن ئەم ئایەتە درێژەی ئایەتەکانی ترە و گرێ دراوە پێیانەوە و لێرەدا بە کۆتا هاتووە ...

ئەگەر واتای ئەم ئایەتە ببەسترێ بە ئایەتەکانی پێشووەوە ئەوا ئاشنای بەشێ لە رێ و شوێنی گرتنە بەری ئەو رێگەیە دەبین و دەزانین ئەو وەسێتانە چین کەخوای گەورە دەیەوێ پێمان بگەیەنێت، ئەو کات رزگارمان دەبێت لەو گشتاندنەی هەندێ دەیکەن و پاشان خۆیان دێن رێ و شوێنەکانمان بۆ دادەنێن.

ئەم پێکەوە گرێدانە لەلای گەورە راڤەکارانی وەکو تەبەری وابن عەتییە و بەغەوی و ئیبنوعاشور و چەندین موفەسیری تری قورئان بەدی دەکرێت... گرنگی ئەم پێکەوە گرێ دانەش لەوەدایە رێگە راستەکەمان بۆ دیاری دەکا و پێمان دەڵێت  بە گرتنەبەری بەرەو بەهەشت دەچین و سەرفراز دەبین و هەر کەسەش لێی لادا تولە رێ و رێچکەی گرتوەتەبەر  و لە راستەڕێ تەریك دەبێت ، بەمەش رێگە دەگیرێت لەوەی ئەو تەوزیف کردنە مەزهەبییەی بۆی دەکرێت شتێکی راست و دروست بێت  ...

هەر بۆ نمونە تەبەری سەبارەت بەم ئایەتە دەفەرموێت: ئەی خەڵکینە، ئائەوەی پەروەردگارتان وەسێتی پێ کردوون، لەو دوو ئایەتەدا (مەبەستی هەردوو ئایەتی پێش ئەم ئایەتەیە کە پاشتر دەیهێنین) و فەرمانی پێکردوون بە ئەمەك بن بەرامبەری: بریتیە لە ڕێگەکەی ئەو" صراطە" واتە ئەو ڕێگە و ئاینەی بۆبەندەکانی هەڵبژاردووە قال أبو جعفر: يقول تعالى ذكره : وهذا الذي وصاكم به ربكم ، أيها الناس ، في هاتين الآيتين من قوله ( : قل تعالوا أتل ما حرم ربكم عليكم ) ، وأمركم بالوفاء به ، هو " صراطه " يعني طريقه ودينه الذي ارتضاه لعباده.

لێرەدا تەبەری سەبارەت بە وشەی(صراطە) تەواو پێکاوێتی و بەم شێوەیە راڤەی کردوە (طريقه ودينه الذي ارتضاه لعباده .... ) بەڵام کە سەرنجی وەرگێرانە کەی مامۆستا دەدەین دەبینین زیادەیەکی بەمە مەبەست دەخاتە پێش وەرگێڕانەکەوە ، ئەو (صراط) بە:( ئەو ڕێباز و و سونەتەی کە پێغەمبەر (ﷺ)ی لەسەرە ئەوە ڕێگای ڕاستی منە)، لێکداوەتەوە ،ئەم دەربڕینەش دەربڕینێکی تەواو ورد نییە و جۆرێکە لە تەئویل، گەر لە بری ئەوە بیوتایە: ڕێبازی من : کە مەبەست ڕێ و ڕێبازی خوایە کە لێرەدا: ئیسلامە ئەوە تەواو تر بوو، چونکە دەقی ئایەتەکە دەفەرموێت: ئائەمە ڕێی ڕاستی منە: واتە ڕێگەیەکە خوا دەیەوێت... بەکارهێنان و زیادکردنی:(ئەو ڕێبازوو سونەتەی کە پێغەمبەر (ﷺ)ی لەسەرە ) لێرەدا بۆخۆی بوەتە گرێی دەرونی لای هەندێك و ئەگەر زۆر دوبارەی نەکەیتەوە لەوانەیە بکەویتە ژێر گومانەوە، لەکاتێکدا ڕێبازی قورئان وەها نییە، ئەوەی لە قورئانی

پەروەردگاردا جێی زەق بونەوە و شانازی کردنە(گوێڕایەڵی کردنی خوا-گوێڕایەڵ کردنی پێغەمبەری خوا) و  مسوڵمان بون و ئیمانداری و ئیسلامە بەڵام زیادکردنی ئەو دەربڕینە بۆ بەشێك لە وەرگێڕان یان لێکدانەوەی ئایەتەکە پێویست نەبوو ، بەڵام مامۆستای بەرێز بۆ ئەوەی بۆچونەکەی خۆی دەربڕێت  پەنا دەباتە بەر زیادکردنی ئەو وشانە لەکاتێکدا زۆر رونە لێرەدا(ی)(صراطي) دەگەرێتەوە بۆ خوای گەورە نەك پێغەمبەری خوا هەر وەك چۆن  لە شوێنێکی تردا (ی) (سبيلي) دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەری خوا، کە لێرەدا بە واتای شوێن کەوتنی رێبازی ئیسلام و لانەدانە بەم لاولادا، ئەو وەسێتانەشی جەختی لەسەر کراوەتەوە و بە رێی راستی خوا دانراوە بریتیە لە 10 خاڵ و بە دە وەسێتەکە ناسراوە، لەهەمان کاتدا ئەو دە وەسێت و راسپاردەیە رێبازی راستەقینەی ئیسلامە لەم سیاقەیدا... کەواتە رێگە راستەکە ئیسلامە بەو دە وەسێت و راسپاردەیەوە،  ئەم راستییەش لای زۆربەی موفەسیرە بەناوبانگە کان جەختی لەسەر کراوەتەوەو کەسییان دەربڕینەکەی مامۆستایان نەخستوەتە پێش لێکدانەوەی ئایەتەکە و تێگەیشتنیان بۆ چەمك و مەفهومی ئایەتەکە رون و ئاشکرابووە و هەڵسوکەوتێکی تەجزیئیان لەگەڵیدا نەکردوە، ئەوان بەم جۆرە دەربڕینانە راڤەی(صراطه) یان کردوە:

- "صراطه = " يعني: طريقه ودينه الذي ارتضاه لعباده
- الصراط : الطريق الذي هو دين الإسلام .
- (وأن هذا ) (أي: هذا الذي وصيتكم به في هاتين الآيتين صراط (طريقي وديني)..

- هذه الأحكام وما أشبهها، مما بينه الله في كتابه، ووضحه لعباده، صراط الله الموصل إليه، وإلى دار كرامته، المعتدل السهل المختصر

کەواتە  ئەو ڕێگەیەی لەم ئایەتەدا هاتوە بریتیە لە ڕێباز و ئاینی خوا کە ئیسلامە، لە نێو ئیسلامیشدا مەبەستی ئەو چەند ڕاسپاردە و وەسێتەیە کە لە دوو ئایەتی پێشوودا  باسی کراوە، هەر کەسێکیش ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە پیادە نەکات ئەوە ڕێی ڕاستی نەگرتوەتەبەر و ڕێچکە ورێگەی جۆراوجۆری هەڵبژاردوە بەدەر لەرێگە ڕاستەکە ئیتر هەر ناوێکی هەبێت، جا بابزانین ئەو دوو ئایەتە چ ناوەڕۆکێکیان هەیە کە ئەم ئایەتە پێیانەوە پەیوەستە و تەواوکاری ئەوانە لە ڕوی واتا و مەبەستەوە ، خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ(151)وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ(152)وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (153)﴾ ئەم دوو ئایەتە لەگەڵ ئەو ئایەتەی قسەی لەسەر دەکەین بە ئایەتەکانی دە(10) ڕاسپاردە و وەسێتەکەش ئاماژەی پێ دەکرێت و پێشتریش لە تەوراتدا بۆ موسا سەلامی خوای لەسەر دابەزیوە و لە کۆتایی هەر سێ ئایەتەکەشدا دەربڕینی(ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ) هاتوە، ئەو

ڕێنماییانەی لە ئایەتەکەدا هاتووەبە وەسێتێکی خوایی ناوزەد کراون و داوامان لێ کراوە گوێڕایەڵیان بین و لە ئایەتی کۆتاییشدا ئەم پابەندبونەی بە ڕێگەی خوا داناوە و فەرمانی پێ کردوون بیگرنەبەر و لێی لانەدەن و لاڕێی تر نەگرن، تاوەکو لە شارێگەی خوادا گوزەر بکەین و سەرمان لێ نەشێوێت. ئەی ڕێگەی راستی خوا کامەیە ؟ ئەو بیروبۆچونە حیزبی و دەمارگیری و مەزهەبییانەیە بەناوی سەلەف سالّەح و کیتاب و سوننەوە دەخرێنە روو؟! یان دەمارگیرییە بۆ حیزب و لایەنێکی دیاری کراو بە چەندین ناوی جیاوازەوە؟! یان پابەندبون بە شێخ و زانایەکی دیاریکراوەوە؟!! خوای گەورە وەڵامان دەداتەوە و دەفەرموێت پابەندبون بەو وەسێتانە پابەندبونە بە ڕێگەی راستی خوای گەورە، ئەوانیش بریتین لە:

1- هاوبەش پەیدانەکردن بۆ خوای گەورە
2- چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك .
3- نەکوشتنی منالّ و رۆڵە لەبەر نەداری و هەژاری.
4- نزیك نەکەوتنەوە لەخراپەکاری گەورەی ئاشکرا و نهێنی.
5- نەکوشتنی کەسی بێتاوان.
6- نزیك نەبونەوە لە مالّی هەتیو تەنها بەچاکە نەبێت.
7- هاوسەنگی و راستڕۆیی لەکێشانە و پێوانەدا.
8- دادگەریی لەوتەو گوفتار و هەڵسەنگاندندا.
9- بەڵێنی خوا بردنە سەر.
10-گرتنی ڕێگەی خوا ...

خوای گەورە وەسێتمان پیٚ دەکات بەم شتانە ... چەندە جوانن ئەم وەسێتانە، کاتیٚ بەخۆدامالّین لە بۆچونە پێش وەختەکانی خۆمان دەڕوانینە قورئان ئەو کات لە گەورەیی ئەو قورئانەو ڕێنماییەکانی تیٚ دەگەین و چێژ لە فەرمایشتەکانی وەردەگرین، بەلاّم کاتێك بەبۆچونێکی مەزهەبی دیاریکراوەوە راڤەی قورئان دەکەین ئەوا لەجیاتی سود بینین لە ڕێنماییەکانی خوای گەورە، دەچین قورئان دەکەینە ئامرازێك بۆ خزمەتی تێگەیشتن و بۆچونەکانی خۆمان و رقی خۆمان بەناوی خواوە دەبارێنین بەسەر ئەوانەی باوەڕیان بەخوا و پێغەمبەرەکەی هەیە، بە ئەرکانی ئیمان و ئیسلام هەیە، لەگەلّ ئەوەشدا باوەڕیان بەوەش هەیە دەکرێت خزمەتی ئیسلام و خەلّکی خوا بە هەندیٚ هۆکاری نویٚ بکرێت نمونەی ڕێکخراوی مەدەنی ، خێرخوازی، زانستی، لەوانەش حیزب و پێکهێنانی کۆمەلّ و ڕێکخراوە ... کە خالّی نییە لە هەلّە و خواستە نادروستە مرۆییەکان ...

ئەو ئایەتەی مامۆستای بەڕێز هێناوێتی پەیوەندی هەیە بە پێش خۆیەوە، ئەی هەر لە سەرەتای ئایەتەکەدا نافەرموێت: ئائەمە ڕێی راستی منە... خۆ دەبیٚ بپرسین کامە ڕێگە؟ ئەو ڕێگە راستە پێشتر خوای گەورە ئامارژەی پێی داوە لە چەند ئایەتێکدا... گەورەیی قورئان و ئیسلامیش لەو چەمکانەدایە نەك لەو بیرو بۆچونە تەسکانەی بەناوی ئیسلامەوە پێمان دەفرۆشرێت ... ئەگەر ئێمە لە ژیانی خۆماندا چ لەناو حیزب و ڕێکخراوێکدا بین یان وەکو تاك بژین و بتوانین ئەو وەسێتانەی خوای گەورە جیٚ بەجیٚ بکەین ئەو کات دەزانین ئەو ئیسلامە چەندە گەورەیە و چەندە پێویستە بۆ ئێمە و کۆمەلّگەی مرۆڤایەتی

... بەڵام کاتێك خۆمان لە قۆزاخەی مەزهەبیەتێکی دیاری کراوو حیزبییەتێکی بەرتەسك دا قەتیس کردبێت و هەندێك بۆچونمان لێ بوە بە ئیسلام و سەدان هەزار و بگرە ملیۆنان کەس بە چەند فەتوایەك یان دید و تێڕوانینی هەندێ گرۆو مەزهەب دەکەین بە گومڕا و بیدعەچی و لاڕێ لە کاتێکدا ئەوانە خوا و پێغەمبەری خوایان خۆش دەوێت و ئەساسیاتی ئیسلام و ئیمان و رەوشت و بەها سەرەکییەکانی ئیسلام پیادە دەکەن، ئەمە لەکوێی ئیسلامدا جێگەی دەبێتەوە؟

ئەگەر وردبینەوە ئەو جۆرە تێگەیشتنانە کورت دەبنەوە لە بۆچونی مەزهەبێکی ناو ئیسلام و دیدی هەندێ زانا ... ئاخر نێردرانی پێغەمبەری خوا و هاتنی ئەم ئیسلامە رەحمەتە بۆ هەموو خەڵکی، کەچی ئەو رەحمەتە(لەدیدی هەندێکدا) ئەو کەسانە ناگرێتەوە هەموو تەمەنیان بۆ ئیسلام و خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی سەرف کردوە و باوەڕیان بە پایەکانی ئیمان و ئیسلام هەیە و کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن و رەفتارە باشەکانیان تێدایە ...

ئەمە چۆن رەحمەتێکە ئەم بەڕێزانە پێشکەشی خەڵکی و مسوڵمانانی دەکەن؟! مسوڵمانە دیندارەکان بەو هەموو کار و کردەوەیەکیانەوە لەبەر هەندێ جیاوازی و ئیجتیهادی سەردەم ، کە لەچوارچێوەی رێبازی ئیسلامدا جێیان دەبێتەوە، یان جیاوازی گەلێکن هەڵقولاوی مێژون نەك قورئان و سونەت و کردەی دروستی هاوەڵان ، بەدیدی ئەوان ئەم مسوڵمانە دیندارانەی پابەندن بە ئیسلام لەبەر ئەوەی وەکو ئەوان نین و هەمان تێڕوانینی ئەوانیان

نییە، دەچنە ریزی گومڕا و سەر لێ شێواوان و لە ئاگردا دەسوتێن و دەچنە نێو بازنەی بیدعەچیەتی و لەرێ لادەران، بگرە بێ ویژدانییەکە لە ئاستێکدایە هەندێ جار لە گاور و جولەکەش خراپترن و نابێ لەگەڵیان دانیشیت و بڤەیە بکەویتە گفتوگۆوە لەگەڵیان چونکە دڵت توشی نەخۆشی دەکەن؟!!!

بگەرێینەوە بۆ ئایەتەکە و ئەوەمان زانی فەرمانەکە شوێن کەوتنی ئیسلامە لە ئیسلامیشدا و بەتایبەت لێرەدا ئەو وەسێتانەیە کە باس کراوە و رێچکەکانیش جگە لە ئیسلامە کە دەکرێت بە راڤە کردن هەموو ئەوانەش بگرێتەوە کە رێی راستی ئیسلامیان بەرداوە با پێشتریش مسوڵمان بن کە زانایان بە دەربڕینی(تعم اليهودية والنصرانية والمجوسية وسائر أهل الملل وأهل البدع والشبهات والضلالات من أهل الأهواء) بەلام دەقەکە رونتر ئاماژە دەکات بۆ ئەوانەی رێ و رێبازی دەرەوەی ئیسلامیان گرتوەتەبەر ، چونکە لەسەروی هەر رێچکەیەکەوە (وەك لەو فەرمودەیەکدا هاتووە کە زۆربەی موفەسیرەکان دەیهێنن) شەیتانێك هەیە(دەربڕینی شەیتان واتا و مەدلولی خۆی هەیە) بانگەشەی بۆ دەکات "خطَّ لنا رسول الله (ﷺ) يومًا خطًّا فقال: هذا سبيل الله. ثم خط عن يمين ذلك الخطّ وعن شماله خطوطًا فقال: هذه سُبُل، على كل سبيل منها شيطانٌ يدعو إليها. ثم قرأ هذه الآية:"وأن هذا صراطي مستقيمًا فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله"بۆیە رەوا نییە و بێ ویژدانییەکی گەورەیە بوترێ"حزبییەکان"بەو رەهاییە" ئەمرەکەی خوایان وازلێ هێناوەو نەهییەکەیان جێ بەجێ کردوە، بەمەش وەسێتەکەیان هەڵوەشاندوتەوە" کە ئەمە قسەی مامۆستایە لەبارەی ئایەتەکەوە، ئاخر

وتمان وەسێتەکە چییە هەر بەپێی دەقی دووئایەتەکەی پێشوو، ئایا ئەو ئیسلامییانەی لە چوارچێوەی حیزبێکی ئیسلامیدان یان کارێکی رێکخراوەیی پەیامدارانە دەکەن ئەو وەسێتانەی خوایان هەڵوەشاندووەتەوە؟! ئاخر ئەمە چۆن راڤەکردنێکە شارەزایەکی ئیسلام و سەردەستەی گروپێکی ئیسلامی دیاریکراو دەیخاتە پێش چاوی ئەو گەنجە خوێن گەرمانەی شەیدای ئیسلام و دیندارین؟! ئەمە خۆی لەخۆیدا رق و کینە و دوبەرەکی و ناتەبایی دروست ناکات؟!

خۆ ئەگەر بونی چەند کۆمەڵ و گروپێکی ئیسلامی کە لە چوارچێوەی ئیسلام و رێنماییەکانیدا دەبزوێن(با هەڵەشیان هەبێت و خاوەنی ئیجتیهادی جۆراوجۆر بن) بە لادان لە ئیسلامی دابنێین ئەوا چی دەبێ بوترێت بۆ ئەو گروپە سەلەفییە جۆراوجۆرانەی بەردەوام لە پەرت بوندان و هەر یەکەشی خۆی بە شوێن کەوتەی سەلەفی سالەح دەبینێت و ئەویتر بە گومرادەزانێت ، ئەمرۆ پێکەوە دەبن و ئەهلی سونە و جەماعەن بۆ سبەی هەریەکەیان ئەوی تر بەلادەر و بیدعەچی دادەنێت و چەندین ناوو ناتۆری تر بۆ یەکتر دادەتاشن ...

کەواتە راستییەکەی ئەوەیە هەموو ئەوانەی لە چوارچێوە فراوانەکەی ئیسلامدا جێیان دەبێتەوە و شوێنی پێغەمبەری خوا کەوتوون و ئەساسیات ئیمان و ئەخلاق و پابەندبونی ئیسلامیانەیان تێدایە، ناکرێت بەگومڕا دابنرێن و بەرێچکە ناوزەد بکرێن، لەبەر ئەوەی جیاوازی تێگەیشتن و ئیجتیهادی جۆراو جۆریان هەیە کە لەگەڵ بۆچونی ئەواندا ناگونجێت ... ئیتر ئەو کەسانە لە نێو پارت و کۆمەڵ و رێکخراوێکی ئیسلامیدابن یان لە دەرەوەی ...

گرنگە ئەوەش لە بیر نەکەین هەموو ئەوانەی خۆیان بەسەلەفی دەبینن ، بەخۆیان بزانن یان نا جۆرێکی تایبەتن لە حیزب و کۆمەڵی رێکخراو با تەواوی پێناسەکانی حیزبیان بەسەردا نەچەسپێت، ئەوان وەکو کۆمەڵ و حیزبەکانی تر خاڵی هاوبەشیان هەیە و مامۆستای دیاریکراویان هەیە و لەگەڵ هەموو کەسیش مامەڵە ناکەن و جۆرە کتێبێکی دیاری کراو دەخوێننەوە و ئامادەی کۆڕ و کۆبونەوەکانی خۆیان دەبن ... ئیدیعای کیتاب و سوننە کردنیش شتێکە زۆرینەی گروپە ئیسلامییەکانی کۆن و نویٚ کردویانە و دەیکەن.

ئەوەندە ماوە بڵێم: گرنگە بڕیاری پێش وەخت و حوکمی رەها و گشتاندن و ناعەدالەتی لە هەڵسەنگاندن و پێچەوانەیە لەگەڵ پێشەکی ئەو ئایەتەی قسەمان لەسەری کرد کە دەفەرموێت:" وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا " دادپەروەر و هاوسەنگ بن لە لەو قسانەی دەیکەن ... ئیسلام زۆر گەورەتر لەوەی ژمارەیەکی کەم بیکەنە ناسنامەیەکی تایبەتی بۆخۆیان و تەنها کالاٚی بالاٚی ئەوان بێت و ئەوانی تری لیٚ وەدەرنێن، ئێمە هەر هەمومان بەهەموو تەوژم و رەوتەکانمانەوە بەهەموو مەزهەب و بۆچونەکانمانەوە و بەهەموو حیزب و رێکخراوەکانمانەوە ، بەهەموو زانا و سەرکردە و موفتی و فەقیهەکانمانەوە، بەهەموو ئەوانەی ناسنامەی ئیسلامەتیمان هەڵگرتووە و خۆ بە داکۆکی کاری دەزانن ، لەهەوڵداین بەپێی توانا بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە لەخوای گەورە نزیك ببینەوە و ناوەرۆکی ئەو ئیسلامە لەخۆماندا پیادەکەین و لەو رێگەیەشەوە خزمەت بە خۆمان و خەڵکی بکەین و سودێك بەگەل و وڵات بگەیەنین، لەم پێناوەشدا کارمان کردوە بۆ ئەوەی پابەند بین بەتەواوی ئەو

تێگەیشتنانەی لە قورئان و سونەی صەحیحدا هاتوە  کە هۆکارە بۆ مسۆگەرکردنی بەهەشتی خوا و باشترکردنی ژیانی دونیا و ئارامی و ئاسودەیی دەروون، بەڵام چەندە پێکاومانە و چەندە توانیومانە بەو کارە هەستین ئەوە شتێکی ترە.

دڵنیام لەوەی هیچ کاممان لە هەموو بۆچون و هەنگاوو هەوڵەکانماندا بەتەواوی نەمان پێکاوە و هەموو شتەکانمان راست نین، هەرچەندە هەموو خۆمان پیٚ راستە و ئەو بانگەشەیە دەکەین، بەڵام بە دڵنیایەوە بەشیٚ لە راستیەکانمان لایە و لەخاڵە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی ئیمان و ئیسلامدا پێکاومانە و لە چۆنێتی مامەڵە لەگەڵ واقعدا جیاواز بیرمان کردوەتەوە و جیاواز شتەکان دەبینین و جیاوازیش مامەڵە دەکەین و خاڵی هاوبەشیشمان زۆرە و هەر یەکەی دەکرێت لە رویەکەوە زیاتر بتوانێت رۆڵ ببینێت و خزمەت بکات ، بەشێکی زۆری کارەکانی ئێمە(بەهەموو تەوژم و کەسایەتییەکانمانەوە) ئیجتیهادین و هەندیٚ جاریش ئیشتیها و حەزی خۆمانی تێکەڵ دەکەین یاخود وەك مرۆڤێك دەکرێت هەڵە و کەم و کورتی و تاوان و خراپەکاریشمان هەبێت، دووریش نییە دونیا ویست و هەلپەرستیشمان تیٚ بکەوێت، هەر بەکردارییش هەیە، چونکە مرۆڤەکان بەگشتی بەدەر نین لەهەڵە و کەم و کورتی و بەدەقی ئەم ئایەتە باوەڕدارانیش –جگە لەوانیتر– هەندێکیان ستەمیان لەخۆیان کردووە  و هەیانە خێر و خزمەت و چاك و خراپیان ئەنجام دەدەن و هەندێکیشیان دەسپێشخەرن لە چاکەکاری و خزمەت و خێرخواهیدا:" ثُمَّ

أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ۖ فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ ".فاطر:32.

## رۆڵی تەشریعییانەی پەیامبەر لەروانگەی قورئانەوە

سەرچاوەی سەرەکی تەشریع لە ئیسلامدا قورئانە، بەدەیان ئایەت ئەم راستییە دەسەلمێنن، بەڵام بەو پێیەی لێرەدا باسی ئێمە حوجییەتی سونەتە ئاماژە بەو ئایەتانە ناکەین گەرچی ئەو بەڵگانەی دەیهێنینەوە سەلمێنەری ئەوەن کە قورئانە سەرچاوەی یەکەمە، بەو پێیەی کە قورئان ئەو پێگەیەی هەیە، هەر لە نێو تێکستەکانی قورئاندا دەسەلمێت سونەتی سەرچاوەی دووەمە یاخود سەرچاوەیەکە قورئان دانی پێداناوە و لە ژێر سایە و تیشکی ئەودایە... خودی قورئان فەرمانمان پێ دەکات پەیامبەر بکەینە سەرمەشقی خۆمان وگوێڕایەڵی بین و بۆی بگەڕێینەوە و شوێنی بکەوین، بەمەش سونەتی سابت و سەلماوی پەیامبەر کە وەك پەیامبەرێتی فەرموویەتی یان کردوویەتی یان دانی پێداناوە یان رێنمایی و فێرکردنی ئەوە دەبێتە سەرچاوەی دووەمی تەشریع... واتە دووەم لەیەکەمەوە شەرعیەتی وەرگرتووە، بۆیە ئاساییە ئەم سەرچاوەیە بگەڕێنینەوە بۆسەرچاوەی یەکەم کەقورئانە یاخود بەسەرچاوەیەکی سەرەکی ئەژماری کەین، وەکو دەرەنجام یەك مەبەست دەدەن بەدەستەوە... سەرچاوەکانی تری تەشریع لای سوننە سەرچاوەی سەرەکی نین بەڵکو موفەسیر و موەزیحن جگە لە کۆڕا و ئیجماع کە ئەویش بێ ئیشکال نییە، بۆیەلای زانایان ئەو سەرچاوانەیتر بە سەرچاوەی تەبەعی و پاشکۆ ناو زەدکراوە... لەوەتەی ئومەتی ئیسلامی هەیە هیچ کەس ئینکاری ئەوەی نەکردووە قورئان و سونەت دووسەرچاوەی تەشریعن لە ئیسلامدا بە

تەواوی مەزهەبەکانی ئیسلامەوە بیَ هەڵاوێردن، ئیتر چی سونەتە و چی سونەت نییە ئەوە باسێکیترە و قۆناغێکی دواترە!

خوای گەورە پەیامبەری کردووەتە سەرمەشقی ئێمە، سەرمەشق بونیشی واتە کەسەیاتییەك کە پیادەی پەیامەکەی دەکات و لە رێگەیەوە بە کرداری راڤەی ئایەتەکانی قورئان دەکات و گوفتارو رێنماییەکانی ریَ نیشاندەرن بۆ ئێمە:(لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا ) الأحزاب21)"، بەشێك لەو سەرمەشقیە لە رێگەی سونەتەوە بە کردار و گوفتار گواستراوەتەوە و سەدان و بگرە هەزاران فەرمودە دەبینین کە پڕاوپڕو رێکن بە ئایەتەکانی قورئان، تەنانەت قورئان ئەوەندە کەسایەتی پەیامبەری بەگەورە باس کردووە نەهی و ئەمرەکانی قورئان و تەحلیل و تەحریمەکانی قورئانیشی بەناوی ئەوەوە باسکردووە و وەك ئەوەی خۆی موشەریع بێت، لەکاتێکدا باسەکە باسی وەحیی خواییە، بڕواننە ئەم ئایەتە و سەرنجی بدەن کاتێك باسی شوێنکەوتن و باوەڕهێنانی هەندیَ لە جولەکەکان و فەزڵی ئەم ئیسلامە دەکات: (الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ ۙ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (157) الأعراف. بۆیە پەیامبەری خوا بە فەرمانی خوا رێگەی بەیانی پەیامەکەی خۆی پیَ دراوە.

هەر بۆیە لە چەندەها ئایەتی قورئاندا گوێڕایەڵی پەیامبەری خوابە گوێڕایەڵی خوای گەورە ئەژمار کراوە–ئایەتەکانی گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا تەوەرەیەکی سەرەکیترە دێینەوە سەری– نەك هەر ئەوەندە بەڵکو حوکم –

داوەری کردن–ی پێغەمبەری خواش لەگەڵ خوای گەورەدا هاتووە و جیاوازیش کراوە لە نێوانیاندا، کەواتە پەیامبەری خوا بەخودی خۆی بڕیارەکانی هەر حوکمی خوا روون دەکاتەوە، لێرەوە هەرچی لەئەوەوە سابت بوبێت و سەلما بێت هەمان حوکمی هەیە و تەشریعە... جوان سەرنج بدە لەم ئایەتانە:(وَيَقُولُونَ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَا أُولَٰئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ (47) وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم مُّعْرِضُونَ (48) وَإِن يَكُن لَّهُمُ الْحَقُّ يَأْتُوا إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ (49) أَفِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَمِ ارْتَابُوا أَمْ يَخَافُونَ أَن يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُ ۚ بَلْ أُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (50) إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (51) وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ (52) النور. گوێڕایەڵی پەیامبەری خوا...حوکمی خوا و پێغەمبەری خوا.... سیفەتی نارەوا دانەپاڵی پەیامبەری خوا.... لێرەدا پەیامبەری خوا حوکمی خوا تەرجەمە دەکات، تەرجەمەکردنەکەی ئەو بۆ خۆی سەرچاوەیە بۆ ئێمە، چونکە ئەو باشترین کەسێکە کە حوکمی خوامان تێگەیەنێت ، وەحی بۆ ئەو دابەزیوە.... ئەمە جگە لەوەی گوێڕایەڵی پەیامبەری خوا گوێڕایەڵی خوایە، هەر شتێك لەوەوە سادر بێت با ئێمەش نەتوانین بە روونی لە قورئاندا بیبینین مادەم دڵنیابین ئەو کردوەیەتی یا فەرمویەتی وەك تەشریع ئەو کات دەبێت مولزەم و پابەندبین پێیەوە.... زۆر نا لۆژیکییە کاری پەیامبەری خوا لە ماوەی ئەو بیست و سێ ساڵەدا تەنها ئەوە بوبێت بێژە و لەفزەکانی قورئان بگەیەنێت و هیچیتر! یان قورئانیان فێرکات بەبێ ئەوەی چۆنێتی هەندێ پەرستش و روونکردنەوەی دیلالەتەکانی تری قورئانیان بۆ روون نەکاتەوە !

هەموو زانایانی ئومەتی ئیسلامی بە تەواوی رەوتە جیاوازەکانیانەوە وەکو ئاماژەمان پێی دا سونەت وەك سەرچاوەیەکی تەشریع و حوکم لە ئیسلامدا ئەژمار دەکەن لەگەڵ ئەوەی جیاوازن لەوەی چی سونەتە و چۆنیش دەبێتە بەڵگە، چی جێگەی ئیستیشهادە و چییش ناگاتە ئەو ئاستە... قەناعەت و بۆچوونی زۆرینەی زانایان گەرچی مەرج نییە هەموو کات هەقی رەها بێت بەڵام زۆربەی جار زۆرینەی ئەهلی عیلم و زانست و ئینساف هەقیان زیاتر پێیە بەراورد بە کەمینە بەڵام دەکرێت پێچەوانەکەشی هەبێت و راست بێت بە تایبەت ئەوانەی خاوەنی زانست و بوێری و عەدل و ئینسافن، کە زۆرجار وەکو نوێکەرەوەیەك ناو بەناو لە مێژووی ئایین و بیروباوەڕەکاندا بەدەر دەکەون، بەڵام کەمینەیی بونیش واتای لەسەر هەق بوون نییە تا بەم ناوەوە بۆچونێکی نادروست بسەلمێنیت، لێرەوە بۆچونە نامۆ و ناڕاستەکان بەناوی (وأكثرهم للحق كارهون ...) ( گوبى للغرباو...) ناکرێت بە راست دابنرێن.... کەواتە دەبێت بەڵگەکان پێوەر بن و لەمەشدا وابزانم لەگەڵ زۆرینەدا هاوڕاین!

کاتێك دەڵێم وتەو کردار و رێنماییەکانی پەیامبەری خوا سەرچاوەی دووەمی ئیسلامن، واتای ئەوە نییە جیاواز و دژن بە قورئان وەك سەرچاوەی سەرەکی و یەکەمی ئیسلام، بەڵکو ئەوە قورئان خۆیەتی ئەو پایە و دەسەڵاتەی بەخشیوە بە پەیامبەری خوا، هەر بۆیە لە سەرەتاشەوە وتم دەکرێت بڵێیت یەك سەرچاوەن یان سەرچاوەی دووەم شەرعییەتی لەسەرچاوەی یەکەمەوە وەرگرتووە....

کاتێکیش نمونەی پەیامبەر بە کەسێك دەسەلمێنین کە حوکمی خوا بەخەڵکی را دەگەیەنێت و فێریان دەکات، ئەوا هەست بکەین یان نا دەیسەلمێنین پەیامبەر رونکەرەوەی قورئان و وەحی بووە، واتە بەبێ ئەو ئاسان نەبووە

ئەوانەی سەردەمی خۆی لە هەموو شتی ئەو قورئانە بگەن یاخود پەرستش و داواکارییە کانی وەرگێڕنە سەر ژیانی کرداری و لە شێوەو شێوازی جیاوازدا نمایشی کەن و ئەنجامی بدەن و جیاوازی رۆڵی پەیامبەر(لە رووی تێگەیاندنەوە جگە لە پایەی نبوەت و ریسالەت) لەگەڵ زانایەکی کورددا کاتێك کەسێکی کورد زمان تیٚ دەگەیەنێت لە قورئان و حوکمی خوا لەوەدایە پەیامبەر لەناو گەلێکدا هاتووە کە خۆیان عەرەب بوون و لە قورئانیش تێگەیشتوون لەگەڵ ئەوەشدا قورئان باس لەوە دەکات هێشتا یەکێك لە ئەرکەکانی پەیامبەری خوا(لتبين لهم)ە فەرموو رامێنن لەم ئایەتە: (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ۖ فَيُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (4) إبراهيم)... واتە لەگەڵ ئەوەی بەزمانی خۆیان هاتووە کەچی (ليبين لهم) وەك ئەرکێکی پەیامبەران دەمێنێتەوە و روونکردنەوە و گەیاندنەکە بۆ هەڵگری هاوزمانەکانیش هەر باقییە!! دەی منیش هەر ئەوە دەڵێم: پەیامبەری خوا (بەلاغی موبینی) لەسەر بووە و (ليبين لهم) ئەرکی ئەو بووە... کاتێك قورئان دەفەرموێت نوێژ بکەن پەیامبەر بە ئیزنی خوا و بە تێگەیشتنێك کە تەوفیق و پشتیوانی خوایی لەگەڵە چۆنێتی نوێژکردنەکەیان فێر دەکات، ئیتر ئەمە هەر شتێکیتریش دەگرێتەوە کە رونکردنەوە و چۆنێتی و درێژەکەی لە قورئاندا نەبێت، بێگومان تێکستەکانی قورئانیش کراوەن بۆ هەندیٚ واتایتر بەڵام نەك لەو شتانەی پەیامبەر خۆی بە سەلماوی یەکلای کردووەتەوە و قابیلی گۆڕان نین... ئەم رونکردنەوانەی پەیامبەری خوا(د.خ) واتای ئەوە نییە لە قورئان لا دەدات یان کەم و زیادی دەکات! بەڵکو ئەمە واتای ئەوەیە پەیامبەری خوا رێگەپیٚ دراوە لەم رووەوە و هەر بە خودی

وەحی و قورئان خۆی... با چەند ئایەتێك بهێنمەوە كە سەلمێنەری ئەم راستییەن:

- دەكرا خوای گەورە بەشێوازێك باسی گوێڕایەڵی پەیامبەری بكردایە كە ئەوەی لێ نەخوێنرایەتەوە كە گوێڕایەڵیكردنی ئەویش خسوسیەتی هەیە و هەر خۆی رێگەی پێ داوە، خراپ نییە لێرەدا چەند ئایەتێكی گوێڕایەڵیكردنی پەیامبەری خوا بهێنمەوە و بە یەك دوو دێڕیش قسەیان لەسەر بكەم:-

-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ (33) محمد... لێرەدا گوێڕایەڵی پەیامبەر راستە لە چوارچێوەی گوێڕایەڵی خوادایە بەڵام زاتی رەسول كە لە ژیاندا بووە تایبەتمەندی گوێڕایەڵی پێ دراوە و هەر تەنها لە دەقی قورئانەكەدا كورت نابێتەوە بەڵكو تێگەیشتن و حوكم و ئەمری ئەویش دەگرێتەوە... ئەگینا بۆ دەفەرموێت: (مَّن يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ ۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا (80) النساء. دەی ئەمە روونە كە گوێڕایەڵییەكە گوفتار و كردار وبڕیارەكانی پەیامبەرە كە روویەكی تەشریعی هەیەو سەرچاوەگرتووی ئایەتەكانە بەڵام پەیامبەر زیاتر لە هەر كەسێك وەریدەگێڕێتەسەر ژیانی عەمەلی و شێوازی تێگەیشتن و ئەنجام دانیان، ئەمە جگە لەوەی دەبێت بزانیت چۆن هەڵسەكەوت و گوفتاریش دەكەیت لەگەڵ پەیامبەری خوادا(د.خ)لا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُم بَعْضًا ۚ قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا ۚ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (63) النور) كە ئەم ئایەتە باسی رەسولە و هەندێك لە باسی جیاوازی نبی و رەسولدا وەك ناوەڕۆك دەیهێنن! دەرچوون لە بڕیار و ئەمری ئەویش بە دەقی ئایەتەكە مەترسی دارە و مرۆڤ پەلكێشی فیتنە و سزا دەكات!

– ئەگەر پەیامبەری خوا تایبەت مەندی گوێڕایەڵ و ئەمر و نەهی پێ نەدرایە خوای گەورە نەیدەفەرموو:( وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا (36) الأحزاب). بۆ تەنها باسی قەزاوەتی خوا ناكات؟! بۆ تەنها باسی عسیانی خوا ناكات؟! راستە پەیامبەر لە ناویاندا بووە بەڵام خۆ هەموومان دەزانین پەیامبەر كۆچی دوایی دەكات و ئەم قورئانە دەمێنێتەوە! ئەسڵی ئەو ئایەتەش باسە لە بەسەرهاتێك كە سەرەتا خوای گەورە خستویەتییە دڵی پەیامبەرەوە بۆ نەهێڵانی داب و نەریتێكی باو! یان بۆ دەفەرموێت:( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ ۖ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) الحجرات:1. كەواتە ئەم جۆرە پێشحستن و پێشكەوتن رێگە پێدراو نییە! - سەرنج دەن لەم ئایەتە: (وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَىٰ مَا أَنزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا) (61) النساء... (وإلى الرسول) بۆ جیاكراوەتەوە؟!! تەنانەت لە سیاقی جیاوازدا(وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ) یش هەیە! واتە ئەوەی خوا و پەیامبەر حەرامیان كردووە؟!

ئەمە جگە لەوەی خۆشەویستی خوا لە شوێن كەوتنی پەیامبەردایە و بەدوایدا باسی گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پەیامبەرەكەی دێت، وەك لە دەقی رون و ئاشكرای ئەم ئایەتەدا هەیە: (قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (31) قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ (32) آل عمران... ئەمە راستە گوێڕایەڵی خوایە بەوەی لە قورئاندا هاتووە بەڵام لە هەمان كاتدا گوێڕایەڵی پەیامبەریشە لەوەی چۆن تەرجەمەی قورئان دەكات لە پەرستش و رەفتار و كردار و گوفتاریدا!!

ئەگەر سەرنج بدەن لەو دوو ئایەتەدا هەر یەکە لە شوێن کەوتن و گوێڕایەڵی(اتباع واطاعة) هاتوە، لە هەر دوو واتاکەشیدا ناتوانین بە ئاسانی شوێن کەوتنی سونەتێکی سەلماوو سابتی رەسول بەدین حسێب نەکەین ! !

با جارێکیتر هەر بە دەقی قورئان روونی کەینەوە کە گوێڕایەڵی پەیامبەری خوا خسوسیەتی خۆی هەیە و تەنانەت جیایە لەوەی بڕیاری کەسێکی فەرمان رەوا بێت لە کاتی خۆیدا فەرمانڕەوایەتی کردووە یان هەر بریتی بێت لە رۆڵی پەیامبەر وەکو فەرمانڕەوایەك(کە هەموو ئەمانەش هەن) بەڵکو بریتییە لە تەشریعێکی رێ پێ دراوە، بفەرموون و سەرنج بدەن لەم ئایەتە: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ ۖ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا (59) النساء. گوێڕایەڵی خوا و پەیامبەر و کاربەدەستەکانتان بکەن... واتەگوێڕایەڵی بۆ سێ لایەن. خوای گەورە. پەیامبەر. کاربەدەستان. باش! ئەی ئەگەر ناکۆکیتان بۆ دروست بوو لە شتێکدا، لێرەدا ئایەتەکە کاربەدەستان حەزف دەکات و ناویان دەسڕێتەوە، چونکە مرۆڤن و دەبێت شەرعیەتی بڕیارەکانیان لە خوا و پەیامبەرەکەیەوە وەرگرن، بۆیە دەفەرموێت (فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ) چ پێویستی دەکرد باسی رەسول بکات؟! خۆ بەدیدی هەندێك کە نەبی و رەسول جیا دەکەنەوە گوێڕایەڵی رەسول هەتاهەتاییە! ئێ باشە خۆ دەبێت شتێك لەو رەسولەوە گەیشتبێت و بریتی نەبێت لە قورئان بەڵام هەر لەسایەی ئەوەوە شەرعییەتی وەرگرتبێت! ئەگینا خودای گەورە تەنها باسی گەڕانەوە بۆ لای خۆیی دەکرد واتە تەنها بۆ قورئان! !

ئەمە جگە لەوەی چەندین ئایەتی ترمان هەیە رونی دەکاتەوە ئەم قورئانەی کە دابەزیوە بۆ پەیامبەر، پەیامبەر بۆ مسوڵمانانی روون دەکاتەوە! تەنانەت روونکردنەوەش دەدات بە ئەهلی کیتاب لەوەی کە بۆیان هاتووە، هەموو ئەمانەش بە فەزڵی قورئان و فەهمی پەیامبەرەوەیە، سەرنج بدەن لە ئایەتی یەکەم و دووەم: -( وَمَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ ۙ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (64) النحل.

-( وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِي إِلَيْهِمْ ۚ فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ (43) بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ ۗ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾ ئەم دوو ئایەتە ئەوە دەردەخات قورئان کە دابەزیوە ئەرکی گەیاندن و رونکردنەوەی بۆ کەسانیتری مسوڵمان و نا مسوڵمان بە پەیامبەر بەخشراوە دواتریش ئەوەی پێویست بێت دەگات بە زانایان.

سەبارەت بە ئایەتی دووەم تەبەری دەفەرموێت:(فتأويل الكلام إذن: وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ إِلا رِجَالا نُوحِي إِلَيْهِمْ أرسلناهم بالبينات والزبر، وأنـزلنا إليك الذكر. والبينات: هي الأدلة والحجج التي أعطاها الله رسله أدلة على نبوّتهم شاهدة لهم على حقيقة ما أتوا به إليهم من عند الله. والزُّبُر: هي الكتب، وهي جمع زَبُور، من زَبَرْت الكتاب وذَبَرته: إذا كتبته. وبنحو الذي قلنا في ذلك ، قال أهل التأويل.) نەك هەر ئەوەندە بەڵكو بە دەقی قورئان پەیامبەری خوا جگە لە کیتاب (حیکمة)شی پێ بەخشراوە! حیکمە چییە، لانی کەمی تێگەیشتنی حیکمە ئەو رێنماییانەی پەیامبەرە کە دەیخاتە خزمەتی پەیامەکەیەوە، قورئانەوە! ئەگینا حیکمە چییە کە دراوە بە پەیامبەر؟! هەندێکی هەڵسوکەوتە لەگەڵ ئەوانیتر، رەفتار و گوفتارێتی لە بواری تەشریعی رێ پێ دراودا... ئەگینا ئەگەر پەیامبەری خوا تەنها ناقلی وەحی بێت ئەوا دوور لە

ئەو تەنها رۆڵی تەسجیلێکی پێ دەدرێت و ئەرکی گەیاندنێکە بە بێ بەیان و رونکردنەوە، لەکاتێکدا ئەرکی پەیامبەری خوا بەلاغی موبینە و خۆیشی ناسیحی ئەمینە، فەرموو سەرنج دەنە ئەم ئایەتانە: -هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (2). الجمعة. لەم ئایەتەدا پەیامبەری خوا جگە لە تیلاوەی ئایات، رۆڵی تەزکییە و تەعلیمی کیتاب و حیکمەی پێ بەخشراوە... لە دوو ئایەتی دواتریشدا هەمان ئەرك و رۆڵی پێ بەخشراوە! فەرموو بیبینن و بیخوێننەوە! -لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ. (آل عمران: 164.

-﴿ رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴾ (البقرة: 129).

-لەم ئایەتەی تری خوارەوەشدا هەر تەعلیم و فێرکردنی حیکمەکەش نییە بەڵکو بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات کە حیکمەتی بۆ دابەزیوە وەکو کیتاب، دەبێت حیکمەت چی بێت زیاتر لەوەی چۆنێتی گەیاندن و بەکرداری پیشاندان و گەیاندنی کیتاب بێت! فەرموو: -( وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُ لَهَمَّت طَّائِفَةٌ مِّنْهُمْ أَن يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ ۖ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن شَيْءٍ ۚ وَأَنزَلَ اللَّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ ۚ وَكَانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا (113) النساء). لە ئایەتێکی تردا ئەوەشمان بۆ روون دەکاتەوە نەبییەکانی پێشتریش حیکمەتیان پێ دراوە لەپاڵ کیتابدا! واتە نەبیش دەکرێت کیتابی هەبێت؟! فەرموو (-إِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ ۚ قَالَ

أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِي ۖ قَالُوا أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ (81) فَمَن تَوَلَّىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (82) آل عمران.

-جا بەڕێزان ئەگەر ئەم هەموو ئایەتانە قەناعەتمان پیٚ نەکەن کە پەیامبەری خوا ڕۆڵی تەشریعی ریٚ پیٚ دراوی هەیە لە ئیسلامدا ئیتر دەبێت چی قەناعەتمان پیٚ بکات! لەوانەیە بوترێت: ئاخر ئەوەی بەردەستە هەمووی سەلماوو سابت نیە هی رەسول بێت! دەسکاری کراوە و پڕێتی لە لاواز و هەڵبەستراو! داب و نەریت و کاریگەری ژینگە و مێژووی تێدایە و قورئان بەتەواوی نەکراوەتە پێوەری هەڵسەنگاندن و پێوەرەکانی گەیاندن و هەڵسەنگاندن کەم و کورتی و کەلێنی تێدایە، حەزو گروپ بەندی و هتدی تێکەڵ بووە، نوسینەوەی سونەت و ریوایەت ئیشکالی تێدایە... هەروەها بەسەرچاوە دانانی سونەت جیایە لە چۆنێتی ئیستیشهاد بە سونەت و ریوایەت! لەم بارەیەشەوە کلتورێکی دەوڵەمەندمان هەیە لە مێژووی ئەهلی کەلام و گروپەکانی مێژووی ئیسلامدا و باس و خواسی ئاحاد و موتەواتەر و هتد لەم روانگەیەوە سودی خۆی هەیە و ئێمە مێژووی ئیسلام تەنها لە رێبازێکی وەك سەلەفی بە واتا بەرتەسکەکەیدا کورت ناکەینەوە، چەندەها رەخنە و سەرنجی تریش هەیە... لە وەڵامدا دەڵێم هەموو ئەمانە راستن، پێویستیەکی زۆرمان بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەوە و بەخۆداچونەوەیەکی قوڵ هەیە و دەبێت بکرێت و دەستیشی پیٚ کراوە... بەڵام هەموو ئەمانە ناکاتە ئەوەی سەرچاوەی دووەمی ئیسلامی یان ئەو سەرچاوەیەی قورئان بە سەرچاوەی داناوە ئینکاری بکەین و هێڵی راست و چەپی بەسەردا بهێنین، چونکە بەلای منەوە ئەو کەسەی هەموو سونەت و ریوایات بە هەموو

جۆرەکانییەوە پەسەند دەکات، هیچ شتێك لە بێژنگ نادات و پاڵفتەکاری ناکات، لەگەڵ کەسێك هەمووی رەت دەکاتەوە وەکو یەکن بەڵام ئەمسەر و ئەوسەریان لەیەك گرتووە، لە هەمان کاتدا ئەو عەقڵییەتەی هەموو سونەت و ریوایەت بەبێ هەڵاوێردن رەفز دەکاتەوە دواجار زۆر بە سانایی دەست بۆ خودی قورئانیش دەبات بەڵام درەنگ و زوو کەوتووە و هەر لە تەمەنی خۆتان و بەچاوی سەری خۆتان بەشێك لەو کەسانە دەبینن باوەڕیان بەخودی خوا و ئیسلامیش نەماوە ! لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وەك را و رێبازێکی نوێ گفتوگۆی جیدی لەگەڵ ئەم رەوتەدا دەکەین و بەشی هەرە زۆریشیان لە دڵسۆزی بۆ ئیسلام و ناشیرین پیشاندانی ئیسلامەوە ئەم رێبازەیان هەڵبژاردووە نەك دژایەتی ئیسلام، بەڵام بە رای ئێمە کەلێن و کەم و کورتییەکی زۆر تێگەیشتنیاندا هەیە و ناکرێت بەیەك گرووپیش ئەژمار بکرێت و یەك پۆلێن بەندی بیانگرێتەوە، دەکرێت لە گەشە و پێگەیشتنیشیاندا بەخۆداچونەوەی زیاتریش بکەن، هەر بۆیە هیوادارین لە چوارچێوەی ئیسلام و رێبازی پەیامبەری خوادا ئۆقرە بگرن وخزمەت بە خودی وەحی و ئیسلام بکەن لەوێشەوە کۆمەڵگەی مسوڵمان و مرۆڤایەتی !

– سەبارەت بە مەقامی نەبی و رەسول و جیاوازی ئەو دوو چەمکە لە دەرفەتێکی گونجاویتردا دێمەوە خزمەتتان، چونکە من لەوانە نیم لە خۆمەوە شت رەت کەمەوە یان پەسەندی کەم، هەر بۆیە وەها دەبینم جارێکیتر ئەو بابەتە شایستەی توێژینەوەیە و ئەو بوارەش بواری پسپۆڕی خۆمە و خوا یار بێت لە داهاتوودا گەر دەرفەت رەخسا بە توێژینەوەیەك دەیخەمە خزمەتتان.

## بانگەواز و سیاسەت، بانگخواز و سیاسی

جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئیسلام و ئیسلام لە سیاسەت و بێ ڕۆڵ کردنی ئایین لە دەوڵەتداریدا، بەو شێوەیەی لە فیکری باوی عەلمانییەکاندا هەیە، ناکۆکە بە فیکری ئیسلامی و بڕواش ناکەم هیچ ئیسلامی و مسوڵمانێکی هۆشیار بە ناوەڕۆکی ئیسلام ئەو بۆچونەی هەبێت و پێی ڕازی بێت، چونکە قورئان ڕێنمایی و بنەمای سیاسی تێدایە و پێغەمبەری خوا و خەلیفەکانی ڕاشیدی لە رووی کرداری و پراکتیکییەوە کاروباری سیاسییان ئەنجام داوە، ئەمە جگە لەوەی هێڵە گشتییەکانی سیستەمە جۆراو جۆرە ئەخلاقی و کۆمەلأیەتی و قەزائی و بوارەکانیتری ئیسلام بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاوێتەیی و تێکەڵیيان هەیە لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت سیاسەت، ئەمەشم لە کتێبی بونیادە سیاسییەکانی ئیسلامدا بەدرێژی باسکردووە... جا ئەگەر سیاسەت و بواری سیاسی بتوانرێت و بکرێت و دروست بێت بە تەواوی لە ئیسلام دابڕنرێت و نەهێڵرێت، بە بۆچونی من دەتوانرێت نوێژیش وەك بەشێك لە ئیسلام سەیری نەکرێت! کە ئەمە شتێکی ئەستەم و مەحاڵە... چونکە ئایین لە چەندین ڕێگەوە و بە چەندین شێواز تەماس و تێکەڵی لەگەڵ بوار و پرسە سیاسییەکاندا هەیە...

بەلأم ئەگەر مەبەست لەوە بێت بواری سیاسی وەکو زانستێك سەربەخۆیە و بوارەکانی دیاریکراون و ئایینیش وەکو پەیامێکی خوایی زیاترە لە سیاسەت و بواری سیاسی و ناکرێت ئیسلام لە سیاسەتدا قەتیس بکەین... ئەمە دەگونجێت و کێشەیەکی واهای تێدا نییە... خۆ ئەگەر مەبەستیش لەوە بێت نابێت سیاسییەکان بیرو بۆچونەکانی خۆیان یەکسان کەن بە ئیسلام، بەڵکو وەکو ئیجتیهاد و بیروبۆچونێك لێی بڕوانن کە دەکرێت یەکسان یا ناتەبا و دژ بێت بە ئیسلام، لەمەش دا گرفتێك نییە و واقع و مێژوو سەلماندویەتی،

چونکە مەرج نییە هەموو کارێکی سیاسی و هەر ئیجتیهادێکی سیاسییە ئیسلامییەکان پڕاوپڕی پەیامی ئیسلامی و خودی ئیسلام بێت، بگرە زۆرترین کاری بواری سیاسەت، کاری ئیجتیهادین و راست و هەڵەیی تیٚ دەکەوێت ناکرێت و نابێت بەرگی پیرۆزی بەبەردا بکرێت و قودسییەتی پیٚ بدرێت... بۆ کاری سیاسییش ئەوەندە بەسە کە ناکۆك نەبێت بە ئیسلام و تەبا بێت لەگەڵیدا ، ئیتر با هیچ دەقێکی لە سەر نەبێت، گرنگ ئەوەیە زۆرترین بەرژەوەندی راستەقینەی تێدا بەدی بێت...

بەڵام لەم دوو دەیەی دواییدا گفتوگۆیەك هاتووەتە ئاراوە سەبارەت بە پۆلێن کرد یان جیاکردنەوەی کاری بانگەواز و کاری سیاسیی وەك دوو کایەی جیا، کە زیاتر لەلایەن هەندیٚ سیاسیی ئیسلامی و کەسانیتریشەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت، منیش وەك نوسەرێکی بواری فیکری ئیسلامی پێش 10ساڵ لەم بارەیەوە قسەم لەو بارەوە هەبووە و ئەوەی لێرەشدا خراوەتەڕوو بەشێکی هەمان ئەو دێرانەن کە پێشتر تۆمارم کردووە و دەرم بڕیوە لەگەڵ کەمێك گۆڕانکاری بەپێی واقیعە گۆڕاوەکان و پرسی هەنوکەیی تر...

جاریٚ بە رەهایی وتنی جیاکردنەوەی کاری سیاسی لە کاری دەعەوی هەڵەیە و ناتەبایە بە رۆحیی ئیسلام، چونکە دەعوە و بانگەواز خۆی لە خۆیدا چەندین رەهەندی فراوانی هەیە و لە زۆر شوێندا کاری سیاسیی بە بۆچونە ئیسلامییەکە بەشێکە لە دەعوە بە واتا فراوان و گشتییەکەی، ئەمە جگە لەوەی رەهەندێکی بواری بانگەواز فەرمان بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە، ئایا سیاسییەك کە مەرجەعییەتێکی ئیسلامی هەبێت نابێت دژایەتی گەندەڵی و فەساد و نادادی بە دەعوە بزانێت، ئەی نەهێڵانی یان چارەسەرکردنی هەموو خوو خدە خراپە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە و کار نادادییەکان

بەشێك نییە لە کاری سیاسییەکان کە دەکرێت لە ڕێگەی یاساو و ڕێوشوێنی جۆراوجۆری پەیوەندی دار بە پەڕلەمان و دەوڵەتداری و دام و دەزگاکانیەوە کار بۆ نەهێڵانی بکرێت، ڕووبەڕووبونەوەی تلیاك و مادەهۆشبەرەکان و دیاردەی لەشفرۆشی و هاوشێوەکانیان بەشێك نییە لە خەمی سیاسییە باشەکان و لە هەمان کاتدا داعییەکان؟ ڕاستە هەریەکەی بە جیاواز لەویتر کار بۆ نەهێڵانی دەکات بەڵام ئایا سیاسیەکی ئیسلامی هەوڵەکانی لەم بوارەدا بە دەعوە و بانگەواز نازانێت؟ بۆ ئەم بابەتە نمونە گەلی تر زۆرن... هەر بۆیە بەڕەهایی ئەم قسەیەش ناڕاستە... بەڵام دەکرێت بەشێوەیەکی تر هاوکێشەکە هاوسەنگ بکرێتەوە و نارێکیش نەبێت بە ئیسلام و کاری ئیسلامی... دەکرێت بوترێت ڕۆڵەکان دەکرێت دابەش بکرێن، پێکەوە پرۆژەیەکی فراوانتر تەواو بکەن گەورەتر لە کاری حیزب و کاری سیاسی، هەندێ کەس لە ناو کۆمەڵگەدا لە وانەش ئیسلامییەکان خەمی سەرەکی و کاری دیاریان بریتی بێت لە بواری سیاسی و ئەولەوییەت دان بەو بوارە بە مەرجەعیەتێکی ئیسلامی بەهاخوازو تایبەتمەند، لە بری ئەوەی بە کاری پەروەردەیی و فێرکارییەوە سەرقاڵ بێت، ئەوان وەك سیاسییەك تاوتوێی پرۆژەی کار و کێشە و گیرو گرفتەکان بکەن و بە شێوازی خۆیان چارەسەری بکەن، بۆ نمونە لە ڕێی کاری پەڕلەمانی پێشکەش کردنی پرۆژەی سیاسییەوە بە ئەرك و ڕۆڵی خۆیان هەستن، لە نمونەی کار کردن بۆ نەهێڵانی دیاردەکۆمەڵایەتییە زیان بەخشەکان بەچەندین شێوە و شێواز، دژایەتی گەندەڵی و حەرام خۆری پەردەپۆشکراو بەناویتر ، ستەمکاری و نادادی و قۆرخکاری.... سیاسییەك ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەیە و بانگخواز و پەروەرشیار و دەرونناس و کۆمەڵناسێك بە شێواز و ڕێ و شوێنێکی دی ئەو کارە دەکات... مەرج نییە

هەمویان وەك یەك كار بۆ نەهێلآنی دیاردە خراپەكان بكەن و وەك یەكیش بۆی بڕوانن... بەلآم گرنگە هەمویان یەك پەیامیان هەبێت ئەویش رێگرییە لەو دیاردەخراپانە و نەهێلآنییەتی، ئەمەش چاكسازییە لە فۆرمێكی فراواندا... لێرەدا ئاساییە كاری بانگخوازێك بە واتا باوەكەی جیا بێت لە كاری سیاسییەك ... روویەكی تری ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەكاری پارتە ئیسلامییەكانەوە، هەندێ لەو بەڕێزانە دەلێن ئێمە بەهۆی سەرقالیمان بەكاری سیاسییەوە بواری پەروەردەیی و بانگخوازییمان پشتگوێ خستووەو و بەهۆی هەندێ كاری بانگخوازی و پەروەردەییشەوە- بە واتا دیاریكراوەكەی- لە هەندێ كاری سیاسیی دواكەوتووین و حیزبی سیاسییش دەبێت گرنگی دانی زیاتر بەكارە سیاسییەكەی بێت نەك بوارەكانیتر... واتە هەردوو بوارەكە فەوتێنراوەو مافی خۆی پێ نەدراوە و لە قەلان و كۆترانیش بووین، ئەم بۆچونەش ئەگەر نیازێكی ساغ و بێ خەوش لە پشتییەوە بێت، مەبەست لێی پرۆژەیەكی تەواوكاری بێت بە بۆچونی من كێشەیەكی تێدا نیە بە مەرجێك سیاسەت و كاری سیاسی بە شتێكی جیا و نامۆ بە ئیسلام ئەژمار نەكرێت و سەرەنجام سەری لە عەلمانییەتێكی رووپۆشكراوەوە دەرنەچێت، بەلكو بە بەشێك لە كاری پەیامداری بۆی بڕوانرێت، بەلآم لە بوارە سیاسییەكەیەوە، كە بەشێكە لە گرنگی پێدانی ئیسلام و كاری ئیسلامی، نەوترێت سیاسەت بواری ململانێیە و پیس و قێزەونە و ئیسلام ئایینی خوایە و پاك بێگەردە و نابێت لە گەلێ سیاسەت دا باسی ئیسلام بێتە ئاراوە!! چونكە بەبۆچونی من لایەنە باشەكانی سیاسەت بەشێكە لە عەدلی خوایی و لایەنە خراپ و پیادە نادروستەكانی بەشێكن لە گوناهـ و تاوان و بەو شێوەیە مامەلەی لەگەلدا دەكرێت و راست و ناراست و پێكان نەپێكانیش لە بوارە ئیجتیهادییەكانیش

دا هەمان حوکمی بواری ئیجتیهادییان هەیە، سیاسیی گەندەڵ، تاوانبار و گوناهکار و حەرام خۆرە، سیاسی راستگۆ و چاکەکار و خەمخۆر و دڵسۆز، پیاوچاك و لە خوا نزیك و لێوەشاوە و شایستەیە، بونی ململانێ لەکاری سیاسیدا ئەم حوکمانەی لێ ناسەنێتەوە...

بەشێك لە سیاسییە ئیسلامییەکان بۆچونیان وایە کاری سیاسی و حیزبی سیاسیی ئەوە نییە دانیشێت قورئان فێری خەڵکی بکات و زانستی شەرعی بە خەڵك بڵێ و ئەلقە و کۆڕی پەروەردەی و بانگخوازی ببێ لە مزگەوت و ماڵ و شوێنەگشتییەکاندا، بەڵکو کاری ئەو بریتیە لە کاری سیاسیی ، وروژاندنی جەماوەرە بۆ داخوازییە ژیانی و بژێوی و رۆژانەییەکانی نێو کۆمەڵگە لەرێی پرۆژەیاسا و فشاری جۆراوجۆری وەك خۆپیشاندان، راگەیاندن ، وتاری سیاسی ، هەڵوێستی سیاسی ، پێشکەشکردنی پرۆژە و چەندین کاری سیاسی و جەماوەریترەوە... بریتیە لە هەڵوێستی سیاسی لە ئاست پرسە نەتەوەیی و سیاسی و چارەنوسسازەکاندا بەڵام بە دید و مەرجەعییەتێکی ئیسلامییەوە، لەمەدا کێشەیەك نابینم ئەگەر نەرێ کردنی تێدا نەبێ بۆ بوارەکانیتر و کارەکانی خۆیشی بە شتێکی جیا لە ئیسلام و ئەرکی دینداری تەماشا نەکات...

بەڵام ئاڵۆزییەکە لەوەدایە کاری حیزبە ئیسلامییەکان بەپێی سەردەم و ژینگەی دروست بوونی رابردویان زیاتر و بەرینترە لەوەی تەنها لە پێناسەی حیزبی سیاسییدا جێگەی ببێتەوە، کاری ئەوان کاری سیاسی و پەروەردەیی و بانگخوازی و زانستی و فێرکارییە، بەو پێیەی ئەمانە هەمووی ئەرکی کۆمەڵێکی ئیسلامییە و ئیسلام ئەم شتانە دەخوازێت، بە دەربڕینێکی تر: حیزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە فراوانی ئیسلام

ئەمانیش بواری کاریان فراوان بکەن و ئیهتیمام و گرنگی پێدانەکانیان بە هەموو بوارەکان بێت، ئەمەش وای کردووە بەو توانا خاکیانەی لە بەردەستیاندایە و ئێستا هەیانە نەتوانن بە هەموو ئەو ئەرکانەدا ڕابگەن و بتوانن هەمویان راپەڕێنن و شمولییەتی ئیسلام و هەلایەنە بونی لەخۆیاندا بەرجەستەکەن، هەر بۆیە کەم شت هەبووە جێگەی گرنگی پێدانی ئیسلامییەکان نەبوبێت، هەر لە کاری دەعەوی و پەروەردەیی و سیاسییەوە بیگرە تا دەگاتە چالاکی راگەیاندن و هونەریی و وەرزش و...هتد... بەڵام ئایا ناکرێت ئەم جۆرەکارە چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو بە جۆرێکیتر رێك بخرێتەوە و باریی حیزبی ئیسلامی سووك بکرێت و هەندێ لەو کارانە بسپێررێتە چەندین رێکخراوی سەربەخۆی دەعەوی و پەروەردەیی و زانستی و ئەکادیمی تری جیا لە حیزب؟ نابێت تێبگەین لەوەی مەرج نییە گشتگیری ئیسلام بگوازرێتەوە بۆ نێو کاری پارتێکی ئیسلامی چونکە ئیسلام زۆر گەورەترە لەوەی لەکاری حیزب و کۆمەڵێکی ئیسلامیدا کورت بکرێتەوە!! ئایا دەکرێت میکانیزمی حیزب تاکە رێگە و هۆکار و شێواز بێت بۆ ڕاپەڕاندنی هەموو ئەم بوارانە؟ ئەگەر حیزبی سیاسیی نەبوو ئیتر هەمو ئەو کارانە ناکرێن و دەستە ئەژنۆ لێیی دانیشین؟ ئایا ئەم شێوازەی کارکردن لە حیزبدا پیرۆزی و رەوایەتی هەیە کە نەتوانرێت دەست بەرداری ببین؟ ئەی دەبێت بەدیل چی بێت و چۆن بێت بۆ ئەو تەشکیل و پەیکەرەی کار کە تاوەکو ئێستە باوە، ئەی چۆن چارەسەری دەرهاویشتەکانی بکرێت گەر لێکت هەڵوەشاند و بە شێوازێکی تر داتڕشتەوە؟ بەچ شێوەیەك ئەو رێکخراوو دەزگا و کەناڵە نوێییانە رێك بخرێنەوە بێ ئەوەی رۆڵی راستەقینەی خۆیان لە دەست دەن یا نەبنە قۆچی قوربانی و لە ناوەڕۆکەکەیان بەتاڵ نەبنەوە؟ ئایا چارەسەر لەوەدایە سەر

لەنویٚ و لە سەرەتاوە چەندین دەزگای دەعەوی و پەروەردەیی نویٚ دروست بکەینەوە یاخود ئەوانە لە جەستەی حیزب جیا بکەینەوە؟ ئەو کاتیش گرفتی ئەوە پەیدا دەبێت کە ئایا کێن ئەوانەی بۆ ئەم کارە و کێن ئەوانەی بۆ ئەو کارەی دی تەرخان دەبن، چی هی ئەمە و چی هی ئەوە؟ چۆن لەو نێوانەدا زیانێکی وەهات بەرنەکەوێت کە قەرەبوو کردنەوەی ئاسان نەبێت؟! چونکە زۆربەی تواناکانی نێو حیزبە ئیسلامییەکان بۆ زۆر لەو کارانە شیاون یان ئەو حەزەیان هەیە و بە ئاسانی ناتوانرێت ئەو جیاکارییە بکرێت، لەوانەیە هەنگاوێکی لەو شێوەیە زیان و کێشەی زۆری بەدواوە بێت کە چارەسەرکردنی ئاسان نەبێت و کەلێنە بە زوویی پڕنەکرێنەوە! بەڵام ناکرێت بوێریش نەبین بۆ هەنگاونانێك کە دەکرێت وەستان تێیدا مەترسی دار بێت! هەموو ئەم پرسیار و ئەگەرانە وەڵامیان دەوێت و زەمینەسازیی پێویستە بەتایبەت بۆ هێزگەلێك چارەکەسەدەیەکە بە تێکەڵی و هەماهەنگی کارەکانیان ئەنجام داوە... بۆ ئەم بوارە دەکرێت پێشنیار و پرۆژەی جیددی موقنیع کەر پێشکەشکریٚ کە ئێرە جێگەی تەرخان کراوی ئەو بوارە نییە و گرنگە بزانرێت هەنگاوی عەمەلی لەو رووەوە لەناو حیزبی سیاسی ئیسلامی و لەم واقعەی ئێمە هەروا سوك و سانا نییە و وریایی و هەستیارییەکی زۆری دەوێت... بەڵام ئەگەر لە ئێستادا بزاڤی نویٚ دروستکرێت ئەوا ئاسانە پۆلێنکاری بکرێت و هەر لەسەرەتاوە بەپێی پرۆژەیەکی تەواوکاری خزمەتی کۆمەڵگا وپەیامەجۆربەجۆر ئەخلاقی و سیاسی و پەروەردەیی و فێرکارییەکان بکرێت... یان هەر گروپێك بەکاری خۆی هەستێت...

بۆ ئێستەی واقعەکە من لەگەڵ ئەوەدام رێکخراو و دام و دەزگا و کەناڵی جۆر بەجۆری دەعەوی و پەروەردەیی و زانستی و ئەکادیمی دابمەزرێن و زۆرتر

بکرێن، به شێوازێك بتوانن به پێی ڕۆیشتنی کات باری حیزبی سیاسی ئیسلامی سوك بکەن و ئەو کەلێنانە پڕبکەنەوە کە لە واقعەکەدا هەیە و حیزبی ئیسلامی ناتوانێت پێیان رابگات و پڕیان بکاتەوە، ئەو کات و لەگەڵ گەشەکردنی ئەم ڕێکخراوو دەزگا و کەناڵە جۆربەجۆرانەدا حیزبی سیاسیی ئیسلامی بە شێوەیەکی سروشتی کاری ئاسایی خۆی دەکات و خەمخۆرانی کاروانی دەعەویش بێ خەم دەبن لە هەندێ لەو بوارانەی کە پێشتر ئەرکی حیزب بوون و ئێستە کەناڵی بەهێزو بەتواناتر و پسپۆڕتری بۆ دروست بووە، لە هەمان کاتدا کاریگەریی و هەژمونی خۆی هەیە بە سەر کۆمەڵگەدا، بەدەر لەمە ناتوانرێت حیزبی ئیسلامی لە کوردوستان و زۆر جێگەی تری جیهاندا لە رووی شەرعی و واقعییەوە دەست بەرداریی ئەو کارانە بێت کە پێشتر کردوویەتی، هەنگاوەکانیش لەم رووەوە لە سەرەتادان و هیوای گەشە و فراوان بونیش لە ئارادایە، کە دواجار پێکەوە دەبنە پرۆژەیەکی تەواوکار لە کۆمەڵگەدا، بە هەمویانەوە ئەرکە جیاواز و جۆراو جۆرەکان ئەنجام دەدەن و هەر یەکەشیان بۆ خۆی سەربەخۆیە و نابێتە پاشکۆی ئەویتر ، لە هەمانکاتدا بە پەیامی خۆیدا رادەگات... ئەمەش کات و توانا و عەقڵییەتی دەوێت، کە هیوادارم ئیسلامییەکان و دڵسۆزانی ئەم گەلە کاری بۆ بکەن چونکە دواجار دەبێتە پرۆژەیەکی گەورە بۆ چارەسەری زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسی کۆمەڵگەکەمان...

سەبارەت بەکاری بانگخواز (بە واتا دیاریکراوەکەی کە بووژاندنەوەی ئیمان و دین و دینداری و پەرستش و ئەخلاقی جوان و هاوشێوەکانێتی)، سیاسیش (وەك کەسێك کە گرنگی بەبواری بەشداری و فشاری سیاسی و جوڵاندنی جەماوەر دەدات و چاوی لە پرۆسەی گۆڕانکارییە لە ڕێگەی گرتنەدەستی

دەسەڵات یان پۆپۆزسیۆن بون و کاری پەرلەمانی لە پێناوی دادپەروەری و نەهێڵانی ستەم و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و هتد) بێگومان کارەکەیان جیایە بەڵام دژ نیە... گەرچی لە هەندێ دۆخدا کاری سیاسی و بانگخوازەکان دەکرێت دژ بەیەك بوەستنەوە ئەگەر هاتوو لە دوو دونیا بینی جیاوازەوە بۆ ژیان بڕوانن، لەبەر ئەو تێکەڵییەی لەگرنگی پێدانیاندا هەیە، جا بەو پێیەی ئیسلام وەك ئاینێك خۆی لە قەرەی زۆربەی چالاکییە مرۆییەکان دەدات لە هەمان کاتدا بواری سیاسیش و کایەیەکی هەرە گرنگ و گرێدراو و ئاراستەکاری ژیانی کۆمەڵگە مرۆییەکان و دام و دەزگاکانێتی لە پێناو رێکخستنی بوارە جۆراوجۆرەکانی و بونی هاوسەنگی و پارسەنگی ژیانی کۆمەڵگە، بەو پێیەی ئاینیش قسە لە ژیان دەکات و ئاراستە و رێنمایی هەیە هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو لەنێوان ئایین و سیاسەت و زانا و پیاوانی ئاینی و سیاسییەکان ململانێ هەبووە و بەکارهێنانی یەکدی بە شێوەی جۆراوجۆر بەباش و خرا پلە ئارادا بووە، بەو پێیەی وەکو وتمان گۆڕەپانی کار و گرنگی پێدانیان تێکەڵی و و یەکانگیری و هەماهەنگی تێدایە...

بەڵام قسەی ئێمە لێرەدا باسە لە بەشداری بانگخواز لە کاری سیاسییدا بە واتا تایبەتەکەی(چونە پەرلەمان و ململانێی سیاسی بەحت و دام و دەزگا سیاسییەکانی دەوڵەت)... لێرەدا چەند راستییەك هەیە ناکرێت نادیدەیان بگرین لەوانە: وەکو ماف هەموو کەس مافی بەشداری سیاسی هەیە، مەرج نییە ئەو کەسەی بانگخواز و زانای ئاینی بوو نەتوانێت لە گۆڕەپانی سیاسدیدا رۆڵ بگێرێت یان نەتوانێت سەرکەوتوو بێت یان ئەوانیتر باشتر بن یان بونیان پێویست نەبێت لە هەندێ بارودۆخدا... لە هەمان کاتدا من بڕوام وایە نابێت دەسەڵاتی تەشریعی و یاسادانان خاڵی بێت لە زانا و شەرعزانان

بەلاّم کەسانێك کە شارەزا بن...بەڵکو قسەکە لەوەدایە کەسێکی بانگخواز کاتێك لە مەیدانی پسپۆڕی خۆی و جێگەی گرنگی پێدانی دەگوازێتەوە بۆ بواری سیاسی ئاڵۆز و فرە رەهەند و پڕکێشە دەتوانێت رۆڵی گونجاو ببینێت؟ یاخود دەتوانێت پارێزگاری لە کەسایەتی بانگخوازانەی خۆی بکات و ناشیرین نەبێت یان ناشیرین نەکرێت؟ راستییەك هەیە ناکرێت نادیدە بگیرێت ئەویش ئەوەیە بانگخوازەکان لەناو کاری سیاسیدا کەم و کورتی و نەنگییەکانیان زیاتر دەردەکەوێت وەك لەوەی لەناو ئەلقەی زانستی قوتابیەکانیاندا بن یان لە مینبەری مزگەوتەکانیاندان... مرۆڤ هەر بەوەی دەبێتە بونەوەرێکی سیاسی ئیتر دەکەوێتە بەردەم نوکە و نێزەی ئەوانیتر و سام و هەیبەتی جارانی لە دەست دەدات و لای کەسانی مونافیس ئیتر سەرمەشق و قودوە نیە با بانگخوازو زانای ئاینیش بێت بەڵکو مونافیس و کێبرکێکارە... لە دیدی رەشەخەڵکیشدا هەر هەڵە و هەڵوێستێکی لەسەر ئەژمار دەکرێت... بەتایبەت گەر لەو بوارەی کاری تێدا دەکەن نەزان و کەم خیبرە بن... دەبێت ئەو کات وەك سیاسییەك مامەڵەکەن لەگەڵ جەماوەردا نەك وەك بانگخواز و مامۆستا و ئامۆژگاری کارێك لەگەڵ خەڵك و قوتابییەکانیاندا... مامۆستا و بانگخواز گوێی بۆ دەگیرێت و رێزی دەگیرێت ... بەلاّم سیاسی دەبێت خزمەت بەخەڵك پێشکەش بکات و خەڵکیش پشتیوانی بکات یان دەرگای بەروودا داخات... هەندێ جار دەکەوێتە بەردەم تانە و تەشەری خەڵك... راستە هەندێ جار بانگخواز و بیرمەند و زانایەکی ئیسلامی دەتوانن رۆڵی سیاسییانە بگێڕن و هاوسەنگی بپارێزن بەلاّم ئەوە کەم و دەگمەنە.... کاتێك بانگخواز دەبێتە سیاسی دەبێت چاوی لەوە بێت خزمەت پێشکەش بکات و سیاسییەکی مولتەزیمی خەمخۆری خەڵك بێت و لەلایەن خەڵکەوە هەڵبسەنگێنرێت نەك

ئەوەی لە پێگەی فتوا و ئیرشاد و ئاراستەکردنی ئاینی خەڵکدا بێت، ئەگەر لەیەکەمدا سەرکەوتوو نەبێت دووەمی دادی نادات...

ئیسلام و ناوەڕۆکی شەریعەت داخوازی بەشداری سیاسییە بەڵام گرفتەکە لەو راکەڕاکەو فرت و جرتەی هەندێ لەو شێخ و بانگخوازەکاندایە کە بێ لێوەشاوەیی لەبواری سیاسەتدا خۆیانی تێ فڕێ دەدەن و لە بری چاککردن خراپی دەکەن... لە هەمان کاتدا خۆدوورگرتنی بەشێك لەزانا و بانگخوازەکان لە سەرقاڵ بوون بە سیاسەتەوە واتای دوورگرتن و دابڕینی دین نییە لە بواری سیاسی دەکرێت کەسانی لێوەشاوەی ئەو بوارە بەو کارە هەستن... چونکە ئەسڵی سیاسەت بۆ خەم و خواستی خەڵك و دادپەروەرییە: ئەمەش فەرمانی خواییە: (إِنّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الأَمَانَاتِ إِلَي أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنّ اللّهَ نِعِمّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنّ اللّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا).

لە کۆتاییدا دەکرێت بوترێت دروستترین رێگە بە بۆچونی نوسەر ئەوەیە هەر یەکە لە کاری سیاسی و بانگخوازی بە شێوەیەك رێکبخرێت کە تەواوکاری پرۆژەیەکی ئیسلامی مرۆڤ سەنتەری گشتگیر بێت و مەبەستەکانی ئیسلامی تێدا بەرجەستە بێت، بۆ ئەمەش هیچ پەیکەر و رێ و شوێنێکی ئامادەکراوی پێش وەختە بونی نیە بەڵکو ئەوە ژیری و ئیجتیهاد و هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییە راستەقینەکانە رێ و شوێنەکە دیاری دەکات، وەکو کەسایەتی بانگخواز و سیاسیش دەبێت پێگە و رۆڵ و کاریگەری و دەرەنجامەکان تاوتوێ بکرێن نەك رەتکردنەوە یان پەسەندکردنی رەها لەگەڵ

ڕەچاوکردنی ئەگەری ڕوودانی ئەو مەترسیانەی کە ئامەژەیان پێ درا، سوود بینین لە ئەزمونە نوێیەکانی ئەم بوارەش کەڵك و بایەخی خۆی هەیە...

ئەگەر ئەو تایپ و تێگەیشتنەی لەسەردەمێکدا هەیە بۆ ئیسلام و هەڵێنجانی ئەحکام و بڕیار وەرگرتن لێی کەم و کورتی تێدا نەبووایە و بیتوانیایە بەرگەی واقع و گۆڕاوو تەحەدیاتەکانی بارودۆخە جۆراوجۆەکانی سەردەمی خۆی بگرتایە–بەدەر لەوەی بەزۆر گۆڕێنراوە– ئەوا ئێمە نەدەگەیشتین بەتایپ و نموونەکانیتری تێگەیشتن لەئیسلام، دیارە کەلێن هەبووە و هەیە، هەر بۆیە نە ئەوەی پێشوو وەکو خۆی بۆ ئێستە دروستە و نەوازهێنان لە هەموو ئەوەی هەیە ڕێگە تەواوەکەیە، هەر تێگەیشتنێك بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری واقع و سەردەمی خۆیی دەکەوێتە سەر، هەموو ئەوەی لە رابردوودا هەبووە–جگە لە تێگەیشتنە جێگیرە گەردونی و بنەماسەرەکییە چەسپاوە عەقیدەیی و ئەخلاقییەکان– پێویستییان بەگەشەپێدان و جۆرێك لە موتوربەکردنی نوێیە بەو زانیارییە نوێ و گەشەکردنە زانستیانەی لە ئارادان، جا ئیتر دەکرێت هەموو ئەمانە کاریگەری دروست بکات لەشێوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتنمان، یاخود لە ئامراز و چۆنێتی داگرتن و کارلێککردنی ڕێنماییەکانی شەریعەت بۆ بەرجەستەکردنی لەگەڵ واقیعدا، بۆ ئەوەی نزیکتربێت لەخودی ئیسلام و کرۆکی پەیامی خوایی و لە ئاستا بونی خواستی هەر قۆناغێك لەو قۆناغانەی مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕ دەبێت... تەنانەت ئەمە بۆ دەقە رون و ئاشکراو موحکەمەکانیش هەر دروستە، بۆ نمونە هیچ کات تێگەیشتنێکی کەسێکی چواردە سەدە پێش ئێستە بۆ ئایەتی:(وفي أنفسكم أفلا تبصرون) و(قل انظروا ماذا في السموات

والأرض...) هاوشێوەی تێگەیشتنی کەسێکی زانای بواری مرۆڤ ناسی و گەردونزانی نییە.

لێردا چاومان لەسەر ئەو زاراوانەیە وەك ناوێك یان ئاوەڵناوو نازناوێك دادەبڕدرێن بەسەر ئیسلامدا، خۆ نوسەر ئەگەر قەناعەتێکی پێشوەختی هەبێت سەبارەت بەو ناوو ئاوەڵنا و نازناوانەی دەدرێنە پاڵ ئیسلام ئەوە تەنها بریتیە لە ئیسلام یان ئیسلامی رەبانی یاخود مسوڵمان و باوەڕدارێك کە رەبانی بێت، ئیتر هەموو زاراوەکانی تر مرۆڤ بۆ پۆلێنکردن و ناسینەوە دایناون و دەربڕی جۆرێك لە تێگەیشتنی قۆناغ و سەردەم و جۆرێك لە تێگەیشتنی تایبەتن و هیچ پیرۆزییەکیان نییە و باشترین وەسفێکیش ئەو وەسفانەن قورئان و سونەتی سەلماوی پەیامبەر (د.خ) وەك ناسنامەی کەسی باوەڕدار وەسفی کردوون...یاخود دەربڕی قوتابخانە و رێبازێکی تێگەیشتنی تایبەت لەرەهەندی جیاوازەوە و ناوو ئاوەڵناوو نازناوی ئیجتهادین و هەڵقوڵاوی ژینگە و مێژوون و پێداویستی سەردەمە جیاوازەکانن ودەکرێت بگۆڕرێن و لابرێن و هیچ پیرۆزی و قودسییەتێکیان نییە...

لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە گوێبیستی کۆمەڵێك زاراوە دەبین کە هەندێکیان سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لەوانە ئیسلامی سیاسی وئیسلامی موسڵحین و ئیسلامی نوێگەرەکان و ئیسلامی فەقیهەکان و ئیسلامی شەعبی و ئیسلامی سوڵتە و سیاسییەکان و ئیسلامی ئەفریقی و ئیسلامی ئاسیایی و ئیسلامی عەرەبی... ئیسلامی سونی

و و ئیسلامی شیعی و ئیسلامی موتەکەلمین و ئیسلامی فەیلەسوفەکان و و ئیسلامی تەسەوف و ئیسلامی عیرفانی و ئیسلامی کوردی..

لە ژینگەی کوردستاندا لە لەنیوەی دووەمی نەوەدەکانەوە زاراوەی ئیسلامی سیاسی و لەدوای دوهەزارەکانەوە یان دروست تر بڵێین 10ساڵێکە زیاتر ئیسلامی عیرفانی و ئیسلامی کوردی جاربەجار دەکەوێتە بەرباس و خواسەوە لەلایەن رۆشنبیر و نوسەران و کەسانی سەر بە هەردوو ڕەوتی ئیسلامی و عەلمانییەوە، زیاتریش لەبەرامبەر ئیسلامی عەرەبی و هەندێ جار سەلەفی و ماوەیەکیشە لەبەرامبەر ئیسلامی سونی و شیعیدا ئیسلامی قورئانیش کەم کەم هاتووەتە نێو هەندێ نوسینی سۆشیال میدیاوە...

گرنگە سەبارەت بە زاراوەکانی پێشوو چەند سەرنجێکی پێویست بخەینەڕوو:

1. ئەم زاراوانە سەرەتا لەلایەن رۆژهەڵاتناسانەوە بەکارهێنراوە و دواتریش لەلایەن ئەو نوسەرانەی کەلەژێر کاریگەری ئەواندان بەتایبەت لەلایەن تونسییەکانەوە و بەدیاری کراوەی عەبدولمەجید شەرەفی و ئەوانەی لەدەوروبەریدان، لەم روانگەیەشەوە زنجیرە کتێبێکیان بڵاوکردەوە لەژێر ناوی : الإسلام واحدا ومتعددا و هەموو ئەو ناونیشانەی سەرەوەو زیاتریشی لەخۆگرتووە.

2. ئەم زاراوانە جێگەی رەزامەندی رەوتی ئیسلامی نەبوون و هەندێ جاریش دژایەتیان کردوون بەتایبەت کە بەهەوڵێکیان بینیوە بۆ زیاتر پەرت و بەش

بەش كردنی ئیسلام و بەتایبەت لەلایەن كەسانێكەوە داتاشراون كە لە بنەڕەتدا ناحەزن بە ئیسلام و جیهانی مسوڵمانان، بەڵام دواتر بەهۆی زۆر بەكارهێنانیان لەلایەن دام و دەزگای ئیعلامی وسیاسی جۆراوجۆرەوە ئەوانیش لایان ئاسایی بووەتەوە و بەكاریان هێناوە بەتایبەت ئیسلامی سیاسی، ئەگینا لە بناغەدا خەڵك و دام و دەزگایتر بۆ مەبەستی خۆیان یان تەوسیفی جۆرێك لە تێگەیشتن بەو كارە هەستاون.

3. لەناوەندی كوردیدا چەند زاراوەیەك زیاتر زەق كراوەتەوە و بووەتە جێگەی مشتومڕ لەوانە تێگەیشتنی كوریانە یان عیرفانیانە یان سەلەفی یان سیاسی بۆ ئیسلام و جارجاریش باسی تێگەیشتنی فیقهیانە یان نەسیانەی ئیسلام كراوە.

4. هەندێ لەو نوسەرانە بەشێك لەو زاراوانەیان وەك بەدیلێك بۆ تێگەیشتنی تر بەكارهێناوە كە بە گونجاوتریان بینیوە بۆ ژینگەی كۆمەڵایەتی و دەرونی تاك و كۆمەڵگەی كوردی و شیاوێتی لەرووی واقعی جۆراوجۆرەوە ، هەر بۆیە ئەم كورتە باسانە بۆ خستنەڕووی سەرنجی تایبەتی ئێمەیە كە دەكرێت لەگەڵ هەندێك هاوڕا و لەگەڵ هەندێكیش جیاواز بین... كە دواتر هەوڵی خستنەڕووی سەرنجی خۆمان دەدەین لەم بارەوە بەتایبەت عیرفانی و كوردییەكە...

هەر بەڕاست ئێمە ئەو هەموو ئیسلامە و زیاتر لەوەشمان هەیە كە لە بابەتی پێشوتردا ئاماژەمەیەكی كورتمان بەهەندێكی كرد؟! ئەی ئیسلامی وەحی و

گەردونی و ڕەبانی لە کوێدایە؟! وەڵامی ئەو دوو پرسیارە زۆری دەوێت و لێرەدا لەسەری ڕاناوەستین جگە لەوەی پەیوەندی دارە بە بەشێکی باسەکەمانەوە، ئەویش زۆر بەکورت و چڕی.

سەبارەت بە ئیسلامی ڕاستەقینە یان ئیسلامی گەردونی و ئیسلامیی لۆکاڵی و ناوچەیی یان ژینگە و دۆخێکی تایبەت گرنگە ئەم سەرنجانە تۆمار بکەین:

1. ئەوەی ناودەبرێت بەئیسلام، ئیسلام نییە دیدو تێگەیشتنە بۆ ئیسلام، خوێندنەوەیەکە لە واقیع و زەمین و زەمانێك و لای کەسێك یان ژینگەیەکی تایبەت یان لە بوار و ڕوویەکی تایبەتەوە، یان بە واتایەکیتر ئیسلامیی لۆکاڵ و ناوچەییە نەك ئیسلامی گەردونی: بۆ نمونە ئیسلامی میللی دیدی گشتی و پیادەکردنانەی خەڵکە بۆ ئایین لەئاستی دیار و سەتحیدا، ئەوەی ئەهلی عیرفان و تەسەوفیش لەڕوانگەیەکی جیاواز و تیشك خستنەسەر هەندێ لایەنی تایبەتییە کەناخ و بەهاکانە، تێگەیشتنی سونی و شیعە و خاریجی و موتەکەلمین و حەرەکی و موسڵحین و نوێگەرا و فوقەها و فەلاسیفە و بەدوی و عەرەبی لەسەر وەزنە عەرەبییەکەی و هتد، باسە لەکاریگەری شوێن و ژینگە و ئامرازی تێگەیشتن و چەندین ڕەهەندیتر کە هەندێکین لەخودی ئیسلامن و هەندێکیتریان هێنراونەتەسەری و دەکرێت لێی داماڵرێت و لاببرێت.

2. هەموو ئەو ناوو نازناوانە بەتەنها خودی ئیسلامە گەردونی و خوایی و ڕەبانییەکە نین، بەڵکو تیشك خستنەسەر و هەڵگۆستنە لە ئیسلامی ڕاستەقینە

بەڵام  هەمووی یەکسان نییە بە ئیسلام، بواری تەسەوف و عیرفان و کەلام و فیقهو هتد بەشێکن لە ئەسڵی ئیسلام بەڵام هەمووی ئەوەی بەو ناوەوە گواستراوەتەوە رێك و ساز نییە بەجەوهەری ئیسلام بەڵکو هەندێ یەکسان و هەندێکی ئیحا و ئاماژەیە ، یاخود بەواتا ئسوڵییکەی هەندێ مەنتوقی نەسە و هەندێکی مەفهوم و موقتەزای نەسە و هەندێکیشی ئیحاو ئاماژەیە.، ئەمە جگە لەوەی هەندێکیتری دەخیل و غەوارەیە و سەربارە.

3. ئیسلامی ئاینی خوایە، بەڵام لەگەڵ واقیع و ژینگەدا کارلێك دەکات و تێکەڵ بە دابو نەریتی گەلان بووە و گەلانیش هەندێ جار بەشێك لەو کلتورەی خۆیان تێکەڵ بە ئاین و تێگەیشتنی ئاینی دەکەن، خودی ئاینیش کێشەی نییە لەگەڵ کلتورە جوان و داب و نەیتەبەرزو پڕبایەخەکاندا، لەهەمان کاتدا بەرۆیشتنی کات و کارلێکی دوورودرێژی مامەڵەی گەلان و زانایانی ژینگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان هەندێ خووخدەی ئەو گەلانە بەدین دەکرێ بێ ئەوەی لەخود و جەوهەری دین بێت هەر بۆیە هەست بەو جیاوازییە دەکرێت کە هەیە لە نێوان نەتەوەی ژینگە و کلتورە جیاوازەکان، تێگەیشتنێکی بەدەوییانە جیایە لە خوێندنەوەیەکی شارستانیانە تەنانەت ئەگەر لەیەك زمان و نەتەوەش بن، چونکە رۆڵی هەیە لەکرانەوە و مەعریفە و فراوانی ئاسۆی بیر و هتد.

4. بنیات لەسەر خاڵی پێشوو دەکرێت بوترێت (لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەکانی وەرگرتنی ئەحکام تاڕادەیەك یەکن) کەچی زانایانی هەر گەلێك

ڕەنگ و تام و بۆو تایبەتمەندی خۆیان بەخشیوەتە تێگەیشتنی ئاینەکان لەنێویاندا ئیسلام، ئەم جیاوازییە بەروونی دیارە لە تێگەیشتنی زانایانی ژینگە جیاوازەکاندا گەرچی ئەوەندەش دابڕاو نییە کە کاریگەر نەبێت بەو تەوژمانەی لە جیهان و دەوروبەردا هەیە.. بۆ نمونە جیاوازی تێگەیشتنی ئاین لە نێوان عەرەب و فارس و تورك و نەتەوەیەکانیتردا کە هەریەکەی تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە بەڵام ئەوەندەش دوور نین کە لە ئسولْ و کولیاتدا یەکنەگرنەوە زیاتر لەو شتانەدا جیاوازن کە گرێدراوی ژینگە و داب و نەریتن یان ڕێبازی فیقهی و عەقیدەیین، بەڵام مەعریفەی باوی هەر کۆمەڵگەیەکیش ڕۆڵی خۆی هەبووە بۆ نمونە تەسەوف لای عەرەب و گەلانیتر گرێدراوی ژینگە و مەعریفە و فەلسەفەی باوی ئەو ژینگانەیە و ئەمەش قسەی زۆرتری دەوێت...

5. لە هەمان کاتدا ئەوەشی ئەمڕۆ ناو دەبرێت بە تێگەیشتنێکی کوردانە یان ئیسلامی کوردی لەناویدا سیما دیارەکەی کە عیرفان و تەسەوفە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمە تەنها هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردییە بێ کاریگەری دەوروبەری دوور و نزیك، بەڵکو ئەمەش لەسەردەمێکی دیاریکراودا گواستراوەتەوە بۆ نێو ئەم ژینگەیە لە ڕێگەی زانایانی کوردەوە و بە ڕۆیشتنی کات قبوڵی وەرگرتووە و بووەتە تێگەیشتنی باو، دیارترین نمونەش تەریقەتی نەقشبەندی و بگرە قادریشە، یان لێین تەسەوفە بەشێوە گشتییەکەی کە وەرگیراوی زانایان و ئەهلی عیرفانی هیند و فارس و تورك بە کارلێك لەگەڵ

ژینگەی خۆماندا، بەڵام کورد توانیویەتی رۆڵی کاریگەر و هەندێ جار سەرمەشق و پێشڕەوانەی تێدا بگێڕێت... نەك ئەوەی داهێنراوی خودی کۆمەڵگەی کوردی و زانایانی بن بەتەنها. تەنانەت تێگەیشتنی فیقهیش دەست بەدەست و لە حوجرەکانی کوردستاندا بونی هەبووە و شتێکی کتوپڕی ئێستا نیە.. لەدرێژەی ئەو سەرنجانەی هەمانە سەبارەت بە زاراوەگەلی ئیسلامیی لۆکاڵی لەوانەش ئیسلامی کوردی و ئیسلامی عیرفانی، دەکرێت ئاماژە بەم خاڵانەش بدەین:

6. هەرکات زانایەکی خاوەن مەعریفە و کاریگەری لەنێو هەر گەلێکدا هەڵ دەکەوێت دەتوانێت بینش و قەناعەتەکانی خۆی بۆ ئاین برەو پێ بدات و دواتر دەبێتە سیمایەکی دیاری دینداری لەناو ژینگەی خۆی و دەرەوەی خۆیشیدا بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری کەس و قوتابخانە و تێگەیشتنی ئەوانیترەوە کاریگەر، هەر بۆیە ئیدیعای تێگەیشتنێکی دابڕاو لەوانیتر ناڕاستە و جێگەی باوەڕ و متمانەپێکردن نییە بەڵام دەکرێت بوترێت ئەم تێگەیشتنە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و هەڵقوڵاوی بارێکی دیاریکراوە، کاتێك مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و نەوڕەسی و موفتی زادە و سوبحانی و زەڵمی و هتد دەردەکەون دەتوانن ببنەخاوەنی کاریگەری لەرووی تێگەیشتنەوە بۆ دین و چۆنێتی مامەڵەکردن لەتێگەیشتنی دەقە ئاینییەکانداو سیمایەکی تایبەت دەبەخشن بە دینداری ئەم ناوچەیە.

7. من لەبابەتێکی تایبەتیشدا وتومە هەندێ ئیدیعای وەك سەربەخۆبوونی تێگەیشتنی کورییانە بۆ ئیسلام بەو ڕەهاییەی دەوترێت ناڕاستە و زۆرجار تێگەیشتنی هەندێ لەوانە لەسەرچاوەعەرەبی و فارسییەکاندا کتومت دەبینرێت بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك، کە ئەمە گواستنەوەیە نەك هەڵگۆستراوی خود و تێگەیشتنی تایبەتی ژینگەی خۆمان و لە چوارچێوەی کارلێکرکردن و کارتێکراویدایە.

8. لە هەمان کاتدا ئەوەش ڕاستە کە زانایانی ژینگەی خۆمان باشتر دەتوانن تەعبیر بکەن لەو تێگەیشتن و حوکم و فەتوایانەی بۆ ژینگەی ئێرە شیاوو لەبارترە و دروستتر واقیعەکەیان خوێندبێتەوە و قسەی نزیکتر لە ڕۆحی شەریعەتیان بۆ کردبێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە ئەم تێگەیشتنە لۆکاڵیانە ئیسلامی گەردونی و وەحی و ڕەبانیەت تێدەپەڕێنێت و پابەندی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی نابێت.

9. لە هەموو بارێکدا ئیجتیهادی دروست و تێگەیشتنی قوڵ و مەقاسیدیانە و بونی ئامرازە پێویستەکانی تێگەیشتن لە دەق و خوێندنەوەی واقیع و زەمین و زەمان یارمەتی دەرێکی باشە بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی پەیامی ئیسلام و کرۆکی وەحی تێبگەین بەبێ دابڕن لەو بزاوتە گشتی و ئەو کارتێکەرانەی لە جیهان و جیهانی ئیسلامیدا هەن و بەردەوام بوون و کاریگەری هەبووە و هەیە لەسەر تێگەیشتنی ئێمە.

10. هەر بۆیە ئەگەر باسی تێگەیشتنی کوردییانە و بگرە عیرفانیانە و هتدیش بکەین دەبێت ئەو هەموو رەهاندانە لەبەر چاو بگرین و ئەو کات تێگەیشتنێکی لۆکاڵی و ناوچەییانە بەرەهایی بونی نییە و نابێت، چونکە ئەو تێگەیشتانە شتێك نین جگە لەکاریگەری مەعریفەی سەردەمێك و ژینگەیەکی تایبەت، ئەگەر وەها نەبوایە ئەوە لەگەڵ هاتنی تەوژمی مادی گەرا و مارکسیەتی بێباوەڕدا تێگەیشتنی ئەوسای زانا و مەلا و حوجرەو تەکیە و خانەقاکان دەیتوانی خۆی رابگرێت لەبەردەمیدا بەو پێیەی تێگەیشتنێکی لۆکاڵی و کوردانەیە، بەڵام نەك ئەوەی پێنەکرا بگرە هەندێك لەوانە بونە کەرەستەی بەهێزبونی ئەو رەوتە و ناچار دەست برا بۆ تێگەیشتنەباوەکانی تری جیهانی ئیسلام بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەو بارە نوێیە، لە کاتێکدا ئێمە خاوەنی بەرهەمی چەندین زانا و شاعیری عیرفانی و فیقهیش بوین، کەواتە برەو بەتوانا و گەشەپێدانی تێگەیشتنمان بۆ ئیسلام بەپێی مەعریفەی سەردەم و ئەو تەحەدایانەی لە ئارادان بەو ئامرازو کەرەستە و تێگەیشتنانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا رێگە راست و دروستەکەیە. تاوەکو بۆ هەر سەردەمێك ببینە خاوەنی ئەو تێگەیشتنەی کە لە ئیسلامی گەردونی و ئیحای وەحییەوە نزیکترە.

# ئیسلام و نوێکردنەوە

- ریفۆرمی ئاینی
- ئیسلام و گۆرانکاری
- خوێندنەوەی دەق
- ئیسلام و نەریتەکان
- ئیسلام و شارستانییەت، بەرهەم و هۆکارەکانی دواکەوتنی شارستانییەتی

## ریفۆرمی ئاینی

## 1. سەرەتا بابپرسین ریفۆرمی ئایینی چییەو کەیو چۆن ئەنجام دەدرێت؟

ریفۆرم یا وەك لە پرسیارەکەدا هاتوە(ریفۆرمی ئاینی) زاراوەیەکی تایبەتە و ژینگە و زەمینە و زەمان و هۆکاری سەرهەڵدانی خۆی هەیە، ژینگەی سەرهەڵدانی ریفۆرمی ئاینی بە واتا باوەکەی ئەوروپایە، لە هەردوو سەدەی 15 و16 بەڕونی سەری هەڵداوە بەتایبەت لەسەردەستی مارتن لۆسەر(1483–1546ز) و چەندین کەسایەتی ئاینی تری وەك جۆن کالڤن(1509–1564ز) و هولدریتش زوینجلی (1484 – 1532ز) و هتد ، ئەمانە دیارترین و کاریگەرترین بانگەشەکارانی چاکسازی و ریفۆرمی ئاینی بون لە بەرامبەر کاسۆلیکییەت و کەنیسەی رۆمادا، ئەم ریفۆرمە لە وڵاتانی ئەوروپی بە شێوە و شێوازی جیا بەردەوام بوو ، بەرهەمەکەشی سەرهەڵدانی مەزهەبی پرۆتستانی مەسیحی بوو لە رۆژئاوا کە تا رادەیەکی زۆر لاوازبون و کەنارخرانی کاسۆلیکییەتی لێ کەوتەوە ، هۆکارەکانی ئەم ریفۆرمە بۆ زۆر تێڕوانین و بۆچون و هەڵوێستی کەنیسە و رێبازی کاسۆلیکی دەگەڕێتەوە لەوانە:(قۆرخ کردنی مافی تێگەیشتنی ئینجیل بۆ خۆیان و دروستکردنی ناوەندگیری لەگەڵ خوادا لە شێوەی بەخشینەوەی و فرۆشتنی چەکی لێخۆشبون و دژایەتی زانست و زانایان و دادگاکانی پشکنین و و لادانەکانی پیاوانی کەنیسە و گەشەسەندنی چینی مام ناوەندی و بۆرژوا و چەپاندنی بوارە جۆربەجۆرەکان لە لایەن کەنیسەو سەرەڕای چەندین هۆکاری تری

ئاینی و رۆشنبیری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی تر، کە ئێرە جێی قسە و باسی نیە.کەواتە ریفۆرمی ئاینی بزاڤێکی ئاینی نەصرانی بوە، دواتریش کاریگەری جۆراوجۆری ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لێکەوتوەتەوە و رێبازێکی گەورەی وەکو پرۆتستانتی بەر هەم هێنا کە تا ئێستاش کاریگەریی و هەژمونی بەردەوامە.

بەڵام ئایا ئەم ریفۆرمە ئاینیە بۆ ئیسلام و لەنێو هزری ئیسلامیشدا هەروایە؟ هەمان ژینگە و هۆکاری لەبار هەیە بۆ دوبارەکردنەوەی ئەو ریفۆرمە؟ دواتر ئایا لەبری ئەوەی پێی دەوترێ ریفۆرمی ئاینی(الإصلاح الديني) لە ئیسلام و هزری ئیسلامیدا زاراوە یان چەمکێکی هاوشێوە هەیە؟ ئایا جیاوازیان چیە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر پێویستیان بە وەڵامە ... بێگومان بەشێوەیەکی رێژەیی هەندێ لەو هۆکارانەی بونە هۆی ریفۆرمی ئاینی لە ئەوروپا لە هەندێ رێبازی ئاینی کاریگەری نێو ئیسلام و مسوڵمانانیشدا دەبینرێ ... بەڵام بەشێکی دیاری ئەو هۆکارانە لە ئیسلامدا بونیان نەبوە و نیە مەگەر لە چوارچێوەیەکی زۆر بەرتەسکدا، بۆ نمونە چۆنێتی پەیوەندی نێوان خوا و مرۆڤ و تێگەیشتن لە دەقی پیرۆز و هتد ...

پێش ئەوەی وەڵامی:( کەی ریفۆرمی ئاینی دەکرێ؟) بدەینەوە، گرنگە ئاماژە بەوە بدەین چ شتێك هەیە لە ئیسلام یا بیر و هزری ئیسلامیدا لەبەرامبەر ئەوەی پێی دەوترێ ریفۆرمی ئاینی ... لە هزری ئیسلامیدا چەند چەمك و زاراوەیەك هەیە کەلەم بوارەدا بەکاردەهێنرێ و هەریەکەیان بەجۆرێك لە جۆرەکان نزیکی و خاڵی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی ریفۆرمی ئاینیدا،

لەوانە: نوێکردنەوە و نوێخوازی(التجدید) و کۆششکاری(الاجتهاد)، و گۆڕانکاری(التغییر) و چاکسازیی(الإصلاح) کە هەر یەکەیان کۆمەڵێك دەقی قورئانی و فەرمودەی لەبارەوە هاتوە و بواری ئەوەی تێدایە لە ریفۆرم و نوێ کردنەوەدا تەوزیف بکرێن و ببنەبەڵگە لەو رووەوە. بەڵام نزیکترین زاراوەیەك بریتیە لە(تجدید) بەو پێیەی جێگەی بایەخی زانایان بوە لە مێژویەکی تارادەیەك کۆنەوە تاوەکو ئێستە و لەو بارەیەوە چەندین نوسراو بەرهەمیان هەبوە و تەنانەت ریزبەندییان بۆ نوێ خواز و موجەدیدەکانی مێژووی ئیسلامی کردوە، لەوانە ئیبنو ئەسیر لە (جامع الأصول) و (ابن عساکر لە (تبیین کڑب المفتری) و سووبوکی لە (طبقات الشافعیة) و سیوتی لە کتێبی(التنبئة بمن یبعثه الله علی رأس کل مئة) و مەراغي مالیکي لە کتێبی:(بغیة المقتدین ومنحة المجددین علی تحفة المهتدین للسیوطي) لە سەردەمی نوێ و لە سییەکانەوە چەندین هەوڵی لەو شێوەیە دەبینرێ لەوانە محمد إقبال کتێبی (تجدید التفکیر الدیني) نوسی و وەرگێڕرایە سەر زمانی عەرەبی و و مەودودی بە زمانی ئۆردۆ(موجز تجدید الدین وإحیائه) ی نوسی ، لە جیهانی عەرەبیشدا سەرەتا کتێبی(المجددون في الإسلام) ی ئەمین خولی لەو سەروبەندەدا نوسرا.. پاشان بانگەشەی نوێکردنەوە زۆر و بەربڵاوبوو بەتایبەت لەلایەن کەسانی وەك محمد الغزالی ویوسف القرچاوی ومحمد عمارە، وچەندانی تری وەك نورسی و موفتی زادە و ئارگۆن و جابری و لوئەی صافی و عبد الجواد یاسین و تەها عەبدوڕەحمان و ئەبو زەید و ئەبو یەعروبی مەرزوقی و شەحرور و زەڵمی و چەندانی تر هەوڵی ریفۆرم و نوێکردنەوەیان داوە و

لەبەرامبەریشدا کاردانەوەی جیاواز هاتونەتە ئاراوە  و هەڵوێستی جۆراوجۆر لە بەرامبەریاندا گیراوەتە بەر، بارودۆخی دوای یانزەی سێپتەمبەر و گرتنی موصل و دەرکەوتنی داعش ئەو ئەم بانگەشە و هەولآنەی زۆر و خێراتر کرد ....

تێڕوانینی نویێ و هاتنە ئارای بۆچونی جیاواز بە پێی تێڕوانینی قورئانیش کارێکی قورسە و وازهێنان لە بۆچونی باوو باپیران و ئەوەی پێشتر مرۆڤ لەسەری گەورە بوە و پێگەیشتوە ئاسان نیە ... لە هەمان کاتدا نویێ کردنەوە پێداویستییەکی بەردەوامی ئاین و هەمو بیر و بۆچونەکانە و بەردەوامیش هۆکار گەلێك دێنە پێشەوە ئەو نویێ خوازییە بخوازێ ... زاراوەی نوێکردنەوە (تجدید) و بە دەربڕینی(یجدد–نوێی دەکاتەوە) لە فەرمودەیەکدا هاتوە کە زانایانی فەرمودەناس بە بەدروست(صحیح)یان ئەژمارکردوە: "إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من يجدد لها دينها"، ئێمەش لە کتێبی(معجم مصطلحات الفكر الاسلامي)دا ئاماژەمان بەو (تصحیح) کردنەی داوە.

ناوەڕۆکی ئەو نوێکردنەوە یان ئەو ریفۆرمە لەچوارچێوەی فیکری ئیسلامیدا لای ئەوانەی توێژینەوەی ئەم چەمك و زاراوەیەیان کردوە  بریتیە: لە گەڕاندنەوەی ئایین  بۆ سروشتە سەرەتا و پاکەکەی خۆی دوای ئەوەی لێخن کراوە بە تەنی نامۆ و بارودۆخی جیاواز، چەندین بۆچونی خراپی لەسەر کەڵەکە بوە، لە لایەکی ترەوە  زیندوکردنەوە و زیندوو راگرتنێتی ، یا نویێ کردنەوەی مەنهەجێکی دروستە بۆ تێگەیشتنی ئایین، یاخود بینینەوەی کۆمەڵێك چارەسەرە ی ئیسلامیانەیە بۆ گرفتەکانی خەڵکی لە قۆناغە

جیاوازەکاندا ... خودی ریفۆرم و نوێکردنەوە لە چوارچێوەی هزری ئیسلامیدا پێناسەی زۆری بۆ کراوە بەڵام چەندین خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکەم، بەلای مەودوییەوە نوێکردنەوە و ریفۆرم بریتیە لە: پاڵفتەو پاکژکردنەوەی ئیسلام لەو بەشە نەفامیانەی هاتوەتە نێویەوە ، کارکردنە بۆ زیندوکردنەوەی بەشێوە راست و دروستەکەی ئەوەندەی لە توانادا هەیە، نوێکردنەوە لای وەحیدەدین خان بریتیە لە پاککردنەوەی ئایینی خوا لەو تۆز و خۆڵەی لێی نیشتوە، پیشاندانەوە و پێشکەشکردنی بەشێوە پاك و رونەکەی. قەرزاوی و تورابیش لەم چوارچێوەیەدا باس لە نوێکردنەوە دەکەن ،لای ئەوان بریتیە لە: زیندوکردنەوەی ئاینی راستەقینە لە دڵ و دەرونەکان ولابردنی بیدعە و زیادکاری لە خودی ئاین و جیاکردنەوەی ئایین لە کۆت و بەندی داب و نەریت و کاراکردنی ئایین لە واقع و بوارە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا و خستنەروی بەبەرگێکی نوێ و ناوەڕۆکێکی تازەوە، تێگەیشتنی نوێ بۆ دەقەکان ، بەشێوەیەك رێنماییەکانی وەحیی یارمەتی دەر بێت بۆ چارەسەری دۆز و گرفتە هاوچەرخەکان و مرۆڤی هاوچەرخ ،ئەمانە تێگەیشتنی ئەو دوو زانا و بیرمەندە بوو بۆ نوێکردنەوەی ئاین، بەڵام لای تورابی کارکردنی جیدی بۆ نوێکردنەوەی پرۆگرامی تێگەیشتن لە ئایین بەتایبەت بنەماکانی تێگەیشتن(أصول الفقه) جێی بایەخێکی زیاترە و رۆژگاریش سەلماندی ئەو دووە جیاوازییان هەیە لە هەندێ روەوە بەتایبەت فتوا و بۆچونە نوێکانی تورابی... لەبارەی نوێکردنەوەی ئاینەوە پێناسەی زۆر کراوەو لەم بارەیەوە لە کتێبی (معجم مصطلحات الفكر الاسلامي المعاصر) و

له چەمك و زاراوەی(الإسلام التجديدي)دا قسەی زیاترمان کردوە ... بەڵام دەکرێ نوێکردنەوە و ریفۆرم لە هزری ئیسلامی هاوچەرخدا لەم خاڵانەدا کۆبکرێتەوە:

1- گەڕانەوە بۆ کرۆکی ئایین.

2- پاكژكردن و پاڵفتەکردنەوەی ئایین لەو زیادە جۆراوجۆر و خەوشە و خاشاکەی لە خودی ئایینەکەدا نییە و هاتوەتە ناویەوە.

3- کاراکردن و زیندوو کردنەوەی ئایین و گیانی ئاییندارى لە ناخ و دڵ و دەرونی مرۆڤەکان و واقعی کۆمەڵگادا.

4- تێگەیشتنی نوێ بۆ دەقەکان .

5- نوێکردنەوەی رێبازی تێگەیشتن لە دەققەکان.

6- پاڵفتەکردن و هەڵسەنگاندنی بەرهەم و کۆشش و بۆچونی زانایانی پێشوو بۆ ئایین...

7- نوێکردنەوەکە، دەق و رۆحی دەقق تێ ناپەڕێنێ و پەکیان ناخات.

هەندێ لەو بیرمەندانەی قسەی نوێ و بەدواداچونی تایبەتیان هەبوە گەیشتونەتە ئاستی تەجاوزی دەقی ئاشکرای بێ گرێ و گۆڵە و تێپەڕاندنی بە چەندین ناوی وەك مەبەستەکانی شەریعەت و عەقڵگەرایی و بەرژەوەندی و تەئویل و بەڵام بەشی هەرە زۆری بیرمەندانی ئیسلامی بە رەهایی ئەم

بۆچونانە ڕەت دەکەنەوە و  بە نوێگەری یاساغ و نادروست و دیدی ڕۆژئاواییانە بۆ نوێگەری ناو زەدی دەکەن ، هەندێ پۆلێنیان بۆ ئەم جۆرە ریفۆرمانە کردوە، وەك ئاراستەی بەعەلمانی کردنی ئیسلام و ئاراستەی تەئویل و پەکخستنی دەقەکان و ئاراستەی  زیادەڕەوی کردن لە عەقلگەرایی و شوێنی ویست و مەبەست کەوتن ... ئەمانەش لە نێوان خۆیاندا یەك جۆر بیرکردنەوە و هەڵگری یەك جۆر ئایدیۆلۆژیا و فیکر نین ... لێرەوە ئەو هەوڵانەی بۆ نوێکردنەوەی ئایین دەدرێن بەڵام بایەخ بەخودی ئایین نادەن، باس لە نوێکردنەوە دەکەن و بەتەواوی واتا دەیانەوێ دەقە رون و ئاشکراو واتا رونەکانی بکوژن و پەکی بخەن و کەنار و پەراوێز و بێ رۆحی کەن لەدیدی بەرگریکارانی رەسەنی فیکری ئیسلامیدا پێی ناوترێ نویکردنەوە و ریفۆرمی دروست! بە تایبەت ئەوانەی بۆچون و ئایدیۆلۆژیایەکی پێشوەختیان هەیە و دەیانەوێ تیۆریسەی بۆ بکەن و تەوزیفی دینیی بۆ بکەن، یاخود بە رون و ئاشکرایی بانگەشەی ئەوە دەکەن دەبێت دین بگۆڕرێ لە پێناو دونیای نوێ و بەرژەوەندی هەندێکدا و بەهایەك بۆ خودی ئایین و پەیامەکانی دانانێن و دین تەنها لە دیدە دونیایەکەوە دەخوێننەوە و تایبەتمەندییەکی ئیسلامیش وەك ئاینێکی سەربەخۆ رەچاو ناکەن ...

کەی ئەنجام دەدرێ؟  خودی نوێکردنەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە و بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی نمایش کردوە، بەڵام دەکرێ خاو یان بەشەکی و جوزئی بوبێت  یان لە بوارێکی دیاری کراوو زانستێکی تایبەتتدا بوبێت ، وەك

چۆن دەكرێ لە ئێستادا نوێكردنەوە لە زانستێكدا بێت یان لانی كەم زانایەك نوێكردنەوەكەی بوارێك بگرێتەوە لەبوارێك لەبوارەكانی وەك: (بنەماكانی تێگەیشتن، فەرمودەناسی، تەفسیر، عیرفان و تەصەوف، ... هتد...) ئەو ریفۆرمە كاتێك ئەنجام دەدرێ و دەبێتە پێویستییەك كە نزیكە تێگەیشتنەكانی مرۆڤ  تەنگ هەڵچنێ بە وەحیی خوایی و كرۆكی ئایین و مەبەستە راستەقینەكانی... دیدی مرۆڤەكانمان لێ بكرێتە دین ، دینمان كردبێتە روكاری بێ ناوەڕۆك ... تەپوتۆزی مێژوو، ژینگە و بارە جۆربەجۆرەكان،لێڵ و لێخنی كردبێ، كاتێ ئایین دەكرێتە ئامرازی ترس و تۆقان  و نا ئارامی،لە گەڵ ئەوەی ئایین و ئیمان خۆی لەخۆیدا بۆ ئارامی و دڵنیایی و ئاسودەیی و بەختەوەرییە، ئەو كاتە كە ئێستەیە لە هەموو كات زیاتر پێویستیمان بە نوێكردنەوە و ریفۆرمە لەسەر بناغەیەكی زانستی و دروست ...

بەڵام چۆن و لە چیدا ئەنجام دەدرێ؟ ئەمە خۆی لەخۆیدا كرۆكی بابەتەكەیە، هەر لەمەشدا ناكۆكی و جیاوازی دێنە ئاراوە، هەموو ئەوانەی لەم بوارەدا كاریان كردوە یاخود بۆ خۆیان نوێگەر و ریفۆرم خواز بوون لەسەر چەند شتێك كۆكن : پاڵفتەكردنی ئایین لەو تەپ و تۆز و داب و نەریت و خەوشانەی هاتونەتەسەری، گەڕاندنەوەی ئایین بۆ كرۆك و گەوهەری راستەقینەكەی خۆی، دوبارە نوێكردنەوەی لە دڵ و دەرون و زەمینەی واقعدا ... خوێندنەوەی نوێی ئیجتیهادە كۆنەكان، پێداچونەوەی بەرهەمی زانانایان و خوێندنەوە و پێداچونەوەی زانستە جۆربەجۆرەكانی وەكو زانستەكانی قورئان

و فەرمودەناسی و بیروباوەڕ و ئسوڵی فیقهو سیرە و مێژوو، دوبارە هەڵسەنگاندنەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بەرێبازێکی زانستی نوێ هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا، ئەمانەو چەندین بواری هاوشێوە تاڕادەیەکی زۆر جێگەی هاوڕایی و یەکدەنگی زانایانن بۆ ئەوەی لە زۆر رووەوە ریفۆرم و نوێکردنەوەیان تێدا ئەنجام بدرێ جگە لە کەمینەیەك نەبێ کە تەقدیسی بەرهەم وە بۆچونی سەلەف دەکەن و بە ناڕاستەوخۆ جۆرێك لە مەعصومی بە گوفتار و کردارەکانیان دەدەن ... خودی ریفۆرم بە ئامراز و رێ و شوێنی خۆی پێویستیەکی هەنوکەییە، دوبارە خوێندنەوەی ئەو کلتور و کەلەپورەی لە بواری ئاینیدا بەرهەم هاتوون دەیان بۆچونی نوێ و رای جیاواز بەرهەم دەهێنێتەوە چ جای ئەگەر زانای خاوەن توانا و ئیرادە و چاونەترس پێیدا بچێتەوە و مەبەستی بێت هەڵە کەڵەکەبوەکان راست بکاتەوە ...

2. دەبێت کێ بە ریفۆرمی ئاینی هەستێت و لەم پرسەدا، کێ یان کام گرووپ و توێژ، ئەرکی گرنگیان وە ئەستۆ دەکەوێت، حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دەبێت لە کوێی ریفۆرمی ئاینیدابن؟

کەسی نوێکار و ریفۆرم خواز مەرجە خاوەنی زانست و زانیاری بێت، بیرتیژ و کارامە و ورد بێ، پێشینەیەکی هەبێت لە زانستەکانی زمان و زانستە شەرعیەکاندا چونکە مەیدانی کارکردنێتی، شارەزای سەردەم و واقعی خۆی بێت، چونکە دابەزاندن و تێگەیشتنی دەقەکان پەیوەستە بە زەمین و زەمانەوە ، کەسایەتیەکی کاریگەر و دانا و بەتوانا و هاوسەنگ و سەرمەشق

بێت بەرێژەیەکی باش، چونکە پێداویستیەکانی کەسی ریفۆرم خوازە، کەسێك دەتوانیٚ بە نوێکردنەوە و ریفۆرم هەستێت خاوەنی دید و تێڕوانینی ئازاد بیٚ و مەبەستی بێت بگاتە راستیە نویٚ و گرنگەکان، دەرەنجامەکەی هەرچییەك بێت، بۆ مەبەستێکی دیاری کراو و پێشوەختە کار نەکات جگە لە راستی و حەقیقەت، کارەکانی بریتی نەبێت لە کاردانەوە و هەڵوێستگیری و سەنگەر گرتن ... چونکە کەسێك گیرۆدەی بۆچونی پێشوەختە و باو بیٚ ، ناتوانی ریفۆرم ئەنجام بدات، کەسێك بترسیٚ لە تانە و تەشەر و بۆچون و تێڕوانینی ئەوانی دی ناتوانیٚ تەبەنی بۆچونی دژە باو بکات، یا شتی نویٚ بهێنیٚ، هەربۆیە جورئەت و ئازایەتی مەرجێکی گرنگە، هێزی بڕیاردان و کەفائەتی رابەرایەتی پێگەیەکیتری ئەم بوارەیە، ئەکریٚ هەندیٚ لەم سیفەتانە بەشێوەیەکی رێژەیی بونیان هەبیٚ...

کەسێك پێشوەختە بۆچونی یەکلاکراوەی هەبێت بەولایەدا دای دەبڕیٚ و بەئاراستەیەکەی دیاری کراودا دەیبات ، لە پرۆسەی نوێکردنەوە و ریفۆرمدا دژ و دۆست ، پاڵنەری تێڕوانینەکانی نەبێت، بەڵکو تەنها بێلایەنی و زانستی بون مەبەستی گەیشتن بە راستیەکان پاڵنەری بێت ... کەسێك ناتوانیٚ متمانەی ریفۆرم خوازی و نوێکاری ئاینی بەدەست بێنیٚ لەکاتێك هەست دەکەیت خاوەن هەڵوێستی سەلبیە بەرامبەر هەندیٚ و رق ئەستوور و پشتیوانە بۆ هەندێکی دی و بۆچونەکانیشی رەنگدانەوەی ئەم بارە دەرونیەی پێوەیە و ئەمە هاندەری سەرەکییەتی با کەسێکی بەتوانا و زاناش بێت ... بەهەمان

شێوە هەر کەسێکی دی دەمارگیربێ بۆ بۆچونێکی مەزهەبی یا حیزبی بەرادەیەك کاریگەریی هەبێ لە کۆشش و ئیجتیهادەکانیدا ناتوانێ نوێکار و ریفۆرمخوازی راستەقینە بێ. ئەمە جگە لەوەی کەسە موقەلید و داخراوەکان ناتوانن نوێکردنەوە ئەنجام بدەن هەرچەندە ئیدیعاشی بکەن ، ئەو کەسانەی پێشینان پیرۆز و موقەدەس دەکەن و بۆچونیان وەهایە پێشین شتێکی نەهێشتوەتەوە بۆ دواییینان، پیرۆزی دەبەخشنە بۆچونی سەلەف و پێشین ناتوان دەرگای ئیجتیهاد و ریفۆرم و نوێکردنەوە بکەنەوە و رۆڵیان هەبێ تێیدا ... لەلایەکی ترەوە هەروەك چۆن لەم سەردەمەدا موجتەهیدی رەها ئەستەمە بەدی بکرێ لەهەمان کاتدا ریفۆم خوازیش بە هەمان شێوەیە ... کاری ریفۆرم خوازی ئەکرێ فەردی و تاکەکەسی بێت کە زۆرجار بەم شێوەیەیە، ئەکرێ بەکۆمەڵ و دەزگایی و رێکخراوەیی بێت ... یاخود کەسیدە پسپۆڕ و زاناکان و دام و دەزگا پسپۆڕ و تایبەتمەندەکان دەتوانن پێکەوە ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن.

سەبارەت بە رۆڵ و پێگەی گروپەکان یان حیزبە ئیسلامییەکان لەپرۆسەی ریفۆرم خوازیدا، بێگومان دەکرێ بڵێین گروپ و ریکخراوو حیزبەکان دەتوانن رۆڵی گەورە و گرنگیان هەبێ لە پرۆسەی نوێکردنەوە و ریفۆرم خوازیدا ئەگەر خاوەنی فیکر و پرۆژەی فیکری و دید وتێڕوانینی گۆڕانکاری و چاکسازیی بن بۆ ئێستا و ئایندە، دیارە شیتەڵکردنی ئەو دەربڕینەی پێشومان زۆری دەوێ بەڵام من واز لەوە دێنم و تیشك دەخەمە

سەر  ئەو بەشەی پرسیارەکەی ئێوە کە ئاماژەتان پێی داوە: (حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دەبێت لە کوێی ریفۆرمی ئاینیدابن؟)، دەکریَ لە دەرفەتی تردا قسەی تر بکریَ  سەبارەت بە رۆڵە جۆربەجۆرە ئاینیەکانی ئەم حیزبانە و بەشێوازێکی هاوسەنگ خوێندنەوەی بۆ بکریَ بەتایبەت ئەوانەی لە پرۆسەی دیموکراسیدان، بەلاَم ئەوەی پەیوەستە ریفۆرمی ئاینییەوە ئەوا دەکریَ بوتریَ:  حیزبی ئیسلامی جگە لە هەندیَ دەقی گشتی ئیسلام، ریشە و مەرجەعیەتی فیکری دەگەڕێتەوە بۆ دید و تێڕوانینەئیسلاَحیەکانی ئەفغانی و عەبدە و رەشید رەزا و بەرجەستەکردنی بە شێوەیەکی رێکخراو  بە زیادکردنی واقیعە نوێیەکانی دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەم و کەوتنی سەڵتەنەی عوسمانی و هەژمونە جۆربەجۆرەکانی ئەوروپیەکان بەسەر ناوچە و ولاَتانی ئیسلامیدا ... بەلاَم بەو پێیەی حیزبە ئیسلامیەکان روئیا و بۆچونێکی فراوانی ئیسلامیان خستە بەرنامەی کارەوە و بەمەش ئەرکی خۆیان قورسترکرد لەوەی پێویست بوو حیزب بە واتا نوێیەکەی  پێی هەستیَ ... حیزبی ئیسلامی خۆی کردە خەمخۆر و بەرپرسیاری هەموو شتێك لە ئیسلامدا: هەر لە بیرو باوەڕ و ئاکار و شەریعەتەوە  بیگرە تا دەگاتە چاکسازی کۆمەلاَیەتی و سیاسی  و ئابوری تا  گەیشتنە دەسەلاَت و پیادەکردنی ، کە دەبوو کارەکان پۆلێن بکرێن و لەو نێوەندە ئەوەندەی ئەرکی حیزبی ئیسلامیە پێی هەستیَ و ئەویتری دابەش بکریَ و بسپێررێتە دام و دەزگا و رێکخراو و ناوەندی تری تایبەتمەند و هتد ...

ئەم فرەییە لە کاردا وەهای کرد لەگەڵ چەندین خاڵی ئیجابی چەندەها دەرهاویشتەی تری لێ بکەوێتەوە، لە وانە: سەرکێڵی و سادە بونەوەی فیکری و سستی هەوڵ و دیدی ئیجتیهادی نوێ کە پێشتر ئەفغانی و عەبدە بە گوڕمێکی باشەوە دەستیان پێی کردبوو، سەرقاڵ بونی حیزبە ئیسلامیەکان بە ململانێی سیاسییەوە وەهای کردوە لە رویترەوە کز و لاواز ببن و بواری فیکری و ریفۆرمیش یەکێکە لەو بوارانە ... بەڵام ئەوان لەرەوتی فیکری سیاسی ئیسلامی و ماف و ئازادییەکاندا توانیویانە هەنگاوی گەورە بنێن ، ئەو قۆناغەی ئیسلامییە میانڕەوەکان پێی گەیشتوون خۆی لە خۆیدا ریفۆرمە یان چالاککردنی ریفۆرم و چاکسازییە، بەزۆری حیزبی ئیسلامی پشت ئەستوورە بە کۆمەڵێك بۆچون و فیکری بیرمەندانی ئیسلامی و ئەزمونی تری مرۆیی، ئەوان زیاتر ئامرازی گەیاندن و گرنگی پێدان و ریفۆرمن نەك خودی ریفۆرم کاری ئەوان بێت بە واتا فیکرییەکەی، هەرچەندە دەکرێ هەندێ لەو بیرماندانە لە هەناوی حیزبە ئیسلامییەکانەوە بێنە دەر یان لە ژێر کاریگەرییاندا بن ... حیزبە ئیسلامیەکانی کوردستانیش هەمان بۆچون دەیانگرێتەوە ، ئەوان گەشەی گەورەیان کردوە لە روی هەندێ بۆچونی فیکری و سیاسییەوە کە دابڕاو نین لە ریفۆرمی فیکری ئاینی ... کارەکانیان لە هەندێ روەوە بەشێکە لە ریفۆرم بەڵام بەشێوەیەکی سیست بەهۆی هەندێ لەو کۆسپانەی کە دواتر ئاماژەی پێ دەدەین، سەرەڕای ئەوەی کاری سیاسی جەماوەری بە مەرجەعێکی فیکریی ئاینی لەم واقعەی ئێستایدا بیری ریفۆرم خوازی و نوێکردنەوە کۆتبەند دەکات ئەگەر لێزانانە دەستی پێ نەدرێ و کەسی زانا

پێی هەڵنەسێ ... هەر بۆیە ئەو حیزبانە هەندێ جار بە وریایی و زۆرجار بەترسەوە دەستی بۆ دەبەن...

3. لەکۆمەڵگەی کوردیدا قودرەتی ئەنجامدانی ریفۆرمی ئاییني هەیە، یاخود رەگەزەکانی بەرجەستەبوونی ریفۆرمی ئاییني خەملیوون؟

گومان لەوەدا نیە هێزی ئەنجام دانی ریفۆرم لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا هەیە، بەڵام ئەوەی دەرفەتی سەرکەوتنی دەڕەخسێنێ رەخسانی دەرفەتی لەبار و و بونی پاڵپشتی مەعنەوییە. هەندێ جار کەسایەتیەك دەبێتە رەمزی نوێکردنەوە و ریفۆرم ، بەتەواویش ئەو کارە دەکات بەڵام لە کاتی خۆیدا دەیان کۆسپی دێتە ڕێ، بەڵام لە داهاتوودا میصداقیەتی کارە جیدییەکانی لەو بوارەدا دەردەکەوێ و بەرهەم و کاریگەرییەکانی بەدەردەکەون، کۆمەڵگە و تاکی کوردیش بەتایبەت لەسەردەمی نوێدا بەرون و ئاشکرایی دەری خستوە توانای نوێکردنەوە و ریفۆرمی هەیە لە تێگەیشتنی بۆ ئایین و زیندوو کردنەوە و ریفۆرم کردن تێیدا، ئەکرێ کار و بۆچونەکانی سەعیدی نورسی و ئەحمەدی موفتی زادە و ناصری سوبحانی و موستەفا زەلمی و ... بابا عەلی بە نمونەی ئەو هەوڵانە ئەژمار بکەین و لەو چوارچێوەیەدا بیانخوێنینەوە... هەر یەك لەمانە بەجۆرێك لە جۆرەکان رۆڵ و کاریگەرییان بوە لەو چوارچێوەیەی ناسراوە بە نوێکردنەوە ... بێگومانیشم لەوەی لە داهاتووشدا هەوڵی تری لەو جۆرە دێتە پێش.

4. بەبڕوای ئێوە لەمپەرەکانی بەردەم پرۆسەی ریفۆرمی ئایینی کامانەن؟

لەمپەرەکان زۆرن ئەکرێ بە کورتی و گوشراوی لەم چەند خاڵەدا کورتیان بکەینەوە:

أ. بونی کەلەپور و کلتورێکی زۆر و زەوەندە و دەوڵەمەندنی خاوەن هەژمون کە وەها دەکات پرۆسەی ریفۆرم بەئاسانی نەکرێت ، ئەم کەلەپور و کلتورە لەگەڵ ئەوەی ئەکرێ پاڵپشت و پشتیوانێکی گەورە بێت بۆ ریفۆرم لە هەمان کاتدا ئەگەر نەتوانرێ مامەڵەی دروستی لەگەڵدا بکرێ دەبێتە رێگر و هۆکاری ترس و سڵەمینەوە لە قسەی نوێ و بۆچونی تازە ...

ب. زاڵی ئەوانەی هەڵگری بۆچونی باو و تەقلیدین بەشێوەیك نوێکردنەوەو ریفۆرم بە مەترسی دەبینن بۆ سەر خودی ئاین و وەکو ئینحرافێك لێی دەڕوانن...

ت. بێ متمانەیی یا گومان دروست کردن یا گومان هەبون لەوانەی خۆیان بە ریفۆرم خواز دەزانن، زۆرێ لەوانەیە لەسەردەمی نوێدا بانگەشەی ریفۆرم دەکەن، لە بناغەدا بۆچونی پێشوەختیان هەیە و بانگەشەکاری وەلاخستن و پەراوێزخستنی ئاینن ، یاخود خاوەنی هەڵوێستی سەلبی تایبەتن دژ بە رەمز و بانگەشەکارانی بیری ئاینی و ئیلتیزامی دیندارانە نەك لە روی رەخنەگرتنەوە بەڵکو وەك

هەڵوێستێکی نەفسی و هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی بە واتا سەلبییەکەی... یاخود بە ئاشکرا نایشارنەوە کە خاوەنی دیدێکی عەلمانیانەن و دەیانەوێ عەلمەنەی دین بکەن ، یاخود بەشێوەیەك تەئویل و لێکدانەوە بۆ دەقەکان دەکەن کە ناکۆك و دژە به ریشە و بناغە و مەبەستی دین و بەها دینییەکان ، یان مەبەستیان نیە ئایین رۆڵی شیاوی خۆی هەبێ لە ژیان و کۆمەڵگاکاندا، هەر کات ئەم جۆرە کەسانە داوای ریفۆرمی ئاینیان کرد ئەو کات دەبنە هۆی ئەوەی خەڵك بە ترس و حەزەرەوە مامەڵە لەگەڵ نوێخواز و ریفۆرمخوازە راستەقینەکانیش بکات و بە گومانەوە بۆیان بڕوانێ...

پ. سەرکێڵی و نەشارەزایی هەندێ لەوانەی بانگەشەی ریفۆرم خوازیی دەکەن و خۆیان کردوەتە سوارچاکی ئەو بوارە، هەندێجار ئەوانەی دەیانەوێ ریفۆرم بکەن لەتێگەیشتنی هەندێ ئەلف و بێ و ئەبجەدییاتی ئایین و زانستەکانیدا کۆڵەوارن کەچی بانگەشەی ریفۆرمی ئاینی و خوێندنەی نوێ و جیاواز دەدەن بە گوێی ئەوانیتردا، وەك ئەوەی ئایین وتێگەیشتن و ریفۆرم کردن تێیدا ئەوەندە ئاسان بێت زۆربەی کەس بەشرە خوێندەوارییەکەوە بتوانێ پێی بوێرێ ... یاخود بۆچونی جواوو سواوی کەسانی تر دەکەنە ریفۆرم و بە خەڵکی دەفرۆشنەوە، ئەمە لەمپەر لە بەردەم پرۆسەی نوێکردنەوەی راستەقینەدا دروست دەکات. چونکە ئەو پرۆسەیە بە هەموو کەس ناکرێ و کەسی خۆی دەوێ.

ج. لایەنداری و مەزهەبگەرایی و دەمارگیری و دڵڕاگیری کە هۆکارن بۆ ئەوەی مرۆڤ نەتوانێ لە دەرەوەی بازنەی بیر و بۆچونێکی دیاریکراودا بیر بکاتەوە و نەتوانێ بۆچونی مەزهەب و ڕێبازەکەی خۆی تێپەڕێنێ و قورس بێت دڵی هەندێ بڕەنجێنێ ، لە بەر چەندین هۆکاری دەرونی و کەسبی جەماوەریی بە تایبەت لە بواری سیاسیدا، لە کاتێکدا ئەگەر زەمینە و دیدی ریفۆرم خوازانە لە بار بێت و شارەزایانە و بە جورئەتەوە دەستی بۆ ببرێ هەموو هاوکێشە باوەکان پێچەوانە دەکاتەوە و لە بری لاوازی هێز دەبەخشێ و جەماوەریش لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە ...

5. پێت وایە ئیسلامی سیاسی وەك حزبە ئاینییەکانی ئەوروپا (حزبی مەسیحیی دیموکرات) لەئەڵمانیا دەتوانن ببنە حزبی ئیسلامیی دیموکرات، یان ئەمە دروشمی سەردەمە بۆ هێنانە دی ئامانجەکانیان؟

من تەواو بەدواداچون و توێژینەوەی حزبە ئاینییەکانی ئەوروپا و بە تایبەتی حزبی مەسیحیی دیموکراتی ئەڵمانیام نەکردوە، تاوەکو بتوانم بەراوردێکی دروست لە نێوانیاندا ئەنجام بدەم، بەڵام گرنگە لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەم هێز و رەوتە ئیسلامیەکان یان ئەوەی ناوی ئیسلامی سیاسییان بەسەردا بڕیون زۆرجار لەخودی خۆیاندا نوێکردنەوە ئەنجام نادەن بەڵکو زیاتر ئامرازی نوێکردنەوە و بزاوت و چاکسازین یان بە پێچەوانەوە . پێشتر تیۆریس و هزروان و بیرمەندانی ئیسلامی بۆچونێك گەڵاڵە دەکەن و

دواتر دەبێتە ڕێباز یا پرۆژەی بزوتنەوە و حیزبە ئیسلامیەکان و  لە شێوەی جۆراوجۆردا کاری لەسەر دەکرێ، ئەکرێ لێرەوە ئەو هێزانە رەوتی چاکسازی و ماف و ئازادییەکان بەرەو پێش ببەن یان بە پێچەوانەوە ...

ئەو بزوتنەوە ئیسلامیانەی خواستی سیاسیان هەیە دوو جۆرن هەندێکیان هەر لەسەرەتاوە دیموکراسیەتیان پێ پەسەند نیە، ئەوانە کەمینەیکن و زۆربەشیان چونەتە دەرەوەی پرۆسە سیاسییەکانەوە، بۆیە قسەی ئێمە و جەنابیشتان سەبارەت بەوانە نیە، وتوێژەکە دەربارەی ئەوانەیە بەشدارن لە پرۆسەی سیاسیدا و رازین بە پرۆسەی دیمورکراسی بۆ گەیشتنە دەسەڵات و دەستاودەست کردنی ، پاراستنی ماف و ئازادیەکان و  سەروەریی یاسا بەشێکە لە پرۆگرام و بەرنامەی کارکردنیان ... ئەم جۆرەیان لە جیهانی ئیسلامیدا پێشڤەچونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە  و بەشێکیان بەتەواوی واتا هیچ گرێ و گۆڵەیەکی وەهایان لەگەڵ دیموکراسیدا نیە نمونەی پارتی نەهزەی تونسی و داد و گەشەپێدانی تورکی و داد و گەشەپێدانی مەغریبی  و یەکگرتوی ئیسلامی و ... هتد ...  دیموکراسی لای ئەمانە و هاوشێوەکانیان بە بۆچونی من دروشم بازی و تاکتیك نیە بەڵکو ستراتیژی کار و بەرنامەی کارکردنیانە و وەهای دەبینم ئەم جۆرەی حیزبی ئیسلامی لەپێشەوەی زۆرێك لە حیزبە عەلمانیەکانی ترن لە رووی دیموکراسییەوە و نمونەی بەرچاوو زیندووش لەو بارەیەوە هەیە...

6. پێتوایە ئەم هێزانە لەگەڵ دیموکراسی هەڵدەکەن و دەتوانن قبوڵی بکەن؟ یان تەنها ئەوە بە چارەسەر دەزانن بۆ گەیشتن بەدەسەڵات؟

بەڵێ پێم وایە ئەمو هێزانە دەتوانن لەگەڵ دیموکراسیدا هەڵ بکەن ، بەلأم ئەمە واتای ئەوە نیە نە ئەوان و نە هێزەکانی تر خۆشحاڵ بن بە هەموو ئەودەرەنجامانەی لێکەوتەی پرۆسەی دیموکراسییە، بەلأم دەرەنجامی پرۆسە دیموکراسییەکان قبوڵ دەکەن وەکو گرێبەستێکی کۆمەلأیەتی نێوان هەموان، بەلأم سروشتی کاری سیاسی و جیاوازی بیر بۆچون و مەرجەعیەت را جیایی لە زۆر روەوە دەسازێنێ ، ئەوەش لە خودی خۆیدا پەیوەستە بە دەرهاویشتەکانی دیموکراسییەوە، ئەو حیزبە ئیسلامیانە هەر وەك چۆن بە دیموکراسی دەکرێ بگەنە دەسەلأت هەروا بە دیموکراسیش دێنە خوارەوە، بەلأم هەموو هێزێکی سیاسی ململانێ و کێ بەرکێ دەکات بۆ مانەوەی خۆی بەلأم دواجار تەسلیم بە واقعەکە دەبن، لە هەموو دۆخێکی دیموکراسیدا هەموو ئەو حیزبە ئیسلامیانەی هاتونەتە نێو پرۆسەی دیموکراسیەوە زیاتر لە گەڵیدا سازاون و واقعی نوێ لەو بارەیەوە ئەزمونی زیاتری پێداون، بەلأم ئەوانەی لە دۆخی ئینقلاب و قەیراندا دەسەلأتیان گرتوەتە دەست بە عەلمانی و ئیسلامییەوە دواتر نەیانتاوانیوە تا سەر لەگەڵ دیموکراسیدا هەڵ بکەن ... ترس لەوەی ئەگەر ئیسلامییەکان بگەنە دەسەلأت ئیتر ئەوانیتر دەپڵیشێننەوە و واز ناهێنن ترسێکە زۆربەی جار حەز و ویستی دیکتاتۆرەکانی لە پشتەوە بوە ، جەزائیری نەوەدەکان و میصری ئێستا باشترین نمونەن لەو رووەوە، کە دواتر ئەو هێزە کودەتا چییانە جارێکیتر دیکتاتۆرییەتیان بەرهەم هێناوەتەوە

و کۆنترۆڵی هێز و دەسەڵاتیان کردوە و کەبتی نەیارەکانی خۆیانیان پێ کردوە ، پێم ناڵێی کەسایەتیە بەهێز و دیارەکانی ئۆپۆزسیۆنی میسری وەك حەمدین صباحی و برادعی و ...هتد کە مونافەسەی ئیخوانیان دەکرد ئێستە لە کوێی پرۆسەی سیاسی میصری دان دوای کودەتا سەربازییەکە؟! ئەوانە و هاوشێوەکانیان لە دیموکراسیەکەی ئیخواندا قەبارەیان هەبوو یان دوای کودەتا؟ باشتر نەبوو جیهان دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ، ئەزمونی هێزێکی ئیسلامی وەك ئیخوانی ببینیایە کە ئیدیعای میانەڕەوی و دیموکراسی دەکات ، بۆ ئەوەی شکست و سەرکەوتنەکانی دەرکەوتایە و ئیدیعاکانی تاقی بکرایەتەوە، وەك لەوەی بە کودەتا لەناویان بەرن و سەرکردە هەڵبژێرراوەکانی گەل بخرێنە کونجی زیندانەوە بە بیانوی ترس لە دیموکراسی نەبونیان لە داهاتوودا؟! دەکرێ بە پێشبینی و ئەگەر ، رێگە بگری لەهێزێك بە هەموو پێوەرێکی دیموکراسی هاتونەتە دەسەڵات و بژاردەی گەلن بە بیانوی ئەوەی لە داهاتوودا دیموکراسی نابن؟! ... بە بۆچونی من ئەگەر ئەوان (لەگەڵ ئەو هەموو سەرنجەی هەیە لەسەریان)پابەند نەبونایە بە دیموکراسیەت و سەرکەوتوو نەبونایە لە گەشەپێدانی وڵاتدا ئەوا بە زوترین کات شکستیان دەهێنا و دواتریش دەسەڵاتیان رادەست دەکردەوە، بەڵام پێ دەچوو لەئەگەری سەرکەوتنی ئەزمونێکی دەسەڵاتێکی ئیسلامی دیموکراسیدا گەورەترین مەترسی راستەقینە بۆ هێزە دیکتاتۆرە تەقلیدی و شانشینە بنج بەستوەکانی ناوچەکە دروست ببوایە و پێگەی ئەوانی لە زۆر روەوە لەق بکردایە... ئەمە ترسی راستەقینەی ئەو هێزانەیە لە ئیسلامییەك کە

دیموکراسی پەسەندە و لێی ناترسێ نەك ئەوەی ئەو هێزانە ببنە مەترسی لەسەر دیموکراسی ... قسەکردنیش لەسەر دیموکراسی و بەشێك لەو ئیسلامییانەی سەرنجیان هەیە لە دیموکراسی جێگەی قسە و باسێکی ترە و ناکرێ لێرەدا و بەم خێراییە شەن و کەوی کەین...

## ئیسلام و گۆڕانکاری

سەرەتایی گۆڕانکاری لەکوێوە سەرچاوەی گرت وچەمکی گۆڕانکاری چۆن هاتەگۆڕێ؟

خودی بون و لەدایکبونی مرۆڤ واتە گۆڕانکاری، گۆڕانکاری لە مرۆڤەوە دەست پێ دەکات، دوای هەندێ گۆڕانکاری جەستەیی لەتاکدا دواتر گۆڕانکاری دید و تێڕوانین و ناخدا دروست دەبێت، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بکرێت دەبێت سەرەتا لە تاك و لە ناخی مرۆڤدا گۆڕانکاری بەدی بهێنین دواتر دەگواسترێتەوە بۆ ئاستی خێزان و کۆمەڵگا، پاشان گۆڕانکاری لە سیستەمدا گرنگییەکی گەورەی هەیە چونکە رۆڵ دەبینێت لە دوبارە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا و بردنی کۆمەڵگا بەچەندین ئاقاری جیاوازدا...

دابەشکردنی گۆڕانکارێکان بەسەرسەرەتاییەکان و ڕیشەییەکاندا تاچەند دابەشکارییەکی درووستە؟

ئاساییە پۆلێن کاری لە چەمکی(گۆڕانکاری)دا ئەنجام بدرێت بۆ سەرەتایی و ریشەیی، بچوك و گەورە، سەرەکی و لاوەکی و هتد بەڵام دواجار هەردو جۆرەکە کاریگەرییان لەسەر یەك دەبێت، پێکەوە گرێ دراون، هەموو گۆڕانکارییەکی ریشەیی سەرەتا بەگۆڕانکاری سەرەتایی دەستی پێ کردووە، هەموو گۆڕانکارییەکی ریشەیی و سەرەکی گۆڕانکاری سەرەتایی و لاوەکیتر بەدوای خۆیدا دەهێنێ...

گەردروستە گۆڕانکارییە سەرەتاییەکان چین؟ ئەی ریشەکان کامانەن؟

ن قسە لە ئەوە ناکەم زانایانی کۆمەڵناسی و ئیدارە چییان وتووە لەو بارەوە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەی بەڕێزیشت ناگەڕێمەوە سەریان، ئەگەر بمەوێت پێناسەیەك بۆ هەریەکە لە گۆڕانکاری سەرەتایی و ریشەیی بکەم ئەوا دەتوانم

بڵێم گۆڕانکاری سەرەتایی بریتییە لەو گۆڕانکارییەی هێشتا نەخەمڵیوە و کاریگەری گەورەی بەجێ نەهێڵاوە یاخود کاریگەرییەکەی سنوردارە و مەودایەکی فراوان و بەرینی نییە، بە پێچەوانەی گۆڕانکاریی ریشەییەوە کە بریتییە لەو گۆڕانکارییەی سەرلەبەری هاوکێشەی پێشوتر دەگۆڕێت و لەسەر دید و تێڕوانینێکی نوێ واقیعەکە دادەڕێژێتەوە، ئەمە بەدەر لەوەی گۆڕانکارییەکە ئیجابی بێت یا سەلبی، چونکە هەموو کات گۆڕانکاری ئەرێنی و ئیجابی نییە...

گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەیی کوردیدا لە چ کایەیەکی ژیانەوە زەرورە دەست پێ بکات؟کایەیی فیکر،یاخود سیاسی ؟

لە ناخی تاکەوە، لە رێگەی پەروەردەوە، دواتر بۆ خێزان و کۆمەڵگە و سیاسەت و هتد.... کۆمەڵگەی کوردی درز و کەلێنی زۆر تێدایە بۆیە گۆڕانکاری ئەرێنی تێیدا سست و لاوازە، خۆمان بە شێوازی خراپ دوبارە دەکەینەوە لە بەرگی نوێدا، لە فۆرمی جیاوازدا، دواتر گۆڕانکاری لە سیستەم و دام و دەزگاکاندا، پێدانی ناوەڕۆکی دروست بۆ ئەو ناوە جوانانەی هەن، دواتریش یا هاوهەنگاو لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا گۆڕانکاری لە فیکری و سیاسەتیشدا روو دەدات، زۆرینەی گۆڕانکارییەکان دەبێت لە خوارەوە بێت ، جاری وەهاش هەیە گۆرانکارییەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە و لە هەرەم و سیستەمی سیاسییەوە شۆڕ دەبێتەوە... گۆڕانکاری لە سەرەوە رۆڵی گەورەی دەبێت بۆ بنیاتنانەوەی ژیانێکی ئیجابی بۆ تاك و کۆمەڵگا و دەتوانێت ئەو گۆڕانکارییە بە پنت و کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بگەیەنێت... بەڵام هەمیشە گرینگی دان بە تاك و پیکهاتە جیاوازەکانی رۆڵی گەورەیان دەبێت لە گۆڕانکاری ئیجابی کۆمەڵگادا، دیارە کایەی فیکری هەرچەندە فراوانە و

گرنگییەکەی پێش کایەی سیاسەت دەکەوێت بایەخێکی گەورەی هەبووە لە رابردوودا و  هەموو گۆڕانکارییەکانی مێژوو سەرەتا لە فیکرەوە دەستی پێ کردووە ، خودی گۆڕینی عەقڵی تاکیش سەرەتا پرۆسەیەکی فیکرییە...

بۆچی ئەوەندە باسی گۆڕانی سیاسی دەکرێت باسی گۆڕانکاری فیکری ناکرێت؟

گۆڕانکاری  لە فیکردا بناغە و دەست پێکی هەموو گۆڕانکارییەکە، وەك پێشتر وتم شۆڕشەکانی مێژوو، گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکان سەرەتا بەهۆی فیکرەوە بووە، راستە دواتر دەسەڵاتی سیاسی رۆڵی بووە لە برەودان بەم فیکرە یان ئەویتر بەم ئاینە ئەویتر، ئەمە لە مێژووی کۆنی تەواوی ئیمپراتۆرییەت و شارستانیەت و وڵاتاندا دەبینرێت و لە ئێستاشدا بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە... سەرەتا دونیا بینییەکان دەگۆڕرین پاشان گۆڕانەکانیتری بەدوادا دێت، خودی سیاسەتیش هەر فیکرە بەڵام بەڵام تایبەتە بە رێ و شوێنی تایبەت بە حکومەت و بەڕیوەبردنی وڵات و ئیدارەدانی ژیانی سیاسی، زۆرباسکردنیشی لای ئێمە هۆکارەکانی ئەو هەموو کۆست و کۆسپەیە بەهۆی سیاسەت و سیاسی خراپەوە رویان داوە، بەهۆی ئەوەوەیە سیاسەت و سیاسییەکان دەستیان خستوەتە نێو بیناقاقای بوارەکانیترەوە ! مەودایەکی زیاتری داگیرکردووە و زیانی گەیاندووە بە کایەکانیتر لەبری چاکسازی و برەوپێدانیان، بەو پێیەی بەشێوەیەکی تەندروست پیادە نەکراوە...

گۆڕانکاری فیکری چۆن دەست پێ دەکات؟ یان بەچی دەست پێ دەکا؟

گۆڕانکاری فیکری بەرەنجامی دروستبونی گۆڕانە لە واقیع و ئەزمونداری مرۆڤ، زیادبونی زانست و رامان و قوڵبونەوە، شیتەڵکاری و وەگەڕخستنی عەقڵ، خوێندنەوەی واقیع و بەراوردکاری، خوێندنەوەی مێژوو ئەزمونی گەلان، هەموو

ئەمانە و چەندین پرۆسەیتر گۆڕانکاری دێنێتە ئاراوە و تێڕوانینەکان نوێ دەبنەوە، دواتریش بەهەوڵی بێ وچان و پلان و نەخشە شۆڕ دەبێتەوە بۆ واقیع و نێو کۆمەڵگە و لەکاتی پڕ بەڵگەیی و ئەرگۆمێنت و خاڵی هێز و سوربون لەسەر گۆڕانکاری ، فیکری گۆڕانخواز و نوێگەر شوێن و کاریگەری خۆی بەجێ دەهێڵێت ئەمڕۆ بێت یان سبەی. هەموو شۆڕش و گۆڕانکارییەکان سەرەتا و دەسپێکی دەگەڕێتەوە بۆ بیری بیرمەندان.

ئایە لە ئایندا بەتایبەت ئیسلام پێویستی بە ڕیفۆرمە یاخود بە گۆڕانکارییە؟

لە راستیدا ئەم پرسیارە زۆری دەوێت و لق و پۆپی زۆرە، لەشوێنیتردا دێینەوە سەری، بەکورتی دەقی قورئان جێگیر و نەگۆڕە، تێگەیشتن لێی چەند ئاستێکی هەیە و بەشێك لەو تێگەیشتنانە دەگۆڕێن و بەشێکیش لەو تێگەیشتنەی هەیە پێویستی ریفۆرمە، کەواتە ریفۆرم و گۆڕانکاری لە تێگەیشتن بۆ دیندا دەکرێت نەك لە خودی دەقی قورئانیدا، دەقی قورئانی بە زاراوەی زانایانی ئسولێ قەتعیی و سبوتە بەڵام قەتعییودەلالە نیە، لە قەتعییودەلالەدا ریفۆرم یاخود گۆڕانکاری دەکرێت، بەڵام سەبارەت بە سوننەت ئەوە روونە کە چەند ئاست و پلەیەکمان هەیە و ئەگەری تەصحیح و تەزعیف هەیە و هەبووە و ئەو گۆڕانکاری و ریفۆرمەی بۆ تێگەیشتن لەم بارەیەوە زیاتر و بەرینترە و مەودا و مەیدانێکی فراوانی هەریەکە لە ریفۆرم و گۆڕانکاری جۆراوجۆری تێدایە، بەکورتی بەپێی چەند ڕێ و شوێنێکی رەچاو کراو ئەگەری هەردوو ئاستەکە لە ئارادایە...

ئایە دەق شیاوی گۆڕانکارییە؟ مەبەستم دەقی دینیە؟

لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا کەمێك ئاماژەم بەمەدا، خودی دەقی قورئانی شیاوی گۆڕانکاری نییە، بەڵام تێگەیشتن لێی دەکرێت بگۆڕرێت. بەڵام بەو

پێیەی دەقی فەرمودە کۆڕایی و یەك دەنگی زانایانی لەسەر نییەو بواری ئەوەی تێدایە خوێندنەوەی جیاواز بۆ ئەسڵی دەقەکە بکرێت لەرووی سابت بون و نەبونییەوە، جگە لەواتاکەشی کەقۆناغێکی دواترە، لەگەڵ بونی پۆلێنێکی زۆری فەرمودە کە زانایانی فەرمودە و فیقهو ئسولڵ باسیان کردووە، بەڵام ئەوەش هەندێ رێ وشوینی خۆی هەیە و دەبێت لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە بکرێت، هەر خودی فەرمودەناسان بۆچونی جیاوازییان هەیە و گۆڕانکاری لە تەسحسح و تەزعیفدا دەکەن بۆ نمونە لەم سەردەمەدا کەسێکی وەك ئەلبانی هەندێ فەرمودەی بە لاواز داناوە بەمەرجێك لای هەندێکیتر سەحیح بووە و بە پێچەوانەشەوە. لە هەموو حاڵەکاندا دەقی قورئانی لە شوێنی خۆیدایە، تێگەیشتنەکانی گۆڕاوو جوڵاون و لە فەرمودەشدا پرۆسەی بە سەحیح و زەعیف دانان بەردەوامە و تێگەیشتن لە هەردوکیاندا کارێکی گۆڕاوە لە ئاستە گشتییەکەیدا...

ئەی خودی ئاین تاچەند دەکرێت بە فاکتەرێکی بەهێزە گۆڕانکاری ئەژماری کەین؟

خودی ئاین بە مە بەستی گۆڕانکاری ئەرێنی هاتووە بەڵام مەرج نیە هەموو تێگەیشتنەکان بۆ ئایین لە خزمەتی گۆڕانکاری ئەرێنیدا بن، هەندی تێگەیشتن دەبنە لەمپەڕیش نەك هاندەر، تێگەیشتن لە ئاین و چۆنێتییەکەی، دیاری دەکات کە ئایە ئەو تێگەیشتنەی ئاین دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز یان نا ، ئەرێنی دەبێت یان نەرێنی، بەڵام دەکرێت ئاین ئەو فاکتەری بەهێزی گۆڕانکاری ئەرێنی بێت گەر زانا و بیرمەندی لێهاتوو دید فراوان کاری لەسەر بکەن و زەمینەیەکی گونجاوی بۆ بێتەپێش، بۆ ئەم مەبەستەش دەقی زۆر هەن لەو بارەیەوە.

**هێڵی سوری ئاین بۆ گۆڕانکاری چیە؟**

ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری تێگەیشتنەکە بەڵام لە هەموو کاتدا هەندێ بنەمای سەرەکی بیروباوەڕ و ئەخلاق و پەرستش و تەشریع هەیە وەك هێڵی سوور تەماشا دەکرێن و گۆڕانکاری لەبواری فیکر و دیدو تێڕوانینی فەلسەفیی و هەڵێنجانی فیقهی و فیکری و جوزئیاتدا هەیە، ئەوش تاوتوێی زیاتری دەوێت و قسەی زۆریش هەڵ دەگرێت. بەسەرنج دانێکی مێژووی فیقهو گروپەکانی عەقائید و کەلام زۆر راستی لەم بوارەدا رون دەبێتەوە.

## خوێندنەوەی دەق

**ئایا دەکرێت بەردەوام خوێندنەوەی تازە بۆ تێکستەکانی دین بکرێت؟**

بێگومان دەکرێت، تەنها ئەوەندە هەیە خوێندنەوەی هەر تێکستێك لەوانە تێکستە ئاینییەکان پێویستی بەکەرەستە و توانای تایبەتە و ناکرێت بەبێ ئەو توانایە بانگەشەی خوێندنەوەیەکی دروست و بەبەها بکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی تێکست و دەقە ئاینییەکان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن و خوێندنەوەیان ئامرازگەلی زمانەوانی پێویستی گەرەکە و ئاتاجی چەند زانستێکیتریشە بۆ ئەوەی ئەو خوێندنەوە ئەنجام بدرێ.

**پ2/ئایا بەراست لەئێستادا سەرای بوونی ئەو هەموو توراسە دینیەی کەبەرمەبنای خوێندنەوەی جیاوازجیاوازی ناو دونیاو مێژووی موسڵمانانە، هێشتا پێویستیمان بە خوێندنەوەی دیکەی تێکستەکانی دین ماوە؟**

راستە کەلتور و کەلەپورێکی دەوڵەمەند و فرە رەهەندمان هەیە، دیدوتێڕوانینی جیاوازی تێدایە و سەر بەچەندین قوتابخانەی مێژووی مسوڵمانانن، دەرهاویشتەی قۆناغە جیاوازەکان و مەعریفەجۆراوجۆرەکانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەروازەکان کراوەن و دەقەکان توانای خوێندنەوەی تر و هەڵێنجانی جیاواز تر

لەخۆ دەگرن، دەقەکانی ئاین بەتایبەت قورئان گەر ئەو کراوەییەی نەبێ بۆ خوێندنەوە ئەو زیندوێتییەی نابێ کە هەیەتی، هەرئەوەش بەردەوامی بە

پەیامی قورئان دەدات، گەر وانەبا ئەو کات بەچەند تەفسیرێ کۆتایی بە هەموو شت دەهات، بەڵام ئێمە پێچەوانەی ئەمە دەبینین، هەر بۆیە سەدان تەفسیرمان هەیە، راستە زۆرجار خوێندنەوەکان دووبارەن، بەڵام لە هەندێ قۆناغدا رچەشکێنییەك لەو بارەیەوە دەبینین، جا ئیتر لە دەروازەی تەفسیرەوە بێت یان لە روانگەیەکی مەقاصیدییەوە، یان بوارێکی تایبەتی تێگەیشتن لە دەق و تیشك خستنە سەر لایەنێك لە لایەنەکانی ...

پ3/ بۆچی لەئێستادا حەماسەتی زۆر نیە بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی تێکستە دینیەکان ؟

نا من لەمەدا بە پێچەوانەی تۆوە بیر دەکەمەوە، وا هەست دەکەم هیچ کات وەك ئێستە ئەو حەماسەتە نەبووە بۆ خوێندنەوەی تێکستە دینییەکان، بەتایبەت قورئان، هەوڵێکی زۆر هەیە لەم بوارەدا و زۆر کەس هەن دەیانەوێ واتای نوێ هەڵێنجن لە قورئان، رۆدەچن و هەوڵ ئەدەن بیسەلمێنن زۆر شتی کەشف نەکراوی تێدایە، هەندێ جار دەگەن بە دەرەنجامی سەیر و خوێندنەوەی جیاواز کە دەکرێ بەرەنجامی گوشینی مێشکیان بێ، یان ئیحائی واقع بێت، یان هەوڵێکی جیدی، گرنگ ئەوەیە خودی دەق و تێکستەکان یارمەتییان دەدات، لەمەشدا ئاراستەی جیاواز و دژ بەیەك هەیە، ئەم تێڕوانین و خوێندنەوە نوێیانە تەنها لە ئاراستەیەکدا نییە بگرە لە ئاراستەو خوێندنەوە جیاوازەکانیشدا دەبینرێ، گەر سەیرێکی دید و تێڕوانینەکانی شەحرور و عەدنان رەفاعی و چەندین کەسی دی بکەیت ئەو راستییە دەبینی، بەدەر

لەوەی باس بۆچونی دیدی خۆمان بکەین لەمەڕ ئەو جۆرە خوێندنەوانە، کە لە کۆی گشتیدا پێچەوانەین لەگەڵیاندا، کە بێگومان رێژەییە لە رووی پێکان و نەپێکانەوە، ئەمە جگە لەوەی ئاراستەی تریش هەیە بەبێ ئەوەی ئەم رێچکەیەش بگرن بە شیتەڵکردنەوە و خوێندنەوەی نوێ و لەیەك دان و کۆکردنەوەی دەقەکان و گەڕانەوە بۆ هەندێ بۆچونی ناباوی نێو توراسی ئیسلامی دەگەنە دەرەنجامی تر و خوێندنەوەی نوێ، بابەتی رەجم و حوکمی مورتەد و چەندان بابەتی تر بەرەنجامی خوێندنەوەی نوێن بەلاّم بێ دابڕان لە توراس، ئەمەش هەر خوێندنەوەی نوێیە بەلاّم لە ئاستێکی فراوانتردا و بێ دابڕان لە توراس و کەلتورو کەلەپوور...

پ4/ چۆن دەتوانرێت خوێندنەوەی تازە بۆتێکستەکانی دین بکرێت کەهێشتا فکرەی پابەندبوون بەشوێنکەوتنی سەلەف و ئەومیکانیزمانەی کەئەوان بەکاریان هێناوە بەشێوەیەکی گشتی زاڵە لەناو دونیای موسڵماناندا؟

پێش وتنی هەر شتێك گرنگە بڵێین سەلەف کێن؟ ئەگەر سێ نەوەی یەکەم بن(هاوەڵاّن و تابعین و تابعی تابعین) ئەوا ناتوانین بڵێن هەمویان وەك یەك خوێندنەوەیان ئەنجامداوە! یان لانی کەم بەیەك دەرەنجام گەیشتوون! تەنانەت لەنێوخودی هاوەڵاّندا راجیایی هەبووە سەبارەت بە تێگەیشتن لە دەقێك یان لەو هەڵێنجانەی لە دەقەکە کراوە، کەواتە رێبازی تێگەیشتنی سەلەف خۆی لەخۆیدا راجیایی قبوڵە، ئێمە مەزهەبی سەلەفمان نییە مەزهەبەکانی سەلەفمان هەیە، هەرچەندە ئەوان بەجۆرێك لە جۆرەکان

ڕێبازێکی خوێندنەوە کۆیان دەکاتەوە، خوێندنەوەی تریش کراوەیە، شافیعی توانی خوێندنەوەی نوێ بکات و بناغە بۆ قۆناغێکی جیاوازتر دابنێ لەڕێگەی رسالەکەیەوە، شاتبیش هەر ئەوەی کردووە بەڵام لەڕێگەی فیقهی مەقاسیدەوە، سەیدقوتبیش سودی لە توانا ئەدەبییەکانی بینیوە لەم بوارەدا، قەرزاویش بە ڕێگەیەکی تر ئەوەی کردووە، بەشێك لە بۆچونەکانی مامۆستا ناصر و موفتی زادە و زەڵمییش خوێندنەوەی نوێن بەبەکارهێنانی کەرەستەی کۆن و نوێ، مەبەستمە بڵێم تەنانەت بە کەرەستە و میکانیزمی کۆنیش دەکرێ خوێندنەوەی نوێ ئەنجام بدرێ، چ جای ئەگەر بتەوێ دەرهاویشتەی زانستە نوێیە پەیوەندی دارەکانیش بەکار بهێنی لەوانە پەیوەستە بە زمان و هێرمۆنتیکا و تەئویلەوە! خوێندنەوەی بەهێز و موقنیع جێگەی خۆی دەکاتەوە، گرنگ ئەوەیە ڕێ و شوێنێکی زانستی گیرابێتە بەر، دوور بێت لە خواست و خولیای مەبەست داری پێش وەخت ...

دەگوترێت یەکێك لەهۆکارە هەرە سەرەکیەکان کەوادەکات بەدەنگەوەهاتنی زۆر نەبێت بۆ پرسی خوێندنەوەی تازە بۆتێکستەکانی دین، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەترس لەخوێندنەوەیەکی عەلمانیانە هەیە بۆتێکستەکانی دین؟

ئەو ترسە لە ئارادایە و ئەو نمونانەشمان زۆرە، ئەم جۆرە خوێندنەوانە لای ئەرەگۆن و شەحرور و حەسەن حەنەفی و شەرەفی و کێ و کێ دەبینرێت، هەست دەکەیت دەیانەوێت ئیسلام وەها بخوێنرێتەوە کە عەلمانیەت دەیەوێ لە ئاستە گشتییەکەیدا نەك ئەوەی خودی ئیسلام و دەقەکانی هەڵی دەگرن،

ئەم خوێندنەوانە لەگەڵ ئەوەی لە ئاستی گۆڕەپانی بەرینی ئیسلامیدا جێی ڕەزامەندی و پەسەندی نییە بەڵام بەهۆی ئەو پەستانە دەرونی و شکستە رۆشنبیرییەی کە لە ئاست رۆژئاوادا هەیە و ئەو فشارە زۆرانەی لەنێوخۆی ولآتانی مسوڵمان نشیندا لە ئارادایە و ئەو دۆخەی هێزە توندڕەوو توند و تیژە ئیسلامییەکانەوە رەخساوە ئەم جۆرە خوێندنەوانە زەمینەی لەباری بۆ رەخساوە و برەوی زیاتری پەیدا کردووە ...

چ گرفتێکە ئەگەر خوێندنەوەیەکی عەلمانیانەش بۆدین بکریت بەمانا دونیاگەراییەکەی، مەگەر بەشێگی گەورەی تێکستەکانی دین ناچنەوە سەر قسەکردن لەسەر دونیا؟

عەلمانی و عەلمانی بوون وەکو چەمك یا زاراوە بارگاوی بووە بە خوێندنەوەی سەلبی، ئەنتی دینییەکەی زیاتر بەرچاوە، ئەمە جگە لە پیادە خراپ و پڕ هەڵەکانی عەلمانیەت وەك سیستەم لە جیهانی ئیسلامیدا، بە تایبەتیش ئەو هەڵوێست و تێڕوانینانەی لەبەرامبەر دین و رۆڵی ئایندا هەیبووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا عەلمانیەت یەك جۆر نییە و پۆلێنی جیاوازی هەیە، کۆمەڵێك دید و تێڕوانین و خواست هەن عەلمانیەت جەختی لەسەر دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا خواست و داواکاری ئایینن بە تایبەت لەبواری پێداویستییە حەیاتی و ژیوارییەکانی مرۆڤ، سەبارەت بە خوێندنەوەی دونیاگەرایی یا عەلمانیەت، ئەوا دەبێت دەست نیشان کرێ چییە و چۆنە تاوەکو قسەی دیاری کراوی لەسەر بکرێ، چونکە ئەگەر باس باسی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ بێت تێڕوانینی

دروستی نێو فیکری ئیسلامی ئەوەیە خودی شەریعەت هاتووە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ و دوورخستنەوەی زیان لێی، هەر وەك ئێوە ئاماژەتان پێی داوە بەشێگی گەورەی تێکستەکانی دین ئەچنەوە سەر قسەکردن لەسەر دونیا، خەمی دونیای خەڵکی و ژیان و بژێوییان داوایەکی دینییە، تا دەگاتە شادی خستنە نێو دڵی خەڵکی و بزە و خەندە خستنە سەر لێویان، مرۆڤ لە گوتاری قورئانیدا سەنتەرە و پەیامی خوایی و هاتنی خودی پەیامبەران لە پێناوی مرۆڤدا هاتوون و ئەم باسەش قسەی زۆری دەوێ، تەنها جیاوازی پاشخان و مەرجەعیەت تایبەتمەندی بەهەریەك لەو دوو خوێندنەوەیە دەدات.

دەگوترێت لەئێستا ئەگەر هەستکردنێکیش هەبێت لەوەی کە خوێندنەوەی تازە زەروورە بۆتێکستەکانی دین، بەڵام موسڵمانان و ئەوانەی دەبێت پەیوەندیداربن بەو پرۆسەیە ئەوەندە سەرگەردانن نازانن لەکوێوە دەست پێ بکەن !

سەرگەردانییەك هەیە لەم بارەیەوە، هۆکاری زۆرە، دۆخە دەرونییەکە نالەبارە، هەستکردن بە هەرەشەی جۆراوجۆر و بونی هەیە، بەشێك لەم خوێندنەوەانە و گەشەپێدانیان و سازاندنی زەمینەی پەسەندکردنیان پێویستە، تەنانەت دام و دەزگای پشتیوانی لێ کراوی پێویستە هەرچەندە زۆرجار هەوڵ فەردییەکان پێشرەون، دواتریش خەڵکی پسپۆڕ و بەتوانا و بوێری دەوێ، مەیدانی خوێندنەوەکان دەبێت دیار بێت، ئێستە جۆرێك لە فەوزا هەیە و زۆرکەس بە راست و ناراست قسەی تێدا دەکات، ئەمە دەبێت

ڕێکخرێ یان ڕێڕەوی دروستی خۆی بگرێتەبەر... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گۆڕانکاری رویداوە و روو ئەدات و هیچ پرۆسەیەکی لەم شێوەیە بەبێ سەلبیات و خاڵی نەرێنی تێ ناپەڕێ بەڵام زۆر گرنگە خەمخۆرانی ئەم بوارە لێ بڕێن و کات و کەرەستەی پێویستی بۆ تەرخان کەن ...

بەخوێندنەوەی تازەی تێکستەکانی دین لەئەمرۆدا چ شتێك ئیزافە دەبێت بۆ دونیای موسڵمانان؟

بەشێکی زۆری بۆچونەکانی دونیای ئیسلام چەندبارە و وتراون، بەشێکی زۆریان تۆزیان لێ نیشتووە، دەرهاویشتەی زەمین و زەمانی خۆیانن، ژینگە و داب و نەریت و ئاستی مەعریفی و مەعریفەی باو کاریگەری بووە لەسەر وتنیان و داڕشتنیان، بواری قسەی نوێ، پێداویستی بە خوێندنەوەی نوێ زۆر و زەوەندەن، بەتایبەت لەو شتانەی پێویستن لە ئێستادا بوترێن، پاشان ئەرکی زانا و بیرمەندانە تێڕوانین و خوێندنەوەی خۆیانیان هەبێت تاوەکو زیندوێتی خودی ئایین بسەلمێنن، دەریخەن ئایین لە هەموو کاتێکدا ڕۆڵی تایبەت بەخۆیی هەیە و دەکرێ لە بواری خۆیدا کاریگەرییەکانی بەردەوام بێت ئەمەش بەبێ خوێندنەوەی جیدی و هاوسەنگ و زانستی ئەستەمە بەدی بێت...

# ئیسلام و نەریتەکان

چۆن دەڕوانیتە پەیوەندی نێوان ئیسلام و نەریتەکان؟

م. فاتح سەنگاوی: ئەگەر نەریت بریتی بێت لەسەرجەم ئەو هەڵسوکەوت و گوفتارانەی مرۆڤ خووی پێوە گرتووە لە ژیانیدا و لە هەڵسوکەوت و مامەڵەیدا ڕەچاوی دەکات، ئەوا دەتوانین بڵێین ئیسلام وەکو ئاینێك کارلێك لەگەڵ هەموو دیاردەو نەریت و خووەنەدا دەکات بە رووە ئیجابی و ئەرێنییەکەدا، یان بە دیوێکی تردا هەموو دیاردەو داب و نەریت و خووە جوان و سودبەخشەکان لە ئیسلامدا جێگەیان دەبێتەوە و دژ ناوەستن لەگەڵ دەقەکانیدا، هەربۆیە ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی دوو سەرەیە، لەگەڵ هەندێکی تەبا و لەگەڵ هەندێکی تریدا ناتەبایە.

هەندێك پێیان وایە ئەوەی لەلای عە رەب نەریت بووە، ئیسلام کردوویەتی بەدین؟

م. فاتح سەنگاوی: ئەو قسەیە بەو گشتییەی ناڕاستە، ئەوەی دروستە لەم بوارەدا ئەوەیە کە ئیسلام رێك و سازە لەگەڵ هەموو داب و نەریت و عورفێکی جوان و بەحەڵاڵ و دروستیان دادەنێت بە مەرجێك پێچەوانە نەبن بە دەقەرونەکانی ئاین و روح و مەبەستەکانی شەریعەت و بەرژەوەندی راستەقینە یا نەبنە هۆی خراپە و پشێوی و زیان گەیاندن بە کۆمەڵگە ... ئەگەر داب و نەریتێك زیانی دەگەیاند بە کۆمەڵگە و دەبوە هۆی بڵاوبونەوەی خراپەکاری

ئەوە ئیسلام پەسەندی نەکردوە و نایکات بۆ عەرەب و جگە لە عەرەبیش، هەر بۆیە دەبینین ئیسلام سووخۆری و قومارکردن و هاوشێوەکانی حەرام کرد لەگەڵ ئەوەی داب ونەریتی عەرەب بوو، بەڵام چەندین نەریتی کۆمەڵایەتی هێشتەوە کە سودبەخش و کەڵك دار بوون بۆ کۆمەڵگە ، سەرەڕای هێشتنەوە و پاڵفتەکردنی هەندێ شتی تر کە شوێنەواری ئاینی ئیبراهیم بون سەلامی خوای لەسەر . بەڵام نکولی لەوە ناکرێت هەندێ شت هەبووە لەخودی خۆیدا دین نەبووە بەڵام وەك دین وێنا کراوە, ئەمەیان پێویستی بەرامان و هەڵاوێردن و جیاکردنەوەیە لەخودی ئیسلام.

ئەی کاریگەری ئایین چۆن دەبینن لەسەر داب و نەریتەکان یان بە پێچەوانەوە؟

م. فاتح سەنگاوی: ئایین کاریگەریی هەبوە و هەیە لەسەر داب و نەریتەکان بۆ نمونە کاتی خۆی لە نێو عەرەبدا نەریتێك هەبوو دەیوت براکەت سەربخە و پشتیوانی لێ بکە ستەمکار بێت یان ستەم لێکراو: (انصُرءأخَاكَ ظَالِمًا أوءمَظلومًا) ئیسلام هات ئەم چەمکە و بێژەکەی هێشتەوە بەڵام دوای گۆڕینی ناوەڕۆکەکەی، داوای کرد دەستی ستەمکار بگیرێت و نەهێڵرێت ستەم بکات, ئەمەش پشتیوانی کردنی راستەقینەی ستەمکارە: (انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ هَذَا نَنْصُرُهُ مَظْلُومًا فَكَيْفَ نَنْصُرُهُ ظَالِمًا قَالَ تَأْخُذُ فَوْقَ يَدَيْهِ.) واتە ئیسلام پاڵفتەی داب و نەریتە گوفتاریی و کردارییەکان دەکات ... بەڵام هەندێ جاریش و لە هەندێ کۆمەڵگەدا داب و نەریتەکان رەنگ و مۆرکی دینیان وەرگرتوە و داب و نەریت وەك ئایین بۆی روانراوەو بەبەشێکی شەریعەت ئەژمارکراوە، جیاکردنەوەی ئەم تێکەڵییە وردەکاری و شارەزای

بواری شەریعەت و داب و نەریتی دەوێت، واتە دەکرێت داب و نەریتێك کە تەواو ڕێك نییە بە ئایین بەدین کرابێت و بەرۆیشتنی کات وەك حوکم و بەشێك لە دین بۆی روانرابێت.

هەندێك وا گومان دەبەن کە ئیسلام نەریتە جاهیلییەکانی بە یاسا کردووە؟

م. فاتح سەنگاوی: ئەو گومانە راست نیە، دەکرێت نەریتی جاهیلی هەبێت بەهاتنی ئیسلامیش درێژەی بەخۆی دابێت و لەلایەن هەندێکیشەوە وەك بەشێك لە ئیسلام بۆی بڕوانرێت و چوبێتە ناوفیقهو ئادابەوە، بەلاَم ئەوە هەڵەیەکە هی مسوڵمانانە نەك ئیسلام, لەوانەیە هەندێ کەس بابەتێکی وەکو نیقاب لە چوارچێوەی داب و نەریتدا بخوێننەوە نەك دین بەلاَم زاناش هەیە ئەم نەریتە وەك واجبێکی دینی تەماشا دەکات, ئەو بابەتانە دەکرێت جێگەی مشتومڕی بەردەوام بن، بەلاَم هەر وەکو وتمان ئەوە راستە هەندێ داب و نەریتی نەفامی ئیسلام دانی پێدا ناوە بەلاَم لەو روانگەیەوە کە ڕێك و سازە بە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ و مەبەستەکانی شەریعەت، ناتەبا نیە لەگەڵیاندا، بەلاَم ئەوەش راستە بەبێ ئاگایی دەکرێت نەریتێکی خراپیش لە کۆمەڵگەدا مۆرکی دینی وەرگرتبێت و خەڵکی هەر بە ئایین تەماشای بکات، بەلاَم حەقیقەتەکە ئەوەیە ئیسلام بەپێی بەرژەوەندی و دەرەنجامەکان بۆ داب و نەریت دەڕوانێت هەر بۆیە دەکرێت گۆڕانیان بەسەردا بێت و لەیەك بار و دۆخدا نەمێننەوە ...

بۆچونێکی تر هەیە دەڵێت زۆربەی نەریتەکان هەڵگۆزراوی ناو دینە، مومارەسە کردنی خودی دین (ئیسلام)، بەرهەم هێنانی نەریتی کۆمەڵگایە؟

م. فاتح سەنگاوی: دین کاریگەریی هەیە لەسەر دروست بونی داب و نەریت و چەسپاندنی لە نێو کۆمەڵگە جۆربەجۆر و جیاوازەکاندا ، بۆ نمونە پاك و خاوێن و گرنگی پێدان و پتەو کردنی پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان و سەردانی و بەدەمەوە بونی خزم و کەس وکار و ... هتد ... ئەمانە لەگەڵ ئەوەی داب و نەریتی کۆمەلأیەتین لەهەمان کاتدا ئایین داوای بەردەوامی و درێژەپێدانیان دەکات، لەو لاشەوە سروشتی و فیتری بونی ئیسلام وەهای کردووە رەنگ و رووی جۆراو جۆر وەربگرێت بەپێی ژینگە و کۆمەڵگە جیاوازەکان ... بەکورتی ئەوە راستە رێنماییەکانی ئایین دەکرێت لە هەمان کاتدا ببنە نەریتی کۆمەڵگە و مومارەسەی هەندێك دروشمی ئایینی لە هەمان کاتدا نەریتێکی کۆمەڵگە بێت . بۆچوونێکی تر هەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نوێژ دیاردەیەکی کۆمەلأیەتییە؟ نەریت چەمکێکی فکری ئەبستراکە؟

م. فاتح سەنگاوی: نوێژ خۆی لەخۆیدا فەرمانی ئایینە و دواتر دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەلأیەتیش و زۆرینەی کۆمەڵگە ئەنجامی دەدەن، ئیتر ئەمە چ ناوێکی لێ دەنێی بینێ، رەنگە زۆرێکیش ناوەرۆکی نوێژکردن وەك خۆی پیادە نەکەن و تەنها رواڵەتەی ئەنجام بدەن ئەمەش باس و خواسێکی ترە، سەبارەت بە فیکری و ئەبستراك بونی نەریت من وەهای نابینم، نەریت ئەو رووەی هەیە بەلأم تەنها ئەوە نیە چونکە نەریت هەڵسوکەوت و قسە و گفتار و جوڵە و بزاوتیشە نەك تەنها فیکر و تەجرید ...

عادەت شتێکی گشتی نیە هەر گەلێك دەستووری تایبەتبەتی خۆی هەیە، دەبینین گەل و تیرەکان لە یەك نەریتیشدا یەك ناگرنەوە، ئیسلام چۆن ئەڕوانێتە ئەو عادەتانە؟

م. فاتح سەنگاوی: ئیسلام ئاینێکە هاوسەنگی یەکێکە لە تایبەتمەندی و خاسییەتەکانی، هەربۆیە رێکە لەگەڵ باش و سودبەخشەکانیدا و برەوی پێ دەدا و ناتەبایە بەخراپ و زیانبەخشەکانی و هەوڵی هەموارکردن یان گۆڕینی دەدات. گرنگ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی راستەقینەی مرۆڤە, لەکوێ بەرژەوەندی هەبوو ئیسلام و شەریعەت لەوێیە.

## کەواتە جیاوازی ئیسلام و نەریتەکان لەچیدا دەبینیت؟

م. فاتح سەنگاوی: پرسیارەکە ئیشکالی تیایە، ئایین لە خوای گەورەوە هاتووە و نەریتەکان مرۆڤ کردن، ئیسلام کارلێکیان لەگەڵ دەکا و باش و سودبەخشەکانیان دەهێڵێتەوە و لەهەوڵی گۆڕینی ئەوی تردایە–هەڵبەت لە رێگەی بانگەشەکارانیەوە– جیاوازی تریش زۆرە لەنێوانیاندا. بەڵام بە رۆیشتنی زەمەن تەداخول و تێکەڵی روودەدات هەر بۆیە ناوبەناو نوێکردنەوەی ئایین دەبێتە زەرورەت.

هەندێك نووسەر دەڵێن ئەو نەریتانەی کە بە ئیسلامەوە گرێدراون ناگۆڕێن یان درەنگ دەگۆڕێن، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئایین گۆڕینکاری تێدا نیە یان خەڵکی خۆیان حەز ناکەن بیگۆڕن؟

ئەوە راستە هەر نەریتێك گرێ دراوی ئایین بێت و بەئاینەوە شێلرابێت بە ئاسانی ناگۆڕرێت، لەبەر ئەوەی وەکو ئایین تەماشای دەکرێت و رەگ و ریشەیەکی قوڵی بە نێوناخی کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە و جۆرێك لە رێزو پیرۆزی وەردەگرێت، واتە هۆکارەکە تێکەڵ بونی ئایین و نەریتە پێکەوە، ئەمەش پتەوی و چەسپاوییەك دەبەخشێت بەو نەریتە و بەو ساناییە ناگۆڕێت...

## حیجابی ئافرەت بە نەریتێکی جاهیلی ئەدەنە قەڵەم؟

م. فاتح سەنگاوی: ئافرەتی جاهیلی هەندێ پۆشاکی پۆشیوە بەڵام بەو شێوەیە نەبوە ئیسلام خواستویەتی و داوای دەکات ئەگینا بۆ ئایەتی تایبەتی وەك ئەم ئایەتەی بۆ دابەزیوە "وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَىٰ عَوْرَاتِ النِّسَاءِ ۖ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ " پاشان حیجاب یا راستر بڵێین پۆشتەیی نەریتی زۆرێك لەکۆمەڵگەکان بوە تەنانەت ئەگەر ئیسلامیش تەبەنی بکات و پێش ئیسلامیش بوبێت هەر ئاساییە، گرنگ تەبەنی کردنەکەی ئیسلام دین و خواپەرستیە نەك داب و نەریت... لەهەمان کاتدا ئیسلام داوا دەکات ئافرەت هات و چۆ و دەرچونی وەکو ئافرەتانی سەردەمی نەفامی نەبێت:(وَلَا

تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَىٰ) ، كەواتە ئیسلام شتێکی تری هێنا بەڵام هەموو شتێکی نەسڕییەوە ... لێرەوە داماڵینی پۆشاکی ئافرەتی مسوڵمان بەبیانوی دوور لە لۆژیك و بەڵگەی رونی قورئانی یان لێکدانەوە و راڤەی دوور لە زمان و دەقە رونەکان هەوڵێکی نازانستیە و پاڵنەرەکەی زیاتر روخان و شکستی دەرونییە وەك لە شتێتر.

نە ریت وە ك زاراوە ومیتۆد دە گە ریتە وە بۆچی چاخێك (سە ردە مێك)؟

م. فاتح سەنگاوی: خودی نەریت لەگەڵ بونی مرۆڤدا هاتووەتە بوون، حەتمەن وەکو باس و خواسیشی کۆنە و من ئاگاداری یەکەم بەکارهێنانی نیم، ئەم زاراوەیە لە فیکری ئیسلامیدا زیاتر لای زانایانی ئسولڵ بەکار دەهێنرێت و ئەوەی ئەوانیش قسەیان لێی کردوە تا رادەیەك بریتیە لەو رەفتار یا گوفتارەی لە ناخ و ئاوەزی خەڵکیدا پێگەی بۆ دروست دەبێت و لە ئاکاریاندا رەنگ دەداتەوە و دووبارە بوون بەخۆوە دەبینێت و خەڵکی پێی ئاشنای دەبێت و دەبێتە بەشێك لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییان ... لەگەڵ بونی مرۆڤدا کۆمەڵێك نەریت پەیدا دەبن ، دەست نیشان کردنی سەرەتایەکی دیاریکراو کارێکی ئەستەمە و پێ ناچێت زانستیش بێت ... من پێم وایە بۆ سەرەتای ژیانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە وەك لایەنی کرداری بەڵام وەك نوسین و باس و خواس ئاگاداری یەکەم کەس و کتێبێك نیم تاوتوێی ئەم چەمك و زاراوەیەی کردبێت ...

پرسیار: بیرۆکەی نەریتەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگاخۆرئاواییەکان یان خۆرهەلاٚتییەکان؟

م. فاتح سەنگاوی: نازانم پرسیارەکەت روون نییە، چونکە نەریت لە کۆمەڵگا رۆژئاوایی و رۆژهەلاٚتییەکانیش دا بونی هەبوە و هەیە و لای تەواوی گەل و نەتەوە و کۆمەڵگە جیاوازەکانیشدا ئامادەگی هەیە و تایبەت نییە بە رۆژئاوا یا رۆژهەلاٚتەوە ... ئەگەر باسی تاوتویٚ کردنی ئەو باس و خواسە بێت کە پێی دەوترێت نەریت ئەوە شتێکی ترە و بە دواداچونی تایبەتی دەویٚ و تویٚژینەوەی تایبەتی هەڵ دەگرێت و لە رۆژئاوا و رۆژهەلاٚتیشدا جێگەی باس و خواس بووە لە میزۆپۆتامیا و یۆنانی و چینی و هیندییەکانەوە تا مسوڵمانان و رۆژئاواییەکان، حەتمەن رۆژئاواییەکان لە چاخی نویٚ و هاوچەرخدا لە زۆربەی شتەکان دەسپێشخەر و لەپێشەوەن.

پرسیار: نەریتەکان خۆڕسکن یان داهێنراوی دەستی مرۆڤن؟

م. فاتح سەنگاوی: بێگومان داهێنراوی دەستی مرۆڤن بەلاٚم ژینگە جۆراو جۆرەکان و بیربۆچون و ئایین و ئاینزا و بارودۆخە کۆمەلاٚیەتی و رۆشنبیرییە جیاوازەکان رۆڵیان هەیە لە خەمڵین و جێگیربون و مانەوەیاندا...

پرسیار: دەکریٚ و دەتوانین ڕۆڵی نەریتەکان نەهێڵین؟

م. فاتح سەنگاوی: دەتوانرێت نەریتێك لاواز بکرێك یا بگۆڕدرێت بەلاٚم جارێکی تر نەریتێکی تر بەرهەم دەهێنینەوە و ئەم خول و سوڕنەوەیەش بەردەوام

دەبێت...

پرسیار: نەریتەکان جێگیرن یان بە پێی باروودۆخ و سەردەم گۆڕانیان بەسەردا دێت؟

م. فاتح سەنگاوی: نەریتەکان هەیانە تا ماوەیەکی دوور و درێژ جێگیرن و دەمێننەوە لە هەمان کاتدا وەك ئاماژەشمان پێی دا هەندێکیان بە پێی بارووداخ و سەردەم گۆڕانیان بەسەردا دێت و نویێ دەبنەوە و هی تر دێتە ئاراوە، بەڵام نەریتێك کە لە هەمان کاتدا بەشێك بێت لە ئایین ئەوا ئەو جۆرە نەریتە درێژە بە بون و مانی خۆی دەدات و گریێ دراوی بون و کاریگەریی ئاینەکەیە ...

# ئیسلام و شارستانییەت

گفتووگۆیەك لەگەڵ بەڕێز مامۆستا فاتح سەنگاوی

دیداری: ڕیاز کاکە مەحموود

بزاڤ: بزانم هۆکاری دواکەوتنی ئیسلام لە شەپۆلی شارستانییەت و بێ بەرهەمی موسڵمانان و دەوڵەتە بەناو ئیسلامییەکان بە بەراورد بە ئەورووپاو وولآتانی تر چییە.؟!

م. فاتح سەنگاوی: بەناوی خوای گەورە، سەرەتا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین دەکرێت بوترێت شارستانییەتی ئیسلامی بریتیە لە هەموو ئەو بەرهەم و دەستکەوتانەی ئیسلام وەك دین و مسوڵمانانان وەکو شوێنکەوتە پێشکەش بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییان کردووە لە کۆمەڵێ بەها و بنەما و یاسا و رێسا و پێشکەوتنی مادی و زانستی ... لە بواری بیروباوەڕ و رەوشت و کۆمەلآیەتی و سیاسەت و ئابوری و و زانستی و تەشریعی و قەزاییدا لە خزمەتی مرۆڤایەتی و باشترکردنی کاروباری ژیانیان، یاخود بەخشینی جیهان بینییەکی دی، کە دواجار هەموو ئەم شتان مۆرکێکی تایبەتی بەژیانیان بەخشیبێت و لە روکارە مادیی و مەعنەوییەکاندا رەنگی دابێتەوە، بەخۆ بواردن لەو تێکەڵییەی لەنێوان رۆشنبیری و شارستانییەت و مەدەنییەتدا لەم رووەوە دێتە ئاراوە ...

باشترە بڵێین دواکەوتنی مسوڵمانان نەك ئیسلام لە شەپۆلی شارستانییەت، گەرچی ئەم دواکەوتنەش رۆڵی خراپی هەبووە بۆ ناوبانگی ئیسلام وەکو دینێك ... دیارە مسوڵمانانان لە جیهانی ئەمڕۆدا پشکی خۆیان هەیە لە پێشکەوتندا و وەکو تاك بەشدارن لە پێشکەوتنە زانستی و ژیارییەکاندا، وەکو مێژووش بەشدارییان هەبووە، بەڵام دیارە وەکو کۆمەڵگەی مسوڵمان نشین دەمێکە لە کاروانی پێشڤەچوندا جێ ماون و بونەتە پاشکۆی ئەوانی تر لە روی ژیاری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ... ئەم پاشکۆیەتییە هۆکاری زۆرن لەوانە سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی ستەمکار و پشتاوپشتی و دوور لە راوێژ و خواستی خەڵك هەر لە بەرابیەکانی مێژوی ئیسلامدا و دروستبونی پەرتەوازەیی و کەرت بونی سیاسی و عەقیدەیی لە ناوخۆدا و دوورکەوتنەوە لە پەیامی پێغەمبەران کە ناوەڕۆکەکەی رزگارکردنی مرۆڤ و ئازادکردنێتی لە کۆت و بەندی تاغوت و پیرۆزکردنی کەسایەتییەکان و هەڵدان بە دەسەڵاتداران و پشتگوێ خستنی خەڵك و جەماوەر، ئەمە جگە لە فەسادی عولەما و ئومەرا بە دەربڕینە عەرەبییەکەی و دواتریش دواکەوتن لە رەوتی پێشکەوتنی زانستی و مادی و ژیارییانە و پاشەکشێکردنیان و پێشکەوتنی ئەوانی تر لە بەرامبەر و لاوازی ناوخۆ و بەردەوامی لە پەرتەواوەزەیی فیکری و عەقیدەیی و ململانێی نادروست و بڵاوبونەوەی نەزانی و خەرافیات لە بەرامبەردا بەهێزی نەیاران، ئەمە سەرەڕای پلانی دەرەکی وڵاتانی زلهێزی ئەو کاتی ئەورووپی و پەسەند کردنی رازی بون بە پاشکۆیەتی و رەخسانی زەمینە بۆ ئیستعمار و ئامادەگی

بۆ ئیستیحمار و سەرسام بون بە فیکر و رۆشنبیری رۆژئاوا و نەخستنەڕوی بەدیلی هەڵقوڵاوی پەیامی ئیسلام ...

بزاڤ: شارستانییەتی ئیسلام لە کەی و لە کوێوە دەستی پێکرد.؟! یا با بپرسم ئایا هەر شارستانییەتی هەبووە ئیسلام.؟! ئایا توانیویەتی شتێك بە مرۆڤایەتی ببەخشێت.؟!

م. فاتح سەنگاوی:

بێگومان هەیبووە، هاتنی ئیسلام وەك ئاینێکی ئاسمانی خۆی لەخۆیدا سەرەتابوو بۆ بنیاتنانی شارستانییەتێکی نوێ بەڵام کاتێ دەتوانی پێی بڵێی شارستانییەت کە دەچێتە نێو گەلانی تر و سەرەتای کارلێکێی لەگەڵ ئەوانی تردا دەست پێ دەکات و دواتریش لەبواری پێشکەوتنی مادی و زانستی و بگرە مەعنەویشدا ئەدائی دەبێت ... بەشێك لە شوێنەواری ئەو شاستانییەتە لە شارەکانی وەك کوفە وحەلەب و بەصرە وبەغداد ودیمەشق و قاهیرە و رقە و فوستات و قەیرەوان وفاس ومەراکش و بوخارا وسەمەرقەند و بوخارا و دەلهی و حەیدەرئاباد و قەندەهار و بەلخ و ترمز وغەزنە و بوزجان و تولەیتیلە و قورتوبە ئیشبیلیە ومرسیە وسراییڤو وئەصفهان وتەبریز ونیقیا و هتددا دەبینرێت ... پێشکەوتن لە بوارەکانی بازگانی و دەریاوانی و کشتوکاڵ و پزیشکی و خەتخۆشی و زەخرەفە و هۆنراوە و ئەدەب و زمان ناسی و وەرگێڕان بەراورد بە گەلانی تر سەردەمانێك مسوڵمانان پێشکەوتوو بوون و

زانکۆی ئەزهەر و  زەیتونە و قورتوبە و چەندین شوێنی تری زانست و زانیاری لە شوێنە جیاجیاکانی وڵآتانی ئیسلامی و بونی چەندین نەخۆشخانە و هاریکاری نەخۆش و هاوکاری قوتابیانی زانست سیمایەکی دیار بوە و بەشیّ لە شارەکانی مسوڵمانان روگەی قوتابیان بوە تەنانەت لە ئەوروپای ئەو کاتەشەوە .

مێژوی شارستانییەتی ئیسلام خاوەنی هەزاران  زانا وشەرعناس و  فەیلەسوف و مێژونوس و جوگرافی زان و  زمانەوانەوان و ...هتد بوە و لە زانستە جۆربەجۆرەکانیشدا خاوەنی سەدانی وەك رازی وابن سینا جابری کوڕی حەیان و کیندی و فارابی و وابن النفیس و خوارزمی و  بیرونی و نەسیرەدینی توسی و ئینولهەیسەم و ئیبنوخەلدون و عەباسی کوڕی فیرناس و بەدیعوزەمانی جەزەری و ئیدریسی و ئیبنوباجە و عومەری کوڕی خەیام و مەولانای رۆمی و ... هتد بوە، لەم نێوەندە مسوڵمانە ناعەرەبەکان رۆڵ و کاریگەریی زیاتریان بوە لە بنیاتنانی ئەم شارستانییەتەدا و زۆربەی زانا ناودارەکانی فەرمودە و تەفسیر و زمان لەوانن و تەنانەت مەسیحییەکان بە مەزهەبە جیاوازەکانیانەوە رۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لەو شاستانییەتەدا، هەر لەوەرگێڕانەوە بیگرە تا دەگاتە پزیشکی و ئەدەب و هونەر و کاروباری ئیداری و سیاسی  و لەم بوارەوە چەندین ناوی وەك شەمعونی راهیب و گۆرگۆیۆس ئەسقوفی حەڕان و  جبریلی کوڕی بختیوشع و یوحەننای ماسویە و حەنینی کوڕی ئیسحاق و حەبیشی کوڕی ئەعشەم و سەعیدی کوڕی بەتریق واسحق الدمشقی ویحیی بن یونس وعیسی بن یحیی ویحیی بن عدی وعبد المسیح الکندی، نمونەن لەو بارەیەوە ، ئیتر ئاماژەدان بە زانایانی مسوڵمان و شاکارە

گەورەکانیان ئەوە هەر تەواو نابێت ... هەموو ئەمانە ئاماژەی شارستانییەتێکی ئیسلامین کە کۆی مسوڵمانان و نامسوڵمانەکانیش بەشدار بوون تێیدا ...

ئەم شارستانییەتە سەرەڕای کەم وکورتییەکانی بەڵام چەندین مۆرکی تایبەتی وەکو یەکتاپەرستی و بەهاخوازی و لێبوردەیی و فرەیی لە خۆ دەگرێت ئو مانەوەی ئەوەی پێی دەوترێت کەمینە ئاینییەکان لەو ناوچانەی مسوڵمانان فەرمان رەواییان کردوون بەڵگەیەکی گرنگ و گەورەیە لە کاتێکدا ئەم نمونەیە لای ئەوانیتر کەمتر دەبینرێت...

بزاڤ: ناکۆکی و کێشەو شەڕی نێوان موسڵمانان لە سەرەتای خیلافەتی ئیمامی عەلی و دواتر تا چەند بوویە هۆکاری دواکەوتن و نەهێشتنی شارستانییەتی ئیسلامیی.؟!

م. فاتح سەنگاوی: کاتێك دەوترێك شارستانییەت و ژیار ئەمە واتای ئەوە نییە هەرچی تێیدا رویداوە هەموی باش و ئیجابی بوە، یان شەڕو شۆڕی تێدا نەبووە، هەموو شارستانییەتەکان ناکۆکی و پەرتەوازەیی و خاڵی هێزو لاوازو شەڕو ئاشتی تێدابووە، لە هەمان کاتیشدا مەرجیش نیە کێشە و گرفت و خراپییەکانی نێوی رێگر ببێت لەوەی شارستانییەت بنیات بنرێت یا درێژە بەخۆی بدات، ئەوەی تۆ ئاماژەت پێی داوە گرفتی سەرەکی و کۆسپێکی گەورەی ئەو شارستانیەتەیە کە تا هەنوکەش تاڵاوی ئەو ناکۆکییانە دەچێژرێت لەنێو ئەوەی پێی دەوترێت ئومەتی ئیسلامی یا وڵاتانی مسوڵمان

نشین، ئەوەی هەنوکە لە عێراق و سوریادا روو دەدات ئەگەر قۆستنەوەش بێت بەرێژەیەك کاریگەری و سێبەری ئەو مێژوەی لەسەرە و هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی لەهەموو کات و سەردەمێکدا وەك بۆمبێکی تەوقیت کراو لە کاتی پێویست دا بتەقێنرێتەوە بەتایبەتی ئەگەر مسوڵمانان بەم رادەیەی ئێستا دوور بن لەکرانەوە و لێبوردەیی ناوخۆیی و دورکەوتنەوە لە قبوڵ کردنی یەکتر بەتایبەت لەنێوان رێبازەکانی وەکو سوننە و شیعە و بەتایبەتی تریش کاتێك سیاسەت و سیاسییەکان بۆ مەبەستی خۆیان سودی لێ دەبینن و مێژوی مسوڵمانانیش خاڵی نییە لەم دیاردە نەشیاوو نادروستە ... شارستانییەتی ئیسلامی راستە پێکەوە باس و خواسی دێت و مەرجەعییەتێکی دیاری کراوی هەیە بەلاّم هەموی یەك کوتلە نییە و لەسایەی یەك دەسەلاّتدار و لە چەند شوێنێکی دیاری کراودا روی نەداوە، بەڵکو بریتییە لەو شارستانییەتەی مێژوییەکی دوور و درێژی هەیە و هەموو گەلانی مسوڵمان لە ولاّت و ناوچە جۆربەجۆرەکاندا بەشدار بوون تێیدا و هەر ماوەی شوێنێك ئەو رۆڵە گرنگەی بینیوە وەك پێشرەو، سەردەمانێ بەغدا و دیمەشق و سەردەمانێ قاهیرە و مەغریب و ئەندەلوس و ... هتد بوە... لە هەمان کاتدا بەرز و نزمی و هەڵکشان و داکشانی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە...

بزاڤ: سەردەمی رمانی خیلافەتی ئیسلامیی لە تورکیا و لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمیدی رەحمەتیدا، ولاّتانی ئەورووپی خاوەن هێزو تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو و بەهێز بوون، بۆچی ئیسلام و دەوڵەتەکەی نەیتوانی خۆی لەبەر

شەپۆل و هێرشی خاچپەرستانی نوێدا ڕابگرێت.؟! لەو کاتەدا شارستانییەتی ئیسلامیی چی بوو.؟!

م. فاتح سەنگاوی: دواهەمین پێگەی سیاسی مسوڵمانان وەکو ئومەتێکی سەربەخۆ و خاوەن جۆرێك لە یەکڕیزی و یەکبونێکی ڕێژەیی سەڵتەنەتی عوسمانی بووە و ئەم هێزە چەندین قۆناغی بەهێزی بڕی و لە دوادواییەکانی تەمەنیدا بەرەو لاوازی چوو، تا وەهای لێهات ناو بنرێت بە پیاوە نەخۆشەکە کە هەموان بەنیازی دابەش کردنی میراتییەکەی بوون، بە فیعلیش هەر ئەوە رویدا جەستەی ئەو کیانەی دەوڵەتی عوسمانی خۆی بە خاوەن و پارێزەری دەزانی بەرەو لاوازی چوبوو، ئەم هێزە لە زۆر رووەوە کەوتبوە دواوە و لاواز و بێ هێزببوو لەبەرامبەر وڵاتانی ئەوروپادا کە دوای شۆڕشی پیشەسازی و رێنیسانس بەرەو گەشە و پێشکەوتن چوبون، ئێ سونەتی ژیان وەهایە بێهێز شکست دەهێنێت و دەیدۆڕێنێت ... ئیتر خاڵە لاوازەکانیش زۆربوون لەوانە : لەخۆبایی بون و کار سپاردن بەکەسانی بێ توانا و بڵاوبونەوەی خراپەکاری لە نێو کاربەدەستان و زانایان و کارگێڕانی دەوڵەت و دواکەوتن لە روی زانستی و پیشەسازییەوە، پەرتەوازەبونی ریزیی ناوخۆیی نێوخۆی سوڵتانەکان و گەلانی ئیمپراتۆرییەتەکە بەگشتی و فراوان بونی قەڵەمڕەویی دەسەلاتیان و بەهێزبونی تورکچییەتی و عەرەبچییەتی و نەتەوەگەریی و مافخواردنی گەلانی تری ژێر سایەی ئەو دەسەلاتە و دەست نەگرتن بەخاڵە ئیجابییەکانی نێو کەلتوری ئیسلامی و بڵاوبونەوەی خەرافییات و دەستەوسانی لە خۆنوێکردنەوە و نوێخوازی لە کەلتور و کۆمەڵێ بیروبۆچون کە زادەی زەین و بیریی مرۆیین و بۆ سەردەمە بەرایییەکان شیابوون نەك دواتر و دەست وەردانی

دەرەکی ولاَتە ئەوروپپییەکان ... ئەمانەو چەندینی تر هەر یەکەی بەرێژەیەك ڕۆلَی هەبوە....

بزاڤ: وولاَتانی ئیسلامیی لەم سەردەمەدا بە وولاَتە دواکەوتووەکان ناو دەبرێن، خۆ هیچ جیاوازییەك لە نێوان کەسێکی دیندارو بێ دیندا نییە، بەلاَم بۆچی موسلَمانان تەنانەت ناتوانن پێداویستییەکانی خۆشیان بەرهەم بهێنن.؟!

م. فاتح سەنگاوی: والله هۆکار زۆرە لەوانە : کۆسپی زۆر هەیە و زەمینەی داهێنان و بەرەو پێشچون نارەخسێنرێت، دواکەوتن لەروی بیرو ڕۆشنبیری و خۆتازە نەکردنەوە و ئەبدەیت نەبون و مانەوەی کەلتوری ستەمگەریی ناوخۆیی و داگیرکاری بێگانە و هاتنی هێزگەلێکی تر بەناوی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی و دیموکراسییەوە بەلاَم دواجار سیستەمێکی دیکتاتۆریان بەرهەم هێنا، لەهەمان کاتدا لە پێناو بەردەوام بونی بەرژەوەندی زلهێزان پارێزگاری لەهەموو ئەو ڕژێمانە و هاوشێوەکانی کرا و تاوەکو ئێستەش درێژەی هەیە و کودەتاکەی ئەم دواییەی میسر و بێ دەنگ بون لەو خوێن ڕێژییەی ئەنجام درا و بێ دەنگ لە ئاست ئەوەی لە سوریادا دە گوزەرێت سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن لەگەلَ هەندێ هاوکێشەی سیاسی تر...

بزاڤ: پێت وا نییە ئەورووپاو ئەمریکاو لایەنە خاچپەرستییەکان ناکۆکی و شەڕیان خستۆتە نێوان وڵاتانی موسڵمانان و، نەوت و سەرچاوە گرانبەهاکانییشیان دەبەن و شەپۆلی شارستانییەتی خۆشیان پێش دەخەن.؟!

م. فاتح سەنگاوی: بەرێژەیەك وەهایە بەڵام ئەم دەسەڵات و گەلانەش قابلییەت و شایستەیی پەسەندکردنی ئیستیعماری تێدایە هەروەك مالك بن نەبی دەڵێت و ئیستیحماربویش پەسەند دەکا هەروەك شەریعەتی دەڵێت ، ئەگینا دەرەنجامەکان بەو شێوەیە نەدەبوو ... ئەوان بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا وێڵن و بەهەر نرخێك بێت دەستی دەخەن و هەموو کەسی لە پێناودا دەکەنە قوربانیی، ئەوە کاربەدەستان و خەڵکانی ئەم وڵاتەیە ناتوانن بەرژەوەندی راستەقینەی خۆیان دەستەبەرکەن و بونەتە گوێ لە مستی ئەو زلهێزانە و ئەو نەخشە سیاسییەی ئێستەش لە ئارادایە رەنگ رێژەکارەکەی هەر ئەو وڵاتە زلهێزانەن و لە قازانجی ئەوان دەکەوێتەوە، دیارە لاوازی و پەرتەوازەیی و بگرە دیکتاتۆرییەتیش لەم دەڤەرەدا لە قازانجی ئەوانە و تا بۆیان بکرێ لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا ئامادەن تەمەنی ئەم دۆخە درێژتر بکەنەوە ... گۆڕینی ئەم دۆخەش قوربانی زۆری دەوێ و بەهاری عەرەبیش بەو ئاراستەیەدا بوو، بەڵام جارێکی تر هەوڵی زۆر هەیە بۆ بەپاییزبون و وەرزی هەڵوەرینی هیواکان و لە داهاتوویەکی تاڕادەیەك نزیکیش دا زۆر شتی ترمان بۆ روون دەبێتەوە ....

بزاڤ: هۆکارەکان و ڕێگەکانی بنیادنان و درووست کردنەوەی شارستانییەتی ئیسلامیی چین.؟!

م. فاتح سەنگاوی: دەکرێت ریێ وشوێنی زۆر بگیرێتەبەر لەوانە: کارکردن بۆ گێڕانەوەی کەرامەتی مرۆڤ و بنیاتنانی دەسەلاتێکی دادگەر و یاساسەروەر و خزمەتگوزار ، بەهێزکردنی ئابوری ولات و ریگری لەگەندەلیی ،سود بینین لە مێژوو نەك لە مێژوودا ژیان و برەودان بەگیانی لێبوردەیی و مامەڵەی دروست لەگەڵ بەرامبەری جیاواز، وەرگرتنی جەوهەری ئیسلام نەك دروشم بازی بە ئیسلام و مەزهەبگەرایی و دەمارگیریی ، گەڕانەوە بۆ دین نەك دینداریەکی ساختە، چونە خزمەتی قورئان و سوننەی صحیح نەك لێکدانەوەی بەرتەسك و مەزهەبی و تێگەیشتنی دەمارگیرانە، هەنگاو هەڵکردن لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەکانی سەردەم و ئەو ماف و حزمەتگوزارییانەی هەنوکە لە زۆر شوێنی ئەم دونیایەدا دابین کراوە و خۆ بواردنیش لە هەموو ئەو سەلبیاتانەی کەرامەتی مرۆڤ بون دەخەنە ژێر پرسیارەوە و واتایەك بۆ مرۆڤ بون و رۆح و مەعنەوییەتی مرۆڤ ناهێڵنەوە ... سەدان رێ و شوێنی تر کە پێویستی بە کۆنگرە و کۆنفرانس و توێژینەوە و ... هتد هەیە ...

بزاڤ: دەگوترێت ئێمە ئێستا بزووتنەوەین، بزووتنەوە کۆمەڵگە پێك دەهێنێت، کۆمەڵگە دەوڵەت بنیاد دەنێت، دەوڵەت داوای شارستانییەتی لێ دەکرێت، ئەمە تا چەند وایە.؟! ئایا هەر دەبێت دەوڵەت بوونی هەبێت ئینجا تەکنەلۆجیاو شارستانییەت پێشکەشی مرۆڤەکان بکرێت.؟!

م. فاتح سەنگاوی: بەشێوەیەکی رێژەیی ئەو ریزبەندییە راستە ، بەڵام دەکرێ بپرسین ئێمە کێین؟ گەر مەبەستت لە ئێمە تەنها بزوتنەوە ئیسلامیەکان بن ئەوە دەبێت ئەو راستییە بزانیین ئەوانیش بەشیکن نەك هەموو لەو کیانانەی رۆڵیان دەبێت لە پێکهێنانی شارسانییەتی ئیسلامی، دەکرێت زۆر ناوەند و ئاراستەی تریش رۆڵ ببینن، ئێمە وتمان مەسیحییەکانیش رۆڵیان هەبوە لە نەخشاندنی ژیاری ئیسلامییدا، بنیاتنانی شارستانییەتی ئیسلامی قورساییەکەی زیاتر لەسەرشانی مسوڵمانە ناعەرەبەکان بووە، ئەمڕۆ زۆرینەی هەرە زۆری ئاراستە جیاوازە ئیسلامییەکان بەتەواوی بۆچونەکانییەوە، بەجۆرێك لەجۆرەکان دەتوانن رۆڵیان هەبێ لە دوبارە بنیاتنانەوەی ژیار و شارستانییەتی ئیسلامی، ئەمڕۆ لە سفرەوە دەست پێ کردن نییە گەر وەك تاك و جالییەش حسێب کەین مسوڵمانان لەمڕۆدا بەشدارن لە بنیاتنانی شارستانییەتی هاوچەرخدا. بەڵام جڵەو و پێشڕەوی کردنی لە دەستی ئەواندا نییە، ئێمە کۆمەڵگەمان هەیە بەڵام هەموارکردن و سازاندن و شیاندنەوەیەکی ئیجابییانەی دەوێ، دام و دەزگای دەوڵەتیش شتێکی مرۆڤ کردە و تەنها بە عەقڵییەتی کارگێڕی و کۆمەڵێ بەهای مرۆیی و سودبینیین لە ئەزمونی ئەوانیتر دەکەوێتە سەر پێ، لەبەرەنجامی دەوڵەتی دادگەر و حزمەتگوزار و خاوەن توانای ئابوری و ئیمکانییاتی مرۆیی رەفاهییەت و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن دروست دەبێ و لەکۆی کۆمەڵە دەوڵەت و چەندگەلێکی هاو شێوە کە سەر بە مەرجەعییەتێکی فیکری و

کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بن و ئەدائی تایبەتییان هەبێ شارستانییەت دروست دەبێ....

# ئیسلام و توندوتیژی و بزاڤە ئیسلامییەکان

دادگەری و ستەمکاری، دیدێکی ئیسلامیانە

– بۆ ئەوەی داعش دووبارە نە بێتەوە ... خوێندنەوەیەك بۆ هۆکار و پاڵنەرەکانی تیرۆر

– ئیسلام و توندوتیژی و بزاڤە ئیسلامییەکان

– داعش سەرەتایەکی لێڵ و سەرەنجامێکی روون.

– پارتی ئیسلامی کۆمەڵگەی مسوڵمان.

– فرەیی ئاینی و ئاینزایی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمان

– پەیوەندی کورد و شیعە, لە نێوان دیدی ئاینی و تێڕوانینی سیاسیدا

– بڵاوبونەوەی ئیسلام و نەصرانیەت بە زۆری شیر، خوێندنەوەیەك لە ناوکۆی مێژوودا.

## دادگەری و ستەمکاری، دیدێکی ئیسلامیانە

کاتێك خوێندنەوەی خێرای قورئان و سوننەی سەحیح دەکەی زۆر بەروونی دەگەی بەوەی یەکێك لە مەبەستە سەرەکییەکانی هاتنی ئیسلام بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە ، بەهەردوو باری نەهێڵانی خراپەکارییەکان و بەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکانی تایبەت بە ژیانی مرۆڤ ، لەم روانگەیەوەیە زانایەکی وەك (عز بن عبدالسلام ) دەڵێ: (وَالشَّرِيعَةُ كُلُّهَا مَصَالِحُ إِمَّا تَدْرَأُ مَفَاسِدَ أَوْ تَجْلِبُ مَصَالِحَ)[1] ، (ابن تیمیة)، وەها وەسفی هاتنی پەیامبەران دەکات کە ئامانج لە نێردرنیان: بەدەست هێانی بەرژەوەندییەکان و تەواوکردنیان بێت و پەکخستنی خراپەکان و کەمکردنەوەیان بێت، هەرچیش فەرمانی خوایی لەسەر هاتبێ زۆرترین بەرژەوەندی مرۆڤەکانی تێدایە، هەروەك دەفەرموێ: (فَإِنَّ اللَّهَ بَعَثَ الرُّسُلَ بِتَحْصِيلِ الْمَصَالِحِ، وَتَكْمِيلِهَا، وَتَعْطِيلِ الْمَفَاسِدِ وَتَقْلِيلِهَا، فَكُلُّ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ وَرَسُولُهُ فَمَصْلَحَتُهُ رَاجِحَةٌ عَلَى مَفْسَدَتِهِ.)[2]. لە وتەیەکی دورو درێژیشدا ئیبنوقەییمی جەوزی لەژێر ناونیشانی:(بناو الشريعه على مصالح العباد فى المعاش والمعاد)باس لەم بابەتە دەکات و لەبەشێکی قسەکانیدا دەڵێ: (فإن الشريعه مبناها وأساسها على الحكم ومصالح العباد فى المعاش والمعاد وهى عدل كلها ورحمه كلها ومصالح كلها وحكمه كلها فكل مسأله خرجت عن العدل إلى الجور وعن الرحمه إلى چدها وعن المصلحه إلى المفسده وعن الحكمه إلى العبپ فليست من الشريعه وإن

---

[1] قواعد الأحكام في مصالح الأنام، عز الدين عبد العزيز بن عبد السلام، ت: طه عبد الرؤوف سعد، مكتبة الكليات الأزهرية – القاهرة،1414هـ – 1991م، ج1، ص11.

[2] الفتاوى الكبرى، ابن تيمية، دار الكتب العلمية، ط1، 1408هـ – 1987م، ج3، ص14.

أدخلت فيها بالتأويل فالشريعة عدل الله بين عباده ورحمته بين خلقه وظله في أرضه وحكمته الدالة عليه وعلى صدق رسوله ص أتم دلالة وأصدقها)[3]، ( شاطبي )ش وةها دةروانيَتة شةريعةت كة تةنها بؤ بةرذةوةندى مرؤظةكان دانراوة:( أَنَّ الْمَعْلُومَ من الشريعة أنها شُرِعَتْ لِمَصَالِحِ الْعِبَادِ" فَالتَّكْلِيفُ كُلُّهُ إِمَّا لِدَرْءِ مَفْسَدَةٍ، وَإِمَّا لِجَلْبِ مَصْلَحَةٍ، أَوْ لَهُمَا مَعًا)[4]. ئەم بۆچونانە دەربڕی مەبەست و ناوەڕۆکی شەریعەتە و سازە لەگەڵ فەرمایشتی:( وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ) ( الانبياء : 107 )، بەهایەکی گەورەی کرۆکی دەقەکان: بابەتی دادگەری و دژایەتی ستەمکارییە، گەرچی لە مێژووی مسوڵمانانندا ڕەنگدانەوەی پێویستی نەبووە و نەتوانراوە بە پێی پێویست و چاوەڕوانکراو لە بەهاوە بگوازرێتەوە بۆ واقع، لە کاتێکدا زۆرترین پاساوی ئەم گواستنەوەیە لە ئارادابووە[5].

ئەوەی ئێمە لێی دەدوێین تەنها باری بەهاییەکە و بونی دەقی رون و ئاشکرایە لەو بارەیەوە، پیادە نەبونی بەپێی خواست و پێویست لە مێژوودا و

---

[3] إعلام الموقعين عن رب العالمين، محمد بن أبي بكر ابن قيم الجوزية، ت:طه عبد الرؤوف سعد، مكتبة الكليات الأزهرية، مصر، القاهرة، 1388هـ/1968م، ج3، ص2.

[4] الموافقات، إبراهيم بن موسى الشاطبي، مشهور بن حسن آل سلمان، دار ابن عفان، ط1، 1417هـ/ 1997م،ج1، ص318.

[5] د.جاسم سوڵتان پێنج قۆناغ دیاری دەکات بۆ ئەوەی بەهاکان پێیدا تێپەڕن و تەرجەمەبن بۆ واقع، کە بریتین لە: قۆناغی هۆشیاری و بونی دەقەکان، قۆناغی قسەلەسەرکردنی فەلسەفیانە و پێگەیشتن و بڵاوبونەوە، قۆناغی تەبەننی کردنی هۆشیارانە و بونیان بە بنەما و بەشێك لە شێوازی ژیان، قۆناغی گۆڕانی بۆ سیستەم و ڕێ و شوێنی یاسایی.. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە: التراث و إشكالياته الكبرى، جاسم سلطان، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت– لبنان، ط1، 2015م، ص31–51.

نەبونی بە بنەما و سیستەمی فەرمان رەوایی وەکو پێویست ئەوە بابەتێکی ترە و بۆ دەرفەتێکی تر جێی دەهێڵین...

دادپەروەر بون لە ڕەفتار و گوفتاردا فەرمانێکی خواییە، ئەرکێکە دەبێ موسڵمان پێی هەڵسێ و بنەمایەکی ڕەوشتی وەهایە کە ناکرێ دەست بەرداری بین، خوای گەورە زۆر بەڕوون وئاشکرایی فەرمانمان پێ دەکا دادگەر بین:( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَ الْأِحْسَانِ وَ إِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَ يَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَ الْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ)(النحل :90) ، خوای گەورە فەرمان دەدات بەدادپەروەری و چاکەکاری و یارمەتیدان و بەخشندەیی بەخزمان و قەدەغەی گوناهـو تاوان و دەست درێژی دەکات (بۆسەر ماڵ و نەفس و ناموس )و ئامۆژگاریتان دەکات بۆئەوەی ئەو راستیانەتان لە بیردا بێ.

ئەو دادگەرییەی ئیسلام داوای دەکا، دەبێت حەز و ئارەزووە کەسییەکانی مرۆڤـ نەبێتە رێگری و بەپێی ئەو حەزانە لەبەرامبەر کەسەکاندا یاری بە چەمکی دادگەری نەکا بەڵکو پێویستە لەگەڵ ناحەزەکانیشیدا دادگەرانە ڕەفتار بکا ئەمەش داوایەیەکە خوای گەورە ویستویەتی و دەیەوێ ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَ اتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ )(المائدة: 8).

نابێ دادگەری لەژێر کاریگەری خزمایەتی و پەیوەندییە خزمایەتییەکاندا پشتگوێ بخرێ و پێشێل کرێ:( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُواقَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقِيراً فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْتَعْدِلُوا وَ إِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً ) ( النساء : 135) .

فەرمان بە دادوەری بۆسەرجەم خەڵکییە بەبێ جیاوازی لەنێوانیاندا ، ئەمەش لەو ئایەتەدا بەدەر دەکەوێ کە سەبارەت بە فەرمان ڕەوایان دابەزیوە هەروەك خوای زانا و دانا دەفەرموێ ( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعاً بَصِيرا ) ( النساء : 58 )

ئامانجی سەرەکی ناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی پەڕاوەکانیان جێبەجێبونی دادگەرییە لەنێوان خەڵکی و نەهێڵانی ستەم و زۆردارییە: ( لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَ أَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَ الْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ) ( الحديد :25 ). خوای گەورەش دادخوازانی خۆش دەوێ: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) (الحجرات: 9، خؤشي لة ستةمكاران نايةت: (وَاللَّهُ لا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ)(آل عمران :57.

دادپەروەری لەسیاسەت کردن و قەزاوەت کردندا فەرمانی خواییە: ( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ) النحل:90، (وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ) (النساء:58، هەمان داواش لە پەیامبەر کراوە:( وَ أُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ )الشورى :15 )، ( قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ ) (ألأعراف :29، دادگەری لەووتار و گوفتاریشدا ئەرکێکی ئاینیە:(وَ إِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا)(الأنعام :152). لەچەندین جێگە و باری جۆراوجۆری تردا دادپەروەری بنەما و ڕوانگەیەکی قورئانیی لەم ڕوانگەیەوەیە کاتێك ئافرەتێکی مەخزومی دزی دەکا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامادە نیە لێخۆشبونی بۆ دەرکا و لێی ببورێ، هەرچەندە تکایان بۆی کرد و هەوڵی زۆریان بۆی دا .. هەربۆیە پێغەمبەری خوا فەرمان ڕەوایان دەترسێنێ لەوەی ناپاکی لە موسڵمانان بکەن و هەڕەشەی چونەدۆزەخیان لێ دەکا ( عن أبي معلى معقل بن يسار ( ر.ض ) عنه قال : سمعت رسول الله ( ص ) يقول: (

مامن عبد يسترعيه الله رعيةً ، يموت يوم يموت وهو غاشٌّ لرعيته إلاحرّم الله عليه الجنة ) متفق عليه ، كەواتە ناپاکی کردن لەدەست و پەیوەند و خەڵك و جەماوەر هۆکاری چونە دۆزەخە .

یەکێك لەو حەوت بەشەی کە لەژێر سایەی سێبەری خوای گەورەدا جێی دەبێتەوە پێشەوایەکی دادگەر( إمام عادل)ە، هەر وەك لە فەرمودەیەکی(مسلم )دا هاتووە: ( أهل الجنة ثلاث ذوسلطانٍ مقسطٍ موفق، ورجلٌ رحيمٌ رقيق القلب لكل ذي قربى و مسلم و عفيف ذو عيال) رواه مسلم. لێرەدا دەسەڵاتداری دادگەر یەکێکە لەوانەی کە موژدەی بەهەشتی پێدراوە .

دادگەری بنەمای مانەوە و سەقامگیری ژیان و کۆمەڵگەکانە و ستەمیش پێچەوانەکەیەتی، کاروباری دونیا ڕێك و راست دەڕوات بەڕێوە ئەگەر دادگەری بەرپابوو با هەندێ تاوان و گوناهیشی تێ کەوێ هەروەك لە واقعی ئەمرۆی هاوچەرخدا دەیبینین، بەڵام ژیان و گوزەرانی خەڵك بەتەواوی تێك دەچێ و شیرازەی دەپچڕێ ئەگەر ستەمکاری بالآدەست بوو با ستەمکاریش خۆی بە مسوڵمانیش بزانێ، خوای گەورە دەوڵەتی دادگەر پایەدار دەکات با کافریش بێت و دەوڵەتی ستەمکاریش شکست پێ دێنێ با مسوڵمانیش بێت، ئەمە کرۆکی وتەی زانایەکی وەکو(ابن تيميه)یە،لەگەڵ ئەوەی هەندێ لەو ستەمانەی لەمڕۆدا ئەنجام دەدرێ دەدرێتە پاڵ ئەم زانایە، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ: (وَأُمُورُ النَّاسِ تَسْتَقِيمُ فِي الدُّنْيَا مَعَ الْعَدْلِ الَّذِي فِيهِ الاشْتِرَاكُ فِي أَنْوَاعِ الْإِثْمِ: أَكْثَرُ مِمَّا تَسْتَقِيمُ مَعَ الظُّلْمِ فِي الْحُقُوقِ وَإِنْ لَمْ تَشْتَرِكْ فِي إِثْمٍ" وَلِهَذَا قِيلَ: إِنَّ اللَّهَ

يُقِيمُ الدَّوْلَةَ الْعَادِلَةَ وَإِنْ كَانَتْ كَافِرَةً" وَلَا يُقِيمُ الظَّالِمَةَ وَإِنْ كَانَتْ مُسْلِمَةً. وَيُقَالُ: الدُّنْيَا تَدُومُ مَعَ الْعَدْلِ وَالْكُفْرِ وَلَا تَدُومُ مَعَ الظُّلْمِ وَالْإِسْلَامِ) [6].

بەم پێیە و لەم روانگەیەوە ( ابن القيم)گوتەنی:هەرکەس لە شەریعەت تێ گەیشتبێ و ئاشنای کەمالاتەکانی بێ و ئەوەی زانیبێ بەرژەوەندی دین و ژینی خەڵکی لە خۆ دەگرێ و ئەوپەڕی دادگەری تێدایە و هەمووانیش دەگرێتەوە و هیچ دادگەرییەك لەسەرووی ئەوەوە نییە و لە هیچ شوێنێك بەو شێوەیە بەرژەوەندی رەچاو نەکراوە، بۆی روون دەبێتەوە کە ( سیاسەتی دادگەرانە) بەشێکە لە بەشەکانی شەریعەت و چڵێکە لە چڵەکانی، هەرکەسیش شارەزای مەبەست و کرۆکەکانی بێ و باش لێی تێگەیشتبێ بەهیچ شێوەیەك پێویستی سیاسەتێکی تر نییە. سیاسەتیش لەدیدی ئەودا دوو جۆرە : سیاسەتی ستەمکارانە کە شەریعەت حەرامی کردووە و سیاسەتێکی دادگەرانە کە ماف لە ستەمکار دەستێنێ، ئەمە بەشێکە لە شەریعەت ئیتر کێ دەیزانێ یا نایزانێ ئەوە شتێکی ترە، ئەمەش تێکستەکەی ئیبنوقەییمە:(وَمَنْ لَهُ ذَوْقٌ فِي الشَّرِيعَةِ، وَاطِّلَاعٌ عَلَى كَمَالَاتِهَا وَتَضَمُّنِهَا لِغَايَةِ مَصَالِحِ الْعِبَادِ فِي الْمَعَاشِ وَالْمَعَادِ، وَمَجِيئِهَا بِغَايَةِ الْعَدْلِ، الَّذِي يَسَعُ الْخَلَائِقَ، وَأَنَّهُ لَا عَدْلَ فَوْقَ عَدْلِهَا، وَلَا مَصْلَحَةَ فَوْقَ مَا تَضَمَّنَتْهُ مِنْ الْمَصَالِحِ: تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّ السِّيَاسَةَ الْعَادِلَةَ جُزْءٌ مِنْ أَجْزَائِهَا، وَفَرْعٌ مِنْ فُرُوعِهَا، وَأَنَّ مَنْ لَهُ مَعْرِفَةٌ بِمَقَاصِدِهَا وَوَضْعِهَا وَحَسُنَ فَهْمُهُ فِيهَا: لَمْ يَحْتَجْ مَعَهَا إلَى سِيَاسَةِ غَيْرِهَا أَلْبَتَّةَ. فَإِنَّ السِّيَاسَةَ نَوْعَانِ: سِيَاسَةٌ ظَالِمَةٌ

[6] مجموع الفتاوى، ابن تيمية الحراني، ت:عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية، المملكة العربية السعودية، 1416هـ/1995م، ج28، ص 146.

فَالشَّرِيعَةُ تُحَرِّمُهَا، وَسِيَاسَةٌ عَادِلَةٌ تُخْرِجُ الْحَقَّ مِنْ الظَّالِمِ الْفَاجِرِ، فَهِيَ مِنْ الشَّرِيعَةِ، عَلِمَهَا مَنْ عَلِمَهَا، وَجَهِلَهَا مَنْ جَهِلَهَا)[7].

هەر کەباسی دادگەری دەکرێ یەکسەر لەبەرامبەریدا ستەم و زۆرداری باس و خواسی هەیە، جا ئەگەر دادگەری بریتی بێ لە دانانی شتەکان لە جێگە و ڕێگەی شەرعی خۆیدا و پێدانی ماف و پایەکان بەخاوەنەکانیان، ئەوا دەتوانرێ بوترێ : ستەم دانانی هەرشتێکە لەشوێنی ناشایستەدا جاچ بەکەم کردنەوەبێ یان زیادکردن یا لادانی هەر شتێکە لەکات و شوێنی خۆی ، یاخود بەوە پێناسەی بکەی کە (ظلم)دژ و پێچەوانەی (عدل)ە[3] . باس و خواسی ستەم واز لێ دێنین لە پێناو پابەند بوون بە درێژ نەبونەوەی بابەتەکە و چەند سەرنجێکی کورت لە بارەی دادگەرییەوە تۆمار دەکەین:

بەم پێیە ئەگەر مافیشایستەی کەسی و شتەکانمان نەدا ، ئەوا ستەم ( ظلم)مان کردووە، جا ئەکرێ ستەمەکە تەنانەت لە خودی خۆمان بێ ، یا لەکەسێکیتر یاخود ستەم بێ لەگیاندار و گیان لەبەرەکانی دی یاخود چوونە بەرەیستەمکارانەوە بێ .

ئیسلام سیاسەتی کردنێکی عادیلانەی گەرەکە و ئەوەش لە پیاکردنێکی ڕاستەقینەی ئیسلام دا خۆی بەرجەستە دەکا ، بەو پێیەش لەگەڵ باس کردنی دادگەری ( العدل )دایەکسەر ستەم وەبیر دەکەوێتەوە بۆیە دەبینین لەبەرامبەر ( عدل)دا خوای گەورە نەهی و بەربەستی و بەرهەڵستی ستەم و ستەم کاریمان لێ دەکا و بەناشرین و قێزەون دەیخاتە پێش چاومان و سەرەنجامی ستەمکارانمان بۆدەخاتە ڕوو کە تیاچوونە ، جاچ تاك بن یاکۆمەڵ

---

7 الطرق الحكمية، ابن قيم الجوزية، مكتبة دار البيان، د:ط، د:ت، ص4.

(3) السنن الالهية ، عبدالكريم زيدان، دار إحسان، ط1، 1413ه-1993، ل113 ـــ 114 .

و گەل ، خوای گەورە سەبارەت بە ستەمکاران و پاشەڕۆژیان دەفەرموێ ( مَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَ لا شَفِيعٍ يُطَاعُ ) ( غافر : 18 ) ستەم کاران خەمخۆر و تکاکاری گوێ لێ گیراویان نییە ، یا دەفەرموێ ( وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِيرٍ ) ( الحج :71 ) ، هەروەها لەفەرمودەی ( قدسي )دا هاتووە خوای گەورە فەرمویەتی ( ياعبادي إنِّي حرّمت الظلم على نفسي و جعلتهُ بينكم محرَّماً فلا تظالموا ) رواه مسلم عن أبي ذر .وە پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) لە فەرمودەیەکیتردا کە ( جابیر) بۆمانی دەگێڕێتەوە دەفەرموێ ( اتقوا الظلم فإن الظلم ظُلماتُ يوم القيامةِ و اتقوا الشُّحَّ فإنَّ الشحَّ أهلك من كان قبلكمُ ، حَمَلَهُمْ على أن سفكوا دماءَ هُمْ و استحَلُّوا محارمَهُمْ ) رواه مسلم ، یا لە فەرمودەیەکی تردا کە ( ابوهریرة ) بۆمانی دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا فەرمویەتی (لَتؤدُّن الحقوق إلىأهلها يوم القيامة حتى يُقادُ للشاةِ الجلجاء من الشاةِ القرناء )) رواه مسلم ، یا سەبارەت بە گرتن و سزادانی ستەمکاران پاش مۆڵەت دانیان دەفەرموێت ( فەرمودەکە (ابوموسی ) دەیگێڕێتەوە ) (( إن الله ليُملي للظالمِ فإذا أخذه لم يفلته )) پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ( وَ كَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَ هِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ ) ( هود :102 ) )) متفق علية [1] . دیارە لەم بارەوە فەرمودە زۆرن .

جا تۆڵە سەندنەوە لە ستەمکاران [2] زۆرجار هەر لەدونیادایە جگە لە سزای دواڕۆژیشیان خوای گەورە دەفەرموێ ( وَ لَقَدْ أَهْلَكْنَا الْقُرُونَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُوا) (یونس :13) کەواتە هۆی لەناوبردنیان ستەمکارییان بووە ، یا سەبارەت بە لەناوبرنیان لەدونیادا دەفەرموێ ( وَ مَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِنْ كَانُوا هُمُ

---

[1] رياض الصالحين باب تحريم الظلم والأمر برد الظلم .

[2] هةريةكة لة(ظلم)و(عدل)ماناى زؤر فراوان ترى هةية لا 102 .

الظَّالِمِينَ ) ( الزخرف :76 ) لەسەر هەمان مەبەست دەفەرمویّ ( وَ مَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَى إِلَّا وَ أَهْلُهَا ظَالِمُونَ ) ( القصص :59 ) ئەمەش سوننەتێكی غالبە ـــ لە ستەم و ستەمكاران دا ( واتە سزادانی ستەمكاران هەر لەدونیادایە هەروەك (د.زیدان ) دەڵێ ) ، لەم بارەوە ئەبوداود فەرمودەیەك دەگێڕێتەوە (مامن ذنب أجدر أن يجعل الله تعالى لصاحبه العقوبة في الدنيا مع مايدّخر لهافي لآخرة مثل البغي و قطيعة الرحم)) ... دیارة ( بغی ) دەست درێژییە و ( قطیعة الرحم )یش پشت گویّ خستنی مافی كەس وكارییە .

لەلایەكی تریشەوە ستەم لێكراو نزای گیرایە ، لەنێوان ئەو و خوادا وەك لەفەرمودەدا هاتووە پەردە نییە لە نێوانیاندا، ئەوەتانێ ( ابن عباس ) خوای لێی ڕازی بێت بۆمانی دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) كاتێك موعازی كوڕی جەبەلیئنارد بۆ (( یمن )) پێی فەرموو ((...... واتق دعوة المظلوم فإنها ليس بينها و بين الله حجاب )) .. جا ئیتر ئەو تۆڵەسەندنەوە دەكریّ خوای گەورە ماوەیەك دوای بخا و مۆڵەتی بدات ...

جاریواش هەیە خوای گەورە ستەمكارێكی تری بەسەردا زاڵ دەكا و تۆڵەی خەڵكیتری لیّدەكاتەوە وەك سزایەكی خوایی ، كورد گوتەنی ( زاڵم زةوالَیهةیة ) خوای گەورەش سەبارەت بەمە دەفەرمویّ ( وَ كَذَلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضاً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ) ( الأنعام : 129 ) وە سەرەنجامیش هەر میللەتێك ستەمكاریێ تیادەچیّ و دەسەڵاتی نامێنیّ و خوایگەورە لەناویان دەبا ، جا زوویێ یا درەنگ ، چەندان ئایەتیش ئەم ڕاستییە ڕوون دەكەنەوە و واقعی مێژوویی و سیاسی ئەوە دەردەخات ( فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُوا ) (الأنعام :45) ،(وَكَمْ قَصَمْنَا مِنْ قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَ أَنْشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْماً آخَرِينَ)(الانبياء :11 ) پێشتریش ئاماژەمان دا بەوەی كە دەوڵەتی كافر ئەگەر

دادگەری تیادابەدی کرا ئەوا زیاتر دەمێنێتەوە وەك لەوەی ستەمکاربێ ، گونجاویشە وەکو زانایانیشمان ئاماژەی پێدەکەن و واقعیش دەیسەلمێنێ کە دەکرێ دەوڵەتی کافر دادگەری تێدابێ و مافەکانی یەکتری لەنێوان خۆیاندا بەیەکتری ڕەوا ببینن ، باکافریش بن بۆئەم مەبەستەش ئاماژە بە ئایەتی (وَمَاكَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَ أَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ) ( هود : 117 ) دەدرێ و قسەکانی(ابن تيمية )ش بەئاشکرا پشتگیری ئەم ڕایەبوون [1] .

لەبەر ئەومەترسییە زۆرانەی ستەم و ستەمکاری خوای گەورە داوامان لێدەکات نزیك نەبینەوە لە ستەمکاران و خۆمان نەکەین بەشەریکە بەشیان، خوای گەورەدەفەرموێ ( وَ لا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَ مَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لا تُنْصَرُونَ ) ( هود : 113) خۆمەهاونە پاڵ ستەمکاران بەوهۆیەوە ئاگر بتان سوتێنێ و هیچ کەسیش جگە لەخوا پشت و پەناتان نابێت و پاشانیش سەرفراز و سەرکەوتوو نابن ، یان دەفەرموێ (وَسَكَنْتُمْ فِي مَسَاكِنِ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ وَ تَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَ ضَرَبْنَا لَكُمُ الْأَمْثَالَ ، وَ قَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وَ عِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وَ إِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ ) ( ابراهيم :45 ـ 46 ) واتە ئێوە نیشتەجێی ماڵ وحاڵ و شوێنی ئەوانە بوون کە ستەمیان لەخۆیان کرد ، وە بۆتان دەرکەوت کە چیمان پێکردوون و چیمان بەسەر هێنان و نمونە و باسی زۆرمان بۆ هێناونەتەوە ، بێگومان پیلان و تەڵەکەی خۆیانیان گێڕا ، فێڵ و فڕی زۆریان کرد ، بەڵام هەموو پیلان و فێڵیان لای خوا ئاشکرا و دیارە ، هەرچەندە پیلان و فێڵەکانیان کێوەکانیش لەبن بهێنێت .

---

[1] سەیری (السنن الالهيه) بکە .

بۆئەوەی موسڵمان لە سزای ستەم و ستەمکاران بپارێزرێن گەرەکە بە شێوازە گونجاو و لواوەکان ڕووبەڕووی ستەم وستەمکاری بوەستن و مل کەچی بۆ ستەمکاران دەرنەبڕن و خۆیان نەخە نەباوەشی ستەمکارانەوە (ولاترکنوا إلى الذين ظلموا .. ) بەهیچ شێوەیەك هاوکاری و پشتیوانیان نەکەن و لەسەر ئەوستەمانەی پێی هەڵدەسن ئەگینا هەمان حوکمی ئەوانیان دەبێ ( إِنَّ فِرْعَوْنَ وَ هَامَانَ وَ جُنُودَهُمَا كَانُوا خَاطِئِينَ ) ( القصص :8 ) .

دیارە ستەم و زۆرداری زۆر ڕووی هەیە و لەچەندین بواردا ئەنجام دەدرێ لەوانەش لەڕووی ئابوری و سیاسەتەوە ، چیرۆکە قورئانیەکانیش ڕێنمایی گەورە و گرنگی تێدایە بەڵکوچەند یاسایەکی کراوەن بۆ سود و کەڵك وەرگرتن بە بەڵگەی فەرمودەی خوای گەروە ( لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثاً يُفْتَرَى ...... ) ( يوسف :111 ) یەکێك لەوچیرۆکە قورئانیيانەی باس لە زۆرداری سیاسیيە و قورئان بەمەبەستەوە باسیدەکا و مەودایەکی زۆر فراوانی هەیە لە قورئاندا بەسەرهاتی فیرعەونە بە شێوەیەکی گشتیی ، ئەمەش وەك هێمای زۆرداری و ڕەمزی کەسی ستەمکار ( کە ئێمە لێرەدا باسمان لەستەمە) ، فیرعەنیش لێرەدا لەسەروی هەرەمی دەسەڵاتەوەیە و سیفەتی توند و تیژی و زۆرداری بووەتە سیمایەکی جیاکەرەوەی ، باس کردنیشی بۆئەوەیە پەندی لێ وەربگیرێ ... فیرعەون بانگەشەی ڕبوبیەت دەکا ( فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى ) ( النازعـات :24 ) ، هەرچەندە لەناخیشیدا خۆی دەناسێ بەڵام دەڵێ ( أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِنْ تَحْتِي أَفَلا تُبْصِرُونَ ) ( الزخرف :51 ) ، وەك ئەوەی خۆی بەدیهێنەری بێ ، لەهەمان کاتدا بانگەشەی ( ألوهية )یش دەکا بەوەی دەیەوێ گوێ ڕایەڵی بکرێ ، ئەو چیرۆکە قورئانیيانە کە مەودایەکی زۆر

فراوانی قورئانیان داگیرکردووە و تەوەرە سەرکیەکانیشیان جەدەلی نێوان ستەمکاران و چەوساوەکان و شوێن کەوتوانی پێغەمبەران و زەبر و زۆری دەسەڵاتدارانە ، کە سەرجەم ئەو چیرۆکانە کار لەسەر نابوت کردنی ستەمکاران و ستەمەکانیان دەکا و قسەیە لەوەی ئەوان دەیانەوێ خەڵکی ئەوان فێرعەون ئاسا بە ( أنا ربكم الأعلى ) بزانن و لەڕوی گوێ ڕایەڵیشەوە دەڵێن (مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرِي)(القصص:38).

ئەمەش بەکۆیلە کردنی مرۆڤە و زەلیل کردنێتی و قورئانیش کاری سەرەکی لەسەر مرۆڤە بۆ پەسەند نەکردنی ستەم و زۆرداری و مل کەچ نەکردن بۆی . هەربۆیە دەبینین ئیسلام زۆرداری و ستەم بەهەموو شێوەکانیەوە ڕەت دەکاتەوە و پەسەندی ناکا هەر لەستەم کردن لەخۆوە ، ئەمەش بە بەزاندنی سنورەکانی خوا ( وَ مَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ ) (الطلاق :1 ) تەنانەت ئەگەر بوار هەبێ مرۆڤـــ دەبێ بچێ بۆ زەمینەیەك کە ئازادی پەرستشی تێدایە و یاسای خوای تیا بەرقەرارە ئەگینا مرۆڤـــ ستەمکارە و ستەمی لەخۆی کردووە ئەگەر لە زەوی زۆرداری و ژێردەستیدا بمێنێتەوە ( إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنْتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَ سَاءَتْ مَصِيراً ) ( النساء : 97 ) پێغەمبەری خواش لەچەندان فەرمودەدا ئاماژە بەوە دەکات کە نابێ باوەڕدار خۆی زەلیل و ژێردەست بخا ، یەکێك لەو فەرمودانە دەفەرموێ ( من أعطى الذلة من نفسه طائعاً مختاراً غير مكره فليس منّا ) رواه الترمذي و حسنه ، خۆئەگەر ستەمەکە ستەم بوو لە کەسانیتر ئەوا ستەمەکە چەندانەتر دەبێتەوە ، چونکە ماف خواردنی خەڵکانی تری تێدایە ، خۆ ستەمی دەسەڵات داران ئەوا چەندانە ترە ، چونکە خەڵکێکی

زۆرتر دەگرێتەوە و ناپاکی کردنە لە سەرجەم گەل ( مامن عبد یسترعیه الله رعیة یموت یوم یموت وهو غاش لرعیته إلاحرّم الله علیه الجنة ) رواه مسلم .

لێرەوە خۆدانە پاڵی ستەمکاران هۆکارێکی سوتانە بە ئاگری دۆزەخ ( وَ لا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لا تُنْصَرُونَ ) ( هود : 113 ) [1] .

لێرەوە هاوکاری کردنی کەسانی ستەمکار باخزمی خۆتیش بێ بەڕەگەز پەرستی و دەمارگیری دادەنرێ ( من العصبیة أن یعین الرجل قومه علی الظلم) [2] . لەوەی ڕابورد دەرکەوت ئیسلام دخوازی دادگەریەیە و ستەم و زۆرداری حەرام دەکا ، جا ئیتر ئەمە لەژیانی تاك دابێ یا کۆمەڵ یا فەرمان ڕەوا ، تەنانەت ئەوانەی دەسەڵاتی بەرجەستەبوو لە ئیمام دا بەزەرور نازانن ( ئەگەر بەبێ ئیمام بتوانرێ دادگەری بەرپا بکرێ ) بەڵام بەرپاکردنی دادگەری بەپێویست دەزانن ، کەواتە دادگەری ئەوچەمکەیە کە ناکرێ بەهیچ شێوەیەك لە دیدی ئیسلامی دا تەنازولی لێبکرێ و لەهیچ بارێکدا نابێ پشت گوێ بخرێ .

لێرەوە دەخوازرێ دیدی ئیسلامیەکان لەم ئاراستانەوە وەربگیرێ و بەهیچ شێوەیەك لەژێر هیچ ناوێکدا ڕێگە نەدەن بە ستەمکاری و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤــ، بەتایبەت لەکاتێکدا خۆیان زەمەنێکی زۆرە کوشتەی دەستی زۆرداری و ستەمکارین ، هەربۆیە سەرجەم ئەو هەوڵانەی کەدەدرێن بۆ دەسەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤــــ و ئازادی ڕادەربڕین و تەعبیر لەخۆ کردن ، پێویستە پشتگیری لێ بکرێ و بنرخێنرێ ، چونکە هەرهەنگاوێ لەوڕووەوە هەنگاوێکە بەرەو دادی خوایی و دەسەبەرکردنی کەرامەتی مرۆڤایەتی مرۆڤــــ،

---

[1] سەیری (في الفقه السیاسي الأسلامي ) بکە فرید عبدالخالق .

[2] رواه ابن ماجة في سننه ب2 ل13 ، رواه ابوداود بصیغة قریبة من ذلك .

کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجی پەیامی پێغەمبەران و ڕێگەخۆش کردنیشە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەقەناعەتی تەواو ڕاسگۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ بیروباوەڕ و بیر و بۆچونە جۆراوجۆرەکاندا بکەن .

دیارە فیکری دادگەری لەئیسلام دا فراوانە و دەچێتە نێو بوارەکانی ژیانی تاك وخێزان و کۆمەڵگە و سەرجەم بوارە جۆرا و جۆرەکانی ژیانەوە ، لەلایەکی ترەوە هەروەك چۆن دادگەریتی پایەیەکی گرنگە لە سەراپای ژیانی ئیسلامیانەدا لەوانەش بواری فەرمان ڕەوایی و لەلایەکی ترەوە ستەمیش یەکێکە لە گەورەترین تاوانەکان و خوای گەورە حەرامی کردووە و فەرمانیشی داوە ستەمکاری نەکرێ ...

دەکرێت بەچەند خاڵێك هەندێ رونکردنەوە سەبارەت بەدادگەری و ستەمکاری لەمێژووی مسوڵماندا بخەینەڕوو :-

1. جیاوازی هەیە لەنێوان مێژوی موسڵمانان و مێژوویەك کە ئیسلام پێی ڕازییە، ئیسلام دان نانێت بەمێژوویەکدا کە بەپێی بنەما و مەبەستەکانی ئیسلام پیادە نەکرابن و ڕەنگدانەوەی حەقیقەتەکانی ئەو نەبن، باموسڵمانانیش پێی هەستابن، واتە شەرعیەتی دینی نیە، بەڵکو لە بەرامبەردا ئیسلام دان دەنێت بە لاپەڕە پرشنگ دارەکانی مێژووی موسڵماناندا و ئەوی تر بە سەرپێچی و لادان دادەنێت. ئیتر هەرکەس پێی هەستابێت، مرۆڤـــەکانیش لەدیدی ئیسلامیدا فریشتەنین و توانای ئەنجامدانی کاری باش و خراپیان هەیە و بەرپرسن لە ئاست هەڵسوکەوتەکانیاندا. لادان لە بیروباوەر و بنەماکانی ئیسلام ، شاهێدییەك نییە دژ بەئیسلام بەکاربهێنرێت

گەرچی کاریگەری راستوخۆیشی هەیە، جائەگەر ئیسلام  سازێنەر و دروست کاری ستەم و زۆرداری نەبێت، بەڵکو شۆڕشێك بێ دژ بەستەم و زۆرداری و موژدە بەخشی ئازادی و دادگەری بێ، ئەوا ئەوەی لە هەندێك سەردەم و کات دا ڕوویان داوە و ستەم و زۆرداری ئەنجام دراوە و لە دادگەری ترازاون ئیسلام وەك ئایین لێی بەرپرس نییە ، ڕەوا نییە بدرێتە پاڵ ئیسلام و لەسەر ئیسلام ئەژمار کرێت هەرچەندە مسوڵمانان لێی بەرپرسن، مێژووی راستەقینەی ئیسلام چەردەیەکە لە هەڵوێست و ڕەفتار کە موسڵمانان بەپێی ئیسلام و لەوڕوانگەیەوە پێی هەستاون ... ئەویتر لەسەر مێژووی نەفامی و هۆزایەتی و پیادەکردنی هەڵە کەڵەکە دەکرێ نەك خودی ئیسلام وەك ئاین و بیروباوەڕ.

2. ئیسلام داخوازی دادگەرییە و ستەم و زۆرداری حەرام دەکا، جا ئیتر ئەمە لەژیانی تاك دابێ یا کۆمەڵ یا لە کاروباریی فەرمان ڕەواییدا ، تەنانەت ئەوانەی دەسەڵاتی بەرجەستەبوو لە ئیمام دا بەزەرور نازانن (ئەگەر بەبێ ئیمام بتوانرێ دادگەری بەرپا بکرێ و دەنگێکی وەها لە مێژوودا هەیە) بەڵام بەرپاکردنی دادگەری بەپێویست دەزانن، کەواتە دادگەری ئەوچەمکەیە کە ناکرێت بەهیچ شێوەیەك لە دیدی ئیسلامی دا تەنازولی لێ بکر ێت و لەهیچ بارێکدا نابێت پشت گوێ بخرێت .

3. سەرجەم ئەو هەوڵانەی کەدەدرێن بۆ دەسەبەرکردنی رێز و مافەکانی مرۆڤـــ و ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین، پێویستە پشتگیری لێ بکرێت و بنرخێنرێت ، چونکە هەرهەنگاوێت لەوڕووەوە هەنگاوێکە بەرەو دادی خوایی و دەسەبەرکردنی کەرامەتی مرۆڤایەتی مرۆڤــــ ، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجی پەیامی پێغەمبەران و ڕێگەخۆش کردنیشە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەقەناعەتی تەواوو ڕاسگۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ بیروباوەڕ و بیر و بۆچونە جۆراوجۆرەکاندا بکەن .

4. فیکرەی دادگەری لەئیسلام دا فراوانە و دەچێتە نێو بوار و رایەڵەکانی تاك و خێزان و کۆمەڵگە و سەرجەم کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانەوە تایبەت نییە بە بواری سیاسەت و فەرمانرەواییەوە...

5. ناتوانرێت بسەلمێنرێت ئیسلام وەکو ئایین ستەم و زۆرداری بەیاسا کردووە و شەرعیەتی پێداوە، بەو پێیەی سەرجەم رێنماییەکانی بانگەشەیە بۆ دادگەری و کودەتایە بەسەر ستەم وستەم کاریدا و ئاماژەشمان بەهەندێ وتەی ئەو زانایانە دا کە دەڵێن لەهەر کوێدا دادگەری هەبێ شەرعی خوا لەوێیە .

6. ناتوانرێت بسەلمێنرێت ستەم و زۆرداری لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا بووە بەبیروباوەڕێکی درووستی ڕەوا( عقیدة مشروعة) ، هەروەکو لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپی دا هەبوە ، بەوەی فەلسەفەیەکی سیاسی جۆرێك لە ئولوهیەت و ئیمتیازاتی دەبەخشیە پادشا و پاپاکانی کەنیسە کە دواجار ئەوان مافی ئەوەیان هەبوو لەسەرووی

یاساوە دابنرێن، بەڵام لەنێو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا شۆڕش دژی ستەم و زۆرداری بەردەوام بووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامێتی بەها ئیسلامیەکانی هاوێنەی دادگەری لەدڵ و دەرونی زۆربەی موسڵماناندا بەڕادەیەك تیاچونی نەفس و سامان و داراییان لەپێناوی گەڕانەوەی ئەو بەها و(مُثُل)ە ون بووانە بەکەم نرخ زانیوە ... (أ.محمود الناكوع ) دەڵێ (( بەتوێژینەوەیەکی مێژووی کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامی و مێژووی دەسەڵاتی سیاسی لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیەکاندا، کە بریتیە لە گەورەترین قۆناغەکانی مێژوو، ئەوە وەردەگرین کە لادانەکانی ڕەفتاری سیاسی بنیاتی ڕۆشنبیری نەگرتەوە و پایەکانی عەقیدەی نەڕووخاند و ئەحکامەکانی شەریعەت و پەنا بردن بۆ شەریعەتی لە کۆمەڵگەدا پووچ نەکردەوە و بەرهەڵستی ئازادی جووڵە و گواستنەوە و بازرگانی و بڵاوکردنەوەی زانست و پیشەی نەکرد ، بەڵکو لەڕاستیدا ژیانی مەدەنی گەشەدار بووە)) .

7. ستەم و زۆرداری تاپۆنیە لەسەر مێژووی موسڵمانان و مێژووییەکی قوڵ و کارەساتاوی هەیە لە هەناوی مرۆڤایەتیدا، بەڵکو ئیسلام لەم ڕووەوە ڕۆڵی هەرە گرنگ و ئیجابی بینیوە، لەنێو موسڵمانانیشدا کەسی وا هەڵنەکەوتووە بانگەشەی ئلوهیەت بکا، یا بەناوی خواوە قسە بکا، یا گومڕایی و سەر لێ شێواوییەکەی لەبەرامبەر خەڵك و جەماوەری خۆیاندا بگاتە ئەو ئاستەی لەبازاڕەکاندا (چەکی لێ خۆش بوون و بەهەشت )) بفرۆشرێت. یا

زەوی بەموڵکی فەرمان ڕەوا دابنرێت. ئەگەر هەندێ دەربڕینی لەو شێوەیەش هەبوبێ بوەتە خاڵی رەش و شەرمەزاری... مێژووی هیندیەسورەکان کە خاوەن داری ڕەسەنی ئەمریکا بوون کارەساتێکی زۆر دوور نیە ، داگیرکاری ئەوروپیە کانیش دژ بە زۆربەی وڵاتان لەسەردەمی نوێدا شتێکی نکولی لێ کراو نیە ، وەك ئەوەی کۆشك و تەلارەکانیان بە جم جمە و خوێن و سەروەت و سامانی گەلانی چەوساوە پێکەوە نرابێ وایە ، ئەو کارەساتەی لە جەنگە جیهانیەکاندا بەسەر دانیشتوانی گۆی زەوی داهات بەرهەم و سەرەنجامی ئەو حەزە چلێسەبوون کە تەنها لە بەرژەوەندی ماددی زیاتر هیچی نەدەبینی و .... هتد .

لەبەرامبەردا مەشروعیەتی باڵای ئیسلام کە فەرمان ڕەوایی ئیسلامی لەسەر بنیات دەنرێت وادەکا دەوڵەت بەرە و بانگەشەی خوایەتی نەچێت (وەکو لە ڕۆژئاوادا ڕوویدا ...)و یاسا و دەزگا و کەسەکانی لەژێرسایەی دەسەڵاتی یاسابالایی دابێ کەبریتیە لە (شەرع ) ، مێژووی کۆنی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکانیش ئاستی ستەم کاری ئەوانمان زیاتر بۆ دەردەخا ئەگەر بەراوردی بکەین بەمێژووی موسڵمانان بەوانەشەوە کە لایان داوە و ستەمیان کردووە.

8. گەر چی زۆرداری و خۆسەپاندن سیمایەکی دیاری ژیانی دەسەڵات دارێتی بووە لە کۆمەڵگە مسوڵمان نشینەکاندا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی مسوڵمانان زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکی سیستمی زۆرداری نەبووە، هیچ سەردەمێکی خاڵی نەبووە لە هەژمون و جۆرێك لەئاوێزان بوون (تفاعل) لەگەڵ

ئیسلام و بەهاکانیدا ئەمەش لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی گەورە و گرنگی هەبووە.

9. گرفتی گەورەی مێژوی مسوڵمانان بریتی بوە لەوەی نەیان توانیوە ئەم بەهاگەورەیە و هاوشێوەکانی بگۆڕن بۆ بارێکی فەلسەفی پێگەیشتوو، دواتر وەك بنەما و سیستەمێکی نەگۆڕ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ بەڵکو بەجێ هێڵراوە بۆ خواستی تاکەکان و ویژدانی فەرمان ڕەوا و لە مێژوی فیکری سیاسی ئیسلامیدا ئەم نەگۆڕینە کارەساتی بەرهەم هێناوە و تاوەکو ئێستەش کاریگەرییە سەلبییەکانی بەردەوامە و بەدرێژایی ڕۆژگار فەرمانڕەوا و کاربەدەستەکان بەشێوازی جۆراوجۆر توانیویانە خۆیان قوتار بکەن لە لێپرسینەوە و کارە ستەمکارییەکانیان و پاساوی زۆریان بینیوەتەوە بۆ درێژەدانیان بە ملهوڕی و نادادییەکانیان و لەو پێناوەشدا هەندێ جار پەنایان بۆ دەق و تەئویلی هەندێ دەقی شەرعی بردوە لەڕێگەی زانای دەربارەوە و هەندێ جاریش بەشێ لە زاناکان لە ژێر پەستانی واقع و زەبری ڕۆژگاردا پەنایان بۆ هەندێ چارەسەری واقیعی بردوە و دواجار تەئویلی شەرعی بونی لە هەناوی دەقدا بۆ کراوە لەکاتێك ئیسلام و پەیامی پێغەمبەران بۆ ئازادی و دادگەریی و بەزەیی و کەرامەتی مرۆڤ بووە.

10. لادان لە بیروباوەر و بنەماکانی ئیسلام ، شاهێدییەك نیە دژ بەئیسلام بەکاربهێنرێت ، جائەگەر ئیسلام سازێنەر و دروست کاری ستەم و زۆردای نەبێت ، بەڵکو شۆڕشێك بێ دژ بەستەم و زۆرداری و موژدە بەخشی ئازادی و دادگەری بێ ئەوەشی کە لەهەندێ سەردەم و کات دا ڕوویان داوە و ستەم و زۆرداری ئەنجام دراوە و لە دادگەری ترازاون ئەوا هەروەك لە پێشەوە ووتمان ئیسلام لەبارەیەوە بەرپرس نیە ، ڕەواش نیە کە بدرێتە پاڵ ئیسلام و لەسەر ئیسلام حیسێب کرێ ، مەرج نیەیە مێژووی ئیسلام یەکسان بێ بە مێژووی

موسڵمانان، بەڵکو مێژووی ئیسلام چەردەیەکە لە هەڵوێست و ڕەفتار کە موسڵمانان بەپێی ئیسلام و لەوڕوانگەیەوە پێی هەستاون ... ئەوەیتر لەسەر مێژووی نەفامی و هۆزایەتی و پیادەکردنی هەڵە کەڵەکە دەکرێ نەك خودی ئیسلام وەك ئاین و بیروباوەڕ .

11. لەڕوانگەی هەڵوێست گیری لەخاوەن ئاین و بیروباوەڕەکانیتر ... مێژووی موسڵمانان بەپێی ئەو سەردەمە دوور و درێژەی کە هەیبووەوە ئەودەسەڵاتە بەتوانایەی کە موسڵمانان خاوەنی بوون لەزۆر ڕووەوە بواری مرۆڤایەتیانەی ئیسلام و موسڵمانان پڕە لە سەروەری و سەربەرزی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤـــ و لەبەر بیروباوەڕ و قەناعەتی دینی پاکتاوی بەکۆمەڵی هیچ خاوەن ئایین یا مەزهەب و دینێك نەکراوە، گەرچی پەرێزیشیان تەواو پاك نیە[1]، بەپێچەوانەوە ئەوە زۆر بەئاشکرایی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەورووپی مێژویەکی پڕ لە خوێناوی ناوخۆیی و مەزهەبیان هەیە، ئەمە جگە لە قاتوقڕی موسڵمانانی ئەندەلوسو قودسو کوشت و بڕ و بەزۆر سەپاندنی ئاینی مەسیحی بەسەر موستەعمەرات و وڵاتانی هەردوو ئەمریکای نوێ و پاکتاوی رەگەزی هیندیەسورەکانو جەزائیریەکان و چەندانیتر سەرەڕای کوشتوبڕی سەردەمی هاوچەرخو وێنەی بۆسنەوهەرسكو کۆسۆڤۆو چیچانو فەلەستین... هتد

دەیەها زانای بەویژدانی تریش شاهێدی ئەم حاڵەتەن و مێژووش شاهێدی ڕێژەیەکی زۆری ئەو کاربەدەستانەیە کە خاوەنی ئاینی جیاوازبوون و لەدام و

---

[1] ئەمەحاڵەتی گشتی بووە، بەڵام هەندێ کارەساتی وەکوقەتڵ وعامی ئەرمەنییەکان ئەوە بەڕاستی لەساتەوەختی پەرەسەندنی عەلمانیەت دابووە لەتورکیا و پاڵنەرەکەسیاسی بووە یائاینی ئەوە پێویستیبە دواداچوون هەیە .

دەزگای دەوڵەتی ئیسلامیدا ڕۆڵیان بینیوە [2] ، مانەوەی کەمینە ئاینییەکان لە زۆربەی وولاتانی ئیسلامیدا بەجولەکەشەوە شاهێدی ئەوحاڵەتەن، نکولی لەوە ناکرێت عەقڵیەتی کۆمەلایەتی و هەندێ بیرو بۆچون لەهەندێ قۆناغی مێژووییدا هۆکاربوون بۆهەندێ سوکایەتی بەلام لەئاستی بەراوردکردندا نین بە ئەوانیتری جیاواز ، چ لەناوخۆ یان و چ لەبەرامبەر موسڵمانناندا. ئەمەش پاکانە نیە بۆ هەر ستەمکارێکی مسوڵمان لە کۆن و نوێدا, بەڵکو وەبیرهێنانەوەی ستەمکارییەکانی ئەوانیتر و ناساندنیانە وەکو ئەوەی هەبوون و تائێستاش بەجۆری جیاواز هەندێکیان دەستبەرداری ئەو رابردووە نین لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ گەلانی ئەم ناوچەیە و پشتیوانی کردنی ستەمکاران.

[2] الحريات العامة في الدولة الإسلامية، راشد الغنوشي ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، ط1، 1993 .

## بۆ ئەوەی داعش دووبارە نە بێتەوە ... خوێندنەوەیەك بۆ هۆكار و پاڵنەرەكانی تیرۆر

پێشەكی

لەم توێژینەوەیەدا گوزەرێكی خێرا دەكەین بەنێو چەند بابەتێكی تایبەت بە تیرۆر و لەسەر چەند تەوەرێك رادەوستین، سەرەتا تیشكێك دەخەینە سەر چەمكی تیرۆر و هەندێ چەمكی تری پەیوەندی دار و جیاواز لە زاراوەی تیرۆر و پاشان هۆكارە جۆراوجۆر و جیاوازەكانی دروست بونی داعش و هاوشێوەكانی بەشێوەیەكی كورت و پوخت دەخەینە روو، بەتایبەت هۆكارە ئاینی و سەرچاوە فیكرییەكان و پاڵنەر و هۆكارە سیاسییەكان و دواتریش چارەسەری گونجاو پێشكەش دەكەین تاوەكو رێگربین لە دروست بونەوەی داعشێكی تر، كە هێشتاش زەمینەی رەخسان و دروست بوونی بە كۆتا نەگەیشتووە ئەگەر داعشیش لەناو بچێت، بەتایبەت دوای ئەوەی بە ئەزمون و واقع سەلماوە داعشییەت توانای دروست بونەوە و چەندبارەبونەوەی هەیە ئەگەر هۆكار و زەمینەی رەخساوی بۆ بەدی بێت بگرە هەندێ جار بەتوندتر و دڕندانەتر خۆی نمایش دەكات هەروەك بینیمان، جیاوازی نێوان قاعیدە و داعشیش ئەم وێنەیە زیاتر رونتر دەكاتەوە. لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان نییە تیشك بخەینە سەر پێكهاتەی داعش و ئەو قۆناغانەی پێییدا تێپەڕیوە و

ئەو توانایانەی بۆی دروست بوە تا گەیشتنە ترۆپکەی لە داگیرکردنی موسڵ و دواتردا، ئەوە باسێکی ترە و جیگەی گرنگی پێدانی ئێمە نییە لێرەدا[8].

## پێناسەی تیرۆر

لەگەڵ نەبونی پێناسەیەکی دیاری کراو بۆ تیرۆر(ارهاب) و نەبونی یەکڕایی سەبارەت بەو چەمکە[9]، بەڵام ناوەڕۆکی ئەو پێناسانە کۆکن لەسەر ئەوەی تیرۆر ترس و تۆقاندنە و کەس یا گروپی تیرۆرکار لە ڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە ئەویتری جیاواز دەکاتە ئامانج بە مەبەستی بەدیهێنانی ویستە جۆراوجۆرە سیاسی و ئابوری و ئایدیۆلۆژییەکانی یا سەپاندنی دیدگا و بۆچونەکانی، بەڵام لە کۆتاییدا ئامانجێکی سیاسی بەدی دێت، دەرەنجام توندوتیژی و تۆقاندن و مەترسی دروست دەکات بۆ سەر ژیان و سامان و ڕێزو کەرامەت و ئاسایشی مرۆڤ[10]. خۆ ئەگەر تیرۆر هەڵگری ئایدیۆلۆژییایەکی

---

[8] دەکرێ سوود لەم سەرچاوانە و هتدیش وەربگیرێ: الدولة الإسلامية الجذور، التوحش، المستقبل، عبدالباري عطوان، دار الساقي، بيروت–لبنان، ط1، 2015، و داعش، ماهيته، نشأته، إرهابه، أهدافه، استراتيجيته، مازن شندب، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت–لبنان، ط2، 2015، و جيهاني داعش، هيشام هاشمي، و: هێمن محمود، سلێمانی، 2015، داعش، ئەبوبەکر عەلی، هەولێر، 2015.

[9] ئەمەش لە زۆربەی ئەو پێناسانەدا بەدی دەکرێ کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی مرۆییان هەیە و سەر بە لقی زانستە کۆمەڵایەتییەکانن.

[10] http://www.albasrah.net/ar_articles_2014/0614/bayan_170614.htm الإرهاب: تعريفه، أسبابه، أطرافه، ووسائل معالجته،شبكة البصرة، علي بيان، الجامعة اللبنانية – كلية العلوم، وhttp://www.abouna.org/content/، الارهاب، تاريخه، انواعه واسبابه،دد.

دیاریکراو  بێت، دەیەوێت بیروبۆچونەکانی: بسەپێنێ بە هێز و زۆر و تۆقاندن و کوشتن ، جا ئیتر دەکرێ تاکێك بەم کارە هەستێ یا رێکخراوێك یان هێزو حکومەتێك، یان حکومەتەکان بەرامبەر بەیەك، لێرەوە تیرۆریش جۆراوجۆرە لەوانە: تیرۆری دەوڵەت و نێودەوڵەتی، نەتەوەیی، ئایدیۆلۆژی، ئاینی، سیاسی، ئیعلامی..[11].

لە رووداوەکانی رابردوودا دەرکەوت مەسەلەی ترس و تۆقاندن و کوشتن بۆ گەیشتن بە ئامانجی تایبەتی سیاسی پەردەپۆش کراو بە ئایین یان بەپاڵنەری تێگەیشتنی هەڵە لە ئایین بە قێزەونترین شێوە و بەستراتیژێکی دیراسەکراوو بەرنامە بۆ دارێژراو لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعشە پیادەکرا و ئەم کارەشی وەك جەنگێکی دەرونی و چۆك پێدادانی بەرامبەر  ئەنجام دەدا بەتایبەت کاتێ هەموو ئەوکارانەی بە شێوەیەکی رێکخراو تۆمار و بڵاو دەکاتەوە[12].

لەگەڵ داعشدا تۆ رووبەڕووی توند و تیژی و تۆقانێکی کراوە دەبیت، تیرۆرێك وێنە و دیمەنەکان بۆ دوژمنەکەی دەنێرێ  پێش ئەوەی چەکدارەکانی بنێرێ

---

حنـا عيسـى 2014/10/09، http://www.alukah.net/culture/0/92452/، الإرهـاب والإسلام، ياسر تاج الدين حامد، 2015/9/30 ميلادي – 1436/12/16هجري، الإرهاب المفهـوم والأسباب وسبل العلاج، محمد الهواري، موقع الإسـلام،http://www.al-islam.com ، الحـوار المتمدن، ظاهرة الارهاب ... المفهوم ... والاسباب ...والدوافع، كمال النيص، 2011 / 7 / 7

[11] http://rawabetcenter.com/archives/4494 ، الارهاب أنواع أسبابهُ طرقُ معالجتهِ– محمد العربي.

[12] بِروانة فةسلَي شةشةمي كتيَبي: الدولة الإسلامية ، عبدالباري عطوان، المصدر السابق، ص147–165.

به هەموو هێز و توانا و چەك و تەفەمەنییە لەناوبەرەکانییەوە[13]. ئەم ستراتیژەش هەر لەسەرەتای دروست بونییەوە تاوەکو ساتی نوسینی ئەم بابەتەش بەردەوامە و پاساوی جۆراوجۆریشی بۆ دەهێنرێتەوە.

دەرەنجامی ئەو بۆچونەوەی سەرەوە ئەوەیە: داعش رێکخراوێکی تیرۆریستییە و ترس و تۆقاندن و سەپاندن و کوشتن یەکێکە لە ستراتیژە رون و مەبدەئە دیارەکانی، هەر رێکخراوێ یان دام و دەزگا و حکومەتێکیش بەهەمان رەفتار هەستێ هەمان پێناسە بەسەریاندا پیادە دەبێ

بگرە داعش ئەو پێکهاتەیەیە وەك ئەبوبەکر عەلی دەڵێ :(خوێناویترین دەرکەوتەی سەلەفی جیهادی و، دەرهاویشتەی واقعی شکستی دەوڵەت و، دۆخی وەحشتناك، باڵادەستی پاشاگەردانی و، دەمارگیری و، داخرانی ئاسۆکانی چارەسەری سیاسی و، قوڵبونەوەی قەیرانەکان، بە دیاردەیەکی ترسناکی سیاسی و سەربازی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێت و، کۆکەرەوەی چەندین دژ بەیەکی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازە، لە بۆتەی گشتێکی رێکخراودا)[14]. لێرەدا داعش قۆناغێکی نوێیە و بونی راستەقینەی خۆی نمایش دەکات و بەو پێیەی لە زەمینەیەکی بەهێزدا خۆی بینییەوە ئەوەی قەناعەتی پێی بوو ئەنجامی دا و لە هیچ شتێك نەسڵەمییەوە، جوزئیاتێکی تری تایبەت بە رۆڵی دام و دەزگاموخابەراتی و دەوڵەتانی

---

[13] داعش، ماهیته، نشأته، إرهابه، أهدافه، استراتیجیته، مازن شندب، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت–لبنان، ط2، 2015، ص22.

[14] داعش، ئەبوبەکر عەلی، ل7.

هەرێمی و نێودەوڵەتی بە بۆچونی نوسەر زیاتر سوود لیَ بینین و ئاراستەکردن بووە وەك لەوەی دەسکەلا و دەسچێنی ئەوان بێت.

## ناسنامەی تیرۆر

زۆرجار لەگەلَ باسکردنی تیرۆردا پەنجەی تۆمەت بۆ ئایین یا ئایینزایەکی تایبەت درێژ دەکرێت، بەلاَم راستی رووداوەکانی مێژوو پێچەوانەی ئەم بۆچونەن و دەری دەخەن تیرۆر ناسنامە و ئایین و عەقیدەیەکی دیاری کراوی نییە و کورت نابێتەوە لە رەگەز یا گەل و ولاَتێکی دیاری کراودا، لەناو شوێن کەوتووان هەموو ئایین و ئاینزا و گەل و ولاَت و نەتەوەیەکدا بونی هەبووە، هۆکار و پالَنەری جۆراوجۆری هەیە و بە هەموو زمانێك دەدویَ بە تایبەت لە سەردەمی جیهانگیری و رایەلَە جۆراوجۆرەکانی جیهانی نوێدا. ئەکریَ تاکێك یا گروپێك پێی هەستیَ، ئەوانەشی پێی هەلَ دەسن ناسنامەی جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و ئاینزایی و رەگەزی جۆراوجۆریان هەیە و چاوخشانێك بە مێژوی مرۆڤایەتی و گەل و نەتەوە و ئاین و ئاینزاکان لە کۆن و نوێدا ئەو راستییەمان بۆ روون دەکەنەوە.

### تیرۆر مێژوو‌ییەکی قولَ و ریشەداری هەیە

تیرۆر و تۆقاندن ریشەیەکی قولَ و دێرینی هەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە ئێستاشدا تیرۆر تا رادەی کوشتن و جینۆساید ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە لە لایەن دەولَەتان و گروپ و هێزە چەکدار ئایدیا و ئەتنیکە جیاوازەکانەوە بۆ بە دیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانیان و سەقامگیری و

سەپاندنی دەسەلاتیان ... لە مێژوویەکی زۆردووردا نییە فیولیۆس قەیسەر شانازی دەکرد بەوەی ملیۆنێك و سەد و نەوەد و دوو هەزار کەسی لە ماوەی دەسەلاتداریێتیدا کوشتووە و هاوپەیمانانیش سەرکەوتنی خۆیان راگەیاند دوای بەردانەوەی دوو بۆمبی ئەتۆمی بەسەر هێرۆشیما و نەکازاکیدا و کوشتنی چارەکە ملیۆنێك مرۆڤ. لە سەدەی بیستەم و لەلایەن حکومەتەکانەوە 170ملیۆن کەس کوژراوە کە 62ملیۆنیان لە یەکێتی سۆڤیەتدا بووە لە نێوان سالانی1917–1987.

کوشتارگەی ستالین و ماوتسی تۆنگ بۆ نەیارانیان وپۆل پۆد لە کەمبۆدیا و جولەکەکان لە لایەن هیتلەر و ئەرمەن لە لایەن عوسمانییەکانەوە و کوشتنی نزیکەی ملیۆنێ تۆتسی لەلایەن هۆتۆکانەوە و بۆسنییەکان لەلایەن سربەوە و کورد لەلایەن بەعس و فەلەستینییەکان لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە مێژوویەکی نزیکە ...

مێژووی کۆنی مرۆڤایەتییش ئاخنراوە بە تیرۆر و تۆقان و کوشتنی وەحشییانەی مرۆڤەکان: ئاشورییەکان قوربانییەکانیان ریز دەکرد و هەر بە زندویی پێستیان دادەمالێن و دەست و قاچیان دەبڕینەوە، مێژوی بەشێك لە کاربەدەستانی مسولمانیش هەر لە ئومەوی و عەبباسیەکانەوە تاوەکو سەردەمە کۆتاییەکانی ئەو دەسەلاتە و هەندێ دەسەلاتی لاوەکی تری وەك وەهابییەکان خالی نییە لە کوشت و بڕ و تۆقاندنی نەیارانیان بە شێوەیەکی بەربلاو نامرۆڤانە ، بە کورتی مێژووی مرۆڤایەتی بێ جیاوازی دین و ئایدیۆلۆژیان و نەتەوە و رەگەزی جیاواز پڕیەتی لەم جۆرە رەفتارانە ... داعشیش بۆ سەقامگیری دەسەلاتی خۆی و ترساندنی نەیارانی ئیدارەی

بەرنامەداڕێژراوی ئەو دڕندەییەتیەی خۆی دەدا و پاساوی شەرعی بونی دەهێنایەوە[15].

## تیرۆر سیفەتێکی بۆماوەیی نییە

ترس و تۆقاندن یان ئیرهاب و تیرۆر سیفەتێکی بۆماوەیی نییە له ساتی له دایك بونەوە لەگەڵ مرۆڤدا گەورە بێت و لێی جیا نەبێتەوە... راستە پێکهاتەی جینی تاکەکان جیاوازە و لە هەندێ کەسدا حەز و ویستی دەست درێژی لە جینانەکانی هەندێ مرۆڤدا زیاترە بەڵام ناگاتە ئەوەی سیفەتی ئیرهابی بوون تۆماربێت تێیاندا، ئەوەی پەرەی بەو جۆرە جینانە دەدات ژینگە و کۆمەڵگە و شێوازی ژیان و سروشتی پەیوەندی و ئەو پەستان و پاڵنەرانەیە مرۆڤ ئامادە و ساز دەکات بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆر و تۆقاندن.

## جیاوازی نێوان تیرۆر( ارهاب ) و توندوتیژی( عنف )

یەك دوو جیاوازی گرنگە، لەوانە :(جیاوازی نێوان توندو تیژی و تیرۆر)، گومان لەوەدا نییە داعش ئیرهاب و تیرۆر پیادە دەکات بەو پەڕی توند و تیژی و عونفەوە، بەڵام دەبێ ئەم دوو چەمکە لێك جیا بکەینەوە هیچ ئیرهاب و تیرۆرێك بە بێ توند و تیژی و عونف بەدی نایەت، بەڵام پێچەوانەکەی راست نییە، دەکرێ توند و تیژی و عونف هەبێ بەڵام تیرۆر و

---

[15] بۆ درێژەی ئەم باسە و ئەم سیاسەتەی داعش بڕوانە فەسڵی شەشەمی کتێبی: الدولة الإسلامية الجذور، التوحش، المستقبل، عبدالباري عطوان، دار الساقي، بيروت-لبنان، ط1، 2015، ص147-165.

ئیرهاب نەبێ، لەبەر  بونی رەهەندی سیاسی، ئەکرێ ئێمە لەبەردەم تاوانێکی سیاسییدا بین بێ ئەوەی تاونێکی ئیرهابی و تیرۆر بێت، کوشتنی کەسێکی سیاسی بە پاڵنەری تر تیرۆر نییە و تاوانێکی ترە و مەرج نییە هەموو تاوانێکی پەیوەندی دار بە سیاسەتەوە ببێتە تاوانی تیرۆر و ئیرهاب، بەڵام کاتێك رەهەندی سیاسی و پاڵنەر و بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی نزیك و ناوەڕاست و دوور تێکەڵ بە هەڵسوکەوتێکی توند و تیژ دەبێت کارەکە لە تاوان و توندو تیژییەکی ئاسایەوە دەکات بە ئیرهاب و تیرۆر ... ئەگەر نا ناوی تاوانە نەك تیرۆر[16] .

## دووەم جیاوازی نێوان تیرۆر و توندڕەوی( تگرف )

بەپێی بۆچونێك توندڕەوی: فیکرە و نەك کردار، بیرو باوەڕە نەك هەستانی پراکتیکی، زیادڕەوییە لە خۆ بەڕاست دانان و رەفزی بەرامبەر  چ سیاسی بێت یا مەزهەبی یا فیکری یا رەگەزی و ئەتنی و نەتەوەیی، توندڕەوی شێوازێکی مەترسی دارە و تێکشکێنەری تاك و کۆمەڵگەیە. تەتەڕوف ئاینیش جۆرێکە لە جۆرەکانی تەتەڕوف و ئەکرێ توندڕەوی نا ئاینیش هەبێ و بێگومانیش هەبوە و هەیە و دەشبێت . بەپێی ئەم دیدە توندڕەوی حاڵەت و بارێکی فیکرییە و لە ژیانی خۆمان و کۆمەڵگەکەمان و کۆمەڵگە جۆربەجۆرکاندا بەدی دەکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توندڕەوی ئیرهاب و تیرۆر نییە، چونکە فیکرە بەڵام کاتێ دەگۆڕێ بۆ کردار دەبێتە تیرۆر و ئیرهاب و تۆقاندن، لە بەرامبەردا ئیرهاب کردارە.ئەکرێ کەسێ توند و تیژ و توندڕەوی

---

[16] داعش، ماهیته، نشأته، إرهابه، أهدافه، استراتیجیته، مازن شندب، الدار العربیة للعلوم ناشـرون، بیروت–لبنان، ط2، 2015، ص128–129.

بێت بەلام تیرۆرزم و تۆقێنەر نەبێت بەلام کاتێك هەلْ دەسیْ بە ئەنجام دان و پیادەکردنی بۆچونەکانی لە واقعدا ئەو کات دەبێتە ئیرهاب و تیرۆر بە مەرجیْ کارەکەی گرێدراوی سیاسەت بێت، ئەگەر رەهەندی سیاسی نەبێت تاوان بار و موجریمە نەك تیرۆرست... لێرەوە هەندێك وەهای دەبینن هۆکاری توندڕەوی تەنها دوو هۆکارە:(ناشارەزایی و نەناسینی ئایین و رق لەبەرامبەر کە هەلگری دید و بۆچونێکی جیاوازە)، لەلایەك و لێکدانەوەی تاك رەهەندی ئایینە و ئیجتیهادی زیادەڕەوو توندئاژۆی دەقەکانی ئایینە لە لایەکی ترەوە، ئەم تێڕوانینە وەهای دەبینیْ: ئەوە تیرۆرە کە هۆکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و هتدی هەیە [17]، نەك توندڕەوی، هەرچەندە بە بۆچونی من ئەو بابەتە تێکەلْی و پێکەوە گریْ دراوییەکی تێدایە، بەلام ئەو گرنگییەی هەیە کە ناکریْ وەك تیرۆریست لەکەسی توندڕەو بڕوانین و پێویستە رۆلْمان هەبیْ بەشێوازی جۆراوجۆر توندڕەوەکان نەبن بە تیرۆریست و لە بواری فیکرییدا بمێننەوە و بۆ بوارە فیکرییەکەش زەمینەی گفتوگۆی جیدی والا کەین.

## پاساو بۆ تیرۆر ناهێنرێتەوە

لەگەلْ ئەوەی قەناعەتمان بەوە هەیە تیرۆر هۆکار و پالْنەری هەیە، بەلام ئەم دەست نیشان کردنە نابێتە پاساو بۆ تیرۆر و تۆقاندن و شەرعییەت پێدانی، بەرەنگاربونەوەی تیرۆر و بەرنامەرێژی بۆ خۆپارێزی ئەرکە بە هەموو پێوەرێك . لەگەلْ ئەوەشدا بیرمان نەچیْ ناکریْ بە پاساوی لەناوبردنی

[17] داعش، ماهيته، نشأته، إرهابه، أهدافه، استراتيجيته، مازن شندب، الدار العربية للعلوم ناشـرون، بيروت–لبنان، ط2، 2015، ص130–136.

تیرۆرەوە ماف و ئازادییەکان دەستەبەر نەکرێن و پشت هەڵکرێ لە خواست و داخوازی خەڵك، بونی دەسەلاتدارییەکی ماف خواز و کراوە و دادگەر ببێتە شتێکی لاوەکی و پەراوێز بەناوی دابین کردنی ئاسایش و ئارامییەوە، هەر خودی دەسەلاتێکی مرۆڤ دۆست و مافخواز هۆکارێکی بنەڕەتییە لە بنەبڕکردن یا لاوازکردنی تیرۆر و توندڕەوی هەروەك باسی دەکەین.

## هۆکارەکان

هەڵەن ئەوانەی دەیانەوێ داعش تەنها لە دووتوێی کتێبەکانەوە بخوێننەوە. یا پەلاماری خودی ئیسلام بدرێ و پێت بێ، ئەوە ئیسلامە لە(داعشدا) بەرجەستە بووە ئەمەش جۆرێکە لە خولٌقانی وێرانی، بۆیە پێویستە بەدوای هۆکار و شتی دیدا بگەڕێین[18]. خوێندنەوەی سەرهەڵدانی تیرۆر بەهەموو جۆرەکانیەوە لە هەموو ولات و ژینگەیەکدا دەمانگەیەنێتە راستی بونی هۆکارگەلێکی جیاواز کە رەخسێنەری دۆخی توند و تیژی و تیرۆر بوون و پاڵنەر بوون بۆ گەشە و پەرەسەندنی. هۆکارەکانی دیاردەی تیرۆر زۆر و فرە رەهەند و جۆراوجۆرە لەوانە: ئاینی، سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی، دەرونی، پەروەردەیی و هتد.

---

[18] داعش، ئەبوبەکر عەلی، ل88.

## هۆکارە ئاینی و سەرچاوە فیکرییەکانی داعش

هەوڵ ئەدەین لە شێوەی خاڵ بەندییەکی کورتتدا قسە لەو هۆکارانە بکەین، بۆ هۆکارە ئاینی و سەرچاوە فیکرییەکانی تیرۆر لە ناویاندا داعش ئەکرێ بڵێیین چەند هۆکارێکی هەیە لەوانە:

أ. بەدین کردنی بەشێکی زۆری کەلتور و مێژویەکی مرۆڤ کرد و پەیوەست بە واقعی کۆنی مرۆڤایەتی و ئیجتیهاداتی زەمکانی شوێن و ژینگە و کاتە جیاوازەکان، کە هەندێ لەوانە پەیوەندی هەیە بە مێژوی مسوڵمانانەوە و ئێمە نمونەی توند وتیژییمان هەیە لەنێو مێژووی گروپە مسوڵمانەکانی نمونەی خەوارج و هەندێ دەسەڵاتداری ئومەوی عەباسی و هتد، کە بەراستەوخۆ و ناراستەوخۆ لەمرۆدا وەك و دین بەرهەم دەهێنرێنەوە، ئەمە جگە لەوەی مەنزومەی فیکری و فیقهی ئەهلی سوننە و جەماعەتی مێژویی پێش مۆدێرنە، خاڵی نییە لە هەندێ چەمکی هاوکاری بۆ ئەو زەمینە رەخساندنە، هەموو ئەوانەش پێویستی بە پێداچونەوە هەیە، هەروەها بزوتنەوەی وەهابییەت، هەندێ لەبزاڤی ئیسلامی و رەوتی تەکفیری نوێ، لەگەڵ مۆدێرنەی فکری و سیاسیش پشکی خۆیان هەیە بۆ گڕدانی ئاگری توند و تیژی و تیرۆر بەناوی دینەوە[19].

[19] بۆ درێژەی ئەم خاڵانە بڕوانە: داعش، ئەبوبەکر عەلی، ل ص175–182.

ب. خوێندنەوەی ناراستی دەقەکان و تەجاوز نەکردنی ئەوەی وتراوە و نەگەیشتن بەوەی کە دەبێ بوترێ. ئەمەش بۆچونە باوەکانی مێژوو بە زیندویی دەهێڵێتەوە لای هەندێ کەس و گروپ.

ت. زیادەڕەوی لە بەکافردانان و تەکفیر کردنە رێ و رێباز. لەکاتێکدا ئەسڵ موژدەدان و رێنمایی کردن و رێ نیشاندانە.

پ. کوفرکردنە هۆکاری جەنگ لەگەڵ نامسوڵماناندا[20]. کە ئەمەش یەکێکە لە بۆچونە باوەکانی ناو فیقهی ئیسلامی هەرچەندە پێچەوانەکەشی هەیە.

ج. تێنەگەیشتن لە رۆحی شەریعەت و مەبەستەکانی کە بریتین لە: پاراستنی ئازادی دینداری و پاراستنی نەفس و ژیری و سەروەت و سامان و رێز و کەرامەتی مرۆڤ نەك لەناوبردنی ئەوانە[21].

ح. جیاوازی و ناکۆکی ئاینی و ئاینزاکان ، بەهۆی مێژوویەك لە ناکۆکی نێوان سوننە و شیعە زەمینەی شەڕ لە زەینی شیعە و سوننەی توندڕەو رەخساوە و لە ئامادە و سازە تەنها دەسە چیلەیەکی دەویست بۆ داگیرسانی بڵێسەی شەر و کوشتار و

---

[20] بۆ درێژەی ئەم دوو خاڵە بڕوانە: عەلی باپیر، هەڵوەشاندنەوەی بیروڕا و رەفتارە پەڕگیرەکانی رێکخراوی داعش، کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، هەولێر، 2015ز، ل45-48.

[21] http://www.alukah.net/sharia/0/9000/ الإسلام والإرهاب.. إشكالية المصطلح، جمال عبدالناصر، 2009/12/31 ميلادي - 1431/1/14 هجري

ئیرهاب، ئەوەشی گرفتەکەی گەورەتر کردووە لە ئێستادا زاڵ بونی دەنگە نەساز و بانگەشەکارانی شەڕ و تۆڵەکردنەوەی تائیفی و شەڕی مێژوییە و ژیر و عاقڵ مەند و میانڕەوەکان کز و بێ دەسەلاتن.

بەسەرنج دانی ئەو هۆکارانەی باس کران بێگومان داعش زۆربەی هەرەزۆری ئەم خالانەی بە زیادەوە تێدا بەرجەستە بوو، زەمینەکەشی بۆ سازبوو بەتایبەت لە بەرامبەریدا هێزێکی گەورەتری مەزهەبی قان دراو بەمێژوویەك لە رق و کینە، کە خاوەنی چەك و هێزە و پشتیوانی حکومەت و چاوپۆشی ئەمریکاشی لەگەڵدابوو.

## هۆکارە سیاسییەکان

أ. دەسەلاتێکی داپلۆسێنەر و ستەمکار و چەوسێنەر ...

ب. هەست کردن بە ستەم لێ کراوی و بەش خوراوی و پەراوێزخستن لەلایەن بەشێکی دیاری کۆمەڵگەوە.

ت. پاشکۆیەتی سیاسی و هەژمونی ولاتانی زلهێز و هەرێمی و هێشتنەوەی ستەمکاران و پشتیوانی کردنیان لە پێناو بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانی خۆیاندا[22].

22 http://rawabetcenter.com/archives/4494الارهاب أنواعه أسبابهُ طرقُ معالجتـهِ– محمد العربي

پ. زیادەڕەوی کردن لە پەنابردنە بەر چارەسەری ئەمنی و لەبیرکردنی چارەسەرەکانی تر ..

ج. گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە ...[سمير] .

ح. داخرانی سیاسی و ڕێگە نەدان بە پرۆسەی گۆڕانکاری سیاسی و دەستاودەستی راستەقینەی دەسەڵات[شمير].

خ. شکستی دەوڵەت و بونی دەوڵەتی فاشیل و شکستخواردوو لە بەڕێوە بردنی وڵات.

د. دەوڵەتی مەزهەبی و پۆلێنکار لەگەڵ هاوڵاتیانیدا. جگە لەوەی هەڵوەشاندنەوەی سوپا و هێزی چەکدار و سزادانی سیاسی فراوان لە عێراقدا رۆڵی خۆی هەبووە.

هەندێ لەم خاڵانە زەمینەخۆشکار و هاوکاربون بۆ بەهێزبونی داعش و پاڵپشتی لێ کردنی لەلایەن جەماوەری ناوچە سوننە نشینەکان، گەرچی داعش خۆی ستەمکارترین هێزبوە لەو رووەوە بەڵام زەمینەیەك بوو بۆ ئەوەی هەندێك خواست و حەزی تۆڵەکردنەوەی خۆیانی تێدا ببیننەوە و ئەمە جگە لەوەی هۆکارەکانی دروست بونی داعش و بەهێزبونی هۆکاری تری هەیە بۆ نمونە ئەفسەرانی سوپای پێشووی سوپا و دەزگای هەواڵگری عێراق و رۆڵی

---

[23] http://www.radiodijla.com/forums/showthread.php؟ الارهاب اسبابه وابرز طرق علاجه، . عصام بن هاشم الجفري.

[24] http://www.albasrah.net/ar_articles_2014/0614/bayan_170614.htm

ألإرهاب: تعريفه، أسبابه، أطرافه، ووسائل معالجته، شبكة البصرة، علي بيان، ألجامعة اللبنانية – كلية العلوم

ولأتان  بۆ سازاندنی داعش زەق و دیارە چونکە لانی کەم دەتوانیٚ بوتریٚ: داعش بەرهەمی داگیرکردنی عێراق   و، ململانێی خوێناوی مەزهەبی وتایەفەگەری و شکستی دەوڵەتە و دژایەتی کردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و تەوژمی ئیسلامی ناوچەکەیە ... ئەدەبیاتی بەعسیش رۆڵی هەبوو لەم شەڕە ئایدیۆلۆژییەدا و کۆماری ئیسلامی بە دەسەلأتی سەفەوی ناو دەبرد و  داعشیش ئەم ئاوەڵناوەی بەکار دەهێنا [25].

وەك مێژووش سیاسەتی هەڵەی ئەمریکا بەرامبەر عەرەبە ئەفغانەکان دوای شکستی سۆڤیەت  قاعیدەی بەرهەم هێنا و داگیرکردنی ئەفغانستانیش دوای 11ی سێپتەمبەر زەمینەی زیاتر خۆش کرد  بۆ گەرم کردنەوەی ئەوانەی خوازیاری تۆڵەسەندنەوەبوون و دۆخی دوای داگیرکردنی عێراقیش بۆ ئەوان دەرفەتێکی زێڕین بوو، ئەمە جگە لەوەی ئەمریکا وەك پشتیوانی شیعە دەهاتە پێش چاوان و چاوی دەپۆشی لە تاوانی میلیشیاکان و دەست وەردانی ئێران و کۆتاجار زۆربونی نارەزایی سوننەکان و بەدەمەوە نەهاتنیان [26].

بێگومان لەم نێوەندەدا و لەسەر ئاستێکی فراوانتر قەیرانی ئابوری، بێکاری، خراپی دابەش کردنی داهات ، کەمی دەرفەتی کار، گەندەڵی، سەپاندنی مەرج لە لایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو سندوی دراوی نێو دەوڵەتی و قەرزی مەرج دار  زەمینەیەکی خراپ دەڕەخسێنیٚ لە هەندیٚ

---

[25] بڕوانە: داعش، ئەبوبەکر عەلی، ل67، 61–62.

[26] بڕوانە: داعش، ئەبوبەکر عەلی، ل73، 74–77.

ولاَتدا[27] كه بىَ رۆلْ نييه و دەكرىَ هاندەر بێت بۆ پالْپشتى كردنى هەر گروپێك كه بانگەشەى دژايەتى دەسەلاَتداره شكستخواردووەكان دەكەن، وەكو عێراقيش زۆربونى داهاتى داعش بەشێوەيەكى رێژەييش بوبىَ پالْنەر بووه بۆ كۆبونەوەى بەشێكى زۆر جەنگاوەر و چەكدار له دەورى و گەيشتنى هەزاران كەس له ولاَتانى ئەوروپا و شوێنانى ترەوە.

كۆبونەوەى قەيرانى جۆراوجۆر و كوشت و كوشتار و له بەرەنجامى ئەو هۆكارانەى پێشوو دۆخێك دەسازێنى بەشێك له لاوان زۆر بە ئاسانى بكەونه داوى هەندىَ رێكخراوى تيرۆرستييەوە و بكرێنه كەرەستەى ئەو شەڕە. يان لەلايەن هەندىَ دەزگا و گروپەوە بە خراپى ئيستيغلال بكرێن و دواجار بگلێنرێن بە كارى تيرۆريستييەوە ياخود ببنه تيرۆرست، يان هەندىَ جار هەستى تۆلّەسەندنەوە نەك مەسەلەى ئاينى پالْنەر دەبێت بۆ تێكەلْ بون بەو گروپانە، بۆ نمونە زۆرمان بيستوە له عێراق و سورريادا تەنها بەهۆى كوژرانى كەس و كارى يا سوكايەتى پىَ كردنى بەناوى هێزێك يان مەزهەبێكەوە دەچێته ريزى داعشەوە يا پالْپشتييان دەكات، نەك لەبەر مەنتق و لۆژيكى داعش بەلْكو لەبەر هەلْڕشتنى ناخ و هەستى تۆلّەسەندنەوە و بىَ رێزى پىَ كردن و سوكايەتى.

[27] الحوار المتمدن ، ظاهرة الارهاب ... المفهوم ... و الاسباب ...و الدوافع، كمال النيص، 2011 / 7 / 7

## چارەسەرەکان

1. چارەسەر بۆ هۆکارە ئاینیی و فیکرییەکان
2. گەڕانەوە بۆ ئەسڵی وەحی و مەبەستەکانی هاتنی پەیامی پێغەمبەران کە سود و قازانج و پاراستنی مرۆڤە لە هەموو رووبەکەوە.
3. راڤەکردنێکی دروستی ئەو دەقە ئاینیانەی پەیوەستن بە کوشت وبڕین و تۆقاندن و بە شێوازێك لەگەڵ ناوەڕۆکی مەبەستەکانی شەریعەت و پەیامی راستەقینەی ئایندا بگونجیّ و لە ناوکۆ و سیاقی خۆیان دەرنەکرێن. لە هەمان کاتدا پرسیار دروستکردنی زانستیانە لەسەر ئەو ریواتانەی لەگەڵ پێکەوە ژیاندا ناگونجیّ و رێك نایەت لەگەڵ دەقەکانی تری پێکەوە ژیان و ئازادی ئاینی و ئاینداری.
4. تەتەڵە و گێژکردنی روداوەکانی مێژوو، خوێندنەوەیان لە ناوکۆ و سیاقی مێژوو خۆیدا و درێژ نەکردنەوەیان بۆ ئێستا... خۆ رزگار کردن لە ئیرسی مێژویی و هەژمونە جیاوازەکانی...
5. برەودان بە گیانی لێبوردەیی و ژیان لەمڕۆدا و کەم کردنەوەی جیاوازی و ناکۆکییە مەزهەبییەکانی نێوان سوننە و شیعە بە زۆر ریّ و شوێن لانی کەم رێگە گرتن لەوەی لە کوردستاندا تۆخ بکرێتەوە[28].

---

28 http://www.albasrah.net/ar_articles_2014/0614/bayan_170614.htm

6. دەرگا والآکردن لەبەردەم بانگخوازانی فیکری میانەڕەوی و هاوسەنگ، چونکە بەشێك لە هۆکارەکانی بەهێزبونی داعش بەرهەمی شکستی حیزبی ئیسلامی و لایەنێکی سوننی موعتەدیل و میانەڕەو بووە لە عێراقدا.

7. جیاوازی کردن لە نێوان ئیسلام وەك ئاینێکی پڕ لێبوردەیی و فیکری توندڕەو کە زیاتر دەرهاویشتەی مێژوو ژینگە جیاوازەکانە...

8. چاوخشاندنەوە بە کەلتور ئیسلامیدا خستنەرووی ئەو تێزانەی پشتگیری فرەیی سیاسی و ئازادی فیکر و راوێژ و پێکەوە ژیانی گەلان و پێکەوە هەڵ کردنی بیروباوەڕی جیاواز دەکەن، لەگەڵ رەخساندنی دۆخێکی لەبار بۆ گفتوگۆی فیکری و ئاینی و ئاینزایی بە شێوازێکی دروستی دوور لە رق و کین و یەکتر سفرکردنەوە.

9. .موناقەشە کردن فیکری توندئاژۆ و تەجریم کردنی ئەو بەشەی هۆکارە بۆ تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی بێ ئەوەی رێگری لە ئازادی بیرو رای بکات.

10. تەکفیرکردنی ئەو گروپانە (کە لە رووی فیکرییەوە هەندێ بەگرنگی دەبینێ )چارەسەر نییە، بۆ نمونە ئەوە گرنگ نییە داعش تەکفیر کرێ و هەمان چەکی خۆیان بەکار بهێنرێ، بەڵکو ناساندنی رەفتاری ستەمکارانەی ئەوان گرنگە، گرنگە بسەلمێ رەفتارەکانی

---

الارهاب: تعريفه، أسبابه، أطرافه، ووسائل معالجته، شبكة البصرة، علي بيان، الجامعة اللبنانية – كلية العلوم

ئەوان پێچەوانەی دادگەری و ویژدانە[29]، کەس و گروپی یاخی و ستەمکار دەبێ لەگەڵی بجەنگی، لە ئێستەدا خەڵکی رووبەڕووی دەست درێژی کردن بووەتەوە و پێویستی بە سەرخستن و پاڵپشتییە و هەر ئەوەش بنەمایەکی قورئانییە(وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمْ الْبَغْيُ هُمْ يَنْتَصِرُونَ) الشورى: 39.

ئەکرێ لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ هەندێ لەو کۆپلانەی لە ژمارە 7ی گۆڤاری خاڵدا هێناومانن کە دەکرێ بوترێ دادگەری بنەمای مانەوە و سەقامگیری ژیان و کۆمەڵگەکانە و ستەمیش پێچەوانەکەیەتی، کاروباری دونیا رێك و راست دەڕوات بەڕێوە ئەگەر دادگەری بەرپابوو با هەندێ تاوان و گوناهیشی تێ کەوێ هەروەك لە واقعی ئەمڕۆی هاوچەرخدا دەیبینین، بەڵام ژیان و گوزەرانی خەڵك بەتەواوی تێك دەچێ و شیرازەی دەپچڕێ ئەگەر ستەمکاری باڵادەست بوو با ستەمکاریش خۆی بە مسوڵمان بزانێ، خوای گەورە دەوڵەتی دادگەر پایەدار دەکات با کافریش بێت و، دەوڵەتی ستەمکاریش شکست پێ دێنێ با مسوڵمانیش بێت، ئەمە کرۆکی وتەی زانایەکی وەکو(ابن تيمية)یە بە هەڵێنجان لە قورئان و سوننەتەوە دەیڵێ،لەگەڵ ئەوەی هەندێ لەو ستەمانەی لەمڕۆدا ئەنجام دەدرێ دەدرێتە پاڵ ئەم زانایە، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ: (وَأُمُورُ النَّاسِ تَسْتَقِيمُ فِي الدُّنْيَا مَعَ الْعَدْلِ الَّذِي فِيهِ الِاشْتِرَاكُ فِي أَنْوَاعِ الْإِثْمِ: أَكْثَرُ مِمَّا تَسْتَقِيمُ مَعَ الظُّلْمِ فِي الْحُقُوقِ وَإِنْ لَمْ تَشْتَرِكْ فِي إثْمٍ" وَلِهَذَا قِيلَ: إنَّ اللَّهَ يُقِيمُ الدَّوْلَةَ

[29] بۆ ئەم بابەتە بڕوانە بابەتێکی توێژەر لە ژمارە 7ی گۆڤاری خاڵدا.

الْعَادِلَةَ وَإِنْ كَانَتْ كَافِرَةً" وَلَا يُقِيمُ الظَّالِمَةَ وَإِنْ كَانَتْ مُسْلِمَةً. وَيُقَالُ: الدُّنْيَا تَدُومُ مَعَ الْعَدْلِ وَالْكُفْرِ وَلَا تَدُومُ مَعَ الظُّلْمِ وَالْإِسْلَامِ)[30].

(ابن القيم )یش وەك زانایەكی ناودار بۆچونی وایە: هەركەس لە شەریعەت تێ گەیشتبێ و ئاشنای كەمالاتەكانی بێ و ئەوەی زانیبێ بەرژەوەندی دین و ژینی خەڵكی لە خۆ دەگرێ و ئەوپەڕی دادگەری تێدایە و هەمووانیش دەگرێتەوە و هیچ دادگەرییەك لەسەرووی ئەوەوە نییە و لە هیچ شوێنێك بەو شێوەیە بەرژەوەندی رەچاو نەكراوە، بۆی روون دەبێتەوە كە: ( سیاسەتی دادگەرانە) بەشێكە لە بەشەكانی شەریعەت و چڵێكە لە چڵەكانی، هەركەسیش شارەزای مەبەست و كرۆكەكانی بێ و باش لێی تێگەیشتبێ بەهیچ شێوەیەك پێویستی بە سیاسەتێكی تر نییە. سیاسەتیش لەدیدی ئەودا دوو جۆرە : سیاسەتی ستەمكارانە كە شەریعەت حەرامی كردووە و سیاسەتێكی دادگەرانە كە ماف لە ستەمكار دەستێنێ و مافی مافداران وەدەست دێنێ، ئەمە بەشێكە لە شەریعەت ئیتر كێ دەیزانێ یا نایزانێ ئەوە شتێكی ترە، ئەمەش تێكستەكەی ئیبنوقەییمە:(وَمَنْ لَهُ ذَوْقٌ فِي الشَّرِيعَةِ، وَاطِّلَاعٌ عَلَى كَمَالَاتِهَا وَتَضَمُّنِهَا لِغَايَةِ مَصَالِحِ الْعِبَادِ فِي الْمَعَاشِ وَالْمَعَادِ، وَمَجِيئِهَا بِغَايَةِ الْعَدْلِ، الَّذِي يَسَعُ الْخَلَائِقَ، وَأَنَّهُ لَا عَدْلَ فَوْقَ عَدْلِهَا، وَلَا مَصْلَحَةَ فَوْقَ مَا تَضَمَّنَتْهُ مِنْ الْمَصَالِحِ: تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّ السِّيَاسَةَ الْعَادِلَةَ جُزْءٌ مِنْ أَجْزَائِهَا، وَفَرْعٌ مِنْ فُرُوعِهَا، وَأَنَّ مَنْ لَهُ مَعْرِفَةٌ بِمَقَاصِدِهَا وَوَضْعِهَا وَحَسُنَ فَهْمُهُ فِيهَا: لَمْ يَحْتَجْ مَعَهَا إِلَى سِيَاسَةٍ غَيْرِهَا أَلْبَتَّةَ. فَإِنَّ السِّيَاسَةَ

---

[30] مجموع الفتاوى، ابن تيمية الحراني، ت:عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية، المملكة العربية السعودية، 1416هـ/1995م، ج28، ص 146.

نَوْعَانِ: سِيَاسَةٌ ظَالِمَةٌ فَالشَّرِيعَةُ تُحَرِّمُهَا، وَسِيَاسَةٌ عَادِلَةٌ تُخْرِجُ الْحَقَّ مِنْ الظَّالِمِ الْفَاجِرِ، فَهِيَ مِنْ الشَّرِيعَةِ، عَلِمَهَا مَنْ عَلِمَهَا، وَجَهِلَهَا مَنْ جَهِلَهَا)[31].

لەم دەروازەیە زیاتر دەتوانرێ بڕست لەو هێزانە ببڕدرێ نەك تەكفیركردنیان كە چەندین جەدەلی تر بەرهەم دەهێنێ... دەكرێ لە كوشتنی ناڕەواوە باس لە تاوانباری و جەریمە جۆربەجۆرەكانی ئەو گروپ و هێزانە و هەر هێزێكی تیرۆرستی بكرێ، كوشتنی ناڕەوای تاكەكەسێك وەك كوشتنی هەموو مرۆڤایەتییە، كوشتنی ناڕەوا لە روخاندنی كەعبە قورسترە ، تەنانەت كاتێ فریشتەكان سەرسامی خۆیان دەردەبڕن لە دروست كردنی ئادەم(لەكاتێكدا خودای گەورە حیكمەتی خۆی هەبووە لەو دروست كردنەدا)، ترسیان هەیە لەوەی ئەم مەخلوقە بە دوو كاری زۆر ناشایستە و خراپ هەستێ كە ئەوانیش: خراپەكاری سەرزەوی و رشتنی خوێنی ناڕەوایە، هەروەك لەم ئایەتەدا هاتووە: وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لا تَعْلَمُونَ (30) البقرة:30

[31] الطرق الحكمية، ابن قيم الجوزية، مكتبة دار البيان، د:ط، د:ت، ص4.

## چارەسەر بۆ هۆکارە سیاسییەکان

1. تێپەڕاندنی دیموکراسی رووکەش و هێنانە ئارای بەشداری سیاسی کارا لە دەسەلاّتدا، پاراستنی مافی هاولاّتی بون بەدەر لە جیاوازییە ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان و رەگەزییەکان.

2. دەرچون لە پاشکۆیەتی سیاسی و ئابوری ولاّتانی هەرێمی و نێودەولّەتی و ئەنجام دانی سیاسەتێکی خۆ ویست و نیشتمان پەروەرانە.

3. گرنگی دان بەکاری هاوبەش و هەماهەنگی و لێك تێگەیشتن لە پرسە چارەنوسسازە نیشتمانییەکان و چارەسەری قەیرانەکان .

4. دانانی پرۆژەیەکی تەواو بۆ چاکسازیی نیشتمانی هاوتەریب بەچاکسازی ئابوری .

5. بونی پرۆژەی جیدی و نیازپاکی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی و چاکسازی کۆمەلاّیەتی .

6. پشت نەبەستنی تەواو بە چارەسەری ئەمنی گرتنەبەری رێ و شوێنە جۆراوجۆرەکان.

7. دابەشکردنی داهاتی کۆمەلگە بە شێوەیەکی رەوا .

8. به نیشتمانی کردنی دام و دەزگاکانی حکومەت و نەهێڵانی میلیشیاگەری و بونی چەك تەنها لە دەستی دەوڵەتدا  بە مەدەنی بونی حیزبەکان ...

9. داعش بەرهەمی شکستی دەوڵەتە لە عێراق و سوریا و، جەنگی ناوخۆیی و کینە و شەڕ و ململانێی نێوان شیعە و سوننە و، هەست بە پەراوێز کەوتن و زەلیلی و کینەی سوننە و تاڵاوی هەست  بە تێکشکان و سوکایەتی بەشێ لە ناسیۆنالیستە بەعسییەکان و ئەفسەر و پلەدارەکانی سوپای پێشووی عێراقە . کەواتە دەبێ ئەو دۆخە سیاسییە پێچەوانە کرێتەوە و چاکسازی لە سیستەمی سیاسی و یاساکان و حکومڕانیدا بکرێ، ئەگینا لە هەر دەرفەتێکی رەخساودا داعش و هاوشێوەکانی زەمینەی سەرهەڵدانەوەیان ئەگەرێکی چاوەڕوان کراوە.

## کورد و وانە وەرگرتن لە دۆخی داعشییەت

داعش هێزێکە کۆتایی پێ دەهێنرێت، بەڵام هێزی توندڕەوی وەك داعش ئەگەر بەرگی دین و ئاینیش نەپۆشێ بواری دروست بون و سەرهەڵدانەوە و درێژپێدانی هەیە، ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگەیەك بنیات بنێین زەمینەی ئینتیما بۆ داعش و هاوشێوەکانی تێدا نەبێ و داعش ئاساکان نەتوانن گەرای تێدا دانێن و خانە و شانەی تێدا دروست کەن دەبێ کۆمەڵگە و ژینگەیەکی تەندروست بنیات بنرێ لە رووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە... هاوسەنگ لە روی تێگەیشتن لە ئاینەوە،  کۆمەڵگەیەکی

دوور لە پەراوێز خستن و نائومێدی و چەوساندنەوەی ئاینی و مەزهەبی و تائیفی. ئایینیش رۆڵی دروست و چاوەڕوان کراوی خۆی تێدا ببینێ...

دەبێ دەربازبین لە شێوازە کۆنەکانی حوکمڕانی و، لەشکری حزبی و، گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و، گەڵاڵەکردنی نەخشە رێگایەکی سازان لەسەرکراو، بۆ ئەوەی کوردستانی باشور لە رێگرەوە ببێتە شورەیەکی پۆڵایین و ، تەنها لە هەڕەشەی (داعش)یش پارێزراو نەبین. بەڵکو لە فرو فێڵ و نەخشە و پیلانی هەموو (داعشە) بەناو دژ بەداعشەکانی تریش پارێزراو بین، سوود وەرگرین لە دوای داعش و ئەو قۆناغە بگۆڕین بە دەرفەتێکی مێژوویی و هەلێك بۆ دووبارە تەپ و تۆز لە چاوتەکاندن و ، گەورە بوونی خەونەکانمان و سود وەرگرتنی تەواو لە قۆناغی دوای(داعش) ، رێگە نەدەین توندڕەوی بەناوی ترەوە پەرە پێ بدەین، چونکە زۆرجار توندڕەوییەکان کاردانەوەن بۆ یەکتری بە عەلمانی و ئیسلامی و تەوژمە جیاوازەکانەوە، زیندانەکانی عەبدوناسیر بزاڤە تەکفیرییەکان بەرهەم دەهێنی، داگیرکردنی ئەفغانستان قاعیدە و هاوشێوەی ئەمانەش لە شوێنی تردا بەدی دەکرێ.

بەو پێیەی لە کوردستاندا کەمتر ناکۆکی مەزهەبی هەیە، زیاتر ململانێکە لە نێوان ئەو تەوژمانەدایە خۆ بە ئیسلامی و عەلمانی ناوزەد دەکەن، زۆر گرنگە رێگە ساز نەکرێ کێشەی توندڕەوی ئیسلامی تێکەڵ بکرێ بە خودی ئیسلام و، نکولی بکرێ لەوەی هیچ جیاوازییەکی راستەقینە لە نێوان توندڕەوی و میانەڕەوی ئیسلامیدا نییە . زۆر گرنگە لە ئێستا و دوایدا(داعش) وەك

کراسەکەی عوسمان دژ بە تەوژمێکی دیاری کراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەکار نەهێنرێت و نەکرێتە  ئامرازی ململانێی ئایدۆلۆژی و سیاسی و حیزبی دژ بەیەك، چونکە دەبێت ئەم شەڕە ببێتە هەوێنی ئاوێزانبوون و یەکگرتوویەکی بەهێزتر و، خەملاندنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی تۆکمەتر .

گرنگە کورد لە بەرامبەر توندڕەوی ئاینییدا (کە دەنگێکی لاوازی نێو کایە ئیسلامییە باڵادەستەکەی ئیسلامییەکانی کوردستانە) توندڕەوی نادینی و دژە دینی بەرهەم نەهێنێ، تا دەکرێ ململانێکان بگۆڕرێن بۆ گفتوگۆی جیدی و توێژینەوەی زانستی، یاخود وەك کاردانەوەیەك بۆ دین هاوردەی ئایین و ئاینزای تر نەکات و ناوی ئازادی دینی لێ بنێ، چونکە دواجار ئاسایشی نەتەوەیی روو بەرووی مەترسی دەکاتەوە .

## داعش سەرەتایەکی لێڵ و سەرەنجامێکی روون

سەبارەت بە داعش زۆر وتراوە و لە زۆر رووەوە باس لە پاڵنەر و هۆکارەکانی دروست بون و پێکهێنەرەکانی عەقڵی ئەم هێزە تاوتوێ کراوە و جێی باس و خواسێکی زۆرە، لەیەکەم بابەتمدا هەر لەسەرەتای دروستبونی داعشەوە سەبارەت بە پێکهێنەرەکانی عەقڵی داعشی و داعش لە عێراقدا ئاماژەم بەوە کردووە داعش پێکهاتەیەکی فرە رەهەندە و دروست بون و بەهێزبونی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەرچاوە، یەك لەو سەرچاوانە ئیلهام وەرگرتن بووە لە بەشێکی توراس و مێژوی مسوڵمانان و تەئویلی نادروستی بەشێك لەدەقەکان و تەوزیف کردنی هەندێ بۆچون و فەتوای زانایانی مسوڵمان لە قۆناغەجیاوازەکانی مێژووی مسوڵماناندا کە زیاتر بۆچونگەلێکی مێژویی واقعی ئەو کات بووە نەك رۆحی ئیسلام و کرۆکی پەیامەکەی، توراس و مێژوویەك ئەوەندە فراوان و دەوڵەمەندە هەموو کەس ئەگەر مەبەستی بێت تیۆریسە و تەنزیری هەموو بۆچونێکی تێدا دەبینێتەوە بەباش و خراپیەوە، ئەوان لەلایەکەوە ئیلهام وەرگربوونە لە خەوارج و لەلایەکیشەوە رەفتارگەلی هەندێ خەلیفەی ستەمکارییان دوبارە کردوەتەو ئەم سەرچاوەیەی داعش زیاتر نزیکی دەکاتەوە لەوەی ناونراوە بەسەلەفی جیهادی و تێکەڵ کرا بە مەزلۆمییەتی بەشێك لە سوننەکانی عێراق و تەوزیف کردنی ئەو ستەم لێکراوییە مەزهەبییە بە ئاقاری جۆشدانی ریزەکانی داعش و کاردانەوەی مەزهەبی و لێرەوە ئەوە بەدەر دەکەوێ کە هێزە توندڕەوە دەمارگیرەکان بەهەموو جۆر و

مەزهەبەکایانەوە سودمەند دەبن لە دۆخی ستەم لێکراوی و چەوسانەوە و شەڕی تائیفی و مەزهەبی.

سەرچاوەیەکی تری داعشی دەمارگیری خێڵ و قەبەلییەتە لە عێراقدا، ئەو دەمارگیری و رەفتارانەی عەلی وەردی باسیان دەکات و ئاماژە بەوە دەدات لە مێژووی عێراقدا چەندین جار هۆزەکان هێرشیان کردووەتە سەر سەنتەری شارەکان و تالآن و بڕۆیەکی زۆریان ئەنجام داوەو سروشتی بەشیکی ئەوانیش بەشێوەیەك بووە زیاتر لەسەر تالآنی دەژیان وئەوەشیان بە جوامێری دەزانی وەك لەوەی سەرقالّی کشتوکالّ کردن و سەنعەت کاری بن، بەشێك لەم عەقلّییەتە لەناو داعشدا بەرونی ئامادەیی هەیە و یەکێکە لەپایە پێکهێنەر و پالّنەرەکانی.

پێکهێنەرێکی تری ئەم هێزە پاشماوەی بەعس و ناسیۆنالیزمی عەرەبییە بەدیوە سوننییەکەیدا بەتایبەت دوای ئەوەی ئاشکرا بوو بەشێکی دیاری سەرکردەکانیان کۆنە بەعسی و پلەدارەرەکانی ئەو هێزەن و رۆڵی کاریگەر دەگێڕن لەناویاندا و لە روی سیاسی و سەربازییەوە پشتیوانێکی گەورەن بۆ داعش، نەبونی متمانە بەرامبەر بەشێك لە کوردەکانی ناو داعش و کوشتن و ئیعدام کردنیان دەکرێ یەك لە پالّنەرەکانی لەم رووەوەە خوێندنەوەی بۆ بکرێ، سەرەڕای سود بینینی داعش لە هۆکارەکانی راگەیاندن و پەیوەندی جۆراوجۆر بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لە هەموو جیهانەوە بە سودبینین لە دەوڵەمەندی ئەم رێکخراوە بەهۆی دەست گرتنی بەسەر زۆر لە کان و

بۆڕییەکانی نەوتدا" ئەمەشپنتەکانی هێزی ئەو گروپەی چەند قات و بەرابەر کرد بەراورد بەهێزە هاوشێوەکانی پێش خۆی ...

سەبارەت بە رەخسانی زەمینە و ئەو فراوان بونە خێرایەی داعش و راکردنی سوپای عێراق و بەجێ هێڵانی چەکەکانی و وازلێهێنانیان تاوەکو ئەو هەموو ناوچەیە کۆنترۆڵ کەن“ قسە و باس و شیتەڵکاری زۆر هەیە و باس لەوە دەکرێ دەزگا هەواڵگرییە جۆراوجۆرەکان رۆڵی گەورەیان بینیوە لەنێو ئەم رێکخراوەدا و پلانی پێشوەختەی چاوەڕوانکراو لە ئارادا بووە یان لانی کەم ئەو دۆخە بەشێوەیەك تەوزیف کراوە تاوەکو بتوانرێ ستراتیژیەتی زۆر لایەنی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەدی بێنێ و بۆ ئەم مەبەستەش دەرفەتێکی باشیان پێی دا و هەر لە سەرەتاوە گڵۆپی سەوزیان بۆ هەڵ کرد کە تاوەکو سێ ساڵ دەرفەتی مانەوەیان هەیە ! ! خۆ ئەگەر خوێندنەوەیەکی تەئاموریشی بۆ بکرێ ئەوە جگە لە ویستە سیاسی و مەزهەبییەکانیش دەکرێ بوترێ ئەم دەرفەتە زۆر گرنگ بوو بۆ ناشیرین کردنی خودی ئیسلام لەسەر ئاستی جیهانی و سنوور دانان بۆ ئەو کار و چالاکییە ئیسلامییەی لە رۆژئاواشدا برەوی هەبوو، بەتایبەت دەزانرا ئەم گروپە دەیەوێ ئیسلام بەدواکەوتوترین شێوە و شێوازی مێژویی پیادە بکات و مێژوو بکاتە دین و فەتوای بەسەرچوو بکاتە بەدیلی کاری سیاسی کە بەرژەوەندی و زیانی بەدی هاتوی مرۆڤەکان تیایدا پێوەرە.

داعش لە سەرو بەندی بەهاری عەرەبیدا هاتە ئاراوە، توانی شۆڕشی گەلی سوریا تێك بدا و لەگەڵ هاوشێوەکانیدا گۆمی خوێن لە سوریادا بەرپا بکەن و

دواجار هەموو ئەمانە بە قازانجی ئەو رژێمە کۆتایی هات، توانی خۆی بخزێنێتە لیبیا و بە کوشتن و سەربڕینی کرێکارە مەسیحییە میصرییەکان وێنە ناشیرینەکەی بخاتەڕوو، دەرفەتی زیاتر بۆ حەفتەری ئەفسەری خانەنشین بڕەخسێنێ تاوەکو بە ئاراستەی دژە شۆڕشدا زیان بەبەهاری عەرەبی بگەیەنێ لەو وڵاتە و لە سینا و میصرییشدا ئەوەندەی تر دۆخەکە خراپتر بکات و پارتی نەهزەی تونسیش ئیحراج بکات بەو هەڕەشە و هێرشانەی جارجار پێی هەڵ دەسا ...

داعش بە قێزەونترین شێوە مامەڵەی دەکرد و نامرۆڤانەترین رەفتاری ئەنجام دەدا بەرامبەر دیل و خەڵکانی دیل و سڤیل، بە کۆیلەکردن و بە کەنیزەك کردن و کوشتنی کوردانی ئێزدی و سەربڕینی پێشمەرگە کە شایەتمان لەسەر زاریان بوو نمونەی رەفتارە نامرۆڤایەتی و نا مسوڵمانێتییەکانیان بوو، سەربڕین وسوتان و کوشتن و بڵاوکردنەوە و رەواج پێ دانی بەو شێوە سیستماتیکیە ئامانج دارانە بەشێك بوو لە پرۆژەی داعش بۆ زۆر مەبەست کە یەکێکیان بڵاوکردنەوەی ترس تۆقاندنی بەرامبەر بوو. لە هەمان کاتدا پاساوی بە ئیسلام و دید و بۆچونی زانایان دەهێنایەوە بۆ ئەم کارە نامرۆڤایەتییانەی.

هەموو شرۆڤەکارێکی سیاسی و چاودێرێکی ژیر هەر لە سەرەتاوە ئەو راستییەی دەزانی کە داعش بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ درێژە بە بونی خۆی بدات و لە جیهانێکدا بژی کە جیهانی مان و درێژەدان بەژیانی ئەو نییە. پرنسیپەکانی ئەو بۆ ژیان کورت بین و نالۆژیکی و نا واقعین، سەرەڕای

ناشەرعی بونیان ئەوان تەنها دەرکەوتەی واقعێکی قەیراناوین کە راگوزەرییە و هۆکارێکن دواجار ئەوانی دی مەرامەکانی خۆیانیان پێ بەدی دێنن، لە هەمان کاتدا تێستێکی خراپ بوو بۆ خستنەڕوی ئیسلام و پراکتیزەکردنی تاوەکو ئەم ئەزمونە لە خەیاڵگەی خەڵکیدا بمێنێتەوە و بکرێتە پێوەری هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو بانگەشانەی لە ئارادان بۆ رۆڵ پێ بینینی ئیسلام لە ژیان و سیاسەت و کۆمەڵگادا و لەولاشەوە پرسیاری گەورە دروست بکرێ سەبارەت بەو بزاڤ و بزوتنەوە ئیسلامیانەی کاری سیاسی دەکەن و لەم مەبەستەشدا پێکایان و پرسیارگەلێکی زۆر هاتنە ئاراوە کە دەکرێ تەوزیفی ئیجابی بکرێ بۆ بەخۆداچونەوە و هەڵسەنگاندنی توراس و کلتوری مسوڵمانان و دەست پێکردنەوەیەکی دروست بۆ کاری نوێ، دەشکرێ بە خراپی تەوزیف بکرێ بۆ ململانێی سیاسی و فیکری و شکست پێهێنانی بەرامبەر لە لایەن نەیار و کێبڕکێ کارانەوە بەکاربهێنرێ، لە هەردوو بارەکەشدا قسەی زۆر هەیە بۆ وتن.

داعش کۆتایی دێ، ئەوە عەقڵە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە دەتوانن رێگر بن لە دروست بونی داعشێکی دی یان سەرهەڵدانەوەی لە فۆرمێکی تردا، هەروەك چۆن ماکی نازیزیزم و فاشیزم لە ئەوروپادا هەیە بەڵام ئەوەی رێگرە لەوەی بگەنە ئاستی داعش سیستەمە جۆربەجۆرەکانی ئە وڵاتانەیە، ئەو ژینگە سیاسی و ئابوری و حقوقیانەیە رێگە نادەن بەوەی رۆڵ بەو تێڕوانین و گروپانە بدرێ بێنە پێشەوە و مومارەسەی رەفتارەکانیان بکەن، لێرەوە دەکرێ زەمینەی لەباری ئابوری و رامیاری و فیکری و ژیانسازی و رێزگرتنی

مافەکان ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە گۆڕنێن یا بە پێچەوانەوە برەوی پێ بدەن وەکو لە عێراقدا بەدی هات.

داعش هەرچییەك بوبێتن و ڕۆڵەی لاساری هەر مێژوییەك بن، هیچ نین جگە لە هەڵگری بۆچونگەلێکی تایبەتی سەرچاوەگرتوو لە چەندین ڕەهەندی جیاواز کە یەکێکیان کلتور و مێژوی مسوڵمانانە بە تایپێکی تایبەت، کە لە کۆتاییدا بەرهەمی سەرکەشی و کارە نامرۆڤایەتیەکانیان زۆر دەرەنجامی کارەساتاوی لێ کەوتەوە، کە ئەمە بەشێکێتی:

1. ناشیرین کردنی وێنەی ئیسلام وەکو دین لە ئاستی جیهانیدا. دوای ئەوەی ئیسلام تاڕادەیەك لە تەشەنەیەکی باش و ئاساییدا بوو. بەتایبەت ڕەفتارە قێزەونەکانیان لە شەنگال و ڕەفتارە نامرۆڤایەتیەکانیان لە مامەڵە لەگەڵ دیل و کوشتن بەشێوەیەکی دڕندانەو و بڵاوکردنەوەیبە شێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو.

2. ڕشتنی خوێنی هەزارەها مسوڵمان و خەڵکی تری بێ گوناهـ، بەڵام پشکی شێری ئەو قوربانیانە مسوڵمانن کە ئەوان بە ئیدیعای خۆیان داکۆکیان لێ دەکردن!

3. وێرانکردنی ناوچە سوننییەکان، لە کاتێکدا ئەوان خۆیان بە داکۆکی کاری ئەو گروپە ئەژمار دەکرد و لە بەدرێژایی بونیان نەیان توانی شارۆچکەیەکی بچوکی وەك ئامرلی شیعە نشین بگرن لەگەڵ ئەوەی بەتەواوی گەمارۆشیان

دابوون!! ئەمە جگە لەوەی لەکاتی راکردن و بەجێ هێشتنی ئەو ناوچە سوننی نشینانەداوێرانکارییەکی بێ شوماریان ئەنجام دەدا و ئەوانەشی بەدوایدا دەهاتن بە یەکجاری خاپوریان دەکرد و کورد وتەنی: ئاو بێنە و دەست بشۆ!!

4. رۆڵ بینین لە لەبار بردنی شۆڕشی گەلانی ناوچەکە و بەهاری عەرەبی و پاساو دروستکردن بۆ تەسفیەکردن و لاوازکردنی بزوتنەوە و پارتە ئیسلامیەکان لەکاتێکدا بەرەو هەڵکشان و جەماوەریبونی زیاتر دەرۆیشتن.

5. رێگەخۆشکردن بۆ دەست وەردانی زیاتری وڵاتانی زلهێز و ئیقلیمی بۆ بەدیهێنانی چەندین نەخشە و پلانی جۆراوجۆری سیاسی و ئابوری و مەزهەبی.

6. هۆکارێکی کپ کردنی شۆڕش و نارەزایەتیە رەواکانی ناوچەکەی بەدوای خۆیدا هێنا لە چەندین شوێنی جیهاندا، لەگەڵ ئەوەی رون و ئاشکرایە لای چاودێران سەرەنجامی داعش جگە لە شکستی خۆیان و وێرانکردنی ناوچەکە شتێکی دی نییە.

7. بیانوو دان بەدەست هێز و دەسەڵاتە سیاسییە جۆربەجۆرەکان لە تەواوی جیهاندا بۆ لە قاڵبدان و سنووردارکردنی کارو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی مسوڵمانان لە ئاستێکی فراواندا ... لەگەڵ چەندین دەرهاویشتەی سەلبی تر...

8. لەگەڵ ئەو هەموو دەرهاویشتە خراپانەدا خاڵی ئیجابی تەنها لەوەدایە بەخۆداچونەوەیەکی جدی بەدی بێت و مسوڵمانان چی دی کۆیلەی هەندێ بۆچونی پواوو هەندێ تێڕوانینی مێژویی نەبن و ئازایانە و ئازادانە خوێندنەوەی دروست پەرەپێ بدەن تاوەکو کرۆکی مرۆڤ دۆستانەی ئیسلام و گیانی دادخوازانەی دەقەکان بەدەربخرێ.

9. گومان لەوەدا نییە داعش پەنای بۆ ئیسلام و کەلتور و مێژوو بردووە بۆ پاساوی رەفتارەکانیان، بۆ ئەمەش دەکرێ تەئویلی نادروست و تێگەیشتنی هەڵە و فەتوای مێژویەکی تایبەت تەوزیف بکەن، بەڵام لەمەدا زۆرینەی هەرەزۆری(ئەگەر گشتاندنیش نەکەین) زانایان و تیۆریسانی بزاڤە ئیسلامییەکان و بیرمەندانی ئیسلامی دژایەتییان دەکەن و هاوڕایان نین لەگەڵیاندا، لە رووی واقعیشەوە داعش گروپێکی بچوکی چەند هەزارین و ناکرێ بکرێنە سەرمەشق و نمایندەی رەسمی مسوڵمانان. دروستترین کار بریتییە لە پۆلێن کردن و هەڵاوێردن نەك تێوەگلاندنی هەموو لە پێناو مەبەست و خواستی نادروستی مەرحەلی و تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی ئاراستەکراو.

## پارتی ئیسلامی کۆمەڵگەی مسوڵمان

لەسەرەتاکانی بەهاری عەرەبیدا ئاستی جەماوەرێتی پارتە سیاسیە ئیسلامیەکان تارادەیەك هەڵکشا بەلام ئەو هەلکشانە نەك وەستا بەلکو بەرەو خوارەوەش هاتووە ئەمە بۆچی؟

بەهاری عەرەبی کە هەندێکیتر بەبەهاری ئیسلامی ناوزەدی دەکەن قۆناغێکی نوێ بوو، قۆناغ و وەرچەرخانێکە بەرەنجامی کەڵەکەبوونی چەندین ساڵەی پڕ لە قەیران و تاوان و ستەم و خراپەکارییەکانی سەرۆك و سیستەمە دواکەوتووەکانی نیشتیمان و وڵاتانی عەرەبی بوو، دەرەنجامییش توانی لەسنورێکی بەرتەسکدا هەندێ گۆڕانکاری بەدی بهێنێت و بەهۆی هەندێ هاوکێشەی هەرێمی و نێودەولەتی و ناوخۆییشەوە سنووردارکراوو نەیتوانی ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، بگرە لەهەندێ شوێن شۆڕشی چەواشە و پێچەوانەشی بەدواداهات و بەلارێدا برا، ئەو شۆڕشانە بە سەردەمێکی جیاکەرەوە دادەنرێت لەم ناوچەیەدا و لەسەر ئاستی دوور مەودا کاریگەرییەکانی بەدەر دەکەون.

بەو پێیەی ئیسلامییەکان لەهەموو هێزەکانیتر تۆکمەتر و خاوەنی جەماوەرێکی زۆرتربوون، لەم روانگەیەوە زۆرترین رۆڵ و کاریگەرییان هەبوو لەو شۆڕشانەدا، دواترییش بەهۆی بوونی پلانی دژە شۆڕش و گۆڕانکاری قوربانی یەکەم هەر ئەوان بوون، ئەکرێ میسر وەك نموونە وەربگرین، لەگەڵ

ئەوەی بەشێوازێکی دیموکراسی دەسەڵاتیان گرتە دەست بەڵام لەلایەن دەسەڵاتی سەربازییەوە کودەتایان بەسەردا کرا ، ئەمەش دوای پشتیوانی هەندێ لە وڵاتانی خەلیج و هێزی ناوخۆیی و بێ دەنگی نێودەوڵەتی... ئاساییە قوربانی یەکەمی ئەو دۆخە ئیسلامییەکان بن و دەنگیان خەفەبکرێت و لە کونجی زیندانەکان توندبکرێن هەروەك بینرا...

بۆچی لەجیهانی ئیسلامیدا کە زۆرینە موسوڵمانە پرۆژەی کاری سیاسی ئیسلامی لەئاستی زۆرینەی رەهادا نیە ؟ بەلکو وەك دەبینین هەندێك لەکارەکتەرە ئیسلامیەکانیش رو لە پرۆژەی سیاسی جیاواز دەکەن؟

پرۆژەی کاری سیاسی ئیسلامی کۆششێکی مرۆییە و ئەزمونێکی تایبەتە لەچوارچێوەی فیکر و هزری ئیسلامیدا، هەروەك چۆن لەمێژووی ئیسلامیدا چەندین ئەزمونمان هەیە لە رووی فیقهی و سیاسی و فیکرییەوە، لەم سۆنگەیەوە مەرج نییە تەنها بە مۆرکی ئیسلامی بوون سەرکەوتنی بۆ بەدەست بێت یان ببێتە جێگەی سەرسامی زۆرینەی جەماوەر. ئەم ئەزموونە بەردەوام پێویستی بەخۆنوێکردنەوە و ریفۆرم و بنیاتنانەوە هەیە وەك هەر ئەزمونێکیتری مرۆیی، لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە بکەونە هەڵەوە یاخود ئەزمونەکانیان شکست بهێنێت، بەتایبەت لەبواری سیاسییدا کەزیاتر مەودای کاری ئیجتیهادی و گۆڕاوە، لە واقیعیشدا هەر ئەمە بەرجەستەبووە، سەرکەوتن و شکست دەبینین، لێتەکینەوە و بەدەوردا کۆبوونەوە دەبینرێت، شێوازی کاردەگۆڕێت و پۆلێنکاری نوێ لەو مەیدانەدا هاتووەتە ئاراوە و دیدی

جیاواز و جۆراوجۆر پەیدابووە، بەکورتی پێویستی بە دەوڵەمەندکردن و پێداچوونەوە و نوێکردنەوەیە...

راتان چییە لەبارەی ئەو بۆچونەی کە پێی وایە نابێت پارتی سیاسی بەناوی ئیسلامەوە دروستبکریت؟ لەگەل ئەم رایە هەن یا نین بۆچی؟

کاری پارت و رێکخستن و رێکخراوە ئیسلامییەکان، کاری مرۆیین، بەرەئەنجامی هەڵسوکەوت و کارلێکە لەگەڵ واقیع و جیهانی نوێدا، باسەکە باسی نابێت و ئەبێت نییە، ئەوە پێداویستی واقیعەکەیە رێگە بەو بوون یان نەبوونە دەدات، ئەوەی لە ئیسلامدا هەیە هاندانە بۆ هاوکاری کردن لە خێر و خزمەت و چاکەدا، پشتیوانیە لە کاری بەکۆمەڵ و دەستەیی و هاریکاری، ئیتر ئەمە چۆن بەرجەستە دەکرێت و دێتەبوون، ئەوە بابەتێکی گۆڕاوە و بەپێی سەردەم وکۆمەڵگاکان شێوە شەکڵ دەگرێت، لەم نێوەندا پارتی سیاسی بەناوی ئیسلام و ئیسلامییەوە هاتە ئاراوە وەك بەرەنجامی کاری بەکۆمەڵ و هاوتەریب لەگەڵ بوونی پارت و کۆمەڵیتر بە مەرجەعییەتی جیاوازەوە، کاتێك پارتی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی پەیدا دەین و بەشێك لەکار و بەرنامەیان لێدان دەبێت لە ئیسلام و فیکری ئیسلامی ئاساییە گەر وەك رووبەڕووبوونەوە و کاردانەوەش بێت پارتی ئیسلامی یان پاشخان ئیسلامی بێتە ئاراوە، کاتێکییش بابەتە ئایدیۆلۆژی و فیکرییەکان کاڵ دەبێتەوە و حیزبی سیاسی مەسەلە خزمەتگوزاریی و چاکسازیی سیاسی و هتد بەسەریدا زاڵ دەبێت ئاساییە پارتە ئیسلامییەکانییش بگۆڕرێن و وردە وردە ئەو پاشکۆیە لادەن و

کارەکانییشیان لە گشتگیری ئیسلامەوە بگۆڕن بۆ بوارێکی جیَ گرنگی پێدانی ئیسلام و پۆلێنکارییەك لەو بوارەدا بهێننە ئاراوە، واتە لە چوارچێوەی کاری حیزبێکی سیاسیدا ببزوێن و کاربکەن، هەر ئەم بارەیە جیاوازییەکان کەم دەکاتەوە و دەرفەت دەڕەخسێنێت کاری پێکەوەیی لەبواری سیاسییدا بکرێت، لەم روانگەیەوە من لەگەڵ بەڵێ و نەخێردا نییم، پرسیارەکەی بەڕێزتان پێویستی بە وردکردنەوەی زیاتر هەیە، بەڵام ئاراستەی کارکردن لەمڕۆدا ئەوەیە ئیسلام بەو گەورەیی و باڵاییەی هەیەتی ناکرێت بترنجێنرێتە نێو پارتێکی سیاسییەوە بەڵام دەکرێت زۆر بەهای ئاکاری و سیاسی کە بنەمای قورئانییان هەیە ببنە مەرجەعی کاری سیاسی و خزمەتی کۆمەڵگا لەو رووەوە... دیارە ئەم باسەش ئاوکێشە و دەکرێت لە دەرفەتی گونجاودا قسەی زیاتری لەسەر بکرێت ... پێت وایە لە ئێستادا کێشەی پارتە ئیسلامییەکان لە جیهانی ئیسلامی کە هەڵگری نەزعەو فکرێکی ئیسلامین چ جۆرە کێشەیەکن؟ فکری یا ئایدۆلۆژی؟

پارتە ئیسلامییەکان کێشەیان زۆرە، هەندێ لەو کێشانە کێشەیەکی هاوبەشە لەنێوان هەموو هێزە سیاسی و فیکرییەکاندا و تایبەت نییە بەوانەوە بەڵکو زیاتر گرێدراوەی واقیعێکی قەیراناوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە و هەمووانی گرتووەتەوە بەوەی ناودەبرێت بە ئیسلامی یان لەدەرەوەی ئەو بازنەیەدایە، بەڵام هەندێ کێشەش هەیە تایبەتە بە ئیسلامییەکانەوە، بەڵام قسەکردن لەو بارەیەوە زۆری دەوێت و لەدەرفەتێکی وەهادا تەنها دەتوانیین

وەك سەرەقەڵەمێك ئاماژە بەهەندێكیان بدەین، كێشەكانییش جۆراوجۆر و فرەن، كێشەی سەرەكی كە ئێستە كاڵبووەتەوە یەكسانكردنی پارتی ئیسلامی یا ئیسلامییە بەخودی ئیسلام لە كاتێكدا ئیسلام زۆر فراوان و بەرینە بەڵام پارت یان رێكخراو یا ئاراستەیەكی ئیسلامی بازنە و چوارچێوەیەكی بەرتەسكە ناكرێت بپێورێت بە ئیسلام ... هەڵەیەكیتری گرێدراو بەم خاڵە خزاندنی هەموو بوارەكانی ئیسلامە بۆ نێوچوارچێوەی رێكخراو یان پارتێكی ئیسلامی، هەر بۆیە پارت و كۆمەڵە ئیسلامییەكان بەكاری فیكر و بیروباوەڕ و بانگەواز و پەروەردە و هتد هەڵ دەسان و لە هەوڵی ئەوەدابوون گشتگیریی و هەمەلایەنەبوونی بوارە ئیسلامییەكان لە چوارچێوەی رێكخستن و رێكخراوێك یان كۆمەڵێكی ئیسلامییدا جێگە بكەنەوە لەكاتێكدا ئەمە ئەگەر لەسەردەمێكدا لواو بووبێت و توانرابێت و لەو رێگەیەوە خزمەتێك پێشكەشكرا بێت بەڵام بەردەوام بوون لێی كارێكی ئەستەم و نەگونجاوو تاقەت پڕوكێنە و دەبێت حیزبی سیاسی پاشخان ئیسلامی ئەرك و رۆڵەكانی سنووردار بكات و ئەویتری بسپێرێت بە رێكخراوو كۆمەڵە و دام و دەزگای جۆراوجۆریتر تاوەكو بابەتەكان كرچ و كاڵ و لاواز نەبن و نەچنە ژێر هەژموونی ململانێ سیاسی و ئیدارییەكانی واقیعەوە...

هەندێ گرفتیتر هەیە ریشەی مێژوویان هەیە و دابڕاویش نین لە فیكر لەوانە تێڕوانیین بۆ ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی و فەرمانڕەوایەتی لە مێژووی مسوڵماندا و تێڕوانیین بۆ بۆچونی پێشیین لەو بوارەدا كە هێشتاش بەجۆرێك لەجۆرەكان

لای هەندێ بزاڤی سیاسی ئیسلامی هەڵگری مۆرکی پیرۆزییە و کەمتر وەك ئەزموونی مرۆیی هەڵێنجراو لە ئیسلام و ئەزموونی مرۆیی تەماشا دەکرێت...

هەندێ گرفتیتر پەیوەستە بەخوێندنەوەی واقیعی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هاوچەرخ و چۆنێتی گواستنەوەی ئیسلام و بەهاکانی بۆ نێو ئەم کایانە بەتایبەت لە بوارە سیاسییەکەیەوە کە زۆرجار بەهەند وەرنەگرتنی ئەو گۆرانە گەورانەی لێ دەخوێنرێتەوە کە هاتوونە ئاراوە و لەلایەن بەشێکی دیاری بزاڤی ئیسلامییەوە نادیدە گیراوە و هۆکارێکیش بووە بۆ هەندێ شکست و پاشکەوتنێك کە ئێستە دەیبینین، ئەمە جگە لە نەخوێندنەوەی دروستی هاوکێشەکانی هێز لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی و ناوخۆیی کە بووەتە هۆی بە هەدەردانی توانایەکی زۆر کە دەکرا گۆڕانکاری ئیجابی زیاتری پێ بکرێت... سەرەڕای زاڵبوونی عەقڵییەتێك لەنێو ئەو بزاڤانەدا کە زیاتر مۆرکی ناوچە و دید و تێڕوانینێکی مەزهەبییانەی بەسەردا زاڵە وەك لەوەی ئاماژەی وەرگرتبێت لە ئیسلام وەك پەیامێکی جیهانی مرۆیی لێبووردەی سەرچاوە گرتووە لە وەحییەوە... لەگەڵ چەندین گرفتی شەخسی و نەفسی کە لە زۆربەی رەوت و پارتەکانیترییشدا دەبینرێت ، پەتای توندڕەوییش بابەتێکیترە و لە شوێنیتردا قسەمان لەسەری کردووە، ئەمە سەرەڕای چەندین گرفت و گرێی فیکری کە کاریگەریی هەیە لەسەر رەوت و بزاوتی سیاسی کە لێرەدا دەرفەتی باس و خواسی نییە...

ئەی خاڵی بەهێز لەم پارتانەدا چییە؟ پارتە ئیسلامیەکان دەبێت چی پیشکەشی کۆمەلگا بکەن؟ و لەڕابردوودا چیان پێشکەش کردووە؟ دوارۆژ و داهاتوی پارتە ئیسلامیەکان لە جیهانی ئیسلامیدا چۆن دەبینی؟؟پرسیارەکان ئاوکێشن و ناچارم زۆر بەکورتی بدوێم، وەك چۆن خاڵی لاواز هەیە خاڵی بەهێزیش زۆرە، ئەگەر زۆر بەکورتی و گوشراوی ئاماژە بەهەندێکییان بدەم(دیارە لەسەر ئاستی گشتی جیهانی ئیسلامی نەك ناوچەیەکی دیاریکراو): لەوانە وەستانەوە لەبەردەم ئەو تەوژمە ئیلحادی و کۆمۆنیستییەی سەردەمانێك لەبەرگی سیاسی و حیزبییدا بەجۆرێك لە جۆرەکان دەیانویست ئایین و بەهاو رەوشت کەنارخەن و ئایین وەك تلیاکی گەلان وێنا بکەن... لە هەمان کاتدا پارێزەرێکی گرنگی ناسنامە و شوناسی گەلانی مسوڵمان بوون لەبەردەم شالاٌوی فیکری بگرە سەربازییشدا لە زۆرناوچەی جیهانی ئیسلامی... لەلایەکیترەوە بەردەوام هێز و پارتە ئیسلامییەکان بەربەست و چقڵی چاوی ستەمکار و دیکتاتۆرەکان بوون گەرچی هەندێ لەو هێزانە بەهۆی ستەمکاری و دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و چەندین هۆکاری ترەوە بەرەو توندڕەوی خزان، هێشتاش ئاراستەیەکی میانڕەوی نێو هێزە ئیسلامییەکان داکۆکیکارێکی ماف و خواستی گەلانی چەوساوەن لە جیهانی ئیسلامیدا بەرەچاوکردنی بوونی سەرنج و تێبینی لە ئەدای کار و خەباتییان، ئەمە جگە لە رۆڵی ئیجابی لە پەروەردەی تاکی بەهێز و دواجار رۆڵی خێرخوازی و مەدەنی کە سەرەتا لەدیدی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو...

داهاتووی ئەم پارتانە بەندە بە نوێکردنەوەی دونیا بینی و خوێندنەوەی واقیع و گۆڕان لە تێڕوانینی سیاسییانەدا، لەگەڵ دەست نیشان کردنی کار و رۆڵی پارتی سیاسی....

نوسەرێك پێی وایە وەزیفەی پارتی ئیسلامیش وەك هەر پارێکی سیاسی دەبێت سیاسی بێت نەك دینی؟ راتا ن چییە؟ڕۆشنبیرێکی ئیسلامیش پێی وایە پارتە ئیسلامییەکان بەم فۆڕمە کۆتاییان هاتووە و دەبێت هەڵوەشێنەوە تۆ چی دەڵێیت؟هەردوو دەربڕینەکە پێویستیان بە شیکردنەوە و لەسەر راوەستان هەیە، مەبەست چییە لە سیاسی؟ ئەی دینی چییە؟ بۆ نموونە عەدالەتخوازی بە دیوێکدا سیاسییە بە دیوەکەیتریشدا دینییە؟ دژایەتی ستەم و گەندەڵی هەم کاری سیاسەتێکی درووستە و هەم فەرمانێکی ئاینییشە... کەواتە دەبێت لەم بابەتانەدا ورد بدوێین، ئایین گشتیترە و پەیام و بەهای جۆراوجۆری تیایە بۆ بواری سیاسی و کۆمەلآیەتی و هتد... هەر بۆیە دەکرێت پارتی سیاسی بەشێك لە پەیامەکانی ئایین بگەیەنێت لە فۆرمە گشتییەکەیدا... پارت هەیە ئەم لایەنەی تۆخترە، بەهەرحاڵ ئەوەی گرنگە دین و لەنێویاندا ئیسلام موڵکی هێز یا پارتی دیاریکراو نییە و دەکرێت هەمووڵایەنێك بەهرەی لێوەرگرن لە بواری سیاسەت و دەوڵەتدارییدا و وەك ناسنامەیەکی رێزلێگیراوی کۆمەڵگەش تەماشا بکرێت، لە ئاستە فیکرییەکەشدا خوێندنەوەی نوێ پێداویستییەکی هەنووکەییە تاوەکو زیندوێتی خۆی لەدەست نەدات.... سەبارەت بە وتەی ئەو رۆشنبیرە ئیسلامییەی ئاماژەت

پێی داوه کێشەیەکی وەهای تێدا نابینم، پارتە ئیسلامییەکان دەبێت خۆیان نوێ بکەنەوە، پەیکەری حیزبی پیرۆزی تێدا نییە و شایەنی گۆڕانە و دیدگای مرۆڤییش بۆ کارکردن بەتایبەت لە بواری سیاسییدا بەردەوام پێویستی بە پێداچونەوە و هەڵسەنگاندنە ... شێواز و میکانیزمی کارکردنی پارتە ئیسلامییەکان و خوێندنەوەیان بۆ واقیع و سوود بینینیان لە ئیسلام بۆ گۆڕانکاری وەحیی خوایی نییە بەڵکو ئیجتیهاد و کۆششێکی مرۆییانەیە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتێك کە بەردەوام لە گۆڕاندایە بۆیە دیدگای ئەوانییش پێویستی بە چاکسازی و نوێکردنەوە هەیە...

# فرەیی ئاینی و ئاینزایی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی.

دەستپێك

گومان لەوەدا نییە ئایین لە مێژوی مرۆڤایەتیدا خاوەنی پێگەو کاریگەرییەکی گەورەبووە, لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگاشدا, ئەو کاریگەرییەش تاوەکو ئێستا درێژەی هەیە, سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپ و لەمپەڕ و رەخنەو رووبەڕوبونەوە جۆراوجۆرانەی لە ئاست ئایین و ئایندااران و تێڕوانینی ئاینیدا هەبوە, سەرەڕای

ئەو ئەزمونە خراپانەی بەناوی دین و لەلایەن ئایندااران و بەناوی ئاینداارییەوە کراوە کەچی هێشتاش ئایین رۆڵی بە زیندویی ماوە و بە ملیاران کەس ئاراستە دەکات[32] , یەك لە ئاماژەکانی ئەمە رەسەنایەتی خودی ئاینە لەناخی مرۆڤدا گەرچی پیادەکردنەکانی ئاینیش هەڵەبوبێت, رێ وشوێنی خوایی وەهابووە بۆ هەموو ئومەتێك پەیامبەری ناردووە: ((وإِن مِن أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ))، فاطر: 24. هاتنی پەیامبەرانیش ویست و ئیرادەی ئەو بووە:((شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوحَينَا إِلَيكَ وَمَا وَصَّينَا بِهِ إِبرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَن أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الـمُشرِكِينَ مَا تَدعُوهُم إِلَيهِ اللَّهُ يَجتَبِي إِلَيهِ مَن يَشَاءُ وَيَهدِي إِلَيهِ مَن يُنِيبُ)) الشورى: 13، دواجار لەبەر چەندین هۆکار جیاوازی و ناکۆکی دروست بووە: ((وَمَا اختَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الكِتَابَ إِلَّا مِن بَعدِ

---

[32] سەبارەت بە رۆڵی ئایین لە جیهانی ئەمڕۆدا وبەتایبەت لە ولأتێکی کاریگەری وەك ئەمریکا بڕوانە پێشەکی کتێبی: الدين في السياسة, مايكل ج.بيري، ت: عربي ميقاري، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت، لبنان، ط1، 2014، ص11. بۆ دیاردەي ئاینداریش بڕِوانة: http://taseel.com/articles/4803، التدين.. الظاهرة الإنسانية الأزلية (1/ 3 )، مقال أنور قاسم الخضري، الثلاثاء 20 جمادى الآخر 1437 هـ.

مَا جَاءَهُم العِلمُ بَغيًا بَينَهُم ومَن يَكفُر بِآيَاتِ اللهِ فَإِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الحِسَابِ))، آل عمران: 19. لەهەمان کاتدا جیاوازی وەك سروشتێکی مرۆییانە و ئیرادەیەکی گەردونی خوای پەروەردگار هەر دەمێنێتەوە، هەروەك دەفەرموێ:( وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلاَّ أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُوا وَلَوْلا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ) یونس:19, (وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ (118) إِلاَّ مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنْ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ (119)هود:118-119، خۆ ئەگەر مرۆڤ هەموو تواناکانی خۆی خستەگەڕ و دواجار گەیشت بەو سێ پایەی سەرەکی ئاینداری(بڕوا بەخوا و ڕۆژی دوایی و کردەوەی چاك) و ئینکاری نبوەتی پەیامبەرانی نەکرد ئەوا ئومێدە خوای گەورە لە سایەی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا مامەڵەی لەگەڵ بکات: ((إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا والَّذِين هَادُوا والنَّصَارَى والصَّابِئِينَ مَن آمَنَ بِاللهِ واليَومِ الآخِرِ وعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُم أَجرُهُم عِندَ رَبِّهِم ولَا خَوفٌ عَلَيهِم ولَا هُم يَحزَنُونَ))، البقرة: 62[33].

جا ئەگەر پەیام و پەیامبەران لەخوای گەورەوە بن ئەوا ناکرێت- سەرەڕای قەناعەت بوون یان نەبوون بەوەی ئەوەی ئێستا هەیە دەربڕی ئەو ئاینەبووە خودا ناردویەتی- بەچاوی رق و دوژمنایەتی و لەناوبردن و سفرکردنەوە بۆ ئایندارانی تر بڕوانرێت, هەڵەیەکی گەورەیە رێ و شوێنێکی دروست نەبینرێتەوە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنی ئاینەکان لەگەڵ یەکتردا.

ئازادی بیروڕا و ئازادی ئاینی

مرۆڤ بەبێ ئازادی واتای راستەقینەی مرۆڤ بونی خۆی لەدەست دەدات, ئازادی بیرو ڕا و ئاینداریش لە لوتکەی ئازادبونی مرۆڤدایە: ئاینێك کە

33 قسەکردن سەبارەت بەم ئایەتە و بابەتی (اتمام الحجە) زیاتری دەوێ.

خودای مرۆڤەکان بە بەرنامەی ژیانی مرۆڤی داناوە و کردویەتیە رایەڵەیەك بۆ پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا, رێگەی نەداوە بەزۆر بسەپێنرێ:( لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنْ الغَيِّ ) البقرة:256, لەکاتێکدا لە توانایدا هەبوو هەموو کەس بکاتە باوەدار, بەڵام نە ئەوەی کردە فەرمان و نەرێگەش دەدات تەنانەت پەیامبەرەکەی زۆر لە خەڵك بکات بۆ باوەڕهێنان:( وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لآمَنَ مَنْ فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعاً أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ) يونس:99 . ئەمەش هەمان پەیام بووە کە پێغەمبەرانی تر هەڵیان گرتووە(ئێوە پابەند ناکەین بە شتێکەوە کە پێتان ناخۆش بێت):( قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كُنتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي وَآتَانِي رَحْمَةً مِنْ عِنْدِهِ فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ أَنُلْزِمُكُمُوهَا وَأَنْتُمْ لَهَا كَارِهُونَ) هود:28، چونکە مرۆڤەکان لە ژیانی دونیایاندا ئازادی وەرگرتنی هیدایەت و گومڕاییان پێ بەخشراوە و لە بەرامبەر ئەو بژاردەیەشدا لێپرسراون، پەیامبەران تەنها گەیاندن و رونکردنەوەیان لەسەرە هەروەك لە چەندین دەقی قورئانیدا روونکراوەتەوە وەکو:( وَقُلْ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَاراً) الكهف:29.( قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمْ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنَا عَلَيْكُمْ بِوَكِيلٍ) يونس: 108(إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ رَبَّ هَذِهِ الْبَلْدَةِ الَّذِي حَرَّمَهَا وَلَهُ كُلُّ شَيْءٍ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنْ الْمُسْلِمِينَ (91) وَأَنْ أَتْلُوَ الْقُرْآنَ فَمَنْ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَقُلْ إِنَّمَا أَنَا مِنْ الْمُنذِرِينَ (92) وَقُلْ الْحَمْدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَتَعْرِفُونَهَا وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (93) النمل:90-93.

پەیامبەر ئەرکی سەرەکی گەیاندنە نەك سەپاندن , موژدەدان و ئاگادارکردنەوەیە نەك سزادان، لێپرسینەوەش لای خوای گەورەیە ئەمەش لە

چەندین ئایەتدا رونکراوەتەوە:( فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنْتَ مُذَكِّرٌ (21) لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُسَيْطِرٍ) الغاشية:21-22، (نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِجَبَّارٍ فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَنْ يَخَافُ وَعِيدِ)ق:45، (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ مُبَشِّراً وَنَذِيراً (56) قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِلاَّ مَنْ شَاءَ أَنْ يَتَّخِذَ إِلَى رَبِّهِ سَبِيلاً (57) وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِ وَكَفَى بِهِ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيراً (58)) الفرقان:55-58، (وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ اللَّهُ شَهِيدٌ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ (46) وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَسُولٌ فَإِذَا جَاءَ رَسُولُهُمْ قُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ وَهُمْ لا يُظْلَمُونَ (47)) يونس:46-47، (مَا عَلَى الرَّسُولِ إِلاَّ الْبَلاغُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ) المائدة:99.

تەنانەت خوای گەورە زۆر بە رون و ئاشکرایی سزای مورتەد و هەڵگەڕانەوەی خستووەتە رۆژی دوایی و لە دونیاشدا بەر نەفرین دەکەون, ئەکرێ بە وردی لەم ئایەتانە رامێنین:( وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ) البقرة:217،( وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلامِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنْ الْخَاسِرِينَ (85) كَيْفَ يَهْدِي اللَّهُ قَوْماً كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ وَشَهِدُوا أَنَّ الرَّسُولَ حَقٌّ وَجَاءَهُمْ الْبَيِّنَاتُ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (86) أُوْلَئِكَ جَزَاؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ اللَّهِ وَالْمَلائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ (87) خَالِدِينَ فِيهَا لا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ الْعَذَابُ وَلا هُمْ يُنْظَرُونَ (88) إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (89) إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْراً لَنْ تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ وَأُوْلَئِكَ هُمْ الضَّالُّونَ) آل عمران:85-90.

رێگەی دروستی گەیاندنی ئایین و بیروباوەڕیش بریتیە لە گفتوگۆی دروستی پڕ دانایی و ئامۆژگاری جوان:( ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ

الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ) النحل:125، چونكه هەروەك وتمان ويستى گەردونى خوا وەهابووە ئازادى بە مرۆڤەكان بدات و لەسەر ئەو ئازادبونەش لێپرسینەوەیان لەگەڵ بكات:( وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ (118) إِلاَّ مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنْ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ) هود:117-119، (وَقَالَتْ الْيَهُودُ لَيْسَتْ النَّصَارَى عَلَى شَيْءٍ وَقَالَتْ النَّصَارَى لَيْسَتْ الْيَهُودُ عَلَى شَيْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ الْكِتَابَ كَذَلِكَ قَالَ الَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ فَاللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ) البقرة:113، (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ (1) لا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ (2) وَلا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ (3) وَلا أَنَا عَابِدٌ مَا عَبَدتُّمْ (4) وَلا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ (5) لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ (6) الكافرون1-6.

بە كورتی و لە روانگە ئیسلامیەكەوە: ئیسلام ئاینێكی راست و رەوانە و بە رون و ئاشكرایی پەیامی خۆی دەگەیەنێت و باش و خراپیان بۆ دەخاتە روو, هانیان دەدات بۆ رێنمایی و ئاگاداریان دەكاتەوە لە گرتنەبەری رێگەی گومڕایی و ئیسلامیان بۆ دەخاتە روو وەك رێگەی بەختەوەری و كامەرانی و دوركەوتنەوەش لەو رێبازە بەلادان ئەژمار دەكات. بەڵام بە رەوای نابینێ كەس بەزۆر پەلكێشی بەرنامە و بیروباوەڕەكەی خۆی بكات, لە هەمان كاتدا ئیسلام دانی ناوە بە ئاینەكانیتردا و بانگێشتی ئەوان و هەموو كەسێكی تر دەكات بۆ شوێنكەوتنی ئیسلام و خۆشحاڵە بەوەی شوێنی ئیسلام بكەون, ئەگەر وەلامگۆش نەبوون و هیچ بیانویەكیان نەبوو ئەوا سزا و تۆڵەیان لە

دوارۆژدایە نەک لە دونیادا، هەموو ئەمانەش واتای ئەوەیە ئیسلام دانی ناوە بە ئازادی بیروڕا و ئاییندا[34].

پەیامی ئاین و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی

ئامانجی سەرەکی و راستەقینەی ئاینەکان رێنیشاندان و بەختەوەری مرۆڤەکانە, ئارام کردنەوەی دڵ و دەرونیانە، ئەمە ئەو پەیامەبوو خوای گەورە دای بە گوێی ئادەمدا هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتیدا :(قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعاً فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ) البقرة:38, (... فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلا يَضِلُّ وَلا يَشْقَى (123) وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكاً وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى (124) طه:123-124.

ئەسڵ وایە هەموو ئاینزاکانیش ئەم پەیامە سەرەکیەی ئاین بگێڕن, بەڵام کاتێك چاودەگێڕین بە مێژووی شوێنکەوتەی هەموو ئاینەکاندا هەموو کات ئەو رۆڵەی ئایین و ئاینزاکان نابینرێت, بەڵکو هەندێ جار پێچەوانەکەی دەبینین, ئەگەر چاوێك بخشێنین بە مێژووی ئاینی مەسیحی کاتێك لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی رۆمانیدا تێکەڵ دەبێت, یاخود بڕوانینە مێژووی شەڕەخوێناوییەکانی ئایینزاکانی ئەم ئایینە لە ئەوروپادا ئەوا دەگەینە ئەو راستیەی کە هۆکار بوون یاخود کراونەتە دەسکەلای چەندین شەڕی خوێناوی کە بە ملیۆنان خەڵکی تێدا کراوەتە قوربانی[35] , مێژوی مسوڵمانانیش خاڵی

---

[34] http://nosos.net، حرية الدين والعقيدة في الإسلام,3 أكتوبر 2014م، إعداد: الشيخ محسن كديور, ترجمة: علي الوردي

[35] بۆ درێژەی ئەو جەنگە خوێناوییە ئاینیانە بڕوانە: ضحايا الحروب الدينية.
https://www.arageek.com/2014/11/01/religious-wars-in-europe-and-our-arabian-world.html، و
http://www.mesopot.com/old/adad12/15.htm

نییە لەو جەنگە خوێناوییانە هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ, ئەو شەڕ و کوشتارە هەم ناوخۆیی بووە هەم دەرەکی[36]، ئەمە بۆ شوێنکەوتەی هەموو ئایین و ئاینزاکانی تریش هەر راستە.

کەواتە پێویستە کارێك بکرێت ئایین و ئاینزاکان بە رۆڵی گرنگی خۆیان هەستن و بەشێوەیەکی خراپ و بۆ مەرامیتر بەکارنەهێنرێن, هەروەك لە مێژوودا بەکارهێنراوە  و تاوەکو ئێستەش ئەو وەگەڕخستنە خراپە بەردەوامە, چ لەلایەن دەسەڵاتدارەوە بێت یاخود لەلایەن گروپ یاخود تاکەوە.

ئایین و ئاینزاکان هەروەك چۆن دەکرێت ئامراز و هۆکاری ئاسایش و ئارامی نەتەوە و نیشتمانێك بن, یاخود رەنگاڵەیی و جوانی ببەخشنە جوگرافیایەك، بەهەمان شێوە دەکرێ هۆکارێك بن بۆ پشێوی و ناکۆکی و دوبەرەکی و ناشیرینی, ئەکرێ بۆ ئەمە چەند نمونەیەك بهێنینەوە کە پەیوەستە بە ئاسایشی نیشتیمانی و سەروەری وڵاتەوە, ئەگینا بۆ بوارەکانی تر ئەوا مێژوو پڕە لە نمونەی خوێناوی و تەوزیفی خراپ و سەلبی، کەمایەتییە نەسرانییەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی هۆکارێك بوون  بۆ ئەوەی موژدەدەرە رۆژئاواییەکان پەیوەندی بەو تائیفە مەسیحییانەوە بکەن و دواتر دەوڵەتی عوسمانی کۆمەڵێ ئیمتیازاتی بەخشییە فەرەنسا و بەدوایدا هەمان ئیمتیازاتی دابە ئینگلیز و روسەکان ، هەموو ئەوانە وەهای کرد وڵاتە ئەوروپییەکان

---

الطوائف المسيحية وتاريخها الدامي!

اعداد: عشتار جرجيس/ ميسان، و

http://killinglove7.blogspot.com/2011/12/blog-post_4132.html
الحروب الدينية داخل أوروبا.

[36] ئەکرێ نمونەی شەڕە مێژووییە ناوخۆییەکانی مسوڵمان وەك نمونەیەك لەم بوارەدا بهێنرێتەوە.

ئەکرێ بگەڕێینەوە بۆ مێژوی تەبەری و دواترییش.

دەستبخەنە ناو کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی[37] ودواتریش بەو دەرەنجامە گەیشت کەلای هەموان رون و ئاشکرایە. ئەمە وەسف کردنی واقیعێکە نەك هەڵسەنگاندنی رەوایەتی یا ناڕەوایی ئەو کارانە.

لوبنان یەکێکە لەو ولآتانەی بەوەدا دەناسرێتەوە کە ئاینی جیاواز و ئاییزای جۆراوجۆری تێدایە, ئەم ئایین و ئاینزایانە لەبری جوان کردن و خزمەت زۆرجار هۆکارێك بووە بۆ زۆر کێشە و قەیرانی ناوخۆیی و دەست وەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆیی ولآتدا, چونکە هەر ئاین و ئاینزایەك خاوەن و پاڵپشتێکی دەرەکی هەیە و دەیکاتە بیانوییەك بۆ دەست وەردان بۆ نمونە لەم ولآتەدا فەرەنسا خۆی بە خاوەنی مارۆنییەکان دادەنێ و روسیا ئەرسەزۆکس و شیعە ئێران و سوننە سعودیە و هەموشیان لە قۆناغێکی مێژوییدا دەستیان وەرداوەتە کاروباری ئەو ولآتە[38] و ئەو دەست وەردانە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، خواستی دەست وەردان لە ولآتانی تری وەکو عێراق و سوریا و یەمەن و بەحرەین و شوێنانیتریش بەپاڵنەری ئاینزایی و مەزهەبی روکارێکی دیاری ناوچەکەیە و دواجار خزمەتی ئەجێندای دەرەکی پێ دەکرێت و زیانمەندی یەکەم پێکهاتەی کۆمەلأیەتی و یەکڕیزی نیشتمانی ولآتی دەست تێوەردراوە.

---

[37] فرسەت مەرعی، مێژوی موژدەدانی مەسیحی لە کوردستاندا، و: جەعفەر گوانی, نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، چ1، 1436–2015، ل33. قسەی ئێمە لە رەوایی و ناڕەوایی ئەو ئیمتیازاتانە نییە، قسە لەوەیە ئەگەر مامەڵەی دروست لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا نەکرێ ئەوا بە شێوازێکی خراپ لەلایەن هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە دەقۆسترێتەوە و رێگە خۆش دەکا بۆ نائارامی و هەڕەشەیەکە لە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی.

[38] **بۆ هەندێ وردەکاریتر** http://www.al-akhbar.com/node/71294
http://www.aljazeera.net/programs/opposite-direction/2005/6/11

ئەگەر بێینە سەر ئاستی نەتەوەیی کورد و ئاستی نیشتمانی کوردستانیش ئەوا دەکرێ بوترێ روی زاڵی ئەو فرە ئاینی و ئاینزاییە بەراورد بە شوێنانیتر تارادەیەکی باش و ئیجابی بووە و کوردستان جەنگی ئاینی بەواتا راستەقینەکەی بەخۆوە نەبینیوە, بەشداری بەشێك لە کورد لە کوشتاری ئەرمەنییەکان خواستێکی کوردانە نەبووە و زیاتر فەرمانێکی سوڵتانی ئەو کاتی عوسمانی بووە و پێشەکی و زەمینەی تایبەتیشی هەبووە لەوانە پشتیوانیکردنی ئاسوریی و ئەرمەنییەکان بۆ دەسەڵاتی روسی[39] و کوشتارێکی زۆری کورد لەلایەن ئەوانەوە لەو کاتەی بە نیازی دروستکردنی دەوڵەتی قەومی بوون و دەیانویست ئەو دەوڵەتەش لە بەشێکی دیاری زەوی و خاکی کوردستان بنیا بنێن, ئەمە پێمان دەڵێن فرەیی ئایینی ئەگەر هەرس نەکرێ و سینگ فراوانی بۆ نەڕەخسێنرێ دەکرێ رێ خۆشکەر بێت بۆ ناکۆکی و ئاڵۆزی و جەنگ و کوشتار بەتایبەت کاتێك سیاسەت بە رووە ناشیرینییەکەی دەست وەردەدات و رەگەزپەرستی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستێکی توندڕەو لە ئارادا دەبێت.

---

[39] بۆ نمونە دوای پشتیوانی کردنی ئەرمەنی و ئاشورییەکان لە دەوڵەتی روسیا بە رابەرایەتی سەرکردەی ئاشوری(بوتروس ئاغا) و بەشدارییان لەگەڵ هێزەکانی روسیا بۆ سوتاندنی سەدان گوندی کوردی و خاپوور کردنیان لە دەڤەری هەکاری و ورمێ, کە بویە هۆی کوشتن و دەربەدەرکردنی نزیکەی ملیۆنێك کەسی کورد, دواتریش بەپشتیوانی چەکی روسی و پشتگیری کونسولخانەی فەرەنسی لە ئەستەنبول هێزە ئاشورییەکان بە رابەرایەتی مار شەمعون دەستیانگرت بەسەر شاری ورمێ و دەوروبەری لە کوردستانی ئێراندا و بەسەدان کەسیان کوشت و دەست درێژی سێکسییان کردە سەدان ئافرەتی کورد لەناو شاری ورمێدا.لە دوای ئەوەی ئامادەباشییەکانی هێزەکانی ئاشوری تەواو بوو, ئیدی ناوەندی ئاشورییەکان لە لەندەن و پاریس داوایان دەکرد کیانێکی نەتەوەیی تایبەتیان لە کوردستان بۆ دروست بێت. ئەمانە هۆکار بوون بۆ کۆمەڵێ ئاڵۆزی و جەنگیتر. فرسەت مەرعی، مێژوی موژدەدانی مەسیحی لە کوردستاندا، ل39–40.

هەر لە مێژووی کورددا موژدەبەر و گەڕیدە ئەوروپییەکان رۆڵێکی خراپیان بینیوە لە شێواندنی ناوبانگی کورد بەگشتی و میرە کوردەکانی وەك محەمەد پاشای رواندزی(پاشای کوَرە) و ئەمیر بەدرخان پاشای بۆتان و شێخ عوبەیدولاّی نەهری و شێخ مەحمودی حەفید و سمکۆی شوکاك و شێخ ئەحمەدی بارزانی، ئەمەش لە میانەی ئەو تێبینیانەی لە پەرتوك و یاداشتنامەکانیان نوسیویانەتەوە, کە تا ئاستێکی گەورە کەمێك دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەشیان هەبوو لە نەخشە کێشانی سیاسەتگەلێکی پێچەوانەی ویست و ئاواتەکانی گەلی کورد, کە تاوەکو ئێستەش کورد بە ئاگرەکەی دەسوتێت و داخ دەکرێت[40]. ئەمە واتای ئەوە نییە ئەو میرانە بێ هەڵەبوون بەلاّم ئەوانیتر لە روانگەیەکیترەوە دواجار زیانیان بە پرسی نەتەوەیەك گەیاند.

بەهەڵە وەگەڕخستن و تەوزیفی ئاین و ئاینزا لە بری ئەوەی خاڵی بەهێزی شوناسی نەتەوەیی و نیشتیمانی بێت دەبێتە خاڵێ لاواز وپەرتکاری یەکێتی نیشتیمانی و نەتەوەیی, هەر بۆ نمونە یەکێك لە هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ئەو تائیفیەتە بوو, بەو پێیەی شێخ سەعید سەرکەوتوو نەبوو لە کەمەنکێشکردنی کوردە عەلەوییەکانی دێرسیم بۆ نێو شۆڕشەکەی, بەهەمان شێوە سەیدرەزا هەڵەی کرد کاتێك لەشۆڕشی 1937ی دژ بە کەمالییەکان تەنها پشتی بەست بە تائیفەکەی خۆی لە دێرسیمدا, هەر

---

[40] فرسەت مەرعی، مێژوی موژدەدانی مەسیحی لە کوردستاندا، ل135. بۆ درێژەی ئەو وێنا شێواوەی کورد و ئەو رێ و شوێنەخراپانەی لەمبارەیەوە گیراونەتەبەر بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل135 و دواتر. بۆ درێژەی رۆڵی خراپی بەشی: لەو نێردانە دەکرێ چاوێك بخشێنرێت بەکتێبی: کورد لە بەڵگەنامەکانی یەریتانیدا، ن:د.عوسمان عەلی، و: کامەران جمال بابان زادە، هەولێر، 2013ز.

بۆیە پەرتەوازەیی مەزهەبی رۆڵی هەبووە لە شکست و روخانی دوو شۆڕشی کوردی لە باکوری کوردستاندا[41]. لاواز بوونی پرسی کوردییش لە ئێراندا بەهۆی پەرتبوونی کورد بۆ شیعە و سوننە بە رون و ئاشکرایی دیارە (گەرچی مرۆڤەکان ئازادن لە بژاردەی ئاینی و ئاینزاییاندا), بەلأم کاریگەرییەکەی کاتێك دەردەکەوێ کە جیاوازیی ئاینزایی ببێتە رێگر لە بەردەم داواکردنی خواست و مافی نەتەوەیەك کە دوو ئاینزا و رێبازی جیاوازی مەزهەبییان هەبێت و چەوساوەش بن. هەر چەندە ئەمە هەموو کات روونادات و دەکرێ چارەسەری بۆ ببینرێتەوە بەلأم هەروا ئاسان نییە و ئەو فرە ئاینی و مەزهەبییە رۆڵێکی خراپ دەبینێت لەو رووەوە.

زۆر گرنگە ئاین و ئاینزاکانی کوردستان شانازی بەشوناسی نیشتیمانی خۆیانەوە بکەن و ئەو خاڵە هاوبەشانەی لەگەڵ ئەوانیتریشدا هەیانە بۆ قازانجی یەکرِیزی نیشتیمانی بەکاری بهێنن, بەلأم کاتێك شوێن کەوتووانی ئاینێك یان ئاینزایەکی جا چ مسوڵمان بێت یان مەسیحی یان هەر ئاین و مەزهەبێکی دی کار بۆ هێنانەناوەوە و دەستوەردانی سیاسی ولأتانی دەرەکی بکەن ئەوە بێگومان ئەم کارە مەترسییەکە لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی جا ئیتر ئەو رەوت و رێبازە هەرچی بێت, بزوتنەوەی موژدەدەرەکان بێت بە هەموو جۆرەکانیانەوە یاخود مەدخەلی و شیعە و هتد بێت،

لە هەمان کاتدا مەترسییەکی گەورەیە بە ئەنقەست و بەشێوەیەکی ناسروشتی هەوڵی ئەوە بدرێت هاوردەی ئاین و ئاینزاکانیتر بکرێت بەناوی

---

[41] وتارێکی د.عوسمان عەلی لەپەیجی تایبەتی خۆی.

فرەیی ئاینی و ئاینزاییەوە چونکە دواجار ئەو بارە (بەتایبەتی کاتێك ویست و مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوە بێت) رۆڵێکی خراپ و مەترسی داری دەبێت لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی[42] و دروستکردنی پشێوی و لێکترازان بەتایبەت لە ژینگەیەکی نادیموکراسی و دەست وەردانی سیاسی ناشیریندا، بەتایبەتی تر پێشوازی کردن و هاندانێکی مەبەستداری بەپلان! ئەکرێ هاوردەکردن و برەو پێدانی زەردەشتیەکان و دابەش بونیان بۆ دوو بەشی سەوز و زەرد هەر لە سەرەتاوە ئاماژەی دەست تێوەردانی سیاسەت بێت لەم جۆرە کارانە و بە زیان بکەوێتەوە, ئەمە واتای ئەوە نییە رێگری بکرێ لە خودی ئایینێکی وەکو زەردەشتی یان هەر ئاین و مەزهەبێکیتر کاتێك بونی خۆی بە سروشتی دەسەلمێنێ(گەرچی بەلای ئێمەشەوە راست و دروست نەبن) بەڵکو ئەم قسەیە سەبارەت بە هاوردەکردنێکی سیاسیانە کە بە قازانجی دۆزی نەتەوەیی و یەکڕیزی ناشکێتەوە[43]!

---

[42] بۆ درێژەی ئەم باسە و چەند نمونەیەك لەوبارەوە بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[43] بە بۆچونی نوسەر(دیارە بانگەشەکارانی وەها ناڵێن) زەردەشتی بوون وەك ئاینێك خزمەتێکی وەهای نابێت بۆ گەلەکەمان بەو پێیەی خودی ئەو ئایینە وەك خۆی نەماوە و ئەوەشی وەکو توراسی زەردەشت ماوە جێگەی مشتومرێکی زۆرە, قسەش هەیە لەسەر پێشینەی راستەقینەی هەندێ لە بانگەشەکارانی گومان هەڵ دەگرێت لەرووی باوە{بونیان بە دین ئیتر هەر دینێك بەڵام ئەگەر وەك رێکخراوێکی رۆشنبیری و یا دەزگایەکی توێژینەوەی زانستی کەسانێك لەسەر ئەو بوارە کاریان بکردایە باشتر بوو لەوەی وەك ئاینێکی مونافیس و دژ بە ئیسلام بخرێتەروو وەك لە دیدار و وتاری هەندێ لە رابەرانی زەردەشتییەکاندا بینیمان. گەرچی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا مرۆڤەکان ئازادن و لە هەمان کاتدا بەرپرسیارن لەوەی هەڵی دەبژێرن لەناویاندە زەردەشتی بوون! ئەم هاوردە کردن ئەگەر لەنێو خودی ئیسلامیشدا بێت ئەگەر سیاسییانە بوو هەر نادروست و پڕ کێشەیە ئەکرێ هەندێ رەوتی سەلەفی مەدخەلی و شیعەگەرا و هیترییش لەم ریزبەندییەدا ئەژمار بکەین.

ئایین بە تایبەت ئیسلام لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەشدارییەکی کارای هەبووە لە شەکڵ گرتنی کەسێتی و شوناسی کوردیدا, کارێکی مەترسیدارە بە مەبەستەوە هەوڵی شێواندن و کاڵکردنی ئەو ناسنامەیە بدرێ بە هێنانی هەندێ ئایین و ئاینزایتر لە پێناوی مەرامی سیاسی و قازانجی کاتی و کەم بایەخدا و بەمەش ئەوەندەیتر رۆڵی خراپ دەگێڕێ لەخراپ کردنی ژینگەی پێکەوە ژیان و دروستکردنی کێشەیەك پێویستمان پێی نییە و سازاندنی بارودۆخێکی دەستکردی پڕ کێشەیە. لەگەڵ ئەوەی قەناعەتمان بە ئازادڤی بیروباوەڕە, بەڵام هاوردەکردنی مەبەست دار و پیلان بۆ داڕێژراو لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت ئەگەر خولیا و مەبەستێکی سیاسی لە پشتەوە بێت پڕ زیان و کێشە دەبێت بۆ ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی.

کەواتە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی فرەیی ئاینی و ئاینزایی لەگەڵ ئەوەی رەنگاڵەیی و فرەشوناس و لێبوردەیی دەگەیەنێت بەڵام کاتێك بەشێوەیەکی سروشتی بونی خۆیان ناسەلمێنن یاخود ئەجێندایەکی سیاسی دەرەکی ئاراستەی دەکرێ یاخود هێزێکی سیاسی بۆ بەرژەوەندی خۆی هاوردە و بەهێزی دەکات, لەئەم کاتانەدا دەبێتە هەڕەشە و مەترسی بۆ ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی بە تایبەت لەدۆخێکی پڕ قەیران و نادیموکراسیدا.

## پەیوەندی کورد و شیعە، لە نێوان دیدی ئایینی و تێڕوانینی سیاسیدا

زۆرینەی هەرە زۆری کورد مسوڵمانە و لەسەر پەیڕەوی ئەهلی سوننە و جەماعە و شافیعی مەزهەبن, ئەمەش سیمای دیاری شوناسی ئاینیانە و کاریگەریی بووە لە سەر پێکهاتەی جۆراوجۆری زەینی و فیکری و داب و نەریت و هەڵسوکەوتیان, لەهەمان کاتدا بەشێکی تریان شوێن کەوتەی چەندین ئاین و ئایینزای ترن, هەر لە چوارچێوەی ئەهلی سوننە و جەماعەدا هەندێك حەنەفی مەزهەب هەن لە تورکیا و حەنبەلی و سەلەفی مەشرەبیش لەم ساڵانەی دواییدا تەشەنەیان کردووە, بەشێکی دیاریشیان شیعە مەزهەبن لە ئێران و عێراقدا, عەلی ئیلاهییەکانیش لەو نێوەندەدان کە زیاتر بەلای شیعەدان و سیمای دینێکی کۆنی کوردی نزیك لە کاکەییەکانیان بەسەردا زاڵە، ئەمە جگە کاکەیی و ئێزدییەکان، لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی پرۆسەی تەبشیر و کرانەوە بوەتە هۆی تەشەنەکردنی مەسیحیەت و هەندێ ئاینزای وەکو ئەحمەدی –قادیانی و هتد کە زیاتر لە ئاستێکی سنورداردایە, هەر چەندە مەسیحییەت مێژوییەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام. ئەو جولەکانەی لە کوردستانیشدا بوون لە بناغەدا کورد نین و لە پرۆسەی کۆچکردندا گەیشتوون بە کوردستان و لە رێگەی پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە تێکەڵ بوون و زیاتریش مسوڵمان بوون, ئەکرێ هەندێ وەچەیان لەبەر بەرژەوەندی یان هەر هۆکارێکیتر وەك جوو خۆیان بناسێنن یان هەر بوبێتنە جوو.

کاتێك سەبارەت بە کورد (وەکو گەل و نەتەوەیەك) چاو دەخشێنین بە توراسی ئاینی مسوڵمانان و ئاینەکانی تریشدا شتی سەیر و جیاواز و دژیەك دەبینین, کاتێك کە ورد دەبیتەوە دەگەیتە ئەو قەناعەتەی بەشی زۆری ئەو هەڵوێستانە کاردانەوەن بۆ هەڵوێست و رەفتارەکانی کورد لەبەرامبەر ئەوان و بۆچونەکانیاندا نەك بۆچونێکی ئاینی بن بە واتای وەحی و سروشی خوایی, چونکە ناکرێ ئایین هەڵوێستێکی سەلبی هەبێت لەبەرامبەر رەگەزێکی ئەتنی و نەتەوەییدا, بەو پێیەی مرۆڤەکان هەموو دروست کراوی خودان و ناکرێ لەسەر ئەو بنەمایە جیاکاری و تەرەفگیری هەبێت.

زۆرینەی هەرە زۆری کورد سەرەڕای ئەوەی لە دەرەوەی چوارچێوەی رێبازی شیعەشدابوون، بەڵام لەبەر چەندین هۆکار[44] خزمان و نزیکانی پەیامبەر درودی خوای لەسەر بێت خاوەنی خۆشەویستی و پلە و پایەیەکی تایبەتی بوون لە دڵی ئەماندا، کەچی زۆر گێڕانەوە دەبینین دەدرێتە پاڵ شیعەی دوانزە ئیمامی و بەتایبەت ئیمامی عەلی و ئیمامی شەشەمیان جەعفەری سادق و ئیمامی دوانزەهەمینیان مەهدی چاوەڕوانکراو کە دید و تێڕوانینی سەلبی و خراپن و کورد وەك وەك خوێنڕێژ و شەڕانی و نزم

---

[44] ئەکرێ هەندێ لەو هۆکارانە بگەڕێتەوە بۆ ئیمامی شافیعی کە وەك سەر مەزهەب خۆشەویستی تایبەتی هەبووە بۆ ئال و بەیت و بونی چەندین رێباز و تەریقەتی سۆفی و پەناهێنانی ئال و بەیت بۆ کوردستان, سەیر لەوەدایە ئەو نەوانەی ئال و بەیت لە کوردستاندا وەعز و ئیرشادیان کردووە شیعە مەزهەب نەبوون بەڵکو سوننە بوون, ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کورد ئال و بەیتی خۆش بوێت و شیعەش نەبێت, بگرە هەندێ لەو نەوانەی ئال و بەیت رێگرییان کردووە لە تەشەنەکردنی هەندێ لەو دەسەڵاتە سیاسییانەی بەناوی ئال و بەیتەوە ویستویانە کوردستان داگیر بکەن یان کورد پاڵپشتیان بکات, بۆ ئەم مەبەستە سەیری کتێبی: دیداری شێخ حەسەنی گڵەزەردە بکە، بەتایبەت نامەکەی بۆ نادر شا، ل165-172.

دەخاتەڕوو، هانی شوێنکەوتوانیان دەدەن موقاتەعەی کورد بکەن و هیچ پەیوەندییەکی ژن و ژنخوازی و هاوسەرگیری و بازرگانیان لەگەڵدا ئەنجام نەدەن بەو پێیەی ئەوان لە جنۆکەن و خوای گەورە  رویانی هەڵماڵییوە و ئەم گێڕانەوانەش بوون و دەبنەهۆی دروستکردنی جۆرێك لە رق و بارگرژی سیاسی و پەیوەندی خراپ لەگەڵ کورددا وەك نەتەوەیەك و هەر کاتێکیش بویستریَ دەکرێتە بەڵگەی دژایەتی و چەوساندنەوە و بیَ ماف کردنی... بونی ئەم جۆرە ریوایەتانە تا ئێستەش کاریگەری هەیە و تەوزیف دەکریَ, بەتایبەت لەکاتی بارگرژییە سیاسییەکاندا. لێرەدا هەندیَ لەو گێڕانەوانە دەهێنین بیَ ئەوەی راڤە یا تەنانەت وەریشیان گێڕین تاوەکو بەدەست وەردان نەیەتە ئەژمار لەلایەن ئێمەوە، بەڵکو تەنها ناوەڕۆکەکەی بەکورتی ئاماژە پیَ دەدەین کە بریتییە لەوەی کورد:

خوێنڕێژ و  شەرخوازن، ئیمامی مەهدی دژایەتییان دەکات و زاڵ دەبیَ بەسەریاندا, ئەوەی دەکوژریَ دەکوژریَ و ئەویتری بەخۆشی و ترشی ناچار بە ملکەچی دەبن.

ينقل هشام آل قطيط في كتابه (سلوا عليًا عن طرق السموات والأرض) عن محمد مهدي زين العابدين النجفي في كتابه الموسوم (بيان الأئمة للوقايع الغريبة والأسرار العجيبة) أنه قال: ويل للبغداديين من سيوف الأكراد».ثم يذكر رواية مفاده أن الإمام القائم عليه السلام يحارب الأكراد فيقضي عليهم ويغلبهم فيقتل من يقتل منهم، والباقي يكونون تحت طاعته ويمتثلون أوامره ونواهيه فيدخلون تحت سيطرته طوعًا أو كرهًا.

جا سەیر لەوەدایە ئەوەی گێڕانەوەکەی دروست کردووە بیری چووە بەغداد بەسەد ساڵ دوای شەهیدکرانی ئیمامی عەلی دروست کراوە لە سەردەمی ئەبو جەعفەری مەنسوری عەبباسیدا[45]!

کورد لە بنەچەی جنۆکەن, نابێت تێکەڵییان بکرێت, نابێت ژن و ژنخوازی و هاوسەرگیرییان لەگەڵدا ئەنجام بدرێ، ئەوان خەڵکێکی نزم و هیچ و پوچن، ئەمەش گێڕانەوەکان و هەندێ راڤەی فەقیهو شەرعناسەکانیان:

نابێت لە بنەچەی جنۆکەن نابێت تێکەڵییان بکرێت و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت:

روى الكليني في الكافي عن ابى الربيع الشامي قال: سألت ابا عبد الله عليه السلام فقلت : ان عندنا قوما من الاكراد ، وانهم لا يزالون يجيئون بالبيع ، فنخالطهم ونبايعهم ؟ قال : يا ابا الربيع لا تخالطوهم ، فان الاكراد حى من أحياء الجن ، كشف الله تعالى عنهم الغطاء فلا تخالطوهم» (الكافي158/5 رياض المسائل للسيد علي الطباطبائي ج1 ص520 جواهر الكلام – الشيخ الجواهري ج 3 ص 116 من لايحضره الفقيه – الشيخ الصدوق ج 3 ص 164 (تهذيب الأحكام – الشيخ الطوسي 405/7 – بحار الأنوار – العلامة المجلسي ج 001 ص 83 – تفسير نور الثقلين – الشيخ الحويزي ج 1 ص 601)` وفي رواية « ولا تنكحوا

---

[45] د.عوسمان هەڵەبجەیی ئەم گێڕانەوە و چەندین گێڕانەوەیتری هێناوە لەگەڵ ئاماژەدان بە سەرچاوەکانی, ئێمەش لەم بابەتەدا گێڕانەوەکانمان لە پەیجە ئەلیکترۆنییەکانەوە هێناوە و نەگەڕاوینەتەوە بۆ سەرچاوە ئەسڵییەکان بەڵام دڵنیایین لە راستی و دروستی بونی ئەو قسانە لەو سەرچاوانەدا لەگەڵ باوەڕی تەواومان بەوەی شتی وەها لە ئیمامەکان ناوەشێتەوە و هەموویان هەڵبەستراون! بەڵام بۆ مەبەستی تائیفی و مەزهەبی سودی لێ بینراوە!

من الاكراد أحدا فإنهم جنس من الجن كشف عنهم الغطاء» (الكافي للكليني352/5).

به وتەی توسی ئەوان لە خەڵکە نزم و هیچ و پوچەکانن:

قال الطوسي « وينبغي أن يتجنب مخالطة السفلة من الناس والأدنين منهم، ولا يعامل إلا من نشأ في خير، ويجتنب معاملة ذوي العاهات والمحارفين. ولا ينبغي أن يخالط أحدا من الأكراد، ويتجنب مبايعتهم ومشاراتهم ومناكحتهم» (النهاية– الشيخ الطوسي ص 373).

لای ئیدریس و یەحیای حیللی بۆیە نابێت کڕین و فرۆشتن و ژن و ژنخوازییان لەگەڵدا بکرێ چونکە خەڵکێکی نابینا و دوور لە خەڵکن! بۆ ئەمەش چەندین گێڕانەوە باس دەکەن و باسی بنەچەیی جنۆکەش هۆکارێکیترە:

قال ابن إدريس الحلي « ولا ينبغي أن يخالط أحدا من الأكراد ، ويتجنب مبايعتهم ، ومشاراتهم ، ومناكحتهم. قال محمد بن إدريس: وذلك راجع إلى كراهية معاملة من لا بصيرة له، فيما يشتريه، ولا فيما يبيعه، لأن الغالب على هذا الجيل، والقبيل، قلة البصيرة، لتركهم مخالطة الناس، وأصحاب البصائر» (السرائر – ابن إدريس الحلي ج 2 ص 233).

وقال يحيى بن سعيد الحلي « ويكره مخالطة الاكراد ببيع وشراء ونكاح» (الجامع للشرايع ص245).

وقال الحلي « مسألة : يكره له معاملة الاكراد ومخالطتهم ويتجنب مبايعتهم ومشاركتهم ومناكحتهم لما رواه الشيخ عن ابي الربيع الشامي قال سالت ابا عبد الله عليه السلام قلت ان عندنا قوما من الاكراد وانهم لا يزالون يجتنبون مخالطتهم ومبايعتهم فقال عليه السلام يا ابا ربيع لا تخالطوهم فان الاكراد حي من احياء الجن كشف الله عنهم الغطاء فلا تخالطوهم وكذلك يكره معاملة اهل

الذمة» (منتهى المطلب الحلي ج2ص 1003 تذكرة الفقهاء للحلي ج 1 ص 586 جواهر الكلام – الشيخ الجواهري ج 22 ص 457 علل الشرائع – الشيخ الصدوق ج 2 ص 527 :

وعن الصادق ( ع ) لا تنكحوا من الاكراد احدا فانهن حبس من الجن كشف عنهم العظاء» (تذكرة الفقهاء العلامة الحلي ج 2 ص 569).

وعن أبي الربيع الشامي قال: قال لي أبو عبد الله عليه السلام: لا تشتر من السودان أحدا، فإن كان لا بد فمن النوبة، فإنهم من الذين قال الله تعالى (ومن الذين قالوا أنا نصارى أخذنا ميثاقهم فنسوا حظا مما ذكروا به) إنهم يتذكرون ذلك الحظ، وسيخرج مع القائم منا عصابة منهم ولا تنكحوا من الاكراد أحدا فإنهن جيش من الجن كشف عنهم الغطاء» (المهذب البارع لابن فهد الحلي182/3 مسالك الأفهام الشهيد الثاني ج3 ص 186 وانظر المهذب البارع لابن فهد الحلي ج3 ص 182 تجد فيه بابا بعنوان (باب من كره مناكحته من الاكراد والسودان وغيرهم ج5/ 352 مجمع الفائدة – المحقق الأردبيلي ج 8 ص 129 وسائل الشيعة (آل البيت ) الحر العاملي ج 02 ص 84 وسائل الشيعة (الإسلامية) – الحر العاملي ج 21 ص 307.

وينبغي ان يتجنب مخالفة السفلة من الناس والادنين منهم ولا يعامل الا من نشأ في الخير ويكره معاملة ذوي العاهات والمحارفين ويكره معاملة الاكراد ومخالطتهم ومناكحتهم» (كفاية الأحكام– المحقق السبزواري ص84 الحدائق الناضرة – المحقق البحراني ج 81 ص 40 : و ج 42 ص 111 جامع المدارك – السيد الخوانساري ج 3 ص 137 – تهذيب الأحكام – الشيخ الطوسي ج 7 ص 11 وسائل الشيعة (آل البيت ) – الحر العاملي ج 71 ص 416).

جامع الرواة – محمد علي الأردبيلى ج1ص 75 1 / ص و102 باب اختيار – الازواج وفي ﴿ في ﴾ في باب من كره مناكحته من الاكراد[46].

وەنەبێت ئەم بابەتە تەنها لای زانایانی کۆنیان هەبێت و لە ئێستادا بەتەواوی چارەسەر کرابێت، یاخود بەتەواوی رەفز کرابێت، ئەوەتا لە: (مرکز العتره الگاهره للدراسات والبحوپ، لە ژێر ناونیشانی: علاج الٲخبار الوارده فی حکم التعامل مع الٲکراد والزواج منهم). پرسیارلێکراو کە پیێ دەچیێ زانایەکی شیعەی لوبنانی بێت ناتوانیێ ئەو گێرانەوانە لە ئاستی نەهی لێکراوێك دابەزێنێت و بە ئاسایی دەبینێت بنەچەی کورد لە بناغەدا جنۆکە بێت! ئەمە قسەی زانایانی

---

[46] http://www.saaid.net/Doat/dimashqiah/15.htm?print_it=1
https://www.google.iq/، کيف يرى الشيعة الجنس البشري الكردي؟ عبد الرحمن محمد سعيد دمشقية،وhttp://vb.almahdyoon.org/showthread.php?t=2657212،
وhttp://yousiff.blogspot.com/2010/12/blog-post.html،هەندیێ لەم قسە بیێ مانایانە لەوانەش ئەسڵی جنۆکەیی کورد لەهەندیێ سەرچاوەی مێژویی و مەجلیس گەرم کردنی وەك: مروج الذهب و محاضرات الأدباءدا هاتووە,( ... ذكر أن عمر بن الخطاب رضي الله عنه روى عن النبي صلّى الله عليه وسلم أنه قال: الأكراد جيل من الجن كشف عنهم الغطاء، وإنما سموا الأكراد لأن سليمان عليه السلام لما غزا الهند سبى منهم ثمانين جارية وأسكنهن جزيرة فخرجت الجن من البحر فواقعوهن فحمل منهم أربعون جارية فأخبر سليمان بذلك فأمر بأن يخرجن من الجزيرة إلى أرض فارس فولدن أربعين غلاما فلما كثروا وأخذوا في الفساد وقطع الطرق فشكوا ذلك إلى سليمان فقال أكردوهم إلى الجبال فسموا بذلك أكرادا), (ومن الناس من ألحقهم بإماء سليمان بن داود عليهما السلام حين سلب ملكه ووقع على إمائه المنافقات الشيطانُ المعروف بالجسد، وعصم الله منه المؤمنات أن يقع عليهن، فعلق منه المنافقات، فلما رَدَّ اللّه على سليمان مُلْكه ووضع تلك الإماء الحوامل من الشيطان قال: أكردوهن إلى الجبال والأودية، فربتهم أمه اتهم، وتناكحوا، وتناسلوا، فذلك بدء نسب ا لأكرا د.) بروانة: محاضرات الأدباء ومحاورات الشعراء والبلغاء، أبو القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب الأصفهانى (المتوفى: 502هـ)، شركة دار الأرقم بن أبي الأرقم – بيروت، الأولى، 1420 هـ، ج1، ص426.ومروج الذهب، المسعودي، موقع الوراق،http://www.alwarraq.com، ج1، ص218.

کۆنیان نییه بەڵکو هی ئێستەیە! سەرزەنشتی ئەوانەش دەکات کە جۆرێك لە نەرمی دەنوێنن و ئەمە بە سازشێکی ناڕەوا ئەژمار دەکات! ئەمەش چەند کۆپلەیەك لە قسەکانی:

(لقد أفتى مشهور فقهاء الإمامية بكراهة التعامل التجاري مع الأكراد والزواج منهم تعبداً بالخبرين المتقدمين اللذين رواهما الكليني أعلى الله مقامه في كتابه الجليل الكافي ج5 في باب المعيشة ومناكحة الأكراد والسودان من الزنج والسند وغيرهما ولم يطرحهما أحدٌ من أعلام الإمامية بل كلهم تصافقوا على صحة مضمونهما مع تأويل كل واحد لهما بحسب فهمه للخبرين المذكورين، وبعض المحسوبين على الإجتهاد جامل من باب المداراة حرصاً منهم ألا يؤدي الأخذ بظاهرهما إلى عواقب غير محمودة أو تؤدي صراحتهم إلى نفور الناس منهم، ولكن بعض الاعلام أفتى بالكراهة صريحاً من دون مجاملة أو مراعاة لأن حكم الله تعالى لا يمكن المجاملة فيه أو المداهنة عليه،ولا نعني بكلامنا هذا أن جميع الأعلام لا سمح الله كانوا يداهنون أو يجاملون ولكن شيئاً من هذا القبيل نشم رائحته من كلام بعضهم، ونحن لا نجامل ولا نداهن ولا تأخذنا في الله تعالى لومة لائم فنصرح علناً بكراهة التعامل مع الأكراد بشكل عام حتى يأتينا قاطع البرهان بأن جماعة منهم خارجون تخصصاً وتخصيصاً عن كراهة التعامل معهم والزواج من مؤمنيهم المعتقدين بأهل بيت رسول الله صلى الله عليه وآله وموالين لهم ومتبرئين من أعدائهم، ولا يبعد أن يكون خروج المؤمن التقي عن المجموع من باب خروج الخاص عن حكم العام، فيكون خارجاً تخصصاً وتخصيصاً ...)[47].

[47] http://aletra.org/print.php?id=408، مركز العترة الطاهرة للدراسات والبحوث، علاج الأخبار الواردة في حكم التعامل مع الأكراد والزواج منهم . العبد محمد جميل حمود العاملي ــ بيروت بتاريخ 9 رجب الأصب 1433هـ.

جا لەگەڵ ئەوەی گێڕانەوەکان کێشەی رچە و سەنەدیشیان هەیە بەڵام هێشتا هەر جێگەی ئیستیشهاد پێکردن و بەبەڵگە دانانە، پێ دەچێ ناسیبی بونیش هۆکارێك بێت بەلای ئەوانەوە, لەکاتێکدا کورد بەوە ناسراوە رێزی ئال و بەیت دەگرێ, بەڵام پێ دەچێ هەندێکیان زۆرینەی سوننە مەزهەب بە ناسیبی و دژە ئال و بەیت بزانن وەکو لەم کۆپلەی خوارەوەدا دیارە:

(بالرغم من إن الخبرين المذكورين مرسلين من الناحية السندية ولا يمكن الركون إليهما كحجة شرعية على المطلوب إلا أنه يصح العمل بمضمونهما على قاعدة التسامح في أدلة السنن، من هنا أفتى الأكثر بكراهة التعامل مع الأكراد بالتجارات وعقود الزواج فيما لو كانوا من غير النواصب وإلا فلا يجوز الزواج من الأكراد النواصب ـ للرجال والنساء معاً وليس كما ادّعى صاحب العروة بتخصيص الكراهة بالرجال بل يعم النساء أيضاً وهو يشمل المؤمنين منهم أيضاً للإطلاق في قوله "ولا تنكحوا من الأكراد أحداً ـــ لا لأجل النصين المذكورين فحسب بل للنصوص الأخرى الناهية عن الزواج منهم والتزويج بهم، والناصبي عند أكثر الأعلام هو من تجاهر بالعداوة لأهل البيت عليهم السلام، ولكننا نفتي تبعاً لمن سبقنا من أعلام الإمامية بأن عامة المخالفين هم من النواصب إلا المستضعفين منهم وهم من لا يعرف شيئاً من وجوه الخلاف ولا يقلد أحداً من علماء المذاهب الأربعة)[48].

لەگەڵ ئەوەی بەلای ئەم زانایەوە نەهییەکە ئیرشادیە بەڵام مەیلی تەحریمی هەیە وەك ئەگەرێك بۆ دروستی هەردوو ریوایەتەکە، بەڵام دواتر دەری دەخات

---

[48] http://aletra.org/print.php?id=408، مركز العترة الطاهرة للدراسات والبحوث، علاج الأخبار الواردة في حكم التعامل مع الأكراد والزواج منهم .العبد محمد جميل حمود العاملي ـ بيروت بتاريخ 9 رجب الأصب 1433هـ.

هۆکارەکەی ئەوەیە پێچەوانەی ئال و بەیتن:(أن النهي الوارد في الخبرين نهيّ إرشاديٌّ مكروه عند المشهور إلا أنه عندنا فمحمول على الحرمة على فرض صحتهما والقول بوثاقة سندهما، فلا يجوز مناكحة الكردي المخالف بوجه من الوجوه ومعاملة غير المؤمن من الأكراد ببيع وشراء إلا من عرف منه الأمانة والصدق ..كل ذلك بناءً على صحة سندهما ولكنهما ضعيفان من حيث إرسالهما من جهة وجهالة حال أبي الربيع الشامي من جهة أخرى على بعض المباني الرجالية، وبالتالي فلا يمكننا الإعتماد عليهما بشكلٍ قاطع في الحرمة إعتماداً على ضعف سندهما لذا نبقي ما كان على ما كان حتى يأتينا قاطع البرهان فنحكم على حرمة الزواج منهم باعتبارهم مخالفين لأهل البيت عليهم السلام لما ثبت لدينا بأدلة أخرة حرمة الزواج والتزويج من المخالفين لاننا نفتي بكونهم من النواصب حسبما فصّلنا في رسالتنا في معنى الناصبي...)[49].

پێ دەچێ پاڵنەرێکی سەرەکی پشت زەق کردنەوەی پشت بۆچونانەداهۆکارێکی مێژویی بێت و ئەو هۆکارە رۆڵی هەبێت لەم قەناعەتانەدا و ئەم جۆرە فتوایانە هەستی تۆڵەسەندنەوەی رووداوەکانی مێژوویی تێدا بێت، ئەمەش بە ئاشکرا دیارە وەك لە دوا قسەیدا دەڵێ:

(ونحن لا ننسى فتوى الشافعى الزى حكم على الشيعه الفاگميين فى مصر بالقتل والآباده فى عهد صلاح الدين الايوبى الكردى لٱن صلاح الدين الٱيوبى أمر شيخ الشافعيه فى زمانه بفتوى لقتل شيعه مصر وقد ژهب چحيه فتواهما زهاو مئه ألف شيعى ژبحوا على يد صلاح الدين الٱيوبى الكردى...كما نحكم بكراهه

---

[49] http://aletra.org/print.php?id=408، مركز العترة الطاهرة للدراسات والبحوث، علاج الأخبار الواردة في حكم التعامل مع الأكراد والزواج منهم . العبد محمد جميل حمود العاملي ــ بيروت بتاريخ 9 رجب الأصب 1433هـ.

التعامل معهم ببيع وشراء تعبداً بالنصين المذكورين كما فعل غيرنا من أعلام الإمامية، والله أعلم بحقيقة الحال والمآل والسلام عليكم ورحمته وبركاته )[50].

راسته کەسێکی توێژەری وەك من بڕوای بەوە نییە ئیمامەکانی شیعە بۆچونێکی لەو شێوەیان بۆ نەتەوەیەکی گەورەی وەك کورد هەبێت, بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەم ریوایەتانە لای بەشێکی بەرچاوی پەیڕەوی شیعە لە ئاستی زانایان[51] و پەیڕەوانیشدا سودی خراپی لێ دەبینرێ و لەکاتی هەر ناکۆکی و قەیرانێکدا بۆی دەگەڕێنەوە[52], ئەوەی رابورد نمونەیەك بوو, هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی ئێمە بڕوامان بە دروستی ئەو گێڕانەوەانە و راستی ئەو فتواو بۆچونانە نییە بەڵام لەبەر پشت پێ بەستنی لەلایەن هەندێ زانا و فتوادەرانەوە هەر بۆیە گرنگە هەڵوێستی راست و دروستی زانا سەر

---

[50] http://aletra.org/print.php?id=408، مركز العترة الطاهرة للدراسات والبحوث، علاج الأخبار الواردة في حكم التعامل مع الأكراد والزواج منهم . العبد محمد جميل حمود العاملي ـ بيروت بتاريخ 9 رجب الأصب 1433هـ.

[51] ئەبو حەسەنی ئەسفەهانی بە بنەچە ئێرانی(1946کۆچی دوایی کردووە) هەمان بۆچونی هەیە سەبارەت بە هاوسەرگیری لەگەڵ کوردان! کولەینییش لە کتێبی (الکافي) کاتێکدا سەبارەت بە کورد پرسیاری لێ دەکەن, بۆیان دەنوسێت( تەنها بە شمشێر وەئاگایان بهێننەوە) جگە لەچەندین گێڕانەوەی تر کە ئاماژەمان پێیدا، بڕوانە بابەتێکی د.فرسەت مەرعی لە سایتی جەزیرە http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2007/5، الكرد بين السنة والشيعة.. العراق نموذجا

[52] بۆ نمونە لەم بارەیەوە ئەکرێ بگەڕێینەوە بۆ ڤیدیۆیەکی جلال الدين الصغير کە کوردی بەو یاخی و ماریقەیە داناوە کە لەکاتی هاتنی موحەمەدی مەهدیدا لەلایەن https://www.youtube.com/watch?v=1YPeyc8VPyk
الكرد هم المارقة المذكورون في كتب الملاحم والفتن وأن الإمام المهدي سوف ينتقم منهم حال ظهوره. و"إن أول حرب سيخوضها المهدي ستكون مع الأكراد! !".

راستەکانیان بزانین و لەو بارەوە رەتکردنەوەکانیان ببینین[53]. ئەکرێ راڤە و لێکدانەوە توندەکانی ئەم ریوایەتانە کاریگەری ئەو ناکۆکیە مێژووییەی لەسەر بێ کە لەنێوان کورد و شیعەدا هەبووە، ئەویش بەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی گەورەترین دەوڵەتی شیعی (دەوڵەتی فاتیمی)لەمێژووی ئیسلامیدا

---

[53] لەم بارەیەوە دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی دکتۆر عوسمان و هەمان پەیامم هەیە بۆ زانایانی شیعە و دەقی قسەکەی ئەویش وەکو خۆی لێرەدا دەگوازمەوە بێ وەرگێڕان(وأنا أعلم أن هاته الروايات الطائفية والنظرة الشعوبية المقيتة لا تمثل رأي جميع علماء المذهب الشيعي، ولا يرتضيها جلهم، وحمدًا لله سمعنا صوت بعض العلماء الغيارى من المذهب الشيعي قد صدحوا بالحق دونما مواربة، وصرحوا بأن الكرد هم إخوة لهم في الدين، بيد أننا لم نجد من المرجعيات الكبيرة والعلماء المرموقين والجهات الحكومية الرسمية ذات الصلة بالموضوع كديوان الوقف الشيعي من أنكر على هؤلاء المعممين الفوضويين الذين يشعلون فتيل حرب طائفية بين أبناء القوميتين العربية والكردية، أو بين أبناء المذهبين الشيعي والسني، وتصدى لمثل هاته الروايات الباطلة بقوة، وبين أنها موضوعة ملفقة لا تـمت إلى الأئمة بصلة حتى لا يستغل المذهب الشيعي ويتخذ ذريعةً لنشر الكراهية والعنف بين أفراد الأمة المسلمة. فلذا أدعو السادة من المرجعيات والعلماء والجهات ذات الصلة إلى إصدار بيان عاجل حول هذا الموضوع، هل الكرد حقًا من أبناء الجن وأحفاد الومسات، وينبغي عدم مخالطتهم والتعامل معهم، ويجب قتلهم وذبحهم بحد السيف كما روي افتراءً عن سيدنا أبي عبد الله جعفر الصادق –عليه السلام–؟ أو هم إخوة لكم في الإنسانية والدين، لهم ما لكم، وعليهم ما عليكم؟ وينبغي أن لا ننساق وراء التصرفات الطائشة من بعض السياسيين والمعممين والطائفيين من المذهبين. وها أنا أبرأ إلى الله تعالى من كل رواية أو فتوى أو تصرف يستباح بها دم إنسان بريء، أو تسيء إليه بغير حق، شيعيًا كان أو سنيًا، كرديًا كان أو عربيًا أو تركيًا أو فارسيًا أو غيرهم، مسلمًا كان أو مسيحيًا أو يهوديًا أو إيزيديًا أو صابئيًا، مؤمنًا كان أو ملحدًا او ربوبيًا أو شكوكيًا، اللهم فاشهد. فيا أيها السادة رفقًا بهاته الأمة المنكوبة، واستعجلوا بالتصدي لهؤلاء المحرضين قبل فوات الأوان، حتى لا تسفك بسبب تلكم الروايات والفتاوى دماء بريئة من الطرفين فنندم حينئذ، ولات ساعة مندم؟!

ولنمد أيدي التعاون والتآزر، ولتكن عقولنا هي الفقيهة المفكرة قبل أن تنسج عليها أكنة، وليعمل الجميع معًا جاهدين لسد تلكم الثغرات، وإخصاب ذاك البوار، بدل أن نلجأ إلى إبداء المعاذير وإلقاء تبعات كل نقص وخوار على الغير، وقديمًا قال أجدادنا: بدل أن تلعن الظلام أوقد شمعةً). وتاريَكي د.عوسمان لة ئةكاوةنتةكةيدا.

لەناو بردووە لە میسر و میسری گەڕاندەوە بۆ چوارچێوە سوننیەکەی، بەڵام خودی گێڕانەوەکان دەگەڕێنەوە بۆ پێش ئەو ڕووداوە و لە سەدەی چوارەمدا تۆمارکراون، د.فرسەت مەرعی بۆچونی وەهایە بونی ئەم گێرانەوانە پەیوەستە بە بونیاتی ئایینی کۆمەڵایەتی و جوگرافیای گەلی کورد، کە زۆرینەیان لەناوچەشاخاوی و سەخت و دوورە دەستەکاندا ژیاون و مۆرکێکی زبر و بەداوەتیان بەسەردا زاڵبووە بەهەمان شێوەی ئەو گەلە شاخاوییانەی تری دوور لە شارستانییەتی وڵاتان، لەگەڵ ئەو لێخشان و ڕووبەڕووبونەوانەی لە نێوان فارس و کورددا بووە، بەتایبەت شاری(قوم کە دەکەوێتە ناوەڕاستی بانەکانی ئێرانەوە) کە هەر لە سەردەمی دەرکەوتنی شیعە وەك مەزهەب و تائیفەیەك لە سەرەتای سەدەی سێی کۆچییەوە بە شیعەیەتی مابونەوە، لە هەمان کاتدا زۆر پابەندبوون بە بیروباوەڕی خۆیانەوە کە ئاسان نەبووە بگۆڕرێن، هەر بۆیە بانگخوازانی شیعەی توشی نائومێدی کردووە لەوەی بکرێنە شیعە و بیروباوەڕیان بگۆڕن لە پێناو فراوانکردنی شوێنی جوگرافییان بۆ ئەو کیانەی لەسەر ڕێبازەکەی خۆیان بنیاتیان نابوو. لەم بارەیەوە کورد وەکو چقلێك بووە بۆ چاوی ئەوان و تەنانەت لەو دەوڵەتانەشی یەك لەدوای یەك لە عێراقدا بوون نمونەی بوەیهی و دەیلەمی و تورکمانە شیعەکان و لە ئێرانیشدا وەکو سەفەوی و ئەفشاری و قاجاری و تورکمانەکان و ئەوانیترییش[شمله].

---

[54] بڕوانە د.فرسەت مەرعی سایتی جەزیرە:

http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2007/5، الكرد بين السنة والشيعة.. العراق نموذجا

کوردستان پێگەیەکی جیۆپۆڵەتیکی گرنگی هەبووە، لەسەر کاروانسەرا و ڕێگە و ڕەوتی شارستانێتییەکان بووە(ڕێگەی هەریر) و کەوتووەتە چەقی ڕۆژهەلأتی نزمەوە, بۆ دەوڵەتە شیعییەکان پڕ بایەخ و بەها بووە، بانگخوازە شیعەکان بەهەموو توانایانەوە کاریان بۆ بەشیعەکردنی کورد کرد، شا سەفەوییەکانی وەکو ئیسماعیل و عەبباس لە سەدەی شانزە و حەڤدەی دوا بەدوای یەك سەرەڕای ئەوەی توندوتیژییەکی زۆریان بەکارهێنا و جەنگی لەناوبەریان بەرپاکرد دژ بەم گەلە بۆ بەشیعەکردنیان کەچی کەمێك نەبێت نەهاتنە نێو ئەم ڕێبازەوە، ئەویش زیاتر لە ڕێگەی پشتیوانی کردنی راستەوخۆی هەندێ لە تەریقەتە سۆفییە باتنییەکانی هاوئاواز لەگەڵ شیعەدا وەکو قەلەندەری و حروفی و بابایی و بەکتاشی کە ئەو کات لە بانی ئێران و کوردستاندا بلأو بووە و لای هەندێك کەسایەتی ئاینی و گەورە موریدانیدا بونیاتێکی چەسپیویان هەبووە و بیر و بۆچون و ئەدەبیاتیان ئەندازەیەك لە ئەبجەدیات و تەرحی شیعەی لە خۆ گرتبوو، ئەوانەش لە ئێستا و لە کوردستانی عێراقدا پێیان دەوترێ: کاکەیی و لەناوەڕاست و ڕۆژهەلأتی عێراقیشدا پێیان دەوترێ فەیلی ولە ڕۆژهەلأتی موسلێشدا پێیان دەوترێ سارلییە و شەبەك, لە کوردوستانی ئێرانیشدا عەلیولأهی[55]. کەواتە ئەم بەشەی گەلی کورد زیاتر لە ڕێگەی زەبر و زۆری سەفەوییەکان و بەرێخۆشکەری هەندێ تەریقەتی سۆفی باتنییەوە ڕێڕەوێکی نزیك لە شیعەیان هەڵبژاردووە, چونکە تاوەکو ئێستەش بەشی زۆری کاکەییەکان خۆیان بە

---

[55] بڕوانە د.فرسەت مەرعی سایتی جەزیرە:

http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2007/5، الكرد بين السنة والشيعة.. العراق نموذجا

شیعە نازانن و بەشێکیشیان وەك ئاینێکی سەربەخۆ یان تەریقەتێکی سۆفی تایبەت خۆیان دەناسێنن.

کەواتە بە گشتی پەیوەندی نێوان کورد و شیعە ئالۆز بووە و دەسەلأتدارەکانی شیعە لە بارێکی دوژمنکاریی بەردەوام و نهێنیدا بوون لەگەڵ کورد و ئەو رەفتارە خراپانەی دەوڵەت و کیانە شیعییەکانی وەکو(موشەعشەعین کە ئیمامی عەلی بەخوا ئەژمار دەکەن و سەربدارییەکانی خوراسانی رۆژهەلأتی ئێران و سەفەویی و قاجارییەکان و جگە لەوانیش) کە دوابەدوای یەك حومکڕانی عێراق و بانی ئێرانیان کردووە نایەتە ئەژمار, ئەمەش لە کەلەپور ویژدانی هەریەکە لە شیعە و کورددا رەنگدانەوەی هەبووە.

شایەنی باس و ئاماژە پێدانە زۆرینەی هەرە زۆری سەرکردە سیاسییەکانی کورد(سەرکردەی هۆزەکان) و زانایانی ئاینی ئیسلامی لە بانی ئێراندا تیرۆر و پاکتاو کراوون و دەستی تۆمەتییش بۆ ئەو فەرمانڕەوا شیعانە درێژ دەکرێت کە دوابەدوای یەك حوکمڕانی ئەو ناوچەیەیان کردووە، کە دواهەمینیان عەبدوڕەحمان قاسلمۆ سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی شوێنگرەوەی بوو لە سالأنی1989 و 1992دوا بەدوای یەك[56].

دوای پێکهێنانی عێراقی نوێ ململانێی تائیفی لە نێوان کورد و شیعە لە ئارادا نەبوو، نزیك بونەوەی کوردیش لە ئێران لە پێش و دوای شکستی شۆڕشی

---

[56] بڕوانە د.فرسەت مەرعی سایتی جەزیرە:
http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2007/5، الکرد بین السنة والشیعة.. العراق نموذجا' دیارە ناکۆکییە سیاسییەکان و داخوازی کورد لە ئێراندا بەچەندین رێگە خۆی نمایش دەکات, خۆ ئەگەر رێگە چارەیەك نەبینرێتەوە ئەوا ئەو بارە خوێن و خەم و کاولکاری تریشی بەدوادا دێت.

ئەیلول و شۆڕشی نوێ بەتایبەت دوای هاتنە سەرکاری جمهوری ئیسلامی و جەنگی عێراق–ئێراق، هەموو ئەمانە لە بەرژەوەندی ئەو نزیکبونەوەیەدا بوون، سەرەڕای دەرکەوتنی شیعەی عێراقی وەك ستەم لێکراوێك لەدیدی سیاسی و ڕۆشنبیرانی کورددا و بەتایبەتیش ئەو هاوپەیمانێتییەی لەگەڵ کورددا هەیان بوو بۆ دژایەتی ڕژێمی سەدام حوسێن لەسەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق–ئێران لەساڵی1980. لەهەمان کاتدا ڕژێمی بەعس هەستا بە کۆچپێکردنی بەزۆری کوردە فەیلییە شیعەکان بۆ ئێران لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم بە بیانووی ئێرانی بونیان، هاوکات لەناوبردنی سەدانیان! هەموو ئەمانە بوونە هۆی دوور کەوتنەوەی کورد لە عەرەبی سوننە و نزیککەوتنەوەیان لە شیعە لانیکەم لە رووی سیاسییەوە, شیعەکانیش لەبەر شیعەبوونی فەیلییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە ناساندنی ئەو کارەسات و کۆچپێکردن و پرۆسەی لەناوبردنەی فەیلییەکان بە زۆر ڕێگەی جیاواز و لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی، هەموو ئەمانەش بووە هۆی دروستکردنی بەرەیەکی پتەوی مێژوویی و ویژدانی لە نێوان لایەنی کوردی سوننی و شیعەی عەرەبی. نەبونی هاوسنووری[بی‌له] و ڕوونەدانی لێکخشانییش ئەو پەیوەندییەی پتەوتر کرد[تی‌له]. هەر ئەم هۆکارانەش وەهای کرد لە قۆناغێکدا مەرجەعێکی وەکو موحسین ئەلحەکیم هاوڕا نەبێت لەگەڵ فتوای کوشت و بڕی کورددا[نی‌له].

---

[57] لەچەند شوێنێکی کەمدا ئەو پێکەوەییە هەیە لە ئێستادا بووەتە سەرچاوەی ئاڵۆزی و ناسەقامگیری هەروەك لە دووزخورماتوودا دەبینرێ! بەڵام ناوچەکانیتر چونکە کوردەکان خۆیان شیعەن وەکو خانەقین ئەو ئاڵۆزییە لەئارادا نییە!

[58] بڕوانە د.فرسەت مەرعی سایتی جەزیرە:

http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2007/5، الكرد بين السنة والشيعة.. العراق نموذجا، دیارە ناکۆکییە سیاسییەکان و داخوازی کورد لە ئێراندا بەچەندین

دوای  رووخانی رژێمی بەعس ئەو هاوپەیمانێتییە سیاسییە بەردەوام بوو, بەڵام لەگەڵ تێکگیرانی بەرژەوەندییەکان و حەزی فراوانخوازی و فراوانبونی دەسەڵات و خۆسەپاندنی شیعە و مل نەدانی کورد و بونی ناوچە جیٚ ناکۆك و کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئەو هاوپەیمانێتییە سیاسیە رووی لە لاوازی کرد و لە ئێستاشدا گەیشتە ترۆپکی ناکۆکی تا ئاستی پێکدادان, بەتایبەت دوای ئەنجام دانی راپرسیی دەسەڵاتدارانی شیعە لە عێراقدا هەموو مافێکیان دا بەخۆیان و هەموو ئەگەرێکیان کراوە کرد بۆ دژایەتی کردنی خواستی کورد بۆ سەربەخۆیی و  لەگەڵ دەرکردنی چەندین بڕیاری توند دژ بە کورد و کارمەندانی کوردی سەر بە بەغدا، رۆژانی داهاتووش کراوەیە بۆ چەندین ئەگەری نەخوازراوی پڕ مەترسی[60] .

ماوەتەوە بڵێین ئەم باسە هێرش نییە بۆ سەر شیعە و ستاییش کردنی رێبازەکەی بەرامبەری بێت کە سوننەیە! بە قەد ئەوەی خستنەرووی هەندیٚ لەو بۆچون و هەڵوێستانەیە کە تۆمارن لە مێژوودا و وەك ئەگەرێکیش بیٚ کاریگەر نییە لە ئێستادا, لەهەمان کاتدا ئەو رەفتارانە بە هەڵەی شوێنکەوتوانی رێبازێکی دێنە ئەژمار نەك خودی رێبازەکە, ئەوەشی وەکو

---

رێگە خۆی نماییش دەکات, خۆ ئەگەر رێگە چارەیەك نەبینرێتەوە ئەوا ئەو بارە خوێن و خەم و کاولکاری تریشی بەدوادا دێت.

59 مرۆڤ کاتێك ئەو هەڵوێستە و هەڵوێستی هەندیٚ لەو زانا و مەرجەعە شیعییانە دەبینیٚ کە ئێستا دژ بە کورد دەینوێنن یەکسەر بیری بۆ چەمکی توقییە و بەرژەوەندی سیاسی دەچێت کەلەگەڵ کورددا پیادە کراوە!  تەنانەت ئەو هەستی دژایەتی کردنە گەیشتووەتە ئەوانەی خۆ بە کراوە و زانا و دیموکراسی خواز دەزانن هاوشێوەی ئەیاد جەملەدین و ئەحمەد کاتیب و کەمال حەیدەری و هتد.

60 کار گەیشتووەتە ئەوەی خواستی سەربەخۆیی لەلایەن کوردەوە بە پرۆسەیەکی سەهیۆنی دابنریٚ و کورد بچوێنرێت بە ئیسرائیلی دووەم!

ریوایەت دەدرێتەپاڵ خودی رێبازەکە ئەوە بەلای ئێمە ناراست و هەڵبەستراوە و لای موحەقیقینی ئەو رێبازەش هەر وایە و دەبێت بە هەر خۆیان وەڵامێکی زانستی ئەو بەشەی تریان بدەنەوە کە بڕوایان بەو جۆرە گێڕانەوانە هەیە و حوکمیان لەسەر بنیات ناوە, لە هەمان کاتدا گەلی کورد زۆرترین ستەمی روو بەڕوو بووەتەوە لەلایەن ئەوانەی لەرووی ئاینزاو رێبازی ئاینییەوە لەسەر سوننە ئەژمار دەکرێن[61] ، لە بیرمان نەچێت بەشێکی گەلی کورد خۆیان شیعەن و لەوانە ئەو شیعە کوردانەی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەژین و زۆرینەشیان تاڵاوی ستەملێکراوییان چەشتووە وەکو تەواوی گەلی کورد و بەشداربوون لە شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی گەلی کورددا, قسەکردن لەسەر ئەوانە بەتایبەت فەیلێکان باسێکی تایبەتی دەوێ, ئەوەی من هەستی پێ دەکەم ئەوانیش کەمتر کاریگەرن بەو رق ئەستورییەی لای هەندێ شیعەی عەرەب و فارس هەیە و ژینگە لێبوردەییەکەی کورد زیاتر زاڵە بەسەریاندا و پێویستیشە ئەو پێکەوە ژیانە درێژە پێ بدەین[62] .

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەوەی کێشەی خودی ئاین و مەزهەبێت ئەگەر سەرچاوەکەی وەحیی خوایی بێت ناکرێ دژایەتی گەلێکی دیاریکراو بکات، هەر بۆیە ئەو گێڕانەوانە زیاتر مرۆڤ کردن و خواستی ناڕەوای مەزهەبگەرایی و

---

[61] ئەوە جێگەی باسێکی تایبەتی سەربەخۆ و ئاوکێشە.

[62] هیوادارم کوردی سوننە بەو پێیەی لە کوردستانی باشوورد زۆرینەن لێبوردانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەو بەشەی گەلەکەی خۆیاندا بکەن و کوردە شیعەکان مۆرکی تایبەتی خۆیان بپارێزن و لە رووی ئاینی و هەڵوێست بەرامبەر هاوەڵان کەمتر بکەونە ژێر کاریگەری غولاتی شیعە و گرنگە لەو بارەیەوە دیراسەی ئەو ئاراستەیەی رێبازی شیعەی زەیدی بکەن کە ئیمامی عەلی بەباشتر ئەزانن بێ ئەوەی نەفرەت لەوانیتر بکەن. تاوەکو زیاتر بسازێن لەگەڵ ژینکە کوردییە سونیە باوەکە, کەلە رووی ژیربێژی و بەڵگەشەوە ئەمە بە دروستتر دەبینرێت.

سیاسی لە پشتەوە بووە و وابەستەی هەندێ رووداوو واقیعی مێژوویین، بەڵام بەو پێیەی ئەو گێڕانەوانە لە کتێبە باوەڕپێکراوەکانی شیعەدا هاتوون و لەنێو توراسی ئەواندا راڤە و مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و بووەتە بەشێك لە زەینی شوێنکەوتوانی شیعە مەزهەب هەر بۆیە پێویستە لەلایەن مەرجەعە گەورەکانی ئەوانەوە رەت بکرێتەوە و ناڕەوایەتی دەرخرێ، ئەمەش ئەو کارەیە کەوەکو پێویست ئەنجام نەدراوە و وەڵامی دڵنیابەخشی لەبارەوە نەخراوەتەڕوو.

# بڵاوبونەوەی ئیسلام و نەصرانیەت بە زۆری شیر، خوێندنەوەیەك لە ناوكۆی مێژوودا

بیروبڕوای دروست بەرەنجامی ویستی ئازاد و پەسەندكردنی خۆویستانەی مرۆڤە، بەدەر لەوە ناتوانرێ پێی بوترێت وەرگرتن و قەناعەتێكی ڕاست و دروست و خۆویستانە، بەڵام زۆرجار ئەگەر لە نەوەی یەكەم و دوەمیشدا ئاینێك یا بیروباوەڕێك بە تەقلیدی و تەنانەت زۆریش سەپێنرابێت دواجار دەبێتە بەشێك لە بیروباوەڕی ئەو خەڵكە بە تایبەت ئەگەر ئەو بیروباوەڕە لە كرۆكی خۆیدا هەڵگری هێز و توانای قەناعەت پێ كردن بێت، بەتایبەت لە مێژووی كۆندا، ئەمە بۆ مێژوی نوێ بەرێژەیەكی كەمتر دروست دەردەچێت.

ئەوەندەی من شارەزابم زۆرترین خەڵكێك كەلەمڕۆدا مسوڵمان بن ئەو ناوچانەن كە ئیسلام بەشیر و زەبری هێزەوە پێی نەگەیشتوە بەڵكو لەرێگەی بازرگان و بانگخوازە مسوڵمانەكانەوە بوە بە تایبەت لە ئەندۆنسیا و باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا... ئەسڵیش لە ئیسلامدا بانگەشەكردنی بەرامبەرە بەشێوازێكی ئاشتیانە و قەناعەت پێكردنی عەقڵی و قەلبی نەك سەپاندن و بەزۆر مسوڵمان كردن...

گرنگە بزانین جیهانی كۆن و قۆناغە پێشینەكانی مرۆڤایەتی كەمترین بواری تێدا بوە بۆ ئازادی بیر و ڕا و زۆرینەی هەرە زۆری كۆمەڵگەكان لەژێر زۆری

دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکانیاندا بیروباوەڕ و قەناعەتیان وەرگرتوە، ئەوەی دواتریش هاتوە و بانگەشەی بیروباوەڕو دینێکی نوێی کردوە زۆرجار بەتێکشکانی ئەو دەسەڵاتە توانیویەتی جێگەی خۆی بکاتەوە و بیروباوەڕی خۆی بسەلمێنێ و زۆرجاریش بسەپێنێ..

لێرەوە قسەکردن سەبارەت بەوەی بوترێت ئیسلام – مەسیحی و هتد بە زۆر خۆی سەپاند و بەهێزی شیر جێگەی خۆی کردەوە لە جیهانی کۆندا بێگومان رێژەیەك لە راستی تێدایە و هیچ بیروباوەڕێکی لێ هەڵاناوێردرێت، بەڵام جیاوازییەك هەیە لێرەدا ئەویش بریتیە لەوەی بۆنمونە: مسوڵمانان کاتێك ناوچەیەکیان دەگرت خەڵکەکەیان سەرپشك دەکرد لە نێوان مسوڵمان بون و جزیەدان و شەڕکردندا بەڵام بەشێکی دیار لە دەسەڵاتدارە مەسیحیەکان بژاردەی بەمەسیحی بون و شەڕو کوشتنیان دەخستە بەردەم و خیاری مانەوە بە قەناعەتەوە زۆر دەگمەن بووە... ئەمە جیاوازییەکەیە لە نێوان مێژوی مسوڵمانان و مێژوی کریستیانەکاندا بەتایبەت لە مێژووی کۆندا ... ئەو سەماحەتەی مەسیح هەیبوە تەنها لەسەرەتادا بونی هەبوە ئەو کاتەی مەسیحییەکان چەوسێنراوە و بانگەشەکار بوون و دواتر ئەمە گۆڕانی بەسەردا هاتووە... لەسەردەمی رێنیسانس و داگیرکاری ئەوروپییەکاندا لەهەردوو قاڕە ئەمریکییەکەدا پورتوگال و ئیسپانیەکان و زۆرێکیتر بە زەبری هێزو پەستان خەڵکی ئەو قاڕە نوێیانەیان بە زۆرکردووە بە مەسیحی لەپاڵیشیدا نێردەی تەبشیری هەبووە بەخواهیشت ئەم کارەیان کردووە...!

جیهانی کۆنی دینەکان کاتێك دەسەڵاتدارەکان دەیگەیەنن تێکەڵی دەکەن بەزەبری هێز، بەڵام مانەوەی ئەو ئاینە بۆ دواتر هێزە شاراوە ناوخۆییەکانی ئەو ئاینانە رۆڵیان دەبێت لە مانەوە و بڵاوبونەوەیدا، لێرەوە دەستەواژەی: کورد بە زۆر ئیسلامی وەرگرت... مەسیحییەکان بە زۆربون بە مسوڵمان... مسوڵمانەکان بە زۆر کران بە مەسیحی ... وەسەنیەکان بەزەبری هێز مەسیحیەتیان قبولْ کرد، بەرێژەیەکی رێژەیی هەندێ راستی تێدایە و لە هەندێ برگەشیدا تەواو راستە، هەرچەندە کورد کەمترین پشکی لەم بەزۆرکردنەدا هەیە ... بەڵام ئەوەش راستە کە پێشتریش ئەو گەلانە بە ئازادانەی تەواو ئەو ئاینەی پێشویان وەرنەگرتوە و زۆرجار لەرێی هێز و فەرمانڕەواکانەوە بەسەریاندا سەپاوە...

کاتێك عیسا سەلامی خوای لەسەر پەیامی خوای بۆ دێ و شوێنکەوتەی زۆر دەبێ و بانگخواز و موبەشیرەکانی دەیانەوێت پەیامەکەی بگەیەنن لەلایەن رۆمانەکانەوە توشی گەورەترین تەنگ پێ هەڵچین و گرتن و ئازاردان و کوشتن دەبنەوە، بێگومان جوەکانیش پشتیوانی رۆمەکان بوون لەمەدا... بیانوی رۆم و یەهودەکانیش ئەوە بوە ئەم بیروباوەڕە دژی بیروباوەڕەکانی ئەوانە و دەیانەوێ بیروباوەڕەکانی تر لەناوببەن و ئەم جۆرە بۆچونەش لەلای مەسیحیەکان بونی هەبوە و مەسیحیەکان لە مێژوی دەسەڵاتی کۆنیاندا داکۆکی کار نەبوون لە ئازادی بیروباوەڕی بەرامبەر و رێ پێدان و سەربەست کردنیان.

لەگەڵ یەکەم هەنگاوی بەمەسیحی بونی کۆستەنتینی ڕۆمانیدا چەوساندنەوەی ئەوانیتری یەهودی و وەسەنی دەست پێ دەکات و بەزۆرکردنە مەسیحی و کوشتنی مولحیدەکان دەبێتە یاسای دەوڵەت و پیرۆزی و پشتیوانی لە پیاوانی ئاینییەوە وەردەگرێ و مێژوی مەسیحیەت پڕە لەو کوشت وبڕانەی بۆ ئەوانی جیاواز ئەنجام دراوە، تەنانەت ئەو جیاوازییە زۆرجار چوارچێوە مەسیحیەکەشی گرتوەتەوەو بەزەییان بە مەسیحیەکی مەزهەب جیاوازیشدا نەهاتوەتەوە... ئیتر واز بهێنە لە مسوڵمانێکی ئەندەلوسی کە تەنها بە مەسیحی بون و کوشتنی لەبەردەمدا بوە لەکاتێکدا لەوپەڕی دڵ ڕەقیدا مەسیحییەك : توانیویەتی بە جزیەدان سەر و ماڵی پارێزراو بێت... مێژووی شەڕی ناوخۆیی مەزهەبی سەردەمی ڕێنیسانسی ئەورپاش خوێناویترین مێژووە و بەسەدان هەزاریان لەیەك کوشتووە لە پێناوی لەناوبردنی مەزهەبی بەرامبەردا، جەنگی کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان مێژوویەکی دیاری ئەورووپای سەدەی شانزە و حەڤدەیە.

مێژووی مسوڵمانیش خاڵی نیە لە جەنگ و کوشتاری ناوخۆیی و دەرەکی بەڵام بەراورد بە هەمان قۆناغی مێژویی و بەراوردکردنی مێژوی ئەوان بە مسوڵمانەکان، بێگومان مسوڵمانان بەبەزەیی تر بون و خودی پەیامی ئاینەکەش پاڵنەرێکی ئیجابی بوە لەوەدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەخودی وەحی و پەیامی خوایی ناتوانین شەرعیەت بە هیچ کارێکی ناڕەوا و پێشێلکارییەك بدرێ کە دژ دەوەستێتەوە بەو پەیامە ئیتر لەلایەن هەرکەسێکەوە ئەنجام

درابێت، بەڵام دەبێت لە سیاقی مێژویی خۆیدا بخوێنرێتەوە و هەڵ بسەنگێنرێت و بەراورد بکرێ بە ئەوانیتری هاوشێوە نەك هەنوکە و ئەو قۆناغە پێشکەوتوەی مرۆڤ پێی گەیشتوە...

کاتێکیش داعش دێتە پێش و ئەوانیتر خۆیان دەکەن بە رەسولی رەحمەت و سەماحەت و تەنها ئێستاکە نمایش دەکرێت و ئەو مێژووە خوێناوییەی هەموان هەیانبووە لە بیر دەکرێت، وەك ئەوەی تەنها مێژووی مسوڵمانان ئەم رووداوە قێزەونانەی تێدا بێت...!! پێشتر باسی داعش و هۆکارەکانی دروستبون و لێڵی ئەم گروپە و رەفتارەکانیمان کرد.. مێژووی دەسەڵاتدارە ستەمکار و پارت و کۆمەڵە توندڕەوەکانی مێژووی کۆن و نوێی دینەکان گەرچی کارەکانیشیان بەناوی دینیشەوە کرابێتن بەڵام لە بناغەدا دوورە لە روحی ئاینەکانەوە، بەڵکو زۆرجار گرێدراوی خواستی دونیایی و بەرژەوەندی و هەندێ جاریش ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتین، ئەندهازەی بونی ستەمکاری ودەستەبەربونی دادگەری و دابین بونی ماف و خواست و ئازادی و کۆمەڵی ئیسلاحاتی فیکری و فیقهی رۆڵیان هەبووە و هەیە لەسەرهەڵدان و گەشەکردنیاندا ... هەڵەشن ئەوانەی دەیانەوێت بە گوناهەکانی مێژوو، ئیسلام تاوانبارکەن و ئەوانیتر پاك و بێ گەرد نیشاند دەن ... دەبێت مێژوو لە سیاقی خۆیدا بخوێنینەوە و هەڵەکانی دەسنیشان کەین و داوای لێبوردن لە هەڵەکانی بکەین و دان بنێین بە راستییەکانیدا، بۆ ئێستەش پەیام و رۆحی دینەکە بگەیەنرێت و کەسیش بە پیرۆز دانەنرێت ... خەمی جیدی ببێتە لە بێژنگ دان

و پاڵفتەکردن بە رەچاوکردنی نرخاندنی هەوڵی زانایان، ئەو توراسە گرنگەی لەپاڵ خڵتە و پڵتەکانی پڕێتی لە گەوهەری گرانبەها و کە ناکرێ لەمڕۆشدا لێ بێ نیاز بین ...

## هەڵوێستەیەك لە ئاست چەند کەلێنێکی کاری ئیسلامی و بانگخوازی.

- زەنگی مەترسی بۆ : زانایانی خۆشەویستی ئاینی و بانگخوازان پایەبەرز!
- ئیسلامیەکان لەنێوان بە فریشتەیی بینین و بەشەیتان کردندا!
- وازهێنان لە حیزبە ئیسلامیەکان و چەند سەرنجێك
- کاروانی ئیسلامخوازی، لەنێوان وەفاداری و بێ وەفاییدا

## زەنگی مەترسی بۆ

## زانایانی خۆشەویستی ئاینی و بانگخوازان پایەبەرز!

لەوانەیە سەردەمێك خەڵكی بە(درة الناصحين) و(ارشاد العباد) و چیرۆك و بەسەرهاتەكانی ناویان ئاراستەكرابێتن، بگرە سودمەندیش بوبێتن! دواجار خەڵكی پێویستی بەوە بووە ئەو قۆناغە لە وەعز و ئیرشاد تێپەڕێنرێ و دوای قورئان گەڕانەوە بۆ فەرمودە بە صحيح و زەعیفییەوە هێشتاش جێی قبوڵ بوبێت. هەر بۆیە ئەگەر كەسێك دارای كتێبێكی بەنرخی وەك (رياچ الصالحين)ی(نووی) بوبێت ئیتر كاری تەواو بوە و توانیویەتی سودێكی باش بگەیەنێت، لە ئێستاشدا بەشێوەیەكی رێژەیی ئەو جۆرە گوتارە خاڵی نییە لەسود و كەڵك بەڵام ئاوی هەموو دڵەكان نادات و پێویستی بە گوتاری نوێ و هاوچەرخانەتر بوەتە زەرورەتێك!

بەڕێزان: ئەگەر دەتانەوێ لە ئێستادا ڕۆڵی دروست و كاریگەرتان هەبێت پێویستە:

ئاگاداری ئەو گۆڕانكارییە جۆراوجۆرانەبن كە هاتوەتە ئاراوە و بە گوتارێكی تەڵقین ئاسا دڵەكان ئاو ناخواتەوە و ئەو هەموو لێشاوە لە گومان ناڕەوێتەوە! ئێوە ئاگاداری ئەوەن خەریكە دەبنە رابردوو نەك تەنها لای خەڵكی دوور لە ئایین بەڵكو لای بەشێكی لەو گەنجانەی سەردەمانێك چۆكیان داداوە لە مەجلیسی وەعز و ئامۆژگاریی ئێوەدا؟! ئێستە ئەو گەنجانە هەڵەبن یا راست

زۆر قۆناغی تریان بڕیوە کە ئێوە یا دەبێ راستیان کەنەوە یان دەبێ شوێنیان کەون! لەهەردوو حاڵەتدا ئێوە لەدواوەن! ئەگەر ئەوان نەشارەزان بە زانستە ئیسلامییەکان ئەی کوا وەڵامە جیدییەکانی ئێوە؟! ئەگەریش کەوتونەتە ژێر گومانی رۆژهەڵاتناس و ئەوانیترەوە! ئەی کوا وەڵامە بەهێزەکانی ئێوە؟! ئەگەر پاڵنەرەکان حەز و شەهوەت و خواستەهەڵەشە مرۆییەکانە! ئەی کوا گوتارە هاوسەنگ و رۆحانیەکانی ئێوە تاوەکو لێشاوی شەهوات و شوبوهات بە بەڵگە و یەقینەکان بتارنێن؟! ئاخر ناکرێت ئینستیوتی بانگخوازان لە ئێستاشدا تەنها بوخاری بە شاگردەکانیان ئەز بەرکەن وکلتوری لەبەرکردن بکەنە پیشە(لەگەڵ ئەوەی لەبەرکردن گرنگییەکی زۆری هەیە) بێ ئەوەی وەڵامی ئەو گومانانە بدەنەوە کە لە ئارادان یاخود دان بنێن بە پێویستی هەڵوێستەکردن لە ئاست ئەو توراسە نوسراوە ی کە بەشێکی تەعبیرە لە توانا و ئەزمونەکانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە راستییەکان! ئاخر چۆن دەبێ زانا و وتاربێژەکانمان وەك بیست ساڵ و پەنجاساڵ پێش ئێستە وتار بدەن و وەعز و ئیرشادی خەڵك بکەن! رودا وو بەسەرهاتە مێژووییەکان وەك قورئان بەیان بکەن! کۆ نەکەنەوە لە وتنی فەرمودەی زەعیف و بگرە ئەو فەرمودە صەحیحانەی کۆمەڵێ پرسیاریان ئاراستە کراوە!! ئەو چەندین رێکخراوەی بۆ قیرائاتی قورئان لە ئارادایە شتێکی جوان و بەپێزە بەڵام بۆ بۆ بەشێك لە کارەکانیان تیشك خستنەسەر ئەو گومانانە نییە سەبارەت بە قورئان دەخرێتە روو، نەك خوێندنەوەی بەڵکو سەرچاوەکەی؟ چۆنێتی نوسینەوە؟ تێگەیشتنی؟ بەڵکو خودی قیرائات خۆی! ئاخر ناکرێت ئێمە هەر تەڵقینی

شتەکان وەرگرین و بیلێینەوە! من دەزانم ئەو پرسیارانە وەڵامی هەیە بەڵام دەبێ بزانرێ، بەردەست بێت! باشە بۆ ناوەندێکی وەك ئیعجازی زانستی تۆزێك فراوانتر ناکرێت و بکرێتە ناوەندێك بۆ تێگەیشتن و تەئەمولی فراوانتری تایبەت بە قورئان! من هیچ هەوڵێك بەکەم نابینم بەڵام دەبێ لە ئاستی کێبڕکێ و تەحەدییەکاندا بین!

بەڕێزان: ئەگەر ئێوە و ئێمە لە ئاستی ئەم قۆناغەدا نەبین، ئەوا ئەگەر هەموو حیزبە ئیسلامیەکانیش واز لە سیاسەت بهێنن و ببنە ڕێکخراوی دەعەوی سودێکی ئەوتۆی نابێت، چونکە عەقڵمان نویێ نەکردوەتەوە و دیدمان فراوانتر نەکردووە و ڕێبازی توێژینەوەمان پەرە پێ نەداوە! دەبێ ئەو واقعە بخوێنینەوە کە تێیدا دەژین و لە ئاست تەحەدییەکانیدا بین و کەرەستەی گفتوگۆ و مامەڵەکردن و ململانێکەی دەستەبەر کەین، بە پێچەوانەوە بەجێ دەمێنین و دەبین بەبەشێك لە رابردوو، خۆ ئەگەر ئەگەر ئێمەش پشت هەڵ کەین و لە ئاستی قۆناغەکەدا نەبین ئەو کات خوای گەورە کەسانێکیتر دەکاتە بریتی و بەدیل کە وەك ئێمە نابن:(وَإِن تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُم ). کەوەك ئەم زانا و بانگخوازانە ئێستە نین.

تێبینی: ئەوەی خراوەتە روو باری گشتی و حاڵەتی بوە ئەگینا وڵات خاڵی نییە لە زانای بەتوانا و بانگخوازی بەرپرس و لە ئاستابوو! ئەو ئاماژە کورتەی بۆ یەك دوو ڕێکخراو کراوە تەنها بۆ هاندان و گرنگی پێدانی زیاترە نەك کەم نرخ کردنی کارە جوانەکانیان..

## ئیسلامیەکان لەنێوان بە فریشتەیی بینین و بەشەیتان کردندا!

تێڕوانینێك لە کۆمەڵگەی ئێمە و زۆرینەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا باوە، ئەویش بریتیە لەوەی هەر تاکێك کەسێکێکی پابەندبێت بە ئیسلامەوە یان زانایەکی مسوڵمان بێت یان عابید و خواناسێك بێت یان هەر رەمزێکی تری ئاینی تر، ئیتر لای خەڵك دەبێتە فریشتەی بێ گوناهو ناکرێت و نابێت هەڵە بکات و تاوانێك ئەنجام بدات، یان شوێنی حەز و ئەهوائێکی نەفسی بکەوێت و بگرە هەندێ جار بۆی نییە هەندێ موباحات ئەنجام بدات و بگرە بە تەعبیرە قورئانییەکە هەندێ تەیباتیشی لێ یاساغ و قەدەغەیە! زۆرجار هەمان روانین بۆ ئەوانە گواستراوەتەوە کە سەرقاڵی کارێکی ئیسلامین لەهەر کەناڵ و رێکخراوو دام و دەزگایەکدا کار بکەن! ئەم تێڕوانینە تەنانەت لای ئەوانەش هەیە کە نەیار و دژی دین یان تەوژمی ئیسلامین بەڵام بەشێوەیەکیتر، بۆ نمونە کاتێك کە رەخنە دەگرێت لە خراپی زانایەکی ئاینی یان کەسایەتییەکی ئیسلامی یان پارتێکی ئیسلامی لە ناهەستیدا دەڵێت تۆ ناکرێت خراپە بکەیت دونیا ویست بیت، گوناهکردنی بۆ تۆ نییە! کە ئەمانە ئەنجام دەدەیت کەواتە تۆ ئەو فریشتە نیت کە باست دەکرێت، ئیتر هەندێ جار لێرەوە کردە و پرۆسەی بە شەیتان کردن دەست پێ دەکات.

ئەم تێڕوانینە هەندێکی پەیوەستە بەو تێڕوانینە میسالیانەی کە زۆرجار لە ژیاننامەی هەندێ کەسایەتی و رەمزی مێژوویدا باس دەکرێت کە رەنگە هەندێکیشی لە بەدواداچونی جیدیدا راست نەبێت! یان لە هەندێ کتێبی تەزکیە و ژیاننامەی پیاوچاکاندا زۆر زەق دەکرێتەوە! نمونە جوانەکان گرنگ زەق بکرێنەوە تاوەکو کەسە سەرمەشقەکان جێگەی چاولێکردن بن بەڵام

میسالی بینینیش واقعمان بیر دەباتەوە... واتە بەشێك لە هۆكارەكە پەیوەندی بە كلتور و رۆشنبیری خۆمانەوە هەیە.... بەڵام ئەمە تێگەیشتنێكی ورد نییە و قورئان مرۆڤە بڕوادارەكان بە فریشتە ئەژمار ناكات! دەكرێت هەندێ مرۆڤ لە هەندێ فریشتەش پلەوپایەی بەرزتر بێت بەڵام زۆرینەی مرۆڤەكان وەها نین... بەڵكو بە تێڕوانینی قورئانی مرۆڤە باوەڕدارەكانیش سێ بەشن: هەیانە ستەمیان لە نەفسی خۆیان كردووە، بەشێكیشیان باش و خراپیان هەیە و چاكەخوازی زاڵە بەسەریاندا و هەندێكیتریان دەستپێشخەرن لە چاكە و خێرخوازیدا (فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ) ، هەموو ئەو تاوانەی لە قورئاندا باسكراون و سزا و سەرزەنشتیان لەسەرە دەكرێت باوەڕداران پێی هەستن و ئەنجامی دەن و خوای گەورەش سزایان بدات یان لە دونیادا توشی باج دانی جۆراوجۆر ببنەوە و هەر ئەمەش واقیعەكەیە! تەنانەت خوای گەورە رووبەڕووی هاوەڵانی پەیامبەر دەفەرموێت هەندێكتان دونیا ویستن و هەندێكیشتان دوارۆژخوازن:(مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الْآخِرَةَ ۚ)، ئیتر بۆ ناكرێت ئەگەری دونیا ویستی لای خەڵكیتر هەبێت...! نەك هەر ئەوەندە بگرە ئەگەر مرۆڤ بگاتە ئاستی لوتبەرزی و ئەنجامدانی بەردەوامی خراپەكاری ئەوا دەبێت چاوەڕێی پاداشتی دوارۆژ و جێگەی حەساوە وبەهەشتی خوایی نەبێت (تِلْكَ الدَّارُ الْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ۚ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ.( لێرەوە جێگەی خۆیەتی وەها بڕوانینە دینداران و ئیسلام خوازان (ئەوانەی لە جەوهەری ئیسلام و ئیمان تێگەیشتوون) چ وەك تاكی سەربەخۆ یان لەنێو رێكخراوو دام و دەزگایەكدا بن، كە بە زۆری مرۆڤگەلێكی باشن، خێرخوازن، خۆ دەپارێزن لە ناپاكی و گوناهو حەرام، دەستپاكترن چونكە خوا بە چاودێر

دەبینن، جێگەی متمانەی زیاترن لەبەر زۆر هۆ، بەڵام مەرج نییە لێزانتر بن گەر هەوڵیان بۆی نەدابێت و خاوەنی ئەزمون و راهێنان نەبن! بەڵام داڕنراو نین لە گوناهو حەزی نەفس، دەکرێت بکەونە تاوانەوە تا ئاستی گوناهی گەورە و کەبائیر ... بەڵام بەردەوام و بەگشتی جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەوانەی خوا بە چاودێری خۆیان نابینن و خۆشەویستی و موحیبەتیان بۆ خوا نییە و لەرهەنگی ئەوان حەڵاڵ و حەرامی تێدا نییە! ئەوانەشیان لە کاری سیاسی و رێکخراوەییدان زیاتر ئەگەری هەڵە و نەپێکان و گوناهیان لێ دەکرێت بەڵام بەشێوازێکیتر، چونکە لەو مەیدانەدا جۆرێکیتری هەڵە و کەلێن و گوناهو خراپە کاری هەیە، جگە لەو هەڵانەی پەیوەستن بە کاری پسپۆڕی ئەو بوارە و لێنەزانی ونەخوێندنەوەی هاوکێشەجۆراوجۆرەکان ... نەك هەر ئەوەندە دەکرێت ئەو کۆمەڵە و رێکخراوەی دروستیان کردووە هەڵی بوەشێننەوە باشتر بێت، چونکە ئەسڵ لەم کارانەدا بەدیهێنانی بەرژەوەندی زیاتر و خزمەتی گەورەترە، خۆ ئەگەر پێچەوانەکەی بەدی هات ئەوا نەبوونی لە بونی باشترە... کاری بەکۆمەڵ و رێکخراو وەك چۆن چاکەی گەورەی پێ دەکرێت خراپەی گەورەشی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە گرنگە بەردەوام هەڵسەنگێنرێت و نەخشە و پلانی نوێی لە ئارادا بێت... بەرپرسانی ئەم بوارەش لێرەدا دەکرێت تاوانی وەك شکاندنی یەك و پاشقول لێدان و موونافەسەی نادروست بکەن، لەناوخۆیاندا ستەمکردنی جۆراوجۆر لە ئارادا بێت، خۆسەپاندن و نەبونی شورا هەبێت، موحابات و خزم خوازی و روگیری و حساب کردن بۆ چەنەباز و رووگۆڕ و زمان لوسە بێ کردارەکان هەبێت! دڵسۆزەکان و خاوەن تواناکان پەراوێز و پشتگوێ بخرێن و هتد.

ئیسلامی بوون لە مرۆڤ بونت ناخات، تۆ هەر مرۆڤیت و شایستەی هەڵە و پەڵەیت بەڵام ناسنامەی شەیتانیشت پێ نابەخشێت-دیارە لێرەدا باسی بزاوت و گروپە توندڕەوەکان ناکەم- وەکو هەندێ بۆ مەرامی سیاسی و ناوو ناوبانگ و کاردانەوەی نەفسی و خواستی مادی و هەندێ جار مامەحەمیی دەیکەن! دونیای خۆمان گەندەڵستانێکی پڕ ستەمکارییە و مرۆڤە کەم دین و بەناو عەلمانیەکان دروستیان کردووە کەچی شەر بە دین و بەشێك لە دینداران دەفرۆشرێت! ئەوانیش پشکیان هەیە بەڵام لە پەراوێزدان چ وەك بون و چ وەك گاریگەریی... بەڵام پەیامەکەیان دژە بەو واقیعەی لە ئارادایە! تاکەکانیشیان بەشێکن لەو کۆمەڵگەیە و هەندێکیشبان تێوە گلاون بە جۆرێك لە خراپە و گوناهی بواری کارکردنی خۆیان.

ئیسلامیەکان بریتی نین لە خودی ئیسلام بەڵکو خەڵکێکن بە تێگەیشتنی ئێستایان و بە مەرجەعیەتێکی ئیسلامی و لەم واقیعەدا کار بۆ خزمەتی کۆمەڵگەکەیان دەکەن، باشیان زۆرە و هەڵەشیان هەیە، لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵیش، خەڵك دێتە ناویان و لێشیان دەردەچێت، دەبنە ئەندام و وازیش دێنن، نە ئەوانەی لە دەرەوەی ئەوانن نامسوڵمانن و نە ئەوانەشی لەناوياندان ئیسلامیان لەسەر تاپۆیە! ئیسلام زۆر گەورەترە لەوەی لە گروپێکی ئیسلامیدا قەتیسی کەیت، گەورەترین بزاڤی ئیسلامی کە ئیخوانە کە خۆی وەها پێناسە دەگاتە کە-جماعە من المسلمین لا جماعە المسلمین- کۆمەڵێکن لە مسوڵمانان نەك کۆمەڵی مسوڵمانان بن! کارکردن لەناو ئەو کۆمەڵانەدا کارکردنە بە دەستە جەمعی و هاریکاری یەکتری لە چاکە خوازیدا کە رۆحی دەقەکان و بێژەئاشکراکانی دەیخوازێت، کەسانێکیش دەتوانن لە دەرەوەش بن و هاوسۆز و هاوکار بن لە کۆی ئەو کارانەی کە ئیسلام

دەیخوازێت بیّ ئەوەی ئەندامی ئەو گروپانە بن! نەك هەر ئەوەندە لەوانەیە بۆ هەندیّ کەسی ئیسلامخواز بونی لە دام و دەزگا و بگرە حیزبێکی تری نیشتیمانیدا پڕخێر و کاریگەرتر بێت بە مەرجێك ناسنامەی خۆی نەدۆڕێنێت و لە خزمەتی ئیسلاّح و چاکەخوازیدا بێت و ژمارەیەك بێت نەك داشی دامە! کە ئەمە بە هەموو کەس ناکرێت!

## وازهێنان لە حیزبە ئیسلامیەکان و چەند سەرنجێك

حیزبی ئیسلامی و ڕێکخراوە جۆربەجۆرە ئیسلامییەکان ئەزمونێکی مرۆیی و ئیجتیهادێکی سەردەمیانەی کارکردنن لە چوارچێوەی مەرجەعیەتی ئیسلامی بۆ خزمەتی کۆمەڵگا مسوڵمانەکان و بەشداری کردن لە کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگە و دامەزراوە کارگێڕییە جۆربەجۆرەکاندا... لێرەوە وەکو چۆن لە کۆندا ڕێبازە فیقهییەکان تێڕوانینێك بوون زۆر لایەنی ژیانی مسوڵمانیان ئاراستەکردووە بەو ڕێوشوێن و بەڵگانەی لە ئارادابوون، لەم بوارەشدا چەندین ڕێبازی فیقهی جۆراوجۆر دەبینین و لە زۆر شتدا کۆکن و لە بەشێکی تریدا جیاواز و ناتەبان و بە تێپەڕینی کاتیش کەم و زۆر لەگەشە و گۆڕاندابوون... هیچ یەك لەو ڕێبازە فیقهیانە یەکسان نییە بە خودی ئیسلام، بەڵکو بە پێی تێگەیشتن و بەڵگە و ئەرگۆمێنتەکانیان دوور و نزیکیان هەیە لەوەی پێی دەوترێت وەحی یان خودی ئیسلام وەکو دینێك... دەرەنجامی فیقهەکەشیان، تێڕوانین و بۆچونەکانیان، فەتوا و حوکمە جۆربەجۆرەکانیان باش و خراپ و ڕاست و ناراست و پێکان و نەپێکانی تێدایە و هیچ کەسیش بە دەرچوون لەڕێبازێکی فیقهی لە دین دەرناچێت، چونکە لە بناغەدا ڕێبازە فیقهییەکان بۆ تێگەیشتنن لە حوکمە شەرعیەکان، نەك خودی دین بن، دهکرێت کەسێك قەناعەتی بە بۆچونی ئەم زانایە نەبێت و بەویتریان دڵی ئاو بخواتەوە، یان بەڵگە و پاساوەکانی ئەویتر بەبەهێزتر ببینێت... ئەم قسە و باسە بۆ ڕێبازەکانی تەسەوف و قوتابخانەکانی زانستی کەلام و فەلسەفە و هی تریش هەر تەواوە... ئەگەر لە مێژوشدا پێچەوانەی ئەمەش رویدا بێت بۆ نمونە دەمارگیری مەزهەبی گەیشتبێتە ئاستی بێ ڕێزی یان کوشت و کوشتار هەنوکە

وەك خاڵێكی ڕەش و كارێكی نەشیاو دەخوێنرێتەوە، گەرچی ئێستەش لەسەر كۆمەڵگا جۆربەجۆرەكاندا بەشێوازی جیاواز بونی هەیە.

زۆر دوور نەكەوینەوە لە بابەتەكەی خۆمان، وەكو ئاماژەمان پێی دا بزوتنەوە ئیسلامیەكان تێگەیشتنی ئیجتیهادین بۆ كاری هاوچەرخ و كارەكانیشیان بەپێی ئەو بوارەی تێیدا دەجوڵێن دوور و نزیكی هەیە لە خودی ئیسلامەوە و دەكرێت لە داهاتووشدا جۆرێكیتر بن، بەڵام ئیسلامەتی و دینداری لەواندا قەتیس نابێت و قۆرخی هیچ بزاڤ و ڕێگە و ڕێبازێك نییە، بگرە زۆرینەی ئەوانەی دەبنە ئەندام تێیدا پابەندبوونە بە قەناعەت و تێگەیشتنێكەوە لە سەربناغەی كاری بەكۆمەڵ و (لزوم مالا یلزم) ێك كە مرۆڤ خۆی پێوە پابەند دەكات لە بەرەنجامی پێویستی یان گرنگی ئەو جۆرە لە كاركردن لەمڕۆدا، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی بەرمەبنای تێگەیشتنە لەچەندین دەق، لە هەمان كاتدا پێداویستییەكی واقعەكەشە، بەڵام وەكو چەندین جاری تریش وتراوە كە ئیسلام بەرین و فراوانە، كۆمەڵ و گروپ و ڕێكخراوەكان، ڕێباز و تێگەیشتنە جۆربەجۆرەكان ناتوانن ئیسلام لە خۆیاندا كورت بكەنەوە یان بۆ خۆیانی قۆرخ بكەن... لێرەوە هەر كات تاكێك یان چەند كەسێك قەناعەتیان وەها بوو كە بونیان لەو حیزب و ڕێكخراوانەدا بێ سوودە یان ڕۆڵ و كاریگەرییان جێگەی بایەخ نیە، یان ناتوانن سوود بەخۆیان و كۆمەڵگە بگەیەنن بەو ئەندازەی جێگەی خواست و توانایانە، یان حیزب و ڕێكخراوەكە بووەتە ناوی بێ ناوەڕۆك یان دوكانێكی سیاسی و بەدیهێنانی هەندێ خواستی بچوك و بەرژەوەندی كەم بایەخ و ئەوان دەتوانن لەوە باشتر بكەن و ڕۆڵی زیاتر بگێڕن و لەشوێنێكی تردا كاری باشتر ئەنجام بدەن، ئەو كاتە مافی

خۆیانە دەست بەرداری ئەو پابەندییە بن کە پێشتر هەیان بووە و دواتر قەناعەتیان پێی نەماوە و هەنگاو بەرەو کارێکی باشتر بنێن...

بیرمە کاتێك کەسایەتییەکی دیار و کاریگەری ناو پارتێکی ئیسلامی کوردستان وازی هێنا و وازنامەی خۆی بڵاوکردەوە، ئەمە بووە جێگەی نیگەرانی بەهۆی خۆشەویستی و کاریگەری ئەو لەناو ئەو پارتەدا! من ئەو کات ئەمە قەناعەتم بوو: ئەگەر مامۆستا.... بەم وازهێنانەی کارێکی گەورە و گرنگتر دەکات و کاریگەری لەسەر گۆڕەپانەکە زۆرتر دەبێت، لەجاران زیاتر رۆڵی دەبێت ئەوا سەرەڕای نیگەرانی عاتیفیم دەسخۆشی لێ دەکەم. بەڵام ئەگەر کاری بچوکتر دەکات و تواناکانی سنوردارتر دەبێت، ئەوا کارێکی خراپی کردووە و زیانی لەسوودی زیاترە و نێوانی خۆی و خواش خۆی لێی بەرپرسیارە...

ئەم بۆچونەم بۆ ئەوانیتریش هەر وایە: ئەگەر بەدەرچون و وازهێنانیان خزمەتی زیاتر دەکەن، بفەرمون بیکەن، چونکە هەندێ کەلێن هەیە بەکەسانێك پڕدەکرێتەوە کە لە نێو بازنەی حیزب و رێکخراوێکی دیاریکراودا نەبن... بوارەکانی خزمەتکردنیش بە خەڵك و جۆراوجۆرە، برەودان بە پەیام و بەها ئیسلامییەکان رێگەی زۆرە و ناکرێت لە بازنەیەکدا کورتی هەڵهێنین! دووریش نییە هەندێ جار پاڵنەری وازهێنان مامەڵەی نەشیاوی هەندێك بێت، هەستکردن بێت بە موحابات و مافخوراوی، پەراوێزخستن و بێ ئەرزش کردنی هەوڵ و ماندووبونی کەسانێك بێـت، لێدان بێت لە کەسایەتی و بونی مەعنەوی...لەم بارەشدا دەبێت پێوەری: هەڵسەنگاندنی زیان و سودەکان، بەرژەوەندی و مەفسەدەکان یەکلاکەرەوە بێت... وازهێنانیش دەبێت وازهێنانێکی ئۆرگانی بێت نەك مەبدەئی، وازهێنانێك کەسایەتی مەعنەوی و رۆڵی پەیامداری لەکەدار نەکات...یان

کەسەکە بەرەو پەراوێزبون و تێکشکان نەبات، بەڵکو بەشێوەیەکیتر و لەکایە و مەیدانێکیتردا درێژە بە ئەرك و رۆڵی پەیامدارانەی خۆی بدات ...

بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە ئاسایی بێت ئەو رێکخراوە یان ئەو پارتە ئیسلامییە بە ئاسانی دەستبەرداری توانا گەورەکانی خۆی و کەسایەتییەکانی دیارەکانی ببێت، چونکە زۆرجار بەجێ هێشتنی کەسانی کاریگەر لەنێو ئەو گروپانەدا دەبنە کەلێنێك ئاسان نییە بەو خێراییە پڕ بکرێنەوە، بگرە هەندێ جار دەبێتە هۆی کەرت و پەرتبون و بێ کاریگەری و لاوازی بەتایبەت بۆ هێزگەلێك کە خاوەنی داهات و سامان و پێگەی هێز نەبن لە نێو حکومەت و دەسەڵاتدا و هێزی راستەقینەیان بیروباوەڕ و بەها و دونیا بینییەکانیان بێت ...

ئەوانەشی وازدەهێنن دەبێت لەبیری ئەوەدابن نەپوکێنەوە، پارێزگاری لە پەیامداری خۆیان بکەن، خۆیان بن نەك ئەویتر، نەکرێنە داشی دامە و تەواوکاری هاوکێشەی کەسانێکتری بێ پەیام، بێ دیدگا، خۆ ئەگەر لە هەر پنت و پێگەیشدابوون گرنگە رۆڵی کارا بگێڕن لە چاکسازی و خەڵك ویستی، چونکە ئەمە پەیامی خواویستییە... خۆ ئەگەر وازهێنان بەهۆی گۆڕانێکی فیکری تەواو پێچەوانە و جیاوازەوە بوو، ئەوەیان قسەی تر و گفتوگۆی هەڵدەگرێت کە ئێرە جێگەی باس و خواسی نییە...

## کاروانی ئیسلامخوازی، لەنێوان وەفاداری و بێ وەفاییدا!

کاتێك باسی کاروانی ئیسلامخوازی دەکەین، باس لەکاری کۆمەڵ و پێکەوە بوونە، باس لە رێکخراوو حیزب و کاری دەستە جەمعییە... زۆرینەی هەرەزۆری ئەوانەی چونەتە نێو کاری ئیسلامییەوە و بەشێکی تەمەنی خۆیانیان بەو جۆرە خەباتە بەخشیوە چاك ئەو راستییە دەزانن ئامانجی ئەوان بۆ خوابوون و بۆ خوا ژیان بووە، هەر لەو رێگەیەشەوە ویستویانە خزمەتی کۆمەڵگەکەی خۆیان بکەن، زۆر دەگمەنن ئەوانەی بۆ پۆست و پلە و پایە یان سامان و دارایی روویان لەوەها کارێك کردبێ، تەنانەت دامەزرانی ئەو رێکخراوانەش پاڵنەرەکەی دین و ژینی خەڵك بووە نەك شتێکیتر، ئیتر ئەویتر چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکات و چۆنی هەڵ دەسەنگێنێ! ئەوە دید و تێڕوانی ئەوە و تەعبیر لە واقع ناکات، بەڵام لە درێژەی کاری ئیسلامیدا چی روو دەدات و چ گۆڕانکارییەك لە ئاراستەی کارکردنیدا روو دەدات، ئەوە ئیتر کاری مرۆییە و باش و خراپ و پێکان و نەپێکانی تێ دەکەوێ، تەنانەت مرۆڤ وەك تاکییش بژی، مرۆڤێکی پابەند، زانایایەك، کاسبکارێك و هتد دەکرێ بە چەند قۆناغێکدا بڕوات و هەر خودی خۆی رازی نییە بەهەموو ئەو شتانەی کردویەتی لە رابردویدا، ئێ کاری ئیسلامی و هەموو کارێکیتریش هەروایە ...

یەکێك لەو دیاردە سەلبیانەی لای هەندێك گەڵاڵەبووە ئەوەیە: تۆ دەبێت تا دەمری وەك یەکەم رۆژ بیر بکەیتەوە، وەك یەکەم رۆژ گوڕم و تینی کارکردنت هەبێت، لەنێو هەمان رێکخراوو کۆمەڵدا بیت، هەمان دید و تێڕوانینی ئەوانت هەبێت! بگرە بەردەوام پۆست و کارێکی دیاری کراوت هەبێ، ئەگەر وەها نەبویت: تۆ لادەر و ساردەوەبویت، کەمتەرخەم و بێ باکی، دونیاویست و بەرژەوەندی خوازی!! بێ ئاگا لەوەی سوننەتی ژیان و گەشە و بیرکردنەوە

و توانای مرۆڤەکان وەها نییە مرۆڤ: تا سەر هەمان بیرکردنەوەی هەبێت، هەمان چالاکی و گەرم و گوڕی هەبێت، هەمان کاری پێشوی بۆ بکرێ، یا ئەو کارە بۆ ئەو باشتر و گونجاو بێت! یان ئەو ڕێکخراوو جۆری کارکردنە باشترین بێت، یاخود بار و گوزەرانی ڕێگەی بدات بەردەوام بێت ... هتد.

لەم بارودۆخەدا و پاش هەندێ گۆڕانکاری دۆخێك دێتە ئاراوە من ناوی دەنێم: بێ وەفایی و بێ ئەمەکی، سفرکردنەوەی کاری ئەویتر و سوتاندنی ڕەنج و کاری خۆ و بێ بەهاکردنی بەشێك لە هەرەبەنرخترین ساتەکانی تەمەن و تۆمارەکانی ژیان، بێ بەهاکردنی ئەو کارانەی بەهاداربوون و ئەو ڕێکخراوانەی خزمەتی دووسەرەبوون بۆ ئێمە و ئەوان و پێکەوە بنیاتی دونیابینییەکی جوان و ئومێد و خواستێکی جوان کراوە بۆ تاك و کۆمەڵگە، بۆ خود و ئەویتر ...

ئەوەی لە کاروانەکەدا ماوە ئەمیتر تۆمەتبار و تاوانبار دەکات، ناوو ناتۆرەی بۆ دادەتاشێ، بیری چووە ئەو کاروانە لەسەر شانی دەیانی وەك ئەم دروست بووە، خەون و خەیاڵ و کار و خەباتی ئەم جۆرە کەسانە بەم ڕۆژەیان گەیاندووە، ئەمان بوون ئامادەی ئازار و نەبوونی، بگرە تێهەڵدان و کوشتنیش بوون بۆ ئەوەی قەناعەتەکانیان بگەیەنن، کارەکەیان بگەیەننە پایان، ئەمان بوون ماڵ و سامانیان بەخشیوە، کاتیان بەخشیوە، ماندوو بوون، تەنانەت لەکاتی خاوو خێزانی خۆیانیان بچڕیوە بۆ کار و کاروانەکە!! ئاخر ناکرێ تۆ تەنها ئێستەت لە پێشچاوبێت، تەنها هەنوکە ببینی!! تەنها ئەم دیمەنەی فیلمەکەت لە پێشچاوبێت! خۆ ئەگەر کەسەکە لە هەمان بازنەی قەناعەتدا مابێت و تواناکانی سنووردار بوبێت ئەوە تاوانی ئەو جۆرە تێڕوانینە گەورە و زیاترە!! هەموو کات دەڵێم هەندێ کەس: لەم چرکە ساتەوە بچێتە ماڵەوە و بەرد لەسەر بەرد دانەنێ و ئیجابی ژیانی بگوزەرێنێ، دەبێ تۆ بەردەوام لە

یادت بێ و ڕێز و وەفای بۆ دەربڕی و مەدالیای وەفاداری بەقەدیا بکەیت! ئاخر ناکرێ بێ وەفایی بگاتە ڕادەیەك تۆ ڕابردووی ئەو کەسە سفر کەیتەوە و لەپێشچاوت نەبێ! یان ئەگەر دۆخێکی گوزەرانی باشی بۆ هاتوەتە پێش و بەرپرسانە مامەڵەی کردووە تۆش ئێرەیی پێ ببەیت و بە گومانی خراپەوە بۆی بڕوانی!! خزمەتی پرۆژەی ئیسلامخوازی و خەڵك دۆستی یەك ڕێگە و یەك شێوازی نییە و هەر کەسە و بەجۆرێك بەشداری و پشکداری دەبێت و دەتوانێ ڕۆڵ بگێڕێ و کاریگەری خۆی بەجێ بهێڵێ، دەبێ بەدوای بەخشین و کاراکردنی ئەو ڕۆڵانەوە بین ...

لەولاوە هەندێ لەو برا و خوشکە بەڕێزانەی کە بەهۆکارێ یان چەند هۆکارێك کاروانەکەیان بەجێ هێڵاوە، یان شوێن وپێگەیەکی دیاریان نییە، یاخود بێ وەفاییان بەرامبەر کراوە، ئەوانیش بێ بەزەییانە بەربونەتە سوتانی خەرمانی تەمەنیان و بێ بەهای دەکەن! کاروانەکەی ڕابردویان وەها وێنا دەکەن بریتی بووە لە: مۆڵگەی بەرژەوەندی خواز و فریودەرەکان، خەباتێك لە سەراب و دونیایەك لە بێ وەفایی، دونیابینیەکی فریودەر و تێڕوانینگەلێکی ناڕاست، لەکاتێکدا خۆیی و ئەوانەی تێیدابوون، پەروانەئاسا ژیاون، خواویستانە ڕەفتاریان کردووە، لە پێناوی خزمەت و خوا ویستیدا دەستیان لە زۆر بەرژەوەندی هەڵگرتووە! ڕاستە هەندێ جار هەڵەبوون، لە ڕەفتار و تێڕوانیندا، لە دونیا بینی و خوێندنەوەی واقعدا، بەڵام کەمجار ڕێ کەوتووە بە مەبەستەوە شتێکی وەها ڕویدابێت! هەر بۆیە ناکرێ ڕابردووت زەربی سفر کەیت و بە بێ بەها نمایشی بکەیت، ئەو کاروانەش وەها بخەیتە ڕوو کە جگە لە ناشیرینییەکان جوانی تێدا نەبووە و جگە لە هەلپەرستەکان جێگەی کەسی تری تێدا نەبوەتەوە، بەڵکو دەبێ بەردەوام ژیان و تێڕوانینمان نوێ

بکەینەوە، بە زمانی ئەمڕۆ پێویستیمان بە ئەبدەیت کردنەوە هەیە! بەڵام رابردووت بە شێکە لە ژیانت، یادەوەریت، هەست و نەستت، ئەوەندەش بێ رەحم مەبە!!

ئەگەر لە ئێستادا باشترت پێ دەکرێت بیکە، دەستبارێکت پێ هەڵ دەگیرێ بیگرە، گەر بە دەربڕینی خۆشەویستی و موحیبەتێکیش بووە رۆڵی ئیجابی بگێڕە، بیرت نەچێت دوور نییە تۆش بە ئەندازەی قورسایی خۆت هەڵەت بووبێت، خەڵکت ئازار دابێت و چەندانت تۆراندبێت! بۆیە ناکرێ خۆت بەرەهایی بکەیتە فریشتە و ئەوانیتر شەیتان، تۆ بیرمەندبیت و ئەوانیتر نەزان و ...تاد...لەم نێوانەدا، وەفاداری و بە ئەمەکی و نرخاندن و هەڵسەنگاندنی دروست دەبێت دیارترین سیما و جوانترین رەفتاربێت کە شایستەیە هەموان خۆمانی پێ برازێنینەوە، بریتی و بەدیلی ئەمە تەنها: خۆسووککردن و رق و کینە و بێ بەهاکردنی خۆت و ئەوانیترە ... هەمومان گۆڕاوین، بەڵام هەر یەکەی بە رێژەیەك، گرنگە هەروەك سەرەتا: بەوپەڕی جدییەتەوە خوا ویستی و خەڵك دۆستی و خەمخۆری بکەینە دروشم و ئەوەندەی لە ژیاندابین: بەو قەناعەتەی هەمانە و بۆمان دروست دەبێت خزمەت بکەین، بێ ئەوەی رابردوو لە یادکەین، یا بێ وەفا و بێ ئەمەك بین ... ئەمەش دووسەرەیەو پێویستە هەموان پێوەی پابەند بین...